گزینگ

١١

گۆڤـــــــــاریکی وەرزانەی فـەرهـەنگـی ـ ئەدەبـــــــی یە

بەهاری ـ١٣٧٥(١٩٩٦)

- چارە سەری نەتەوەیی دەبێ چۆن بێ؟
- مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا... بەشی ٤
- ناسیۆنالیسم
- ڕێبازی فکری و شێوازی شێعریی خانی...(ڕێباز..)
- چەند بەڵگەنامەی سۆڤیەت لە سەر مەسەلەی کورد
- جیهانی فەرامۆشکراوی«میلان کوندرا»
- مەحمود باکسی وەدەردی کوردی ئاوارە
- منداڵ و پەروەردەکردنی(زنجیرە باسێکی کولتووری)
- چەند شێعری بڵاونەکراوەی هەورامی
- کورتە چیرۆک. شێعر، ڕەخنەی ئەدەبی و...



«چوارچرا»

پرسیان: لە قازی بە سەر دارەوە
وشەی کوردستان بە سەر زارەوە
ـ تاوانت چ بوو.. گوتی: چوارچرا
سەر شوڕ نەکردن بۆ لای خوارەوە

• ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦(١٩٤٧)، ساڵڕۆژی شەهید بوونی پێشەوای مەزنی کورد قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی یە، بە دەست جەللادانی تاران. یادیان وەک ڕەمزی یەکێتی و برایەتی پیرۆز بێ.

گزینگ - ژمارە ١١

بەهاری - ١٣٧٥(١٩٩٦)

بەرکار و بەرپرسی نووسین :
س .ج . هێرش

ناو و نیشان :

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
SWEDEN

ژمارەی فاکس:

Faxnr: +650 - 94029

ژمارەی پۆستگیرۆ:

Postgironr: 443 5022-1

• ،گزینگ ، خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیەک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندیی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات.

• ،گزینگ، خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسێتی هیچ نووسراوەیەک وەئەستۆ ناگرێ. دیارە هەر نووسراوەیەک نێوی لەسەر نەبێ، ئۆبالی وەملی گزینگە.

نێوەرۆک

بابەت	نووسەر	وەرگێڕ	لاپەڕە
چارەسەری نەتەوەیی دەبێ چۆن بێ؟	خالید سالح		٤
مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا.. «ژیلا،ف»و«تەیفور»			١٠
ناسیۆنالیسم، د. سمیت.....	هاشم		١٣
ڕێبازی فکری وشیوازی شێعریی خانی.....	هێرش		١٧
چەند بەڵگەنامەی یەکیەتی سۆڤیەت...	ئەفراسیاب حەلیمی		٢١
جیهانی فەرامۆشکراوی میلان کوندرا...	س. عەبباسی		٢٥
مەحمەد باکسی و دەردی کوردی ئاوارە، ..	ق. ڕیانی		٣٠
سێ هۆنراوە:.....	حەمەسەحید حەسەن		٣٢
شێعر: بێگانە.....	ئەحمەد دەشتی		٣٣
شێعر: زەرەشت خواوەندی تیشک وپەیام...	م. قەرەداغی		٣٤
شێعر: فرین،	سیاوەشی کەسرایی		٣٧
ناساندنی کتێب:خیاڵ یا واقیعیەت	هێرش		٣٨
زنجیرە باسێکی کولتووری: منداڵ و.....	ئەنداز حەوێزی		٣٩
چاوخشانێکی بە پەلە بە شێعری هێدی دا...	ئ . سوڵتانی		٤٤
چەند شێعری بڵاونەکراوەی هەورامی.....	ئ . سوڵتانی		٤٦
کورتەچیرۆک: چارەنووس.....	کوردان		٤٨
یادی یاران: هێمن.....	ئاشتی		٥٢
لە لاپەڕەکانی سەر لێ شێواو.....	ع. دیاکۆ		٥٤
کورتەچیرۆک: دیوی ژمارە ١٢.....	سیامەند شێخ ئاغایی		٥٦
کورتەچیرۆک: مام ڕەسوڵ.....	ڕەحمان سۆفی		٥٨
فۆلکلۆر:دۆتی کورد و قیسەی کەرێ لاڵێ.....	سیامەک		٦٠
حیکایەت و...	مەلانەسرەدین..... هێرش		٦٢
ڕاگەیاندن و کتێب و.....	چاپەمەنی		٦٤

نەورۆزتان پیرۆز

،گزینگ، ساڵێکی پڕ لە خێر و خۆشیتان بۆ بە ئاوات دەخوازێ

ISSN 1104 - 3473

چاپی سوێد: مارسی ١٩٩٦

«چارەسەری نەتەوەیی»
دەبێ چۆن بێ؟

● چاو پێکەوتنێک لە گەڵ کاک خالید سالح ●

گزینگ: بەڕێز کاک خالید، وێڕای سپاس لەوەیکە ئامادەیی خۆتان دەربڕی بۆ ئەو چاو پێکەوتنە.. بەر لەوەی بچینە سەر باسی سەرەکی تکایە کورتەیەک سەبارەت بە تێزی دوکتوراکەتان بۆ خوێنەرەوانمان بدوێن.

ـ بەڵێ، دوکتوراکەی من دەربارەی «دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی»یە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠وە تا ١٩٥٨. زیاتریش ئەمن لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی و هەوڵدانی دەوڵەتی عێراقی، بۆ دروستکردنی نەتەوەیەک لە عێراق لەو خەڵکانەی هەن، قسە دەکەم. لەو پرۆسەیەدا ئەمن باسی کاروبار وبەکارهێنانی لەشکری عێراقی دەکەم بۆ ئەنجام گەیاندنی ئەو کارەی دەیانەوێ بیکەن. جا باسەکەش لە سەرەتادا لە چەند لایەنێکی تیۆرییەوە دەست پێدەکا و وردەورده دەچمە سەر سەیرکردنی لایەنێکی ئەو پرۆسەیە بەتایبەتی لە ساڵانی ١٩٤١وە تاکوو ١٩٥٨، ئەویش لە کاروباری سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی لەشکری عێراقی، لە هەڵسوکەوتی حکوومەت و بەکارهێنانی ئەرتەشی عێراقی لە دژی شۆڕشی بارزان. هەروەها لە چەند ڕووداوێکی گرینگی وەکوو ڕاپەڕینی ١٩٤٨ و ڕاپەڕینی ١٩٥٢ لە عێراقدا و لە دوایشدا دەچمە سەر ئەو باسەی کە لە ساڵی ١٩٥٨ بە شۆڕش لە عێراقدا لەقەڵەم دەدرێ.

گزینگ: تێزی دوکتوراکەتان بابەتێکی تازە وبە کەڵکە، چۆن بوو کە ئێوە ئەو بابەتەتان هەڵبژارد؟

ـ ئەمن لە سەرەتادا حەزم دەکرد لە سەر ناسیونالیزمی کوردی بنووسم. بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تەکنیکی و بەتایبەت ئەو کەسانەی لێرە لە دانیشگادا، سەرپەرشتی من دەکەن و هەروەها داواکاری چۆنیەتی نامەی دوکتورا نووسین لەو بەشەی کەمن تێیدا دەخوێنم کە بەشی سیاسەتشناسی یە، کارێکی ئەوتۆی کرد کە نەمتوانی ئەو خواستەم بێنمە دی. بەڵکوو لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دووردا، وردەورده هاتمە سەر ئەوە کە ئەگەر لە قۆناغێکی مێژووی عێراقی بکۆڵمەوە، لەوانەیە بتوانم نامەی دوکتوراکەم لە ماوەیەکی دیاریکراودا تەواو بکەم. چەند سەفەرێکم کرد بۆ بریتانیا و لەوێ ئارشیوێکی زۆری بریتانی و ژمارەیەکی بێ پایان دێکۆمێنت لە سەر کورد و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم دەست کەوت. منیش بۆ کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوانە ماوەیەک لەوێ مامەوە و دەستم کرد بە وەیکە تێزەکەم لەو چوارچێوەیەدا دابڕێژم.

گزینگ: ئەگەر ئیجازە بدەی بالێرەڕا دەست پێبکەین، هەر وەک ئاگادارن وابزانم دامەزرانی دەوڵەتی عێراق لە سەرەتاوە لە سەر ئەساسی دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێکهات، کەچی پاشان دەوڵەتەکە تەواو ڕەنگی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە خۆیەوە گرت ومەسەلەی کورد لە بیر چۆوە، ئەگەر دەکرێ ئەو مەسەلەیەی هێندێک شی بکەنەوە؟

ـ بەڵێ، پێش تەواو دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، بۆچوونێک هەبوو کە دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی هاوبەش بێ لە نێوان کورد وعەرەبدا، بەڵام هەر زۆر زوو دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ئەو شتە ساغ کرایەوە کە دەوڵەتی عێراق، دەوڵەتێکی عەرەبی ـ سوننی دەبێت، بەومانایە چ عەرەبی شیعە و چ کوردیش لە دەوڵەتی عێراقیدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نابێ کە شایستەی هیچ ناوهێنانێک بن. جا من لە نامە دوکتوراکەم دا باسی ئەوە دەکەم و دەڵێم بەکارهێنانی دەوڵەتی عێراقی و بەتایبەت بەکارهێنانی لەشکری عێراقی بۆ چەسپاندنی سیستمێکی تایبەتی بوو لە عێراقدا کە پێی دەگوترێ «سەرکردایەتی جڵەوگیرانە» بەو مانایەی کە لە عێراقدا، سێ گرووپی جیاواز هەبوو: عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننی عەرەب و کورد، بەتایبەت لە سەرەتای بیستەکانەوە تاکوو ٥٨، دەسەڵاتی عەرەبی سوننی بە شێوەیەکی ئەوتۆ زیادی کرد و چەسپا بەسەر هەر دوو

● کاک خالید سالح ناسراو بە خالید نازدەرزادە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی وناماددەیی خۆی هەر لەو شارە درێژە داوە، لە ساڵی ١٩٨٠دا لە دانیشگای سلێمانی لە بەشی ئەندازیاری خوێندنی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٢وە، وەک پەنابەر هاتووەتە وڵاتی سوێد. پاشان لە دانیشگای یۆتەبۆری(Göteborg) بەشی ،سیاسەتشناسی، درێژەی بە خوێندن داوە ولە وەرزی خوێندنی بەهاریی ئەوساڵ(١٩٩٦)، لە تێزی دوکتوراکەی خۆی سەبارەت بە ،دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، دیفاع دەکا.
کاکا خالید، سەرەڕای هەوڵ وکۆششی بێ وچان لە بواری خوێندن وئیکۆڵینەوە و بەشداری لە سمینار وکۆنفرانسی جۆراوجۆر، کەڵێک ووتار ونووسراوەی لە سەر ئایەنی جیاوازی سیاسەتی کوردی بە زمانی سوێدی و ئینگلیزی و کوردی، لە گۆڤار ورۆژنامەکاندا بڵاووکردووەتەوە.
(گزینگ)

گرووپی شیعه و کوردا، به جۆرێکی ئەوتۆ کە خواستی سیاسی بەتایبەتی خواستی سیاسی کورد، بە هیچ جۆرێک لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا جێی نەدەبۆوە. بەڵکوو کورد تا دەهات لە ژێر ئەو سیستمەدا ناچار دەکرا وەکوو نەتەوەیەک لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی عەرەبی ـ سوننیدا بمێنێتەوە و بە هیچ شێوەیەک نەیدەتوانی ئاوات وئامانجی سیاسی خۆی دەربڕێ، نە لە چوارچێوەی پەرلەماندا و نە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقیدا و هەروەها نە لە چوارچێوەی دروستبوونی حیزبە سیاسییەکانی عێراقیدا. ئەگەرچی حیزبی بچووک بچووک هەبوون کە زۆرجار بە نهێنی کاریان دەکرد. بێ لەوانەش کورد لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی پەرلەماندا نەیدەتوانی وەکوو کورد قسەبکا وهەروەها لە سیاسەتی بەکارهێنانی سەرچاوە ئابوورییەکاندا، کورد وەکوو گرووپێکی تایبەت نەیدەتوانی خواستی خۆی لە گەڵ حکوومەتدا بێنێتەگۆڕێ و دەربارەی سەرچاوە ئابوورییەکانی خۆی بڕیار بدا. بەڵکوو عەرەبی سوننی وا زاڵ ببو و بەجۆرێکی ئەوتۆ دەسەڵاتی سیاسییان جێگیر کردبوو، کە هیچ خواستێکی سیاسی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتدا جێی نەدەبۆوە.

جا من لە نامەی دوکتوراکەمدا، لە بەشی هەرە دواییدا باس لەوە دەکەم، کە هاتنە پێشەوەی شۆڕشی ٥٨ و لەناوچوونی حوکمی پاشایەتی لە عێراقدا ئەو سیستمەی لەناوبرد بەوەیکە یەکەمجار لە دەستووری عئراقیدا باس لەوە بکرێ کە دەوڵەتی عێراق دەوڵەتی عەرەب وکوردە. ئەمە لە لایەنی دەستوورییەوە، لە لایەنی تریشەوە، ڕێگە بەوە درا کە ڕێکخراوی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لەو قۆناغەدا بەئاشکرا بتوانێ کاری سیاسی بکا. هەروەها ڕێگە بەوە درا کە سندیکا و و گرووپە جیاوازەکانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا دروست ببن و زمانی کوردی و لایەنی کولتووری کوردی گەشەی پێدرا. ئەمە وای کرد کە سیستمی کۆن کە من ناوم لێناوە «سەرکردایەتی جلەوگیرانە» بە تەواوەتی لەناو بچێ. جا ئەمن دەست پێکردنەوەی شەڕ لە نێوان هێزی حکوومەتی عێراقی وپارتی دێمۆکراتی کوردستان لە ساڵی (٦١)ەوە بەوە لەقەڵەم دەدەم کە لەوکاتەوە حکوومەتی عێراقی بەتایبەتی سیاسەتمەدارانی عەرەبی ـ سوننی، هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ئەو سیستمە واتە «سەرکردایەتی جلەوگیرانە» بگێڕنەوە سەر شانۆی سیاسەتی عێراقی. لەبەر ئەوەی کورد وەکوو نەتەوەیەک توانی خۆی ڕێک بخات وخواستی سیاسی خۆی دەربڕێ، شەڕ وملمانی نێوان حکوومەتی مەرکەزی وکورد بە شێوەیەکی ئەوتۆ بوو کە نەیاتوانی کورد بهێننەوە ژێر ئەو سیستمەکۆنەی سەردەمی پاشایەتی. لەبەر ئەوە شەڕی سیاسی وشەڕی چەکداری نێوان حکوومەتی عێراقی و لایەنی کوردی، تا دەهات ململانییەکەی زەحمەت تر دەکرد، یاخود بڵێین گەشەی زیاتر پێدەدرا و لایەنی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانی دەگرتەوە، هەتا ئەوکاتە کە منیش لەسەر ئەو باوەڕەم، عەرەبە سوننییەکان نەیانتوانی جارێکی دی کورد بهێننەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەو شێوەیەی کە لە سەردەمی پاشایەتیدا بوو، هەوڵیاندا سیاسەتی ڕاگواستن بێننە کایەوە، ئەوەبوو ئەو ڕاگوێزانە لە کەرکووک و خانەقین و ناوچە نەوتییەکاندا دەستی پێکرد و دواییش ئەو سیاسەتی ڕاگوێستن و فشار بۆ سەر خەڵکە وای لێهات کە لە ساڵانی ٨٠ دا و بە تایبەتی لە ساڵانی ٨٨ تاکوو ٨٩ دا، مەسەلەی ژینۆسایدیش هاتە پێشێ. بەوەیکە حکوومەتی عێراقی گەیشتە ئەو باوەڕە کە ناتوانێ جارێکی دی کورد بهێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، کەوتە پیادەکردنی سیاسەتی لەناوبردنی بەدەنی کورد ئەوەبوو کە مەسەلەی ئەنفالی وەکوو مەسەلەیەکی ستراتێژی حکوومەت و پارت و دەوڵەتی عیراقی پیادەکرد.

گزینگ: کاک خالید ببوورە مەبەستتان لە زاراوەی(عەرەبی ـ سوننی) چییە؟ ئایا مەبەست مەزهەبی سوننی یە؟

ـ مەبەست لە سوننی بێگومان مەزهەبی سوننی یە. بەکارهێنانی واژەی عەرەبی ـ سوننی پتر لە چوارچێوەی دەستەڵاتی سیاسی ئەو گروپەوە دەدوێت، نەک بۆچوونی ئایینییان. ئەو جۆرە دیاریکردنە خەڵکی دەستەڵاتداری عێراق لە عەرەبی ـ شیعە و کوردی سوننی جیا دەکاتەوە بەو مانایەی کە عەرەبی ـ سوننی جێیەکی تایبەتی هەیە لە بنەمای دەستەڵاتداری دەوڵەتی عێراقدا.

گزینگ: وا دیارە باسەکەمان زیاتر مەسەلەی دەوڵەتی میللی دەگرێتەوە، بۆیە پێم خۆشبوو بزانم ئایا هیچ قانوونێکی دیپلۆماسی نێو نەتەوەیی سەبارەت بەو نەتەوانەی کە بۆ دامەزرانی دەوڵەتی میللی خۆیان هەوڵ دەدەن، لە ئارادا هەیە؟

ـ ئەوەی ڕاستی بێ پرسیارەکە بەوشێوەیە هێندێک زەحمەت دەبێ. چونکە بۆچوونێکی ئاوا کە گوایە قانوونی نێو نەتەوەیی هەوڵ یان یارمەتی دروستبوونی دەوڵەت بدا، ئەوە زۆر بۆچوونی لە سەرە. بەڵام بۆچوونی من زیاتر لەوەدا خۆی دەگرێتەوە کە بەڕاستی قانوونێکی دیپلۆماسیی تایبەتی نییە کە گشتی بێ وهەموو نەتەوەیەک بگرێتەوە. قانوونێکی کاتی هەیە بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچە و نەتەوە و دەوڵەتانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە ئورووپاییەکاندا کۆلۆنیال کرابوون. ئەو وڵاتانەی کە بە کۆلۆنیال ناو دەبران، لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ساڵانی ٦٠ دا بە تایبەتی کۆمەڵێک بڕیار دەرچوو کە وای دەگەیاند و واش لێکدرایەوە لە لایەن زۆربەی زۆری نەتەوەی ژێر دەستی ئورووپاییەکانەوە کە ئەوان دەتوانن و مافی ئەوەیان هەیە داوای ئازادی وسەربەستی خۆیان بکەن. بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیێنێ کە هەموو نەتەوەیەک بیهەوێ دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ ئەو مافە قانوونییەی هەیە. بەڵکوو پێویستە ئێمە ئەوە لە بەر چاوبگرین کە ئەو قانوون و بڕیارانە زیاتر پێوەندییان بەو ناوچانەوە هەبوو کە لە ژێر دەسەڵاتی وڵاتێکی ئورووپایی دا وەکوو دەوڵەتێک دروست کرابوون. ئەو دەوڵەتانە دەبوایە داوای سەربەخۆییان بکردایە. جا لە ناو هێندێک لەو دەوڵەتانەدا یان لە ناو بەشی هەرە زۆری ئەو دەوڵەتانەدا، چەندین نەتەوە و گرووپی جیاواز هەبوون کە ئەوان مافی ئەوەیان نەبووە و مافی ئەوەشیان نییە داوای دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ بکەن، خۆ ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەو دەوڵەتانەی کە لە پاش ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالی دا، کۆمەڵێک موشکیلەی ناوخۆییان بۆ دروست بوو. لەناو ئەوانیشدا گرووپی جیاواز هەبوون کە داوای مافی ئازادی ومافی دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان دەکرد. بەڵام قانوونێکی نێونەتەوەیی گشتی کە هەموو نەتەوەکان بگرێتەوە، ئەوە لە دنیادا نییە، بەڵکوو جۆرە فەلسەفەیەک یان جۆرە فەیلەسوفێک هەبوون لە مێژوودا وایان لێکداوەتەوە و واشیان باس کردووە کە هەموو نەتەوەیەک لە ڕەوتێکی

مـیـژوویـیـدا بەرەو ئەوە دەچێ کـە دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ خۆی دروست بکا.

گزینگ: باشەکاک خالید، بە ڕای ئێوە تیۆری زانستیی سیاسەتی مودێرن، چۆن دەڕوانێتە ئەو وڵاتانەی کە فرە نەتەوەیین، یانی لەو ڕوانگەوە مەسەلەی نەتەوەیی ئەو جۆرە نەتەوانە چۆن چارەسەر دەکرێ؟

ـ بێگومان تیۆرییەکی زانستی ـ سیاسیی مودێرن، سەبارەت بەو وڵاتانەی فرەنەتەوەیین، وەک تیۆرییەکی تایبەتی نییە. بەڵکوو جۆرە تیۆرییەکی تایبەتی هەیە کە چەند شێوەی جیاوازیشی گرتووە خۆی. سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی لەو جۆرە وڵاتانەدا، بەگشتی دوو ستراتیژی باس دەکرێ. دیارە ئەوە هەوڵی چەند کەسێکە کە ئەو ستراتیژیانە بێننە ناو چوارچێوەی تیۆرییەکەوە کە هەڵسوکەوتی ئەو دەوڵەتانەی پێ دیاری بکەن. چارەسەرە سیاسییەکان بەگشتی دابەش دەکرێن بە سەر دوو چارەسەرەوە. یەکیان میتۆدی لەناوبردنی جیاوازییەکانە لەناو ئەو دەوڵەتانەدا. دووهەمیان میتۆدی مامەڵەکردن یان هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵ ئەو جیاوازییانە. لە پێشدا با چارەسەری یەکەم ڕوون بکەمەوە کە ئەویش خۆی چوار بەشی تایبەتی هەیە کە یەکیان ئەوەیە پێی دەڵێن «ژینۆساید» یانی لەناو بردنی بەدەنی و قڕکردنی خەڵکێک. بەشێکی تریشی پێی دەڵێن بەزۆر ڕاگوێزانی خەڵکێک، یان ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوچەیەکی تایبەت. بەشێکی دیکە هەیە لەناو ئەو میتۆدەدا کە پێی دەگوترێ دابەشبوون و چوارهەمیش ئەوەیە کە ئەو نەتەوە وگرووپانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی گرووپێکی تایبەتی دان دەتوێنرێنەوە یاخود بە شێوەیەکی درێژخایەن دەکرێنە بەشێک لە نەتەوەی سەردەست.

چارەسەری دووهەم یاخود جۆری میتۆدی دووهەم کە ئەویش میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازییەکانە بەومانایە کە دەوڵەتەکان جیاوازیی نەتەوەیی ، جیاوازیی دینیو جیاوازیی شێوەی هەڵسوکەوتی ژیانی کولتووری بە شێوەیەکی چالاکانە لە وڵاتەکەی خۆیان لەناو نابەن کە ئەویش خۆی چوار جۆرە میتۆدی تایبەتی هەیە: میتۆدی یەکەم «سەرکردایەتی جڵەوگیرانە»یە بەسەر وڵاتەکەدا، یانی گرووپێکی تایبەت لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکدا، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئێران بکەین فارسەکان سەرکردایەتییەکی جڵەوگیرانەی گشتیی ئەوتۆیان هەیە بە سەر کورد وعەرەب و تورکمان و بەلووچ کە هەوڵ نادەن بە شێوەیەکی چالاکانە جیاوازییەکان لەناوبەرن، وەکوو مەسەلەی ژینۆساید و زۆر شتی دیکە. میتۆدێکی تر، کە بەکاردێ ئەویش ڕێدانە بە هاتنە ناوەوەی لایەنی سێهەم بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیر وگرفتانەی دێنەپێشێ. میتۆدی سێهەم کە لە ئەدەبی سیاسیدا پێی دەگوترێ کانتۆنیزەیشن(contonisation)کە زۆرجار بە فیدرالیزم ناوی دەبرێ. میتۆدی چوارەمیش ئەوەیە کە پێی دەگوترێ کۆنسۆسیشنالیزم(consociationalism) یاخود دابەشکردنی دەسەڵات. دابەشکردنی دەسەڵات ئەوە دەگەیێنێ کە هەر گرووپێکی ئیتنیکی یان هەر نەتەوەیەک کە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا هەیە بە گوێرەی قەوارەی گەورەیی خۆی بەشداری دەسەڵات لە ناو ئەو دەوڵەتەدا دەکا ومافی ئەوەی هەیە بڕیارێک کە لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە بدرێ و بە لایانەوە خراپ بێ، ڕەتی بکەنەوە. دیارە ئەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ فیدرالیزم کە لێرەدا مەجالی باسکردنی نییە.

● لە ئەدەبی سۆسیۆلۆژی و مێژووشدا باس لەوە دەکرێ کە ناسیۆنالیزم وەکوو یەک دیاردە بە تەنها ناتوانین سەیری بکەین، ناسیۆنالیزم زۆر جۆری هەیە، ناسیۆنالیزم بەو شێوەیەی کە ئیتنیکی بێت، لایەنە دێمۆکراتییەکەی زۆر جار لەدەست دەدا.

گزینگ: کاک خالید، هەرچەند ڕوونکردنەوەی ئەو جیاوازییە لە نێوان ئەو دوو میتۆدەی ئاخردا، ڕەنگە خراپ نەبێ، بەڵام لەوە گرینگتر، مافی بڕیاری چارەنووسە، ئەو مافە چۆن دەبێ بدرێ وکێ دەیدا؟

ـ مافی بڕیاری چارەنووس بەوەوە دەست پێدەکات کە نەتەوەیەک لە پێش هەموو کەسێک و لایەنێکی دیکەدا، وەک نەتەوە پێناسەی خۆی بکات. پاش ئەوە نەتەوەی دیکە ولایەنی نێونەتەوەیی، یا بە ناشتی یا بە ڕێگەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی، دان بەوەدا دەنێن کە ئەو نەتەوە یە یاخود نوێنەرە سیاسی وسەربازییەکانیان، دەسەڵاتیان بە سەر دانیشتووانی ناوچەیەکی دیاریکراودا هەیە و بەو شێوەیە مافی شەرعییان دەدرێتێ.

گزینگ: هێندێک لە خاوەنڕایان دەڵێن کە لیبرالیزەبوونی پرۆسەی کولتووری و دێمۆکراتیزەبوونی پرۆسەی سیاسی پێوەدییەکی ڕاستەوخۆی بە ناسیۆنالیزمەوە هەیە. لە حاڵێکدا دەبینین خەڵکی عەرەب لەعێراق ئەو پرۆسەیەی تێپەڕ نەکردووە، بەڵکوو وەک شتێکی دەستکرد سازیان کرد، بیر وڕای جەنابت لەو بارەوە چییە؟

ـ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەمن دەڵێم ئەو بۆچوونەی کە مەسەلەی لیبرالیزم، پێوەندی بە ناسیۆنالیزمەوە هەبێ، ئەوە لەوانەیە لە قۆناغێکی مێژوویدا ئەو قسەیە ڕاست بێ، بەڵام بە گشتی لە ئەدەبی سیاسەتدا، بەتایبەت لە ئەدەبی سۆسیۆلۆژی و مێژووشدا باس لەوە دەکرێ کە ناسیۆنالیزم وەکوو یەک دیاردە بە تەنها ناتوانین سەیری بکەین، ناسیۆنالیزم زۆر جۆری هەیە، ناسیۆنالیزم بەو شێوەیەی کە ئیتنیکی بێت، لایەنە دێمۆکراتییەکەی زۆر جار لەدەست دەدا. لایەنێکی ئەوەی ئیتنیکی بێت هەر زوو لە قۆناعی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمدا ناشکرا بوو، ئەگەر ماوەیەکی کورت لە سەر ئەوە بدوێم و دوایە بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکە، باس لەوە دەکەم کە ناسیۆنالیزم دەتوانرێ بە دوو شێوەی جیاواز سەیری بکرێ، یەکێک لەوانە کە لە ئەدەبی سیاسی و سۆسیۆلۆژیدا پێی دەڵێن «سیویک ناسیۆنالیزم» ئەوەیکە خەڵکی مەدەنی لایەنێکی تایبەتی مەدەنی هەیە، ئەوەیان زۆرتر تانداسی لیبرالیزمی هەیە، بۆ ئەوەیکە تاکە کەس بە سەربەخۆ دەزانێ، مافی ئەوە دەدا تاکەکەس بڕیار بە سەر خۆیدا بدا، وە هەروەها کە دەوڵەتێک لە ناوچەیەک دروست دەبێ، بۆ نموونە کە لە ئەدەبی سیاسیدا باسی دەکرێ بریتانیایە کە لە قۆناغی دروستبوون وگەشەکردنی ناسیۆنالیزمدا، جۆرێک ناسیۆنالیزمی هێنایەکایەوە کە باس لەوە دەکرێ کە هەموو دانیشتووانی بریتانیا وەک ئینگلیزی وئیسکاتلەندی وویلزی و ئیرلەندی، ئەوانە

● دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەرەتادا، لە بناغەدا وا دەگەیێنێ کە هەموو نەتەوەیەک دەوڵەتی تایبەتی خۆی دەبێ. ئەگەر هاتووسەیری دەوڵەتانی دنیا بکەین، لە سەتادە کە زۆبەی ئەوانیش دەوڵەتی بچووکن، وەکوو ئیسلەندا و کۆمەڵێ دەوڵەتی تر کە ئەوان دەتوانن بەمانای ڕاسەقینەکەی وەک دەوڵەتی نەتەوەیی ناوببرێن.

هەموو وەک نەتەوەیەک سەیر دەکران و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە بەینیاندا نەبوو. بەڵام کاتێک ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە بە شێوەیەکی کۆلێکتیویستی کەوتە کارکردن بەتایبەتی پاش ئەوەیکە بۆچوونی ناسیۆنالیزم لە ڕووسیا وئاڵمان بڵاوبۆوە، کۆمەڵێک لایەن و بابەتی تازەی هاتە ناو. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیکە ڕێی لە لیبرالیزەکردن گرتبێ ئەوەبوو ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی کۆلێکتیویستیانە سەیری خەڵکەکەی دەکرد؛ تاکەکەس مافی خۆی لە دەست دەدا، لە سەرووی هەمووان، مافی نەتەوە لە هەموو شتێک وهەموو کەسێک بەرزتر سەیری دەکرا، لەو پرۆسەیەدا کە مافی نەتەوە لە هەموو شتێک بالادەست تر بزاندرێ، چەند کەسێک دەبێ بێنە پێشەوە بۆ ئەوەی بزانن ئەو نەتەوەیە چی دەوێ، جا لە بەینی ئەوەیکە نەتەوەیەک مافێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش مافی ئازادی، مافی ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی بێگانە، چەند کەسێک بەتایبەت چەند کەسێکی ڕۆشنبیر یا خاوەن دەسەڵات یا کەسانێکی عەسکەری بن کە بۆچوونەکە دوایی وای لێهات ـ ئەوان دەزانن چی ڕاستە بۆ نەتەوەیەک کە داوای دەکا. ئەو شتەی کە بۆ نموونە لەو چوارچێوەیەدا باس دەکرێ، ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمەیە کە بە ناوی نازیسمەوە ناسراوە، ئەوەیکە نازییەکان خۆیان گەیشتنە ئەو باوەڕە کە: ئێمە لە سەرووی هەموویانین هەر وەکوو لە دیندا باسی ئەوە دەکرێ کە خوا دەزانێ ڕاست وهەڵە لە کوێ دایە، لە دنیادا چەند کەسانێک هەن کە ڕاست لە هەڵە جیا دەکەنەوە، ئەوانیش بەو شێوەیە سەیری مەسەلەی ناسیۆنالیزم ونەتەوەی خۆیان دەکرد، نەتەوەیان ئەوەندە بەرز کردەوە کە وەک شتێکی ئیلهامی لێهات بە شێوەیەک کە زۆرجار لە چوارچێوەیەکی دینیدا دەخولایەوە. بەڵام لە سەر زەوی چەند کەسانێک هەبوون کە دەیانزانی ئەو مافە چۆنە وچییە، یاخود چۆن دەتوانێ ئەو نەتەوەیە بگەیێنێتە ئەنجام، لەبەر ئەوەش هەڵسوکەوتی ئەوان و بۆچوونی ئەوان بوو بە هۆی ئەوە کە وەک دەزانین لەناوبردنی شەش میلیۆن جوو لە ئورووپادا بە حیسابی ئەوەی کە پاکژکردنی نەتەوەی ئاڵمانی لە توخمی بێگانە و توخمێکی کە زیان بە توخمی نەتەوەی ئاڵمانی دەگەیێنێ لەبەر ئەوە ئەو جیاکردنەوەیە لەوانەیە هێندی سوودی هەبێ بۆمان، جا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسەکە کە گوایە لە ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بۆچی مەسەلەی دێمۆکراتیزەبوون جێی خۆی نەگرتووە. ئەمن دەڵێم لەبەر ئەوەیکە ناسیۆنالیزمی عەرەبی زۆر شتی هاوبەشی هەیە لەگەڵ ئەو ناسیۆنالیزمە ئاڵمانییەدا، نەک تەنها عەرەبی، بەڵکوو ناسیۆنالیزمی تورکی و ناسیۆنالیزمی کوردی و ناسیۆنالیزمی فارسیش هەروەها، ئەمان لە قۆناغێکدا هاتنە کایەوە ولە قۆناغێکدا پێوەندییان لەگەڵ بۆچوونی ناسیۆنالیستییانەدا پەیدا کرد کە جۆرە ناسیۆنالیزمەکەی بریتانی و فەرانسی کە زۆر لیبراڵترن ، ئەو ناوچانەیان داگیرکردبوو بە هۆی کۆلۆنیالیزە کردنی ئەو ناوچانە، لەبەر ئەوە سەیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی ئەو ناوچانە، بەرانبەر بە دەسەڵاتی داگیرکەرانی بریتانی و فەرانسە، هانایان بردە بەر ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی و زۆربەی زۆری بۆچوونە ئاڵمانییەکانیان وەرگێڕایە سەر زمانی خۆیان و لە جۆرێکی ئیستنیکی ئەوتۆیان بیر کردەوە کە ئەگەر هاتوو گۆڕانێکی زۆر گەورە و بوحرانێکی زۆر نەبێ، لەوانەیە پرۆسەی لیبرالیزە کردنیان بە لاوە ئاسان نەبێ. ئەگەر سەیرێکی ئاڵمان بکەین کە ئەگەر مەسەلەی ژێرکەوتنیان لە شەڕ نەبوایە، لەوانەبوو پرۆسەی لیبرالیزەکردن هێندە ئاسان نەبێ لە ناو ناسیۆنالیزمی ئاڵمانیدا. جا گەرانەوە بۆ مەسەلەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ، ئەو موشکیلە وەکوو خۆی ماوەتەوە. ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەتایبەتی لەبەر ئەوەی دژی ئیمپریالیزم ودژی کۆلۆنیالیزمە، شێوەیەکی تۆتالیتێرانەی وەرگرتووە، ئەو شێوەیەش وا دەکات کە ڕێ نەدات بە دێمۆکراتیزە کردنی کولتوور و سیاسەتی ناوچەکە. وە هەتا ئەوکاتەش کە ئەو بۆچوونە هێندە بەهێز بێت، پرۆسەی دێمۆکراتیزەکردن زۆر زەحمەت تر دەبێ.

گزینگ: لە درێژەی پرسیاری پێشوودا، دەمەوێ بڵێم ئایا دەوڵەتی عێراق بە واتای ئەورۆیی دەوڵەتێکی میللی بوو؟

ـ ئەمن لە وەڵامدا دەڵێم نەخێر، نەک هەر دەوڵەتی عێراقی، بەڵکوو لە سەتی نەوەتی(٩٠٪)ئەوەدەوڵەتانەی کە ئەمڕۆ وەکوو دەوڵەت لە دنیادا ناسراون، دەوڵەتێکی نەتەوەیی نین، بەو شێوەیەی کە تیۆری ناسیۆنالیزم بیری لێدەکاتەوە. دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەرەتادا، لە بناغەدا وا دەگەیێنێ کە هەموو نەتەوەیەک دەوڵەتی تایبەتی خۆی دەبێ. ئەگەر هاتووسەیری دەوڵەتانی دنیا بکەین، لە سەتادە کە زۆبەی ئەوانیش دەوڵەتی بچووکن، وەکوو ئیسلەندا و کۆمەڵێ دەوڵەتی تر کە ئەوان دەتوانن بەمانای ڕاسەقینەکەی وەک دەوڵەتی نەتەوەیی ناوببرێن. بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەویش لە سەتا نەوەتی دەوڵەتانی جیهانی دەوڵەتانێکن کە لە چوارچێوەی ئەواندا تەنها یەک نەتەوە نییە، بەڵکوو گروپی جیاواز جیاواز هەن، جا لە هێندێ وڵاتدا گروپەکان کەمن یاخود گروپی جیاواز کە سەر بە دەوڵەتەکە نەبن کەمن، یان لە هێندێک ناوچەی وەک وڵاتانی عەرەبیدا ئەگەر سەیر بکەین نەتەوەی عەرەب بە شێوەیەکی گشتی بە سەر چەند دەوڵەتێکی عەرەبدا دابەش بووە، وە ئەگەر هاتوو سەیری کۆریا وچەند دەوڵتێکی دیکە بکەین، ئەوانیش هەروەها.. وە ئەگەر سەیری تورک بکەین، یەک دەوڵەت بۆ هەموو تورک زمان و تورک کولتوور و تورک نشین نییە. بەڵام ئەگەر سەیری دەوڵەتی عێراق و ئێران بکەین و هەروەها دەوڵەتی تورکیش، ئەوانە ئەگەرچی بە دەوڵەتێکی عەرەبی وفارسی وتورکی ناودەبرێن، لە ناویاندا چەند نەتەوەیەکی تر هەن کە سەر بە نەتەوەی دەسەڵاتدار نین، لەبەر ئەوە، ئەم مەسەلەیەی کە هەموو نەتەوەیەک دەبێ دەوڵەتی خۆی هەبێ، کۆمەڵێک گیر وگرفتی هێناوەتە پێشێ، سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی و چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوان دەوڵەتەکان، وە هەروەها چارەسەر کردنی زۆر موشکیلەی نێو نەتەوەییش کە زۆرجار لە ژێر چوارچێوەی ئەو تیۆرییە ـ کە هەموو میللەتێک دەبێ دەوڵەتی خۆی هەبێ ـ

جێی دەکرێتەوە.

گزینگ: هەر وەک لە سەرەوەش پەنجەتان بۆ ڕاکێشا یەکێک لەو مێتۆدانەی کە فلان یان فیسارە دەوڵەت (بۆ نموونە عێراق دژ بە کورد) بەکاری دێنێ، سیاسەتی «ژینۆسایدە». دەکرێ کورتەیەکمان بۆ باس بکەن؟

ـ بەڵێ، ژینۆساید واتە لەناوبردنی گشتی، یا بەشێکی نەتەوەیەک یا گروپێکی تایبەتییە. ئەم بۆچوونە بەتایبەتی دوای ساڵانی ١٩٤٥ لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ڕێکەوتنامەیەکی تایبەتی لەسەرە، ئەویش لەپاش ئەوەیکە نازییە ئاڵمانەکان شەش میلیۆن جوویان لەناو برد، پاش ئەوە ڕێکەوتنامەیەکی نێونەتەوەیی هاتە کایەوە کە باس لەوەدەکات ئەگەر هاتوو هەر دەوڵەتێکی بە نیاز یا بەخواست بیەوێ گروپێک یا بەشێک لەو گروپە لەناو بەرێ، ئەوسیاسەتە بە سیاسەتی ژینۆساید لە قەڵەم دەدرێ. جا ئەو سیاسەتە لە زۆر ناوچە پیادە کراوە، کە بێگومان کورد لەو سیاسەتە ژیبۆسایدە بێ بەش نەبووە، بەڵام تازەترین نموونە کە لە بەردەستمان دابێ نموونەی ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ یە، کە حکومەتی عێراقی، لە ژێر کەمپانیایەکی تایبەتیدا بە ناوی« ئەنفال» ،سیاسەتی لەناو بردنی کوردی پیادە کرد، ئەوەش ئەوەبوو کە نزیکەی ٤ هەزار گوندی سووتاند و وێران کرد، نزیکەی ١٨٠هەزار کوردیشی لەناو برد. جا باس لەوەیکە ئایا ئەنفال دەتوانرێ وەکوو مەسەلەی ژینۆساید سەیر بکرێ یان نا؟ بێگومان زۆر شت ناشکرا بووە، ئەویش ئەوەیەکە کورد لە عێراق ڕاپەڕی، زۆر دێکۆمێنت کەوتە دەست کوردەوە کە پتر لە ١٨تۆن لەو دێکۆمێنتانە بردرانە ئەمریکا و لە ژێرچاودێری ڕێکخراوێکی ئەمریکایی بە ناوی « هیومان رایتز واچ(Human Rights Watch) کە بەشێکی تایبەتییە و پێی دەڵێن«میدل ئیست واچ» (Middle East Watch)کە سەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لەو دێکۆمێنتانەیان کۆڵیوەتەوە و بە شێوەیەکی سیستماتیک دراسەیان کردووە و هێندێکیان کردووەتە ئینگلیزی، پاشان چوونەتە کوردستان و نزیکەی ٣٥٠ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا کردووە کە لە نزیکەوە کەوتوونەتە بەر هێرشی ئەنفال. هەروەها هێندێک قەبریشیان هەڵداوەتەوە ـ قەبری بە کۆمەڵ. لە ئەنجامدا ڕێکخراوەکە گەیشتنە ئەو باوەڕە کە سیاسەتی ئەنفال لە ژێر ڕێککەوتننامەی ژینۆسایددا جێی دەبێتەوە، چونکە ئەوان لە ڕێی ئەو دێکۆمێنتانە کە دراسەیان کرد توانیان بیسەلمێنن کە حکومەتی عێراقی خواستێکی تایبەتی هەبووە بۆ لەناوبردنی ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی شارەکان بوون. جاباسەکەش لەوە دایە کە بە هێندێک دێکۆمێنت، سەدام حوسێن خۆی و بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی بەعس، لەم پرۆسێسەدا بەبڕیار و کارکردن بەشداریان کردووە. جا هەنگاوێکی گرینگی پێناسەکردنی ژینۆسایدیش ئەوەیە کە ئەو کەسانە بە شێوەیەکی سیستماتیکی ئەوتۆ لەناو ببران کە نەتوانرێ لە ژێر موناقەشەکردنی ئەوەیکە هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراقی لە کەمپانیای ئەنفالدا، تەنها بۆ لەناو بردنی پێشمەرگە بووە. چونکە ئەگەر سەیری ئەو گوندانە بکەی کە ڕاگوێزکراون یا سەیری ئەو خەڵکانە بکەی کە کوژراون، لە چوارچێوەی کەمپانیای ئەنفالدا، بەشێکی هەرە زۆری ئەوانە پێشمەرگە نەبوون، بەڵکوو خەڵکی مەدەنی بوون و پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەکاروباری پێشمەرگایەتییەوە نەبووە. لەبەر ئەوە زۆر بە ئاسانی ئەوان توانیویانە بڵێن کە کەمپانیای ئەنفال مەبەستی لەناوبردنی بەشێکی کوردی عێراق بووە. بەڵام حەقمەن ئەگەر هاتوو شەڕی کەنداو نەبوایە و ئەو دێکۆمێنتانە ئاشکرا نەبوونایە، ئێمە نەماندەزانی ئایا حکومەتی عێراقی دەیەوێ هەموو کوردی عێراق لەناوبەرێ یان نا. شتێکی کە تا ئێستا کەم کەس قسەی لەسەر کردبێ ولێی کۆڵیبێتەوە ئەوەیە ئەگەر سەیری نەخشەی شارەکانی هەولێر وسلێمانی وکەرکووک و دهۆک بکەین دەبینین وەکوو کامپێکی عەسکەری جادەی بازنەیی بە دەوردا کراوە. لەبەر ئەوە زۆرجاریش پیاو ئەو بۆچوونەی لەلا پەیدا دەبێ کە ئایا حکومەتی عێراقی نیازی بەردەوامبوونی لە سەر مەسەلەی ئەنفال هەبووە یان نا؟ دوو پرسیاری زۆر گرینگ دێتە پێشێ یەک، ئەگەر هاتوو شەڕی کەنداو نەبوایە حکومەتی عێراقی هیچوەخت دانی بەوە دادەنا، یان کەس باوەڕی بە کورد دەکرد کە ئەنفال کرابێت؟ پرسیاری دووهەمیش کە دێتە پێشێ ئەوەیە ئەگەر هاتوو شەڕی کەنداو نەبوایە و دنیای دەور وپشت بە تایبەتی دەوڵەتانی نێونەتەوەیی وڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێدەنگ بوونایە ئایا حکومەتی عێراقی دەیتوانی لە سەر لەناوبردنی کورد لە شارەکانیش بەردەوام بایە؟ دیارە ئەو دوو پرسیارە وەڵام دانەوەکەی زۆر ئاسان نییە.

گزینگ: یانی مەبەستت ئەوەیە کە ئەگەر ئەو دەرفەتە نەڕەخسابا، سیاسەتی ژینۆساید لە ئاست خەڵکی کورد، وەک سیاسەتێکی ناوەوەی حکومەت بەڕێوە دەچوو وکوردیش دەنگی بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیشت ... دەکرێ ئەو بەشەی ئاخری قسەکانتان نەختێک ڕوونتر بکەنەوە؟

ـ بەڵێ ئەمن یەکەوڕاست دەمەوێت ئەوە بڵێم کە زۆر شت پێکەوە پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە حکومەتی عێراقی لە ژێر هەلومەرجی تایبەتیدا کە خۆیان بە گونجاویان دەزانی، پێدەشێت نەخشەی لابردنی کوردی لە دەوڵەتی عێراقدا هەبووبێت. ئەگەر سەیری هێندێک لەو بەڵگەنامە عێراقییانە بکەین کە کەوتوونەتە دەست کورد، حکومەت نەخشە و پلانی تایبەتی بۆ شیعەش لە باشووری عێراق هەبوو.

گزینگ: بە ڕای ئێوە، ئەو سیاسەتە زەبر و زەنگەی کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە نێو ئێمەی کورد بە تایبەتی، بەدیدەکر، ئایا پرۆسەیەکی قانوونغەندە؟ چ کۆمەڵە فاکتەرێک دەبنە هۆی ئەوە کە ئێمە نەتوانین ئەو پرۆسەیە بە پێتانەئەکی دێمۆکراتیانە تێپەڕ کەین؟ بۆ نموونە هەر ئەو دیاردەیەی کە سەبارەت بە «چێک»و «سلۆڤ» ، یان لەم دواییانەدا لە (کانادا)دەبیندرێ..

ـ حەقمەن ئەگەر بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسەبکەین لەوانەیە باسەکەمان زۆر دوور بکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی کورد قسە بکەین لەوانەیە وەڵامەکە تۆزێک ئاسانتر بێ. بێگومان ئەو پرسەی دێمۆکراتی کردنە بەشێوەیەک نییە کە زۆرجار لە ئەدەبی سیاسی ونەدەبی سۆسیۆلۆژیدا ناودەبرێ بۆ مەسەلەی قانوونغەندی. بێگومان، کۆمەڵ و ئینسان لەگەڵ سروشتدا جیاوازە. قانوونی سروشتی شتێکە کە خۆی دەسەلاتی بە سەردا هەیە، بەڵام ئینسانەکان ناتوانن زۆر بەشداریی یاخود تەئسیر لە سەر ئەو قانوونانە بکەن. مەسەلەی کۆمەڵ ومەسەلەی ئینسان جیاوازە، من

پێموایە ئەو حیسابەی کە زۆرجار قانوونی نیوتۆن یاخود فیزیکی دەهێنرێتە ناو باس ومەسەلەی کۆمەڵایەتی وکولتوورییەوە، ئەوانە زۆر موشکیلە دروست دەکەن چونکە ئینسان ناتوانرێ وەکوو ئەلیکترۆن سەیری بکرێ، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە بەینی ئینسان و ئەلیکترۆن وکۆمەڵێک شتی تر کە قانوونێکی فیزیکی بەسەردا دابەش دەبێ. ئەوەی ئینسان وکۆمەڵی ئینسانی لە شتی تر جیادەکاتەوە خواستە، ئینسان دەتوانێ کاربکاتە سەر هەلومەرجی ژیانی خۆی، ئینسان دەتوانێ لە ڕابوردووی مێژوویی، لە سەرکەوتن ولە نوشستی خۆی شت فێر ببێ. ئینسانێکی کە تووشی نوشستی زۆر بووبێ، دەتوانێ لەوە شت فێر بێ کە بۆ جاری داهاتوو هەوڵ بدا ڕێ لەوانە بگرێ. یاخود کە سەرکەوتنی زۆری بەدیهێنابێ دەتوانێ فێر ببێ لەوەی کە چۆن بتوانێ ئەو سەرکەوتنەی جارێکی تر یا ئەوەتا بهێڵێتەوە یا ئەوەتا لە سەری بەردەوام بێ. جا ئەگەر بگەڕێنەوە سەر مەسەلەی دێموکراتی کردن.. ڕاستە ئێمە هەلومەرجێکی زۆر زەحمەتمان هەیە، هەم ئەوەی بە مەسەلەی ژیۆپۆلیتیکی ناوی دەبەن، مەسەلەی کولتووری سیاسی، مەسەلەی دواکەوتوویی کولتوور کە هێندێک لە ڕۆشنبیران باسی دەکەن، هەروەها مەسەلەی دیاردەی شەڕی چەکداری. ئەوانە هەمووی تەنسیری خۆیان هەیە، بەڵام ئەمن دەمەوێ ئەوە بڵێم ــ لە نووسراوەیەکیشدا کە ماوەیەک لەوە پێش لە کۆنفرانسێک پێشکەشم کرد ــ ئەو شتانە و ئەو جۆرە فاکتەرانە لەوانەیە یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی تێبگەین لەسەر ئەو باسە کە بۆچی پرۆسەی دێموکراتیزەکردن لای ئێمە سەری نەگرتووە. وە ئەو نموونەی کە تۆ باسی دەکەی، چێک و سلۆڤاکیا نموونەیەکی زۆر باشە. ئەگەر هاتوو بەراوردێکی چێکوسلۆڤاکیای کۆن و یوگۆسلاویا بکەین پیاو دەیتوانی ترسیشی لەوە هەبێ کە چێکوسلۆڤاکیاش تووشی هەمان شەڕ و قەڵاچۆکردن ولەناوبردن و ئەو تراژێدیایە ببێ. بەڵام لەوە دەچێ دەستەی سیاسەتمەدار، ڕۆشنبیری چێک و سلۆڤاکیا بە شێوەیەکی زۆر جیاواز بیریان لەوە کردبێتەوە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە لە کاتی تایبەتیدا گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی کە بەکار هێنانی زەبروزەنگ، چارەسەری ئەو مەسەلانە ناکات. هەروەها ئیلیتی سۆڤیەتی کۆن یا ڕووسی کۆنیش، پیاو دەتوانێ بەو شێوەیە سەیری بکات، ئەوانیش ئەگەر وەکوو سەربەکان هەڵسوکەوتیان بکردایە، ئێستا دەبوو چەند شەڕی گەورەتر لە ئەوەی کە لە چیچێنیادا هەیە لەسۆڤیەتی کۆندا ببێ. بەڵام دیارە لە قۆناغێکی تایبەتیدا، ئیلیتی کۆنی ڕووسی گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە لەوانەیە زۆر سەرکەوتووانەتر بێ تا چارەسەرێکی شەڕکردن. جا ئەگەر بگەڕێنەوە سەر مەسەلەی کوردی، کە گوایە ئەو ناکۆکییانە دەبێ پێوەندی بە چییەوە هەبێ، ئەویش ئەوەیە کە لە قۆناغێکدا ڕێکخراوە کوردییەکان، ئیلیتی کوردی لە کوردستان بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا، بڕیاریان دا لە ساڵی ١٩٩١ ولە هاوینی ئەو ساڵە بەدواوە، کە شەڕی ناوخۆی خۆیان ڕابگرن. بڕیارێکیان دا لەوانەبوو ئەگەر لەسەری بەردەوام بوونایە ئەنجامێکی زۆر ئیجابی بۆ مەسەلەی کوردی هەبوایە، بەڵام دیارە کۆمەڵێک موشکیلەی خودی ڕێکخراوەکان، کۆمەڵێک بۆچوونی ئایدیۆلۆژیی ئەوتۆ وای کرد کە بەتایبەتی لە مانگی ٥ی ساڵی ١٩٩٤دا، ئەو گۆڕانانە وای کرد کە ڕێنەدرا بە بەردەوامبوونی ئەو ڕێڕەوەی گرتبوونانە بەر، ڕێڕەوی هاوکاری، ڕێڕەوەی پیادەکردنی ڕێگایەکی تازە کە دوور بوو لە ستراتێژی شەڕی شاخ و ستراتێژی یەکتر لاواز کردن. بێگومان زۆر کەس باس لەوە دەکەن کە دەوڵەتانی دەوروپشت و دارمانی هەلومەرجی ئابووری لە کوردستاندا تەنسیرێکی زۆری هەبووبێ، ئەوانە هەمووی ڕاستن، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ ئەگەر ڕێکخراوە کوردییەکان بیانەوێ ئێستاش دەتوانن ئەو شەڕە ڕابگرن، وە ئەگەر بیر لەوەش بکەنەوە سەرباری ئەوەش کە ئەو هەموو شەڕە ناوخۆییە بووە، هێشتا وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەتی ئەمریکا و فرانسە وچەند وڵاتێکی تر کە کورد لە ژێر دەسەڵات وهێرشی حکوومەتی عێراقی دەپارێزن، ئەوان هێشتا مەسەلەی ئەو پاراستنەیان هێشتووەتەوە لە جیاتی ئەوەی ئەو هێز ودەسەڵات و سەرچاوە وتوانایە بۆ کارێکی ئیجابی لە کوردستاندا بەکاربهێنێت، هەموو توانای خۆیان خستووەتە کار بۆ ئەوەی کە ئەو دەسکەوتە کە دەسکەوتی دێموکراتیزەکردنی مەسەلەی کوردە لە عێراقدا لەناوبەرن. بێگومان ئەوە تراژێدیایەکی گەورەیە نەک بۆ کورد بەتەنها لە عێراقدا، بەڵکوو بۆ مەسەلەی کوردی بە گشتی، وە بەتایبەتی لە عێراقدا ئەوە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مەسەلەی ئالترناتیو بۆ ڕژێمی عێراقی هەیە، چونکە تۆ بیر لەوە بکەوە کە دوو ڕێکخراوی کوردی کە خۆیان بە نوێنەری میللەتی کورد دەزانن وبۆ مەسەلەی کوردی خەباتێکی زۆریان کردووە و وەک هەموو وەختێکیش کە خۆیان باس دەکەن شەهیدێکی زۆریان داوە، گەر ئەوان نەتوانن لە چوارچێوەی حکوومەتێکی هەرێمی کوردیدا ڕێکبکەون، باشە کورد وعەرەبی سوننی و عەرەبی شیعە چۆن دەتوانن لە سەر ئالترناتیوێکی دەوڵەتی عێراقی ڕێکبکەون، پاش ئەو هەموو ئەنفال کردن و کوشت و بڕیەی کە دەوڵەتی عێراقی بە سەر کوردیان هێنا. چۆن بتوانن ئەوانە ڕێک بکەون. بێگومان ئەوە پرسیارێکە کە وەڵامدانەوەی لێرەدا وا بە ئاسانی نەبێت.

گزینگ: کاک خالید، ئێوە لە نێو باسەکەتاندا ئیشارەتان بەکۆنفرانسێک کرد،، دەکرێ بڵێن ئەو کونفرانسە لە کوێ بەڕێوە چوو و سەبارەت بە چی بوو؟

ــ لە ئەمریکا ڕێکخراوێکی گەورە و بەناوبانگی ئەکادیمی هەیە بە ناوی(Middle East Stadies Association) کە کورت کراوەکەی(MESA) «مێسا»ی پێدەگوترێ، هەموو ساڵێک کونفرانسێکی بەرفراوان دەگرێ. ئەمساڵ کۆنفرانسەکە لە شاری واشنگتۆن بوو. لە ماوەی حەوت هەشت ساڵی دواییدا دیراسەی کوردیش، هەنگاو بە هەنگاو جێی خۆی لە چوارچێوەی کۆنفرانسەکەدا کردووەتەوە. ئەمساڵ پێنج دانیشتن لە سەر کورد هەبوون، دووان لەوان لە لایەن (Kurdish Library)یەوە نامادەکرابوون، دووانی دیکە لە لایەن(Badlisy Center)ەوە، هەروەها دانیشتنێکیش جودا لە وان کە تایبەت بوو بە مەسەلەی کورد لە تورکیا.

ئەمنیش باسێکم لە دانیشتنێکی جودا دا سەبارەت بە هەڵوێستی ڕۆشنبیری کورد بەرانبەر بە شەڕی براکوژی پێشکەش کرد. بەشێکی زۆری ئەو باسانە لە چەند مانگی داهاتوودا یان دەبنە کتێب، یان لە گۆڤاری تایبەتدا بڵاودەکرێنەوە. ■

مافی ژن له کۆمەڵی کوردەواریدا

باسێکی مێژوویی لەسەر مافی ژن لە کوردستاندا

٤

لێکۆڵینەوە و نووسینی: ژیلا. ف. و .تەیفور

٣) ئەشکانی

بە تەواوی دیار نییە کە هاتنی ئەسکەندەری مەقدونی و دەسەڵاتی جێ نشینەکانی بە نێوی سلوکییە (٣٢٣ ـ ٢٥٠ پ،ز)کە هەموو خاکی داگیرکراوی ئەسکەندەریان بەدەستەوە بووە، چەندە کارتێکەری لەسەر خەڵکی دانیشتووی کوردستان هەبووە. گەرچی ئێستاش هێندێ نێوی یۆنانی لە کوردستاندا ماوەتەوە وەکوو "ئاسۆس" و "پیرە مەگنون"، بەڵام دەسەڵاتی یۆنانییەکان ئەوەندەی نەخایاندووە کە کارتێکەریی قووڵی لەسەر فەرهەنگ و ئایینی خەڵک بووبێ. بەتایبەت کە ئەوان زۆر کاریان بە ئایین و داب و نەریتی خەڵک نەبووە. پاش ئەوان ئەشکانییەکان لە باکووری بانی ئێران و نێوان دووزێ[بین النهرین]ڕا هەتا دەگاتە باشووری ئەرمەنستانی ئێستایان بەدەستەوە گرت (٢٥٠ پ،ز هەتا ٢٢٤زایینی). لە دەورەی ئەواندا، لە سەردەمی دەسەڵاتداری "بەلاش" ی (٥١-٨٧ ز) ئەشکانی دا، جارێکی دیکە ئاڤێستا کۆ کرایەوە. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە پارتییەکان (ئەشکانییەکان)باوەڕێکی تەواویان بە ئایینی زەردەشتی هەبووبێ و ئایینی زەردەشتی بە ئایینی ڕەسمی لە هەموو لایەک ناسرابێ. چونکە هەر ئەمارەتەو یاسای خۆی هەبووە. هەر چۆنێک بێ کوردستانی ئێستا یەکێک لەو مەڵبەندانە بووە کە لەو سەردەمەشدا ئایینی زەردەشتی بە توندی تێیدا ڕاگیردرا بووە. بە گوێرەی شتە پاشماوەکانی ئەو سەردەمە دەردەکەوێ کە ژن خودا «ئاناهیتا» هەر پەرستراوە و پاراستانی میترا هەبووە و ئاگردانەکانی زەردەشتی گراون[ئاییساون].

لەو سەردەمەدا تێکەڵاوی لەگەڵ فەرهەنگی ڕۆمی زۆر بووە و بیناکردنی پاراستانی میترا لە ڕۆژئاوا لەو کاتەوە دەستی پێکردووە، کە دواتر بووە بە مێحرابی مەسیحییەکان. پادشاکانی ئەشکانیش دابی چەپەڵیی زۆر لە دەورانی هەرە تێکڕووخاوی ڕۆم فێر ببوون، وەکوو ڕاگرتنی کەنیزی زۆر و فەخرکردن بە فرە ژنی و بێ بایەخ بوونی ژن و پەرە پێدانی هەرزەیی. بۆ وێنە « "سورن" کە بە وتەی پلوتارک پاش پادشا، باڵاترین دەسەڵاتی هەبووە لە کاتی لەشکرکێشاندا دووسەد ئەڕابە ژنەکانی خەڵوەتی ئەوی دەبرد هەتا گرینگیی سیاسی و شکۆی خۆی نیشان بدا.» (١)

لە سەرەتای دەورانی پارتەکاندا شاژن ڕێزی زۆر بووە و جار جار پەیکەرەی ژنخودا لە گۆڕەکانیاندا دەبیندرێتەوە. «"ئەنتیوخوس "ی سێهەم لە ساڵی (١٩٣ پ،ز)دا فەرمانی دا کە ژنەکەی بە نێو "لائودیسە"وەکوو خۆی بپەرەسترێ. ئەم فەرمانە لەسەر کۆڵەکە بەردێک کە لە نەهاوەندا دۆزراوەتەوە، هەڵقەندراوە.» (٢)

دواتر وای لێهات کە شاژنەکان هیچ دەسەڵاتی سیاسییان نەما و لە کاتی شەڕ و ئاڵ و گۆڕدا لە ماڵ دەمانەوە و شاکان تەنیا کەنیزەکانیان لەگەڵ خۆ دەبر. (٣)

«ژنان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا زۆر بەشدار نەبوون، [دیارە مەبەست ژنی چینی دەست ڕۆیشتووە] و بەگشتی ڕێزی ژن لای پارتییەکان زۆر کەمتر لە ڕێزی ژن لای ماد و پارسەکان بووە. تەنیا یەک نموونە هەیە کە ژنان تێکەڵاوی سیاسەت بووبێتن. "موزا" دایکی فەرهادی پێنجەم لەگەڵ کوڕەکەی کە چکۆلە بووە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە و پادشاهی کردووە (٤)، دواتر کوڕەکەی دەبێتە شووی دایکی [ژن و مێردایەتی لەگەڵ خزمی نزیک بۆ ڕاگرتنی دەسەڵات]و لە ساڵی دووەمی زایینییەوە نەخشی هەردووکیان لەسەر قەرەپوڵ دەدرێ. (٥)

هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەوری ئەشکانییەکان زۆر ڕوون نییە. بەردە نووس و ئاسەوار کەمن یا خۆ نەدۆزراونەتەوە. تەنیا دوو کتێب بە جێ ماون کە ڕەنگە بکرێ بە پێی لێکدانەوەی ئەوانە سەر لە چەند و چۆنی مافی ژن لە کۆمەڵی ئەو دەورەدا دەربێنین. یەکێک لەو کتێبانە چیرۆکی "وەیس و ڕامین" و ئەوی دیکە "ئێردویراف نامە"یە.

چیرۆکی وەیس و ڕامین دواتر لە لایەن "فەخرەدین ئەسعەدی گورگانی" یەوە وەرگێڕاوەتە سەر شێعری فارسی. ئەم کتێبە چیرۆکێکی ئاشقانەیە کە لەوێدا بە شێنەیی ژیانی کۆمەڵایەتی ژنان باس کراوە. بێوەری بوونی جینسی، جیاوازی زۆری تەمەنی ژن و مێرد، دەست تێوەردانی بێ سنووری باب و دایک لە ژیانی منداڵەکانیاندا و بڕیار لەسەر چارەنووسیان، پێوەندیی نهێنی ژنانی دەربار (بارەگای پادشاه) لەگەڵ پیاوانی دیکە لە تەواوی ئەم چیرۆکە شێعرەدا هاتووە.

«لەم چیرۆکەدا وەیس کچێکە داوێن پاک، شەرمێون و جوان کە بە

ژن و پیاوێکی ئەشکانی
١٥٠ی پ. ز

ڕاگرتنی داوێن پاکییەوە بەدوی ئارەزووی خۆیدا دەگەڕێ. دایکی وەیس کە زۆر بە ڕێزەوە نێوی دەبردرێ، دیار نییە لەبەر چی کاتێک هێشتا کچەکەی بە دنیا نەهاتبووە، قەولی داوە بە موبد[پیاوی ئایینی زەردەشتییان] کە ئەگەر کچی بوو بیدا بە ئەو. دوایە سۆزی خۆی لەبیر دەکا کچە کە ئاشقی براکەی خۆی ڕامین دەبێ[هاوسەری برا و خۆشک، ئەودەم ئاسایی بووە] دایک زەماوەندیان بۆ دەکا. بەڵام چارەنووس کایەیێکی دیکەی پێیە. پیرە مێردێکی موبد، بابی کچە دەکوژێ و بە زۆر کچە لە دایک و برای جوێ دەکاتەوە و دەیباتە کۆشکی خۆی.[هاوسەرێتی پیاوی پیر و کچی جوان و جحێڵ ــ لە لای ئێمە ئێستاش ئاساییە]. شەوی بووکێنی دووەمیش، وەیس لە پۆن دا دەبێ و موبد لێی بێوەری دەبێ. وەیسی جوان کە ڕقی دنیای لە کوژەری باوکی هەیە بەرگی ئازیەتباری لەبەر دەکا.. بەڵام ئەم ئازیەتە لەڕاستیدا بۆ جیا بوون لە دڵدارەکەیەتی و ڕوخانی کۆشکی هیوا و ئارەزووەکەی. ئەو بووکێکە کە چارەنووس لەشەوی بووکێنیدا ڕفاندوویە و بردوویەتە باوەشی پیرە پەرپووتێکی ڕق هێنەر و نەناس کە دەستی بە خوێنی بابیەوە تلاوە». ئاخرەکەی وەیس بە هیمەتی دایکی دەگاتە دڵبەرەکەی و برا و خۆشک وەکوو ئاشق و ماشوق دەگەنە یەکتری. مێردی وەیس بە کەین و بەینەکە دەزانێ و لۆمەی دەکا بەڵام وەیس کە ئاشقێکی لە گیان بردووە، دەڵێ: " دەم کوژی بم کوژە، یاخۆ وەدەرم نێ، یا چاوم هەڵکۆڵە، یاخۆ هەتا هەتایە لە زیندانم کە، یا ئەگەر دەتەوێ، ڕووت لە بازاردا بمگێڕە، ڕامین گیان و ڕەوانی منە». (٦)

لێرە جگە لە دلێری کچەکە چەند شتێکی دیکەش دەردەکەوێ، وەک ئەو سزایانە کە بۆ ژنێکی ئاوا کە "خەیانەت" بە مێردەکەی بکا لەبەرچاو گیرا بووە. خۆ پاراستن لە ژنی پۆن دار، منداڵ لەسەر لانکە بە مێرددان (لە کوردەواریدا ئێستاش هەر ماوە).

وەیس تووشی گەورەترین گوناهەکانی سەردەمی خۆی دەبێ. ئەو درۆ دەکا، سوێندی بەدرۆ دەخوا، شەوانە کاتێک کە موبد دەرکەکانی داخستووە، دەچێتە لای ڕامین و کە موبد دەگا و ڕامین هەڵدێ، وەیس بە موبد دەڵێ کە لە ستەمی شووەکەی پەنای بە ڕاز و نیاز لەگەڵ یەزدان بردووە. پەیمان شکێنی لە لایەن دایکەوە و...

لە دەورەی سلوکییەکاندا دەم و دەزگا و بارەگای موبدەکانی زەردەشتی تێک چووبووە، بۆیە لە کاتی پارتییەکاندا هەوڵیان داوە جارێکی دیکە خۆیان ساز کەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە هاتوون کتێبێکیان نووسیوەتەوە کە هەواڵ لەو دنیاوە دێنێ. بە ڕواڵەت و بە وتەی خودی کتێبەکە، یەکێک لە موبدەکان شەڕبەتی هوم(شیرەی داری پیرۆزی هوم کە زۆر مەستی هێنەرە) دەخوا و دەچێتە ئەو دنیا و پاش بە هۆش هاتنەوە ئەو شتانە دەگێڕێتەوە و دەڵێ ناوام دیت. کە دیارە ئەو شتانەیە کە ئەودەم موبدەکان پێویستییان بووە بۆ ئەوەی کۆمەڵی پێ ببەستنەوە. ئەم کتێبە نێوی "ئێردویراف نامە"یە و باسی ئەوە دەکا کە گوناباران چۆن لەو دنیا سزا دەدرێن و چ شتهایەک گوناهە و بڕێک دەستووری دیکە. ئێمە چەند غوونە دێنینەوە کە سەبارەت بە ژنانە، بۆ ئەوەی بزانین چۆن یەکەم شتێک کە هێرشی بۆ کراوە مافی ژنان بووە کە گوایە لە کاتی سلوکییەکاندا هێندێک خۆیان لەژێر سەرەڕۆیی سەرۆکی بنەماڵە دەر هێنا بووە.

دەڵێ: «بە ژنێک ماڵی خۆت ڕوون بکەوە کە خۆش نێو بێ، خۆش تەبع بێ، شەرم و ترسی باشی هەبێ و باب و باپیر و مێرد و سەرداری خۆی خۆش بوێ» (٧). یانێ ملکەچیی بێ ئەمەلا و ئەولای ژن، بۆ هەموو پیاوانی بنەماڵە.

ئەو کەسانەی کە لەگەڵ مەحرەمان [برا و خۆشک و کچ و...] هاوسەرییان نەکردبێ بە گوناباڕ زانراون و وەکوو ئەوانە ژمێردراون کە یەشت [دۆعای هەرە پیرۆز] یان نەکردبێ. دەڵێ: «ڕەوانی ئەو کەسەم دیت کە "خویدوەدەتە"[هاوسەرێتی لەگەڵ مەحرەمان]یان کردبوو کە ڕووناکییان بە ئەندازەی کێوێک لێوە دەدرەوشایەوە.» (٨)

« ڕۆحی ژنێکم دیت لە کەلاکی خۆی دەخوارد پرسیم تاوانی ئەم ژنە چ بووە؟ سروشی پارێزکار و ئیزەدی ئاگر وەڵامیان دامەوە کە ئەمە ڕۆحی ئەو ژنەیە کە بە دزی مێردەکەیەوە گۆشتی زۆر خواردووە و بە خەڵکی دیکەی داوە.

کە وابوو، پیاو مالیکی بێ ئەملاوئەولای ماڵ و موڵک بووە و لادان لەم یاسا ئاوەها سزایەکی بۆ دیاری کرابووە.

دوایە چەند ژنم دیت کە هەر کام چەند زبانیان ــ لەزاردا ــ بوو پرسیم گوناهی ئەمانە چییە. وەڵامیان دامەوە کە ئەمە ڕۆحی ئەو ژنانەیە کە لە دنیادا زبانیان لە بەرانبەو پیاوەکانیان دا درێژ بووە و بە زمان ئازاریان داون.

ڕۆحی ژنێکم دیت کە بە زبان تاوەیەکی گەرمی دەلستەوە ودەستی ببوو بە ئاوری ژێر تاوەکە. پرسیم ئەمە چی کردووە کە ئاوا سزای قورسە. سروش و... وەڵامیان دامەوە کە ئەمە ڕۆحی ئەوەیە کە لە دنیادا حازر جوابی لە بەرانبەر مێردەکەیدا کردووە. و سەگ زبان بووە و نافەرمانی کردووە و خۆی لە نووستندا پیاوەکەی چاک ڕازی نەکردووە و بە دزی مێردەکەیەوە پاشەکەوتی کردووە. (٩)

گوێ لەمستی و بێ زمان بوون، بە کەیفی پیاوکردن و.. نەتەنیا پەسنی ژنی چاکە، بەڵکوو لادانی ئەو سزا گەورەی هەیە. جگە لەمانە ژن ئەودەمیش هەر وەکوو ئێستا [لە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵی کوردەواریدا] وەکوو مەکینەی منداڵ دروست کردن چاوی لێکراوە.

« ڕۆحی ژنێکم دیت کە شیوەنی دەکرد و دەهات ودەچوو، تەرزەی سووری بەسەردا دەباری و بەسەر مسی سوورەوە بوودا دەڕێشت و سەروچاوی خۆی بە کێرد دەڕنی. پرسیم ئەمە چی کردووە کە سزایەکی ئاوا دژواری هەیە سروش و.. وتیان کە ئەمە ڕۆحی ئەو ژنەیە کە بێ ئەوەی بیەوێ لە کەسێک منداڵدار بووە و منداڵەکەی لە بەرخستووە. ئێستا پێی وایە دەنگی ئەو منداڵە دەبیسێ وهەڵدێ وهەڵاتنەکەی وەها دژوارە وەکوو بەسەر ئاوردا بڕوا، بەڵام هەر دەنگی منداڵەکە دەبیسێ وسەروچاوی خۆی بە کێرد دەڕنێ ومنداڵەکەی دەوێ ونایبینێ، هەتاهەتایە. (١٠)

«ڕەوانی ژنێکم دیت کە دەگریا و پێست و گۆشتی لە مەمکی خۆی هەڵدەکەند و دەیخوارد. پرسیم.. گوتیان ئەمە ڕەوانی ئەو گوناهارەیە کە منداڵەکەی لەبەر برسییەتی و نەبوونی بەرەڵا کردووە. (١١)

ئەمە لە لاپێکەوە نیشان دەدا کە ژنی برسی و بێ جێ و ڕێ زۆر بووە و منداڵی وێڵ ئەوەندە زۆر بووە کە مووبدەکان کەوتوونەتە بیری چارەسەرکردن. یەکەم تاوانبارانیش هەر دایکەکانن.

ئەودەم ڕەوانی ئەو ژنانەم دیت کە بە دەستی خۆیان مەمکیان لەسەر تاوەی گەرم دانابوو، پرسیم.. گوتیان کە ئەمانە ڕەوانی ئەو ژنانەن کە منداڵەکانی خۆیان شیر نەداوە و برسی و تینوو بەرەڵایان کردوون و لەبەر ماڵی دنیا شیریان بە منداڵی خەڵکی دیکە داوە. (١٢)

دایانی کردن ژن بۆ منداڵی دیکە لە کاتێکدا منداڵەکەی خۆی برسییە گوناهێکی گەورە بووە. دیارە هەمیشە ئەو ژنانە دایانی دەکەن کە بۆ خۆشیان برسییانە. هیچ کات لە هیچ ئایینێکدا هۆی گوناه ناپرسرێتەوە.

گەیشتمە جێگایەک و ڕەوانی ژنێکم دیت کە چلک و چەپەڵی خەڵکیان تەشت تەشت دەرخوارد دەدا، پرسیم ئەم لەشە چ گوناهێکی کردووە کە ڕەوانی ئاوا سزا دەدرێ؟

سروشی پارێزکار و ئیزەدی ئاگر گوتیان "ئەمە ڕەوانی ئەو ژنە گوناهارەیە کە لەکاتی پۆن دا لە پیاوەکەی دووری نەکردووە و ئەم ئایینەی ڕێز نەگرتووە و لە ئاو و ئاگر نزیک بۆتەوە.

ڕەوانی پیاوێکم دیت کە خوێناوی پۆنی ژنیان لە زاری دەکرد و منداڵی خۆی دەکوڵاند و دەیخوارد، پرسیم.. گوتیان کە ئەوە ڕەوانی ئەو پیاوە گوناهارەیە کە لە دنیادا دەشتان[پۆن]ی لەبەرچاو نەگرتووە.

ڕەوانی ژنانێکم دیت کە خوێناوی پۆنی خۆیان دەخواردەوە، پرسیم.. گوتیان کە ئەمە ڕەوانی ئەو ژنانەیە کە پارێزی [کاتی] پۆنیان نەکردووە و [ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە]ئاو و ئاگر و سپەندارمەز زەوین و خورداد و ئەمۆرداد یان ئازار داوە و چاویان لە ئاسمان و تاو و مانگ کردووە و یەکسم و ئاژەڵیان بە پۆنی خۆیانەوە ئازار داوە و دەستیان لە نێرەکان داوە.

ژنانێکم دیت کە بە دەست و ددانی خۆیان مەمکی خۆیان دەبڕی و سەگان زکی ئەمانەیان هەڵدەدڕی و دەیان خوارد و هەر دوو پێیان لەسەر

خاتوونێکی ئەشکانی: موزەی لوور

ئاگر دانابوو، پرسیم.. گوتیان کە ئەمە ڕەوانی ئەو ژنانەیە کە لە دنیادا لە کاتی پۆن دا خواردنیان دروست کردووە و لە پێش پیاویان داناوە [یانێ ژن لە دەورانی پۆندا دەبوا لە جێگایێکی تاریک، دوور لە ئاو و ئاوەدانی، خراپتر لە گول دانیشێ بە شێوەیەک نەتوانێ چاوی بە ئاو و ئاگر و ئاسمان و هەتاو و مانگ بکەوێ و دەست لە هیچ نەدا و کەس لە سێ هەنگاویەوە نەچێتە پێشەوە و هەر خواردنێکیشیان بۆ دانابا، لە سێ هەنگاویەوە سپڵۆت دەبوو و تەنانەت خۆشی نەیدەتوانی دوو ژەم لە خواردنێک بخوا. بیر کەینەوە ئینسانێک کە یەک لە چواری ماوەی ژیانی بە سپڵۆتێکی ئاوا دابندرێ تا چ ڕادەیەک لە ناو کۆمەڵدا ڕێزی هەیە].

ئەم دابە لە دەوری ساسانییەکاندا گەیشتبووەتە ئەوپەڕی خۆی، تا ئەو ڕادەیە کە ئەگەر کەسێک دەستی لە ژنی پۆندارەوە دابا وەکوو ئەوە بوو کە دەستی بە لەشی مردووەوە داوە و چەندین ڕۆژ دەبووا پارێزی زۆر سەیر و پڕ زەحمەت بە جێ بێنێ هەتا خاوێن بێتەوە.

جادووکاری یەکێک لە گوناهە هەرە گەورەکان بووە، وەک هاتووە تەنیا ژن توانیویەتی جادوو بکا چونکە پێوەندیێکی بە ئەهریمەنەوە هەیە. بۆیە زۆر لە سزاکان لەگەڵ جادوو کردندا هەڵسەنگێندراون کە بۆ خۆی سزای کوشتن بووە. (لە سەدەکانی نێوەڕاستدا دەیان سووتاندن) لە ئێردویراف نامەدا دەڵێ: ڕەوانی ژنێکم دیت کە مەمکیان سووتاندبوو و زکیان دڕی بوو و ڕیخۆڵەکانیان دەدا بە سەگ. پرسیم کە ئەم ژنە چ گوناهێکی کردووە؟ گوتیان ئەمە ڕەوانی ئەو گوناهارەیە کە لەدنیادا ژار و ئاو و ڕۆنی ئەفسون کراوی تێکەڵ کردووە و ڕای گرتووە و دەرخواردی خەڵکی داوە.

کۆ کردنەوەی چۆنیەتی ئەشکەنجە دراوان و هۆی ئەشکەنجەکان نیشان دەدا کەبیرو ڕای ئەو سەردەمە ـ کە بە داخەوە جیاوزیەکی زۆری لەگەڵ

ئیستادا نییە ئەوە بووە کە ژن تەنیا وەک کەرەسەیێکی جینسی دەبێ لە خزمەتی پیاودا بێ. کۆی دیمەنەکانی ئیردویراف نامە ئاوایە.

تەنیا لە حەڤدە دیمەن لە هەشتا دیمەنی ئەشکەنجە لە دۆزەخ دا ئاماژە بە جینسییەت لە گوناهەکاندا نەکراوە. لە چوار دیمەندا ژن و پیاو پێکەوەن ولەیەکیاندا ژنەکە گلەیی لە مێردەکەی دەکا کە بۆ ڕێنوێنی نەکردووە بۆ کاری باش. سێ دیمەنی دیکە پێوەندی بە جینسییەتەوە نییە.

لەحەوت دیمەندا کە ژنان ئەشکەنجە دەبن تەنیا دوو شوێن باسی جینسییەت نییە و لە پێنج شوێنی دیکەدا، یا گوناهەکە بەکردەوەی جینسییەوە پێوەندی هەیە یا بە ئەندامە جنسییەکانیان ئەشکەنجە دەدرێن. لەم شوێنانەی باسکراودا خەڵک بە کۆمەڵ ئەشکەنجە دەدرێن. کاتێک ژن و پیاو بە تەنێ ئەشکەنجە دەدرێن لە سی و یەک دیمەنی ئەشکەنجەی پیاواندا بیست و پێنجیان جینسی نین وتەنیا شەش شوێنیان جینسیین. بەڵام لە نۆزدە ژن کە گوناهیان کردووە. لە هەموویان دا جینسییەت لە باسدایە. یا بە بۆنەی ژن بوونیان گوناهیان کردووە یا بە ئەندامی جینسییان ئەشکەنجە دەدرێن. بەم جۆرە گوناهی ژنان بەتەنێ سەد لە سەد جنسیین، لەکاتێکدا بیست وچوار لەسەد گوناهی پیاوان بە تەنێ جینسیین. ژمارەی ئەو پیاوانەی کە بە ئەندامی جینسییان ئەشکەنجە دەرێن تەنانەت لەوانەی کە گوناهی جینسییان کردووە کەمترە و تەنیا یەک یا دوو جار شتی وەکوو کوشتنی منداڵی خۆی وخواردنی مێشکەکەی یا هەڵقەندنی موی سەر و ڕیش کە ئەویش بە تەواوی جینسی نین...

وادیارە کردەوەی جینسی ژنان دەیانباتە بەهەشت یان دۆزەخ، بەڵام پیاوان پیشە ودەستڕویشتوویی وچاکی وخراپەیانە کە بەهەشت و دۆزەخیان بۆ دیاری دەکا. (١٣)

لە دەورەی ساسانییەکاندا هەموو ئەم بیر و بۆچوون و پەندی ئایینییە دەکرێتە یاسا و مەحکەمە بە پێی ئەو یاسایانە بەڕێوە چووە، کە باسی بەشی داهاتووە.

دریژەی هەیە

سەرچاوەکان:

١١) *زن به ظن تاریخ*، بنفشه حجازی، انتشارات شهر آب، ل ١٢٥
٢) پێشوو، ل ١٢٤
٣) *تاریخ اجتماعی ایران*، مرتضی راوندی، بەرگی یەکەم، ل ٥٨٦
٤) پێشوو، ل ٥٨٨
٥) پێشوو، ل ٥٨٩
٦) *ویس و رامین*، دکتر محجوب، ل ٥٥هەتا دوایی بە کورتی.
٧) سەرچاوەی ٣، ل ٦٦٧
٨) سەرچاوەی ١، ل ١٣٢
٩) *حیات اجتماعی زن در تاریخ ایران*، وهاب ولی، انتشارات امیر کبیر، ل٦٤
١٠) پێشوو، ل ٦٣
١١) سەرچاوەی ١، ل ١٣٣
١٢) پێشوو، ل ١٣٣
١٣) سەرچاوەی ٩، ل ١٠٧

ناسیۆنالیسم

ئانتۆنی د. سمیت(Antoni D. smith)

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: هاشم

ناسیۆنالیسم وشەیەکە کە چوار کەڵکی سەرەکی لێوەردەگیرێ:

١) وەک پرۆسێسێکی گشتیی خەملێن(پێکهاتن)ی نەتەوەکان، کە هێندێک جار پێی دەگوترێ«نەتەوە سازکردن» (هەرچەند ئەم وشەیە زۆرجار پرۆسێسی «دەوڵەت سازکردن»دەگرێتەوە؛

٢) وەک«هەستی نەتەوەیی» ، یان هەست، ڕوانگە و وشیاریی سەر بە نەتەوەیەک بوون و هیواداربوون بە توانایی و هێمنایەتی و خێروخۆشیی ئەم نەتەوەیە؛

٣) وەک بزووتنەوەیەک بە ئامانجگەلی سیاسی بۆ وەدیهێنان وپاراستنی پلە وپایەی نەتەوە و هەموو ئەو شتانەی لەم پێناوەدان و ئەمە لە خۆیدا ئەو ڕێکخراوە یان ڕێکخراوەگەل وچالاکییانە دەگرێتەوە کە بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە دارێژراون؛

٤) وەک باوەڕێک یاخود بڵێین ئایدیۆلۆژییەک کە «نەتەوە» لە ناوەندی حەز و سەرنجی خۆیدا جێدەدا و بە شوێن سەربەخۆیی، یەکێتی وهەویەتی ئەم دایە. هەروەها هێندێک نووسەر لە نێوان ناسیۆنالیسمی «سیاسی و«کولتووری» جیاوازییان داناوە. ناسیۆنالیسمی سیاسی لە سەر وەدەستهێنان و پاراستنی سەربەخۆیی و لە سەرپێ خۆ بوونی نەتەوە پێدادەگرێ و ناسیۆنالیسمی کولتووری، لە سەر هەویەت و کولتووری نەتەوە. بۆ هێندێک، ناسیۆنالیسمی سیاسی وکولتووری لە پێداویستی لەگەل یەکتردان و بۆ هێندێکی تر ئەم دوو واتەیە سەربەخۆ و جیاوازن(هۆتچینستۆن، ١٩٨٧).

تاریفێکی ڕوون و تەواو لە ناسیۆنالیسم تەنانەت لە ماناگەلی بەرتەسکتر لە چەشنی ماناکانی ٣ و٤ لە سەروەدا، وەدەست نەهاتووە. هێندێک بۆ نموونە وەک «کێدووری» (١٩٦٠)، ناسیۆنالیسم وەک باوەڕ وئیرادە و خواست دەبینن؛ هێندێکی تر وەک«بریۆئیلی» (١٩٨٢) ناسۆنالیسم وەک باسێکی سیاسی دەبینن و هێندێکیش وەک «کۆهین» (١٩٦٧)، ناسیۆنالیسم وەک کۆمەڵێک هەستگەلی هاوبەش چاو لێدەکەن. دژواری لەوەدایە کە ناسیۆنالیزم وەک بزووتنەوە یان ئایدیۆلۆژی(باسی هەست هەر ناکەم) کۆمەڵێکی بەربڵا وبەرین لە ئارمان و باوەڕ وسەمبول دەگرێتەوە کە هیچ تاریفێک ناتوانێ بە هیوای ئەوە بێت کە دیارییان بکات(باسی لێ تێگەیشتن و حاڵیبوون هەر بە جێی خۆی). بەڵام هەرچۆنێک بێت دەکرێ لە نێوان وشەگەل وکردەوەی

● بۆ تاریفی نەتەوە دوو پێوانە پێویستن: یەکەمیان پێوانەی کولتووری واتە هەبوونی مێژوو وکولتوورێکی جیاوازە لە نێوان هێندێک(ئەگەر نەڵێین هەموو)خەڵکدا. دووهەمیان پێوانەی خاکی[خوغرافیایی]یە، واتە ئیمکان بۆ خەڵکێک(یان بەشێک لەم خەڵکە) کە لەشوێنێکی دیاریکراوی جوغرافیایی و ،وڵاتێکی،مێژوویی، خۆی نیشتەجێ بکات.

ئەوانەی کە خۆیان بە ناسیۆنالیست دادەنێن هێندێک ناوەرۆکی سەرەکی و هاوبەش تاق کرێنەوە. ئەم ناوەرۆکە سەرەکییانە بریتین لە ئیدەئالەکانی هەویەتی، یان جیاوازییە بەرچاوەکانی نەتەوە، یەکێتی و برایەتی هاووڵاتییان و سەربەخۆیی ودەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولای خاکی وڵات. لەو ناوەرۆکانەرا دەکرێ پێناسەیەکی سەرەتایی بۆ ناسیۆنالیسم، وەک ئایدیۆلۆژی و بزووتنەوە وەدەست بخەین. بەم شێوە ناسیۆنالیسم دەبێتە بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیکی بۆ وەدەستهێنانی هەویەت، ئۆتۆنۆمی و یەکێتی گروپێکی کۆمەڵایەتی کە هێندێک لە ئەندامەکانی ئەم گروپە خۆیان بە «نەتەوە»یەکی هێزەکی و مەوجوود دادەنێن(سمیت، ١٩٧٣، ئا١٩٨٣؛ بەشی ٧).

دەکرێ ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیسم، بە دوو تۆوی ناوەندی واتا«سەرەکی و«دەستی دووهەم»دابەش بکرێت. لەوانەیە «باوەڕی سەرەکی»لەم بابەت و ڕایانەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:

١) جیهان بە نەتەوەگەل دابەش کراوە و هەر نەتەوەی کاراکتەری جیاوازی خۆی هەیە؛

٢) هەموو هێزی سیاسی لە نەتەوە سەرچاوە دەگرێ؛

٣) وەفاداری بە نەتەوە بە سەر هەموو وەفادارییەکدا زاڵە؛

٤) ئازادیی ڕاستەقینە، تەنیا بە دیاریکردنی هەویەت لە ناو نەتەوەیەکدا دەدۆزرێتەوە؛

٥) ئاشتیی جیهانی و ئازادی بە ڕزگاری وهێمنیی هەموو نەتەوەکان بەستراوەتەوە؛

٦) نەتەوەکان تەنیا لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیاندا دەتوانن«ئازاد»بن.

ئەگەرچی ناسیۆنالیستەکانی پێشوو وەک هێردێر و بولینگ بروک لەگەڵ دەرەنجامی خاڵی شەش نەبوون و هێندێک لە نەتەوەکان داواکارییان بۆ دەوڵەتی سەربەستی خۆیان ڕاوەستاندووە(بۆغوونە کاتالۆنیا و سکاتلەند)، ڕا و بابەتەکانی تر لە هەموو ئایدیۆلۆژی وبزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە. بە هۆی کاراکتەری گشتییەوە، هێندێک ناسیۆنالیستی تایبەتی بە پێویستیان زانی کە تۆوگەلی «دەستی دووهەم»یان «کۆمەڵێک تیۆری پشتیوان» لە خاڵەکانی سەرەوە زیاد بکەن وەک تیۆری «زمانی ڕۆژی» ئاتاتورک لە ڕیشەگەلی تورکی یان واتەی ڕۆمانتیکی ئاڵمانیی «ڕوحی خەڵک»، یان بە شێوەیەکی گشتیتر تیۆرییەکانی ڕەگەزی وزمانی. ئێمە هەروەها دەتوانین لە درێژەی هێڵەکانی ناسیۆنالیسمی «ڕۆژئاوایی» و «ڕۆژهەڵاتی»ی هانس کۆهین چەشنی جۆراوجۆری ئایدیۆلۆژیکی دووپاتکراوەی ناسیۆنالیسم جیاکەینەوە.

ناسیۆنالیسمی «ڕۆژئاوایی»نەتەوە وەک پێوەندیی دانیشتووانی مەڵبەندێک دەبینێت کە کۆمەڵێک یاسای تایبەتی و ئەنیستیتوو بە سەریاندا حوکم دەکەن. ناسیۆنالیسمی«ڕۆژهەڵاتی»، نەتەوە وەک تەواوییەتێکی زیندوو دەبینێ کە خاوەنی کولتوورێکی دیاریکراو وتایبەتی و کاراکتەرێکە کە تاقەکەسی، تێیدا بەردەوام پێشێل دەکرێت(کۆهین، ١٩٦٧).

ناکۆکی وناتەبایی لەسەر مانای«نەتەوە» یەکجار زۆرترە. هێندێک لێکۆڵەرەوە پێیان خۆشە نەتەوە و دەوڵەت بەیەک دادەنێن و ناسیۆنالیسم بە لای ئەوانەوە ئەم بزووتنەوانە دەگرێتەوە کە بە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتی خۆیانن(بروانە گرتیز، ١٩٦٣). بەپڕوای هێندێک لێکۆڵەرەوەی دیکە، نەتەوە پێوەندی بە لایەنی کولتووری و/یان دەروونی وکۆمەڵایەتییەوە هەیە. بۆ زۆرکەسی تر، نەتەوە بنەمایەکی کەم یان زۆر دەستکرد، سەربەخۆ بەلام لە هەمان کاتدا«کۆمەڵگایەکی خەیاڵی»ی بەرتەسکە(ئاندێرسۆن، ١٩٨٣). بۆ هێندێکی دیکە، نەتەوە یەکەیەکی بەرپڵاوی، نەناسراوی، بیرلێنەکراوی خاوەن کولتوورێکی هاوبەشە(گێلنێر، ١٩٦٤ ـ بەشی ٧)؛ هێندێک، نەتەوە وەک گروپێکی ئیتنیکی دەزانن کە زانیاریی و وشیاریی لە سەر خۆی هەیە(کانێر، ٧٨-١٩٧٢). بۆ ئەم جۆرە کەسانە پێویستە نەتەوە وەک واتایەکی کولتووری یان پرەنسیپی ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی ـ کولتووری، لە دەوڵەت وەکوو کۆمەڵێک ئەنستیتووی گشتی وخودموختار بە ڕوونی جیابکرێتەوە(تیوی، ١٩٨٠). لەلایەکی ترەوە تاریفە تەواو ڕەسەن وزەینییەکان تووشی ئاستەنگ دەبن. کاتێک هەر گروپە خەڵکێک خۆیان بە هۆی ئیرادە و ئاواتەوە بە«نەتەوە»دادەنێن و دەبێ لەگەڵ ئەم تاریفانە یەک بگرنەوە، پێوانەیەکی وا نەتەنیا ناتوانێ جیاوازییەکانی کۆلێکتیوە جۆراوجۆرەکان دیاری بکات، بەڵکوو دیمەنی تێکەڵ پێکەڵی نێونەتەوەیی هێندەی دیکە ئاڵۆزتر دەکات. تەنانەت تاریفگەلی کولتووری دەم و گوێبراویش لەبەر ئەوەیکە، یان زۆر بەرتەسکن و تیپە جیاوازەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیسم دەخۆدا جێناکەنەوە و یان هێندە لێڵ و گشتین، بەکەڵک نایەن(بروانە گێلنێر، ١٩٨٣ ـ بەشی٥).

هەرچۆنێک بێت ئەمە لە چوارچێوەی تاریفێکی «کولتووری»دایە کە وەدەستهێنانی سەرکەوتن وێدەچێ پتر مسۆگەر بێت، چونکە لەم چوارچێوەدا تۆوگەلی«زەینی» و«چاوی» کە نەتەوەیەک پێکدێنن لێک گرێدراون. بۆ تاریفی نەتەوە دوو پێوانە پێویستن: یەکەمیان پێوانەی کولتووری واتە هەبوونی مێژوو وکولتوورێکی جیاوازە لە نێوان هێندێک(ئەگەر نەڵێین هەموو)خەڵکدا. دووهەمیان پێوانەی خاکی[خوغرافیایی]یە، واتە ئیمکان بۆ خەڵکێک(یان بەشێک لەم خەڵکە) کە لەشوێنێکی دیاریکراوی جوغرافیایی و «وڵاتێکی»مێژوویی، خۆی نیشتەجێ بکات. لێرەدایە کە گرینگی بیرەوەری و ئەفسانەگەلی مێژوویی لە پێوەندی لەگەڵ «وڵات» و بارهێنانی کولتوورێکی تایبەتی دێتە ئاراوە. هەر لێرەدایە کە پێداویستی بە خەڵکێک دێتە ئاراوە کە لە پانتایی وڵاتی خۆیدا جموجۆڵی هەبێت و لەم خاکەدا خاوەنی دابەشینی تایبەتی وتاقانەی کار بێت. ئەمە لە خۆیدا کۆمەڵێک یاسای تایبەتی و دیاریکردنی ئەرک ومافی ئەندامانی نەتەوە دەستەبەر دەکات. جا بۆیە لەوانەیە لێرەدا بەشێوەیەکی سەرەتایی، نەتەوە بەمجۆرە تاریف بکەین:

نەتەوە بریتییە لە خەڵکێک کە خاوەنی کولتوور و مێژوویەکی هاوبەشن، لە سەر خاکێکی دیاریکراوی مێژوویی دەژین، خاوەنی سیستمێکی تایبەتی ئەرک و ماف بۆ هەموو ئەندامانی خۆیەتی. لەو شوێنانەی خاوەن نەتەوەگەلی لەم چەشنە کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆشیان هەیە، ئەندامانی نەتەوە دەبن بە هاووڵاتی و زۆرجار سیستمێکی تاقانەی بارهێنان وفێرکردن دەبێتەباو. ئێمە خەریکی باسکردن لە واتەیەک لە چەشنی ئیدەئالین. تاریفێکی ئاوا سەنگە محەکێکی ئەستەمە بۆ نەتەوەکان. بۆ نموونە لەوانەیە هێندێک لە ئەندامان بن بە هاووڵاتیی چینی دەستی دووهەم یان لەوانەیە تەنیا بەشێک لە خاکی مێژوویی لە ژێر دەسەڵاتی ئەندامانی نەتەوەیەکدا بێت، یان کولتووری مێژوویی لەوانەیە تەنیا بەشێک لە ئەندامان ئەویش بە شێوەیەکی ڕووالەتی بگرێتەوە.

بە پێی ئەم تاریفە«دەوڵەت ـ نەتەوە» نەتەوەیەکە خۆی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت. بە لەبەرچاوگرتنی سەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆر ناسیۆنالیسمی کەمایەتیی ئیتنیکی لە کاتی ڕەخسانی هەلومەرجی لەباردا، زۆربەی«دەوڵەت ـ نەتەوە»ەکانی ئیمڕۆ لە تاقیکردنەوەی ئەم پێوانەیە دەرناچن(کانێر، ١٩٧٢).

تیۆرییەکانی ناسیۆنالیسم

بەپێچەوانەی کەمتەرخەمیی پێشوو، لەم دواییانەدا، زۆر هەوڵی سیستماتیک دراوە بۆ شیکردنەوەی هۆکار، سروشت و ئاکامی نەتەوەکان و ناسیۆنالیسم. ئەم شیکردنەوانە لە سێ گروپی سەرەکیدا جێدەکرێنەوە: تیۆرییە بەردەوام وهەمیشەیی(perennial)ەکان، تیۆرییە مۆدێرنەکان و تیۆرییە تێکەڵاو و سەمبولیکەکان.

هەر بەمجۆرە کە لە نێوەکەی ڕا دیارە ئەوانەی باوەڕیان بە تیۆرییە بەردەوام وهەمیشەییەکانەوە هەیە، نەتەوە وەک شتێکی «هەمیشە هەبوو» و بەشێک لە فابریکی مێژوو لە سەردەمی هەوەڵین بیرەوەرییەکاندا دەبینن. ئەمە شتێکە کە زۆربەی ناسیۆنالیستەکان دروست وەک نەوەیەکی پێشتر لە لێکۆڵەرەوەکان، باوەڕیان پێی هەبوو(بڕوانە سیندێر، ١٩٥٤ ـ والێک چێرنێکی، ١٩٢٩ـ تیپتۆن، ١٩٧٢). تەنانەت ماکە سەرەتاییە ڕادیکاڵەکان(بۆغوونە زمان و دیەن)ی بەشێکی زۆر لە ناسیۆنالیستەکان، کە نەتەوەیان وەک یەکەیەکی سروشتیی جێگرتوو دەدیت، قەبالەیان بەتاڵ بووە؛ هەرچەند ئەم ڕێبازە لەلایەن هێندێک کۆمەڵ ـ زیندەوەرناس(socio-biologist)ەوە، لەمەڕ ئیتنیسیتییەوە بە شێوەیەکی وردەکارانە بەکارهاتووە(ڤان دین بێرغە، ١٩٧٩). کەسانێکی تر ماکە سەرەتاییەکانی «کزیان» بۆ شیکردنەوەی پێوەندییە بەهێز وپایەدارەکانی کۆمەڵگەی ئیتنیکی و نەتەوەکان لە جیاتی کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر دەکارهێناوە(فیشمەن، ١٩٨٠). بە شێوەیەکی گشتی «بەردەوامی وهەمیشەییەکی(perennialism) بەربڵاو وهەمەلایەنە لەگەڵ واقیعی هەویەتەکانی کولتووریی کۆلێکتیو لە مێژوودا جورنایەتەوە. لەوانەیە ئەگەر ئێمە بخوازین و پێمان خۆش بێ ئاسۆرییەکان و فارسە قەدیمەکان بە نەتەوە نێو بەرین، بەڵام ئەوکاتە بۆ دەستنیشان کردنی جیاوازییەبەرچاوەکانی نێوان کۆلێکتیوە کۆنەکانی ئەوتۆ و ئەوانی نوێ، بۆغوونە فەرانسەیی وپۆلۆنیایی، پێوسیتیمان بە وشەگەلی تازە دەبێت. هەروەها ئێمە دەبێ بزانین کە ئەم جۆرە نەتەوانە ڕەنگە بفەوتێن یان بتوێنەوە یان لەوانەیە کاراکتەری خۆیان تەواو بگۆڕن. فارس

● نەتەوە لە هەمان کاتدا کە شتێکی «مۆدێرن»ە، لەوانەیە زۆر سەرکەوتووانەتر بێت ئەگەر وەک بەرهەمێکی بیرلێکراو و بەخەیاڵ ڕابراو، سەرنجی بدرێت. جا ئەم کاتە بە لەبەرچاوگرتنی نەتەوە وەک شتێکی بیرلێکراو، هاسانە وەکوو ئامرازێک لە دەستی ڕووناکبیران یان پێشڕەوانی دیکە ببینرێت کە بۆ وەدەستهێنانی سامان ودەسەڵات لە بیری قازانجی خۆیان دان.

ومیسرییەکانی ئیمڕۆ هەم لەباری کولتووری و هەم لەباری خەڵکناسییەوە لە ئەژدادی خۆیان جیاوازن(براس، ١٩٧٩).

تیۆرییەکانی ئەم دواییانە لەسەر نەتەوە و ناسیۆنالیسم تاڕادەیەکی زۆر «مۆدێرنیستی» ونوێن. ئەم تیۆرییانە، نەتەوەیان بە تەواوی لە جیهانی مودێرندا جێداوە و لە پێوەندی لەگەڵ مۆدێرنیزاسیۆن و واتەگەلێکی بەربەرین کە ئەم پرۆسێسە دەگرنەوە، وەکوو سەرهەڵدانی سەرمایەداری، پیشەسازی ، شارنشینی، چالاکیی سیاسی، سێکۆلاریسم، فێرکردن وبارهێنانی گشتی وگەشەکردنی زانست، سەرهەڵدانی نەتەوەیان شی کردووەتەوە.

کارل دۆچ(١٩٦٦) بەکێشانەوەی نەخشەی سەرهەڵدانی چالاکیی کۆمەڵایەتی و شتگەلی لەم پێوەندییەدا ونەسیمیلاسیۆنی کولتووری بە هۆی شارنشینی، خوێندەواری، ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی و شێوەکانی دەنگدان، بوو بە پێشڕەوی ڕوانگەیەکی خەڵک ـ کۆمەڵناسی لە سەر ناسیۆنالیسم. بێندێکت ئاندێرسۆن(9-40 ، ١٩٨٣) هێندێک لایەنی گرینگی کولتووری دیکەی لەم ڕوانگەیە زیاد کردووە. ئاندێرسۆن بە پێداگرتن لە سەر توانایی ناسیۆنالیسم بۆ وەدیهێنانی باوەڕ و کۆمەڵگایەکی ئالترناتیو لە جێی حکوومەتەکانی سەڵتەنەتی و ئایینەکانی لەناوچوو، ڕۆڵی تێکنۆلۆژیی کاپیتالیسمی چاپ و واتەگەلی نوێی زەمان گەورە وجەخت دەکاتەوە. چاپ، بوو بە هۆی ڕەخساندنی ئەم هەلە کە کتێب ببێتە کالایەکی دەستی یەکەم و بەمجۆرە میراتی دەسەڵاتی یەکلایەنەی پیاوانی ئایینی لە سەر زمان پساند(بەتایبەتی زمانی لاتین) و بەرهەمی سیکۆلار واتە نوێی بە زمانە جۆراوجۆرەکان لە جێی ئەم دانا. کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، ڕاپۆرت، چیرۆک، شانۆ و باباەت بە بڵاوبوونەوە ودەستبەدەست بوون لە ڕێڕەوی زەماندا لە نێو خەڵککێک کە قەت چاویان بەیەکتر نەدەکەوت، توانایی ئەمەیان هەبوو کە دیمەنی ئەم کۆمەڵگایانە کە لە ئاستێکی بەرتەسکدا سەربەخۆبوون، وەبیربێنێتەوە. جا بۆیە نەتەوە لە ئەساسدا کاتیگۆرییەکی حیکایەتی وخەیاڵییە کە لەگەڵ ناوچەیەکی کولتووریی کە بە هۆی خاک و زمانەوە لە پێوەندیی دان و هەروەها لەگەڵ پێشەنگی ڕووناکبیری وبەڕێوەبەرایەتی ئەم ناوچەیەدا، خۆی گونجاو لەبار کردووە. ئەم پێشەنگی ڕووناکبیری و بەڕێوەبەرایەتییە بە زیارەت و سەردانی ناوەندە کولتوورییەکانی یەکتر، توانایی ئەمەیان وەدەستهێنا کە خۆیان، شوێنی ژیان یان کۆلۆنییەکانیان بە نەتەوەگەلی هێژەکی دابنێن.

هۆگرییەکی دیکەی لەم چەشنە لەمەڕ مۆدێرن و دەسکردبوونی نەتەوە وناسیۆنالیسم لە بەرهەمی لێکۆڵەرەوانی «دۆزینەوەی ترادیسیۆن»دا

دەبینرێت. بەتایبەتی هابسبام و رانگێر(١٩٨٣) پێیان وایە «نەتەوە» لەو کۆمەڵگایانەی بە خێرایی بوونەتە پیشەسازی و بە هەراوی دێموکراتیزە کراون، کارکردێکی یەکگرتووی گرینگی هەبووە. زۆریی ترادیسیۆنە نەتەوایەتییەکانی«دۆزراوە» لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ ـ ١٨٧٠لە ئورووپادا، پێداگرتنێکی زۆر لە سەر دابونەریت و سەمبولیسم، ئالا، خۆنواندن، میراتی مێژوویی، کۆمەڵگا، سرود وجلوبەرگ بەتێکڕایی یارمەتیدەر بوون بۆ پووچەڵکردنەوە و لەناوبردنی دووبەرەکی ودژایەتیی چینایەتیی کاپیتالیسمی پیشەسازی. ئەم پێداگرتنە بە تەواوی لەگەڵ ئەم داواکارییە دێتەوە کە ناسیۆنالیسم وەک دەمەتەقەیەکی سیاسی لە سەرەمی هەستی خۆنامۆیی، سەری هەڵدا. ئەم هەستە واتا هەستی خۆنامۆیی ئاکامی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی بۆشایی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای شارستانی یە، کە لە سەدەی شازدەوە لە ئورووپادا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبوو (برونیلی، ١٩٨٢).

تەواوی ئەوانە نیشان دەدەن کە نەتەوە لە هەمان کاتدا کە شتێکی «مۆدێرن»ە، لەوانەیە زۆر سەرکەوتووانەتر بێت ئەگەر وەک بەرهەمێکی بیرلێکراو و بەخەیاڵ ڕابراو، سەرنجی بدرێت. جا ئەم کاتە بە لەبەرچاوگرتنی نەتەوە وەک شتێکی بیرلێکراو، هاسانە وەکوو ئامرازێک لە دەستی ڕووناکبیران یان پێشڕەوانی دیکە ببینرێت کە بۆ وەدەستهێنانی سامان ودەسەڵات لە بیری قازانجی خۆیان دان. هەروەها جەختکردنەوەیەکی لەڕادەبەدەر لە سەر ترادیسیۆنە دۆزراوەکان و شتی تازەی کاپیتالیسمی چاپ، ئەو مەترسییەی تێدایە کە پێوەندیی گرینگی نێوان نەتەوەکان وەک«بەرهەم»و پێوەندییەکانی ئیتنیکی لە پێشتر هەبوودا، بشارێتەوە(بڕوانە بابەتەکانی گلەیزێر و مۆینیهان، ١٩٧٥).

زۆر ڕەخنەی لەم چەشنە دەتواندرێ لە مۆدێلەکانی زۆرجار دەروونی و تێکەڵاوی هێندێک لەمێژوونووسانی ناسیۆنالیسم، بۆ نموونە، ترێڤۆر ـ روبێر(١٩٦١) وکێدووری(١٩٦٠)بگیرێت. کێدووری لە سەر زەمینەی فەلسەفیی ناسیۆنالیسم وەک باوەڕێکی ئورووپایی زۆر حیساب دەکات. بە ڕای ئەو، ئەم باوەڕە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەتایبەتی لە ئاڵمان بە هۆی کانت و ڕێڕەوە ڕۆمانتیکەکانی دواتری ئەو، وەک فیختە، شلێگێل و مووللێر«دۆزراوەتەوە». بەلای «کێدووری»یەوە ئەم ناسیۆنالیسمە ڕۆمانتیکە لە ئەساسدا باوەڕێکی ئیرادەیی یە کە بە گوڵینگی زمانەوانی ڕازاوەتەوە و هەر ئەوەش دەبێتە هۆی پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی تەنانەت باوڕپێنەکراو و لێکترازاوتر. ئەم باوەڕە ئەگەرچی لە نموونەی شۆڕشی فەرانسە مایەیەکی وەرگرتووە بەلام لە بنەڕەتدا بەرهەمی ئەو ڕووناکبیرانەیە کە بە هۆی بێبەش بوونیان لە دەسەڵات لە ئەمارەتە چکۆڵەکانی ئاڵماندا لە خۆیان نامۆ ببوون. ناسیۆنالیسم لەگەڵ ڕوحی زەمان، لەگەڵ بەرزەفڕییەکی بێ قەرار، ڕێوڕەسمەکانی سیاسیی تێکشکاو و کۆمەڵگاکانی لەمان شیاو وەک خێزان و ئایین خۆی ڕێکخست. ناسیۆنالیسم لەبەر ئەوەیکە بۆ شتێکی تەواو وکەماڵ هەوڵدەدات و ئەم شتەش لە جیهانی ئیمڕۆدا مسۆگەر نابێ(واتا وەدوای کڵاوی خوار کەوتنە)، پتر لە شەڕە منداڵۆکە دەچێت، جگە لە پەرەپێدانی ترس وزوڵم و شەڕ بەتایبەتی لەو شوێنانەی تێکەڵاوی ئیتنیکی تێدا زۆرە، بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئورووپای ڕۆژهەڵات، چی تری لە دەست نایە.

بە ڕای کێدووری مرۆڤ پێویستی بە ئەوەوە هەیە کە سەر بە کۆمەڵگایەکی سەقامگرتوو و هێمن بێ و سەرکەوتوویی ناسیۆنالیسم بەستراوەتەوە بە توانایی ئەم بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە، لە جیاتی باوەڕەکانی کۆن کە ئیتر لاواز بوونە(هەرچەند ئەوە تەنیا ئاوات وخەیاڵە). ئیمپریالیسمی ئورووپایی بە تێکدانی کۆمەڵگاکانی کۆن لە ئاسیا ونافریقا خوێندەواری و بۆرژکراسی کۆڵۆنیالی دێنێتە ئەم وڵاتانە. ئەم خوێندەواری وبۆرژکراسییە دەکەوێتە دژایەتی و بەکەم گرتنی ڕووناکبیرانی ئەم وڵاتانە. ڕووناکبیرانی ئاسیایی و ئافریقایی بە دوای ناڕەحتی و دڵنیشاوی هەوڵدەدەن بیروڕای ئورووپایی لە مەڕ نەتەوە بەسەر واقیعی ئیتنیکی وڵاتانی خۆیاندا بەڕێوەبەرن و بۆ دەست تێوەردان و وەخۆخستنی جەماوەری نەخوێندەوار لە «خودا ڕەشەکانی»باوەڕگەلی ئەژدادی خۆیان داوای یارمەتی دەکەن. بەلام ڕیشەکانی سەرنج ڕاکێشی ناسیۆنالیسم تەنیا لە بێ حورمەتی و ڕووخێنەریی ئیمپریالیسم دا نییە، بەڵکوو هەروەها ئەم شتە دەگەڕێتەوە سەر کاراکتەری سەیروسەمەرەی مەسیحایی ناسیۆنالیسم کە بەڵێنیدەری ڕزگاری سیاسی یە. کێدووری(١٩٧١) ئەم بڕوایە دەباتەوە سەر ئەو باوەڕانەی کە بەحوکمڕانیی هەزار ساڵەی عیسا مەسیح لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوون(یواکیم لە فیۆر، ئایینی درۆشەکانی فرانسیسکان، ئاناباپتیستەکانی مونستێر و کتێبی وەحییەکان) کە ڕایدەگەیاند هاتنی پادشایەتی مەسیح و یارە پاکەکانی بۆ حوکمڕانیی «ئەرز و ئاسمانێکی نوێ»بۆ ماوەی هەزار ساڵ، نزیکە. ناسیۆنالیسم دەبێ وەک میراتی سێکۆڵاری باوەڕ بە حوکمڕانیی هەزار ساڵەی مەسیح لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چاوی لێبکردرێت. مەبەستی ئەم ناسیۆنالیسمە ڕووخاندنی دیوارەکانی نێوان حەوزەی تاقەکەسی و گشتی بوو و دەیەویست بە ڕووخاندن وتێکدانی یاسا کۆنەکان هەڵبژاردەیەکی نوێ لەسەر ئەرز وەدیبێنێت.

هەموو لێکۆڵەرەوەکان لەگەڵ ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنەی ناسیۆنالیسم دا نین، لەکاتێکدا زۆریان پێیان وایە ئەمە باوەڕێکی لێکبڵاوە و کارتێکردنێکی ژەهراوی لە سەر کاروباری دنیادا هەیە. کەسانێکی کەم پێیان وایە کە ئەم باوەڕە کاراکتەرێکی لە چەشنی میلێنیالیسم (باوەڕ بە حوکمڕانیی هەزار ساڵەی مەسیح)هەبێت. ناسیۆنالیسم سەرەڕای هەموو شتێک ئایدیۆلۆژییەکی ڕزگاریکەر، ئینسان خواز و گەشبینە. ئەمە لە کاتێکدایە کە میلێنیالیسم لە بنەڕەتەوە ڕەشبینە ەحاشا لە دنیا دەکات. میلێنیالیسم بە زۆربە سەرنجی هەژارترین، نەزانترین و قەراخنشینترین بەشەکانی کۆمەڵ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. بەلام ناسیۆنالیسم دەیەوێت سەرنجی توێژەکانی زۆرتر بارهاتووی شار، ڕووناکبیران، بۆرۆکراتەکان، بورژوازی، ئەفسەرەکان، توێژەکانی خوارووی پیوانی ئایینی، ئەشراف و جارجار کرێکارانی لێزان بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. هەروەها لەباری مێژوویەوە پێوەندیێکی ڕەچە وبنەچەکەیی لە نێوان ناسیۆنالیسم و میلێنیالیسمدا نییە، ئێمە بزووتنەوەی میلێنیالیستی وا دەبینین کە گەرای هیچ ناسیۆنالیسمێکیان دانەناوە و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی وەهاش دەبینین کە نە لە میلێنیالیسم لە دایک بوون و نە، بەر لەوان سەرهەڵدانێکی میلێنیالیسمی دەگوڕێدابووە، بۆنموونە لە فینلاند، ئەرمەنستان و میسر(سمیت، ١٩٧٩؛ بەشی دووهەم).

درێژەی هەیە

ڕێبازی فکری و شێوازی شێعری خانی

لە مەم وزین دا

هێرش

٢) ڕێباز و شێواز

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو باسە لە ئەساسدا درێژەی هەمان باسی پێشوویە(ژمارە ٩)، بەڵام بۆ ئەوەی سەبارەت بە شێوازی شێعریی خانی بە تایبەت و شێعری بادینان (بۆتان) بە گشتی، ئاکامێکی شیاو وگونجاو بدرێتە دەست، بە پێویست زاندرا، چەند سەرنجێک سەبارەت بە ڕێبازەکانی شێعری کلاسیکی کوردی و هەروەها کورتەیێک لەسەر ئەو بەستێن و بارودۆخەی کە ڕێ خۆشکەر و بەدیهێنەری ڕێبازی شێعری بادینان بوون کە شاعیرانی پێش و پاش خانی دەگرێتەوە، پێشکێش بکرێ.

هەر وەک لە پێشدا باسکرا مێژووی کوردان بە تایبەت مێژووی ڕەوت و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شێعر و ئەدەبی کوردی تابڵێی تاریک وناڕوونە. ئەو ڕەوتە ئەگەر لە شوێنێک بەگوێرەی چەند هۆیێک سەری هەڵدابێ و هێندێک قۆناخی بڕیبێ، لە شوێنێکی دیکەدا، یان بە شێوەیێکی زۆر لاواز سەری هەڵداوە و یان بە جارێک کوێر بۆتەوە. دیارە هەر ئەتەوەیەک کە لە شوێنێکی جوغرافیاییدا ژیابێ و بۆ مانەوەی خۆی هەوڵی دابێ و بەرگری لە خۆی کردبێ، مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە و هەر بەو پێیەش سەبارەت با کار و ئاکار و ڕەفتار و بیر و بۆچوونی ژیانی ڕۆژانەی خۆی، فەرهەنگ وکولتوور و وێژەی تایبەت بە خۆی هەیە. کورد یەکێک لەو نەتەوە دێرینانەیە کە هەر زۆر لە کۆنەوە، باری هەڵکەوتوویی شوێنە جوغرافیاییەکەی وای بۆ ڕێکخستووە کە بکەوێتە نێو گۆڕەپان وجەغزی کێبەرکێ و بگرە وبەرەی سیاسی و فەرهەنگیی گەلانی دەستدرێژکەری لاوەکی. زۆرجار تا سنووری مەرگ و نەمانیش ڕۆیشتووە و پاشان هەر لە سایەی ئەو شوێنە جوغرافیاییەی توانیویەتی سەر هەڵێنێتەوە و بوون و هەوێتی خۆی ڕاگەیێنێتەوە. جا لە بەر ئەو هۆیە ، کورد پێش ئەوەی لە بواری ئەدەب و وێژەدا هەوڵی دابێ، زیاتر هەوڵی مانەوەی فیزیکی خۆی داوە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە پیاو دەتوانێ پشتیان پێ ببەستێ، وێژە و ئەدەبی کوردی، وەک زۆربەی گەلانی دیکە، لە بواری شێعردا سەری هەڵداوە، جا چ بە شێوەی ئەدەبی وێژراو ـ زارەکی (بەیت و فۆلکلۆر) بێ یان بە شێوەی ئەدەبی نووسراو(کلاسیک). هەڵبەت ئەگەر لە دوویینەکانی باباتاهیری عوریان، یەکەمین شاعیری عارف مەسلەکی بنەچەک کورد ـ لوڕ(سەدەی پێنجەمی کۆچی) چاو بپۆشین و وەک یادگارێکی کۆن لە نێو ئارشیوی مێژووی دابنێین، شێعری کلاسیکی کوردی وەک ئەدەبی نووسراو، کە بە بەڵگە ساغ کراوەتەوە، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی(سەدەی ١٤ی زایینی) بە زاراوەی گۆرانی و بە ناوەڕۆکی سروشتی ـ ئایینی، لە نێو جەرگەی قەڵەمڕەوی ئەمارەتی ئەردەڵاندا سەری هەڵداوە و بەرەبەرە نەشونومای کردووە.

شێعری کلاسیکی کوردی بە گوێرەی باری هەڵکەوتوویی ناوچە و هەرێمەکانی کوردستان و لە ژێر تەنسیر و کارتێکەری ئەمارەتە کوردییەکان و هەروەها بنکە کۆمەڵایەتی ـ مەزهەبییەکان، دەتوانرێ بە سەر سێ ڕێبازی جیاوزدا دابەش بکرێ: **ڕێبازی گۆرانی، ڕێبازی سۆرانی و ڕێبازی بادینانی.**

١) **ڕێبازی گۆرانی:** ئەو ڕێبازە لە مەلا پەرێشانی دینەوەری(٧٥٧ - ٨٢٥ کۆچی/ ١٣٥٥-١٤٢٣ز)ڕا دەست پێدەکا و بە مەولەوی تاوەگۆزی(١٨٠٦-١٨٨٢ز) شاعیری چڵەپۆپەی ئەو ڕێبازە، بەو پەڕی بەرزیی خۆی دەگا کە لە دوای ئەو، وردەوردە بەرەو کزی هەنگاو دەنێ. ڕێبازی گۆرانی تەواوی ئەو ناوچە و مەڵبەندانە دەگرێتەوە کە لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەمارەتی ئەردەڵاندا بووە، ئەوە جگە لەو بنکە و شوێنانەی کوردستان کە خەڵکەکەی لەسەر ئایینی ئەهلی حەق(کاکەیی، عەلیوللاهی)، نیعمەتوللاهی... بوون . دیارە زاراوەی گۆرانی زمانی ڕەسمی و ئیداری بارەگای ئەردەڵانەکان بووە، دەنا زۆر جار بارستایی زمانی شێعریی شاعیرانی سەر بەم ڕێبازە بۆ لای زاراوەکانی دیکەش وەک: هەورامی(بەتایبەتی)/ زازایی، کەڵهوڕی ، کرماشانی... دادەشکێتەوە و تەنانەت دوای لەناوچوونی ئەمارەتی ئەردەڵان، بەشێکی زۆر لە شاعیرانی ئەو ڕێبازە، لەگەڵ ئەوەیکە بە زاراوەی خۆمالیی خۆیان شێعر دەڵێن، دێنە سەر ڕێبازی سۆرانی. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شاعیرانی سەر بەو ڕێبازە، دەکارهێنانی کێشی ڕەسەنی خۆمالی(پەنجەیی)واتە کێشی دە کەرتی یە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئێستە گۆڕانکارییێکی فۆرمیی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.

٢) **ڕێبازی سۆرانی:** ئەو ڕێبازە وێڕای پێکهاتن و پەرەگرتنی هێز و دەسەڵاتی ئەمارەتەکانی موکری و بەتایبەت بابان و دواتر سۆران، بەرەبەرە لەپاڵ دیالێکتی شێعریی ئەوسەردەمە واتە گۆرانی، سەرهەڵدەدا و لە زەمانی بابانەکاندا لە سەر دەستی عەلی بەردەشانی و نالی جێدەکەوێ و بەهۆی پێڕەوانی نالی و شاعیرانی موکریان دەرێژردەدرێ. زاراوە سەرەکییەکانی ئەو ڕێبازە بریتین لە سلێمانی، موکریانی، سنەیی و گەرمیانی... کە لە پرۆسەیێکی دیاریکراودا بە هۆی دەستپێشخەری وکارتێکەری نالی، پێغەمبەری غەزەلی کوردی، زاراوەی سۆرانی وەک یەکێک لە زمان(ستاندارد)ە ئەدەبییەکانی کوردی ڕێی خۆی دەکاتەوە و سەقامگیر دەبێ. تایبەتمەندییەکانی شێعریی ئەو ڕێبازە، جگە لە جۆراوجۆریی بابەت وناوەڕۆک، دەکارهێنانی

←



کێشی(عەروزی) و گونجاندنی «بەحر»ەکانی شێعرییە دەگەڵ زمانی کوردی(کە لە دەرفەتی تر وشوێنی دیکە بە وردی باسی لە سەر دەکرێ).

٣) **رێبازی بادینانی:** شوێنێ سەرهەڵدانی شێعر و ئەدەب لەو بەشەی کوردستان کە لەم نووسراوەیەدا بە رێبازی بادینانی نێودێردەکرێ، تەواوی ئەو ناوچە و مەڵبەندانە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەلاتی ئەمارەتەکانی **هەکاری، ئامێدی(بادینان)، بۆتان، بدلیس** و هەروەها قەلادار و میرنشینە کوردییەکانی دیکەدا بوون. دیالێکتە سەرەکییەکانی ئەو رێبازە بریتین لە: بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی[1]، کە لە شێعری شاعیرانی وەک: **سەلیمی سلێمان، عەلی حەریری، مەلای جزیری، فەقێ تەیران، مەلای باتێ، ئەحمەدی خانی** و هەروەها شاعیرانی دواتر: مرادخانی بایەزیدی، شاپەرتەوی هەکاری و شێخ نورەدینی بریفکانی... رەنگیان داوەتەوە و تێکەڵاوییەک لەو زاراوانە لە ژێر عینوانی(کرمانجیی سەروو)[بادینانی] بووە بە یەکێکی تر لە زمان(ستاندارد)ە ئەدەبییەکانی کوردی.

نازانم تا چ رادەیێک بوێرم ئەو بیر و بۆچوونەی خۆم سەبارەت بە زاراوەی «بادینان» کە ئەو مەڵبەندە پان و بەرینەی کوردستانم لە رەوتی شێعر و شاعیریدا پێ نێودێرکردووە، دەربڕم و بە دەمدا نەیەنەوە و بڵێن: (تا دۆزینێ چابوو «سەروو»و«خواروو» و باکوور و باشوور بوو.. ئەوجار هەر ئەوەمان مابوو کە کوردستان بکەیەنە «سۆران» و «بادینان»..). بەهەرحاڵ هەرچۆنییێک بێ، بێرێکە و لێرەدا وەک پێشنیار رایدەگەیێنم.

وشەی «بهدین[2] = بێهدین(بادینی یان بادینان = دینی باش یان دینی چاک) کە بۆ پێرەوانی زەردەشت بەکار هاتووە و ریشەکەی لە« بەh(beh) = بێهە»ی پەهلەوی و«وەh(veh)[3] = وێهە »ی ئاڤێستایی وەرگیراوە، بیرخەرەوەی دەورانێکی زۆر کۆنی مێژوویی یە. بێ لەوەش ئەگەر بێنین وشەی «بوختی ـ بۆتی»[4] و هەروەها وشەی «بوهتان»: (هندەک ژ فەسانەیێ د بوهتان/هندەک د بەهانە، هن د بوهتان)، لەگەڵ وشەی « بخت = بوخت[5] (Boxt، بە مانای رزگاربوو)ی پەهلەوی بەراوردبکەین؛ لەوانەیە هەم لە باری فۆنۆلۆژی(دەنگشناسی) و هەم لە باری مۆرفۆلۆژی(گۆڕانکاریی زمانی)یەوە، ئەو هیوایەمان تێدا بە هێزبکا کە لە نێوان وشەگەلی بێهدین/ بادینان و بوخت/بوهت(بوهتان/ بۆتان) دا جۆرە وێچوویی و هاوسانییێکی ریشەیی ومێژوویی بەدی بکرێ.

سەرەڕای ئەوانەی دەستنیشان کران، سەرنجێکی دیکە کە بتوانێ هێڵی ئەو بیر و بۆچوونە پڕ رەنگتر بکا، بوونی هۆزی«داسنی»یە کە لەسەر ئایینی یەزیدی(ئیزەدی)ین و خاوەنی دوو کتێبی پیرۆز بە ناوی: «جیلەوە» و«مەسحەفی رەش»ن کە هەردووکیان بە شێوەی کرمانجیی سەرووی زمانی کوردی[بادینانی]نووسراونەتەوە[6]. دیارە «داسنی»، هەم وەک وشەییێکی ئاڤێستایی و

هەم وەک کۆنترین هۆزی ناوچە، دەتوانێ سەبارەت بە زاراوەی بادینان، بەڵگەیێکی عەقڵ پەسند بێ کە لەوبارەوە مامۆستا **مەسعود محەمەد** بە دروستی بۆی چووە و نووسیوەیە:

«کتێبی زەردەشت، ئاڤێستا، سەقافەتی هەموو گەلە ئێرانیەکانی لە سەقافەتی گەلانی دیکە، گردەبێ، جودا کردەوە: پێڕەوانی زەردەشت بە (مەزدەیەسنا ـ خواپەرست)ناسران. غەیری ئەوان بە (دێویەسنا ـ دێوپەرست)ناوبران(ل ٢٣٥، مزدیسنا وادب پارسی، جلد اول، د. محمد معین).

لە نموونەی ڕووبەڕوو بوونی **مەزدەیەسنا** ودێویەسنا کەوا بە درێژایی مێژووی کورد لە زەمانی زەردەشتەوە تا ئیمڕۆ شێوەی زیندووی هەبوە، برا ئیزەدییەکانن کە لەلایەن غەیرەوە پێیان گوتراوە (داسنی ـ دێو یەسنە ـ دێوپەرست). هەر چونکە پێڕەوانی زەردەشت بە (بیەدینان ـ خاوەنانی دینی چاک)دەناسران تاکوو ئێستاش بە جیرانەتی (دێویەسنە) لە باکوری زێی گەورەدا ناوی(بادینان) بۆ ئەو هەرێمە ماوەتەوە. بەشەکانی دیکەی کوردستان، چونکە نەشیا لە خۆڕایی و بێ پێداویست لە تەک ئیسلامدا دینی زەردەشت بە (بیەدین) هەڵ بدرێتەوە تێیاندا، ئەو ناوەیان لێ شۆڕایەوە».٧

بەپێچەوانەی بۆچوونی میر شەرەفخانی بدلیسی کە گۆیا بادینان لە «بهاءالدین»٨ ناوێکەوە هاتووە، هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی تەواوی ئەو سەرنج و تێبینییانە؛ دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە دەکارهێنانی زاراوەی بادینان، چ بۆ ڕەوت و ڕێبازی ئەدەبی و شێعری و چ بۆ دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی ئەو مەڵبەندە پان وبەرینەی جوغرافیایی کە بە شێوەیێکی عادەتی لە ژێر ناوی(کرمانجی سەروو) باوبووە، کارێکی نابەجێ نابێ.٩

هەروەک ئاشکرایە، دوای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان، زمانی کوردی بە هەموو دیالێکتە جۆربەجۆرەکانییەوە، لە پاڵ زمانی عەرەبی وەک زمانی دینی بۆ بە جێهێنانی ئەرکی ئیسلامی و کاروباری شەرعی، درێژەی بە ژیانی خۆی دا و دواتریش سەرەڕای ئەو هەموو نەگبەتی و نەهاتییەی کە تووشی هات، نەتەنیا لەناونەچوو، بەڵکوو توانی ببێتە زمانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ.

ئەوەیکە حاشای لێناکرێ ئەوەیە کە گەشەکردنی زمان و بەتایبەت زمانی ئەدەبی، پێوەندیێکی ڕاستەوخۆی بە دەوڵەت ودەسەڵات یان بنکەی سیاسی ـ ئیدارییەوە هەیە کە کوردستان لە ژێر تەنسیری زۆر هۆگەلی دینی، سیاسی و سەربازی، هەڵکەوتی جوغرافیایی(ستراتێژی)و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ناوخۆیی ئەو هەلەی بۆ نەڕخساوە. ڕەنگە ئەوە خۆی بەکێک لە دیاردە سەیروسەمەرەکانی مێژوو بێ کە کورد هەرچەند وەک نەتەوەیەک خاوەنی یەکێتی خاک(جوغرافیا)، یەکێتی ئیتنیک، یەکێتی زمان و فەرهەنگ وکولتووی خۆیەتی بەڵام هێشتا بۆی نەلواوە لەژێر دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە نائیتنیک و لاوەکییانەی حوکمیان بەسەردا کردووە ڕزگار بێ.

بێگومان بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری تاڕادەیێکی بەرچاو کاردەکاتە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕێباز وشێوازی ئەدەبی. دیارە دەوەدا شک نییە کە دامەزرانی میرنشینە کوردییەکان لە سەرەتای سەدە ناوەندییەکان، بەستێنێکی لەبار و قۆناخێکی پرشنگدار بووە بۆ سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ڕەوت و ڕێبازی ئەدەبی. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە ئەگەر بۆشایێک سەبارەت بە نەبوونی بنکەیێکی سیاسی ـ ئیداری لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، هەست پێکرابێ، ئەو بۆشاییە بە شێوەیێکی سروشتی و ئاسایی، بە هۆی بنکە کۆمەڵایەتی ـ ئایینییەکان وەک مزگەوت وخانەقا وتەکیە و جەمخانە و... پڕکراوەتەوە. ئەگەر میرنشینەکوردییەکان بە پێی پێداویست پەرەپێدەری ئەدەبی نووسراو وڕەسمی بوون، ئەو بنکە و شوێنانە لەلایێک کانگای ئەدەبی ڕیوایەتی ـ حیکایەتی بوون و لەلایێکی دیکەوە، مەکۆی ئەدەبی بیسراو و وێژراو.

دیارە لەو بەشەی کوردستانیش واتە بادینان، کۆرپەی ئەدەبی نووسراو(میللی ـ کلاسیک) لەنێو داوێنی ئەدەبی وێژراو(زارەکی ـ فۆلکلۆریک)دا، هەر بە شێعر فرچکی گرتووە و لە دارە دارە تێپەڕیوە و پاشان لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە.

تا ئەو جێیەی عەقڵی لێکۆڵینەوە و قەڵەمی نووسینەوەی مێژوویی بڕی کردبێ و وردە زانیارییێکی دابێتەدەست، سەرەتای ئەدەبی بادینان وەک ئەدەبی نووسراو، لە کۆتایی سەدەی ١٦ و سەرەتای سەدەی ١٧وە، لە نێو جەرگەی ئەمارەتەکانی هەکاری، بۆتان(جزیرە)، بدلیس و بادینان، دەست پێدەکا. یەکەم شاعیرێک کە لە سەر بەستێنی ئەدەبی ڕیوایەتی ـ حیکایەتی، ناوی تۆمار کرابێ «سەلیمی سلێمان»ە کە پۆئێمی (یۆسف و زولەیخا)ی لە سالی٩٩٥ی کۆچی(٨٧ ـ ١٥٨٦) بە شێعر هۆنیوەتەوە.١٠

لەنێوان لێکۆڵەرەوانی مێژووی ئەدەبی کوردی، سەبارەت بە چۆنیەتی و مەودای ژیانی بەشێک لە شاعیرانی سەرەتای ئەو ڕێبازە، گەلێک جیاوازیی بەرچاو دەبیندرێ و تا ئێستاش بارودۆخی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی ژیانی تایبەتی و شێوەی چالاکیی ئەدەبی و شێعریی هێندیکیان ڕوون نەبووەتەوە ؛ لە بەر ئەوە ئەستەمە بتوانرێ بە ڕاشکاوی بیر و بۆچوونێکی یەکلاکەرەوە، بێتە ئاراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بڵێین کە تا زمانی نووسینی کتێبی «شەرەفنامە»(سالی ١٠٠٥ کۆچی = ١٥٩٦)، هیچیەک لەو شاعیرانەی کە لە سەرەوە، تا زەمانی خانی ناویان هاتووە، یان هێشتا لەدایک نەبووبوون یان تەمەنیان نەگەیشتبووە ڕادەی چالاکیی ئەدەبی و دانانی بەرهەم بە زمانی کوردی. ئەگەرچی لە «شەرەفنامە»دا، جێگەیێکی ئەوتۆ بۆ ژیانی نووسەر و شاعیران تەرخان نەکراوە، بەڵام بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین ئەگەر ژیانی شاعیرێکی گەورەی وەک مەلای جزیری، بەر لە ژیانی میرشەرەفخان بووایە، یان لانیکەم ماوەی ژیانی چالاکیی ئەدەبی مەلای جزیری لەگەڵ زەمانی نووسینی کتێکەی ئەودا هاوکات بووایە، بێگومان نێوی ئەویش لە ڕیزی زانا ومەولانا و نووسەران وەک: مەولانا حوسام الدین (ل٦٤٥)، مەولانا ئیدریسی بدلیسی(ل ٦٤٥)، «شوکری»شاعیر(ل ٦٥٨) و دەروێش مەحمودی کەڵەچێری(ل٦٧٧)تۆمار دەکرا. دیارە ئەوانە زۆربەیان بە عەرەبی و فارسی و تورکی نووسیویانە و شەرەفخان خۆشی کتێبەکەی بە فارسی نووسیوە. کەواوبو، دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە تا سەردەمی نووسینی «شەرەفنامە»، هیچ تێکستێک یان دەقێک نەدۆزراوەتەوە کە دەرخەری ئەدەبی نووسراوی کوردی لەو بەشەی کوردستان بێ.

ئەوەیکە ئاشکرایە، شێعر و ئەدەبی هیچ ئەتەوەیێک، نە لەپڕ و یەکدا بەدوو بەدیدێ و نە بە بێ کارتێکەری وتەنسیری چەند لایانەی

نەتەوەکانی دیکە پەرەدەگرێ. ئەوەی ڕاستی بێ، کوردیش لەو بارەدا ئاوارتە ناکرێ و بە پێی پێداویست لەگەڵ تەواوی ئەو خەڵک و نەتەوانەی کە لەگەڵیان دراوسێ بووە و سنووریان لێک گەڕاوەتەوە، تێکەڵاویی فەرهەنگی هەبووە. هەم تەنسیری داناوە و هەم تەنسیری وەرگرتووە. نە ئەوەندە بەرچاوتەنگ وچاوچنۆک بووە کە چیان پێنەبخشێ و نە ئەوەندەش کەللە ڕەق و قۆڕدەماخ بووە کە هیچیان لێ نەخوازێتەوە.

ئەمارەتە کوردییەکانی ئەو مەڵبەندەی کوردستان، زۆربان، پێش هێرش و هاتنی مەغولەکان لە سەدەی ١٣ی زایینییەوە (بەشێکیان هەر زۆر لە کۆنترەوە)خاوەنی دەسەڵات و بنکەی سیاسی نێوخۆیی(جاری وایە فەرمانبەر وسەرسپاردە و جاری واشە سەربەخۆ) بوون. شەڕوکێشە و بگرە وبەرەی سیاسی و سەربازی لە نێوان کوردەکان و حکوومەتە هێرشکەرە لاوەکییەکان تا سەرەتای سەدەی ١٦، هەروا بەردەوام بووە. لەوماوەیەدا، کوردستان زۆر جار لە نێوان مەغولەکان(ئێلخانییەکان ـ ئەتابەگەکان)، تاتارەکان(تەیموری شەل) و تورکمانەکان(قەرەقۆینلوو، ئاق قۆینلوو) دەست بەدەست کراوە. دوای لەناوچوونی ئاق قۆینلووەکان و هاتنە سەرکاری سەفەوییەکان، ئەمارەتە کوردییەکانی ئەو هەرێمە، توانیان چ بە شێوەی شەڕ ولە خۆ دیفاع کردن، چ بە شێوەی هێمنی و خۆ لە شەڕ بواردن، وەک پارسەنگێکی سیاسی لە نێوان دووهێزی دژ بەیەکی سەفەوی وعوسمانی، تا ماوەیێک سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن.

دیارە سەرجەمی ئەو شەڕ و پێکدادان و خاک داگیرکردنە لە لایێک و هەروەها لە خۆ دیفاع کردنی کوردان لە لایێکی دیکەوە، سەرباری زۆر دیاردەی مێژوویی پێشووتریش(وەک: هاتنی مەقدونییەکان، سلوکییەکان، ڕۆمییەکان، عەرەبەکان و بەتایبەت شەڕەکانی سەلیبی، سەلجوقییەکان وشکستی بیزانسییەکان بەدەست تورکانی عوسمانی)؛ هەمووی بوونە کۆمەڵە هۆیێک کە کوردستان نەتوانێ، نە پرۆسەی یەکگرتوویی نەتەوەیی(لەباری سیاسییەوە) بە شێوەیێکی سروشتی تێپەڕبکات و نە ڕەوتی یەکگرتوویی زمان و ئەدەبی نووسراو. بەتایبەت کاتێک لە نێوان سەفەوییەکان وعوسمانییەکان لە ژێر ئەنسیری گۆڕانکاریی و بارودۆخی جیهانی(دەوڵەتەکانی ئورووپایی وپەرەگرتنی سەرمایەداری)، هێندێک کێشەی سنووری یەکلا کرانەوە و ئەو دوو دەوڵەتەش بەرەو سانترالیزم و نیزامێکی ئامال سەرمایەداری ڕێیان گرتەبەر؛ ئەو ئەمارەتە کوردیانەش کە تا ئەو سەردەمە(سەدەی ١٨ز) هەبوون، لەناو بران کە ئەوە خۆی بوو بە کوێربوونەوەی ئەوە ڕەوتە ئەدەبییەی کە پێشووتر لەو مەڵبەندەی کوردستان دەست پێکرابوو.

یەکێکی دیکە لە کارە سەیر و سەمەرەکانی مێژوو کە دیسانیش هەر بە زیانی کورد داشکاوەتەوە، ئەوەیە کە ئەگەر ناتەبایی سیاسی و دژایەتی خاک داگیرکردن لە نێوان ئیمپراتوری عوسمانی و وڵاتە ئورووپاییەکان نەبووبایە، نە بنەماڵەی کۆنە سۆفیی بەڕەگەز تورکی سەفەوی کە تازە ناگری **قەلیانی قزڵباشیی شیعەگەریان**، لە ناست **سەبیلەی سوننیگەریی** خوندکارانی عوسمانی دەگەشاندەوە، دەیانتوانی ببنە خاوەنی ئەو دامودەزگایە کە خوێن بێ و سەران بەرێ ؛ نە ئەوەش کەکورد لە هەر بارێکەوە **«مەحکوومی عەلییە و صەعالیک بێ و مەغلوب وموتیعی تورک و تاجیک!!»**.

درێژەی هەیە

پەراوێز و سەرچاوەکان

١) *فەرهەنگی خاڵ*، شێخ محمدی خاڵ، جزمی یەکەم، ل ٢٦.

٢) *فەرهنگ فارسی عمید*، تالیف حسن عمید، ج١، ص ٤٦١.

٣) *فرهنگ فارسی*، دکتر محمد معین، ص٦٠٨.

٤) شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، هەژار کردویە بە کوردی، لاپەڕەی٢٧٣.

٥) *فرهنگ فارسی*، دکتر محمد معین، ص ٤٧٦.

٦) *«لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە...»*، دکتۆر مارف خەزنەدار، لاپەڕەی ١١٥.

٧) *زاراوە سازی پێوانە*، مسعود محمد، ل ٣٦٩.

٨) شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی، هەژار کردویە بە کوردی، لاپەڕەی ٢٥٧.

٩) د. نافع ئاکرەیی، لەوبارەوە دەڵێ: بەهدینان یا بادینان مەبەستم کوردی کوردستانی تورکیا و سوریا و بەشێک لە کوردستانی ایران[ئێران]و عیراقی خۆمانە لە بەر ئەوەی بەم شێوە تایبەتی یە د ئاخڤن... هیندەک پێ یان خوشە بە ناوی کورمانجی ژورو ناو بنێن و هەرێمەکەش بە ناو کورمانجی ژورو لە قەڵەم بدرێت.. لێرەدا نازانم ڕێگا بە خۆم بدەم و بڵێم ئەو قسە ڕاست بێ.. چونکە لە ئەزمانی جیهان دا گوێم لێ نەبوە بڵێن ئینگلیزی ژورو، خوارو یان فرەنسی یا جەرمانی... »

«... ئەم هەرێمە چەند شێوە تایبەتی وبچوکی هەیە.. خەڵکەکە بەم شێوانە د ئاخڤن بەڵام بە چاکی تێک دەگەن ئەم شتە ژی پەیوەندی بە چەند هۆیەکەوە هەیە ئەو ژی ئەوانەن:

أ ـ هەر شێوەیەکی بچوک پەیوەندی بە جێگا و هەرێمەکی بچوکەوە هەیە وەک شێوەی بوتان و هەکاری و ژەنگاری و بەرواری و مەرگەوەری.. هتد..

ب ـ دیسان پەیوەندی بە تیرە وعەشیرەوە هەیە هەر وەک زێباری و هەرکی و شکاک و هتد..

ج ـ لەم هەرێمەدا چەند شێوەیەکی تایبەتی هەن پەیوەندیان لە گەڵ شێوەکانی تر لە هەرێمەکانی دی کوردستانەوە هەیە ئەو ژی وەک شێوەی زازا کە لەگەڵ شێوەی فەیلی و لوڕی وەک یەکە هەر وەها شێوەی شەبەک کە لەگەڵ شێوەی هەورامان یەکدەگرنەوە.

د ـ ئەمەوێ بڵێم کە لە سەر هەردوو لێوی ڕوباری زێ بادیناندا چەند تیرەیەک هەن بە شێوەیەکی تێکەڵاو لە بادینی وسۆرانی د ئاخڤن سورچی وگۆران و برادۆست بەم شێوە تێکەڵاوە قسەدەکەن « گۆران ئەو تیرانەن کە لە دەشتی ناوکور لە قەزای ئاکرێ دا دەژین».

لێرەدا ئەتوانم بڵێم کوردی هەرکی لە دەشتەبێل و شکاکی تل گەورە[تەرگەوەڕ] و کوردی بۆتان و وان و دیاربەکر و هەکاری و قامشلی و ئامێدی و ژەنگار و دوهوک[دهۆک] وئاکرێ بە چاکی تێک دەگەن و ئەگەر شیعری مەلای جزیری و خانی وجگەرخوێن و سەبری بوتانی و مونەیید تەیب و عەبد ولرەحمان موزوری بۆیان بخوێنیەوە.. هەمویان بە چاکی تێ دەگەن. (**کاروان**، تشرینی یەکەم، ١٩٨٢، «ئەدەبی کوردی لە بادینان دا...»، د. نافع ئاکرەیی).

١٠) د. ئەمیری حەسەنپوور. **گزینگ**، ژمارە ٩، پاییزی ١٩٩٥، لاپەڕەی ٦. ■

چەند«بەڵگەنامەی سۆڤیەت» لە سەر مەسەلەی کورد

وەرگێڕان لە ڕووسییەوە: ئەفراسیاب حەلیمی

سۆڤیەت و کوردەکان

هێندێک لە ڕێبەران و ڕێکخراوەی کوردی، سەبارەت بە خەباتیان بۆ سەربەخۆیی، گەلێک جار هەوڵیان داوە بە مەبەستی یارمەتی وەرگرتن و درێژەدانی خەباتیان، پێوەندی بە نوێنەرانی یەکیەتی سۆڤیەتەوە بکەن.

یەکەم هەوڵدانیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٢ کە کۆمیتەی ئەرزەڕۆمی پارتی «خۆیبوون» بڕیاری دا، لەوساڵەدا بە یارمەتی وپشتیوانی سۆڤیەت، سەربەخۆیی کوردستان وەدیبێنێ. لەم بارەوە سەرۆکی کۆمیتەی خۆیبوون(خالید بەگ)، مەرجەکانی کۆمیتەی کوردی لەمەڕ کوردستانێکی ئازاد بە نوێنەرانی ئێمە ڕاگەیاند. بە داوخوازییێکی لەم چەشنەش، لەمەڕ یارمەتیدان بە جووڵانەوەی کورد و پشتیوانی کردن لەلایەن سۆڤیەتەوە، ئاغای یوسف ضیاء لەلایەن کۆمیتەی کونستانتینۆپۆل، ڕووی کردووەتە باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە ئانکارا. لە وەڵامی داوخوازیی نوێنەری ئێمە لەوبارەوە، لێژنەی کۆمیساریای گەلی وەزارەتی دەرەوە لە ڕێکەوتی ١٩٢٣/٣/٢٨ ڕایگەیاند:

«نە لە کوردە جیاوازیخواز(سیپاراتیست)ەکان دژی تورکەکان پشتیوانی بکرێ و نە لە ئیمپریالیزمی تورک لە ئاست کوردەکان، بەڵکوو لە خەباتی دژی ئینگلیسیی کوردان هاودەردی نیشان بدرێ».

سەرەڕای ئەوەیکە مولاقاتەکانیان لە گەڵ ئێمە سەرکەوتووانە نەبوون، کۆمیتەی ناوەندی کوردستان، سیاسەتی لایەنگیریی یەکیەتی سۆڤیەتی درێژەپێدا و بەهۆی نوێنەری خۆی کەمال فەوزی بەگ، ڕەمز و نامەی بۆ کۆنسولی ئێمە لە تەورێز هاوڕێ دوبسۆن نارد. هەروەها کەمال فەوزی بەگ داوای کرد سەرەڕای بۆچوونی دەوڵەتی سۆڤیەت لە بەرابنەر کێشەی کورد، **لەگەڵ سمایلاغای سمکۆ کە لە باکووری ئێران بزووتنەوەی کوردەکان ڕێبەری دەکا، پێوەندی بگیرێت و بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵێک بڕەخسێنێ کە چالاکییەکانی سمایلاغا بەرەو داوخوازییەکانی کۆمیتەی ناوەندی تێپەڕبکرێن.** سەرەڕای ئەوەیکە ئێمە لە گفتوگۆکردن لە گەڵ کوردان خۆمان بوارد، کۆمیتەی کوردی ڕایگەیاند کە کۆمیتە و خەڵکی کورد لایەنگیری هەمیشەیی خۆیان لەمەڕ سۆڤیەت درێژە پێدەدەن.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٣ کونسولی ئێمە نامەییێکی لەلایەن **شێخ مەحموودەوە** بۆهات کە تێیدا داوای یارمەتی و پشتیوانی ئێمەی کردبوو. ڕووداوەکانی دوایی کوردستانی تورکیا: لەناوچوونی ڕێکخراوەکانی کوردی ودوورخستنەوەی ڕێبەرانی کورد، ئیمکانی پێوەندیی ڕێبەرانی کوردانیان لەگەڵ ئێمە بنەبڕکرد. بێ لەوەش هێندێک دڵساردبوونەوەش لەلایەن کوردانەوە لە ئاست ئێمە ڕوویاندا: **ئێمە نەتەنیا پشتیوانیمان لە خەباتەکەیان نەکرد، بەڵکوو بزووتنەوەی ئەوانیشمان لە چاپەمەنییەکانی خۆماندا پڕ ڕەنگ نەکردەوە.**

لە ساڵی ١٩٢٦ کوردە ڕاپەڕیوەکان زۆرجاران ویستیان بەهۆی نامە و ناردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ تەورێز و ماکۆ، پێوەندیان پێوەبکەن. لە ساڵی ١٩٢٨، بەنهێنی نامەییێک بۆ کونسولی سۆڤیەت لە ماکۆ بەڕێ کراوە بەم ناوەڕۆکەی خوارەوە:

«لەلایەن (دەوڵەت)ی ئاڕاراتەوە نامەییێک بە ژمارەی ٢٤ و بە ئیمزای من ناردراوە، بەڵام وەڵامێک وەرنەگیرایەوە. سەرباری ئەوەش تەتەری ئێمە هەر لەوڕۆژەدا گیرا و تائێستاش لە گرتووخانەی ماکۆ ڕاگیراوە. تێخوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی ئەو ڕاستییەی سەلماند کە خەڵکی کورد بێ یارمەتی ڕوسییەی شورەوی ناتوانێ ڕزگاریی نەتەوەیی خۆی وەدەست بێنێ...»

لەبەر ئەوەی هەوڵی کوردەکان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێمە، لە دەرەوە بە ئەنجام نەگەیشت، کوردەکان بە نهێنی هاتنە ناو خاکی یەکیەتی جەماهیری شورەوی تاکوو لێرە لەگەڵ ئێمە گفتوگۆ بکەن. هاتنە ژوورەوەی سپای شورەوی بۆ ناو خاکی ئێران لە ساڵی ١٩٤١، ئەو هەڵەی ڕەخساند کە کوردەکان لەگەڵ کاربەدەستانی کونسولخانە و یەکانەکانی ئەرتەشی سوور پێوەندی بگرن.

****

لە ڕاپۆرتی جێنشینی سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتیی وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتی جەماهیری شورەوی، هاوڕێ سیچێف وەرگیراوە.

دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندی ح. ک. ش(بولشویک)، ژمارە ٣٠٠٨، ١٩٤٦/١٢/١٣

Рухидн ф. 17 оЛ. 128 ge 988 cT 233 a - 233 б

بۆ باڵوێزی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران هاوڕێ سیمیرنۆف

٣١ ئاوگوستی ١٩٤٢

ژمارە ١٤٢- م

لە فەرمانەکانی کۆمیساریای گەلیی کاروباری دەرەوە، کە لە ١٣ی مانگی مای ئەمساڵ بە تیلگراف بۆ باڵوێزخانە بەڕێکراون، بە نادروستی بیر و بۆچوونی نوێنەرانی کونسولخانە و نیزامییەکانمان لە ئازەربایجانی ئێران ئاماژە کراوە، پێشگرتنی هێزەکانی ئێرانی بۆ ورمێ هەر لەو هەڵوێستە ناڕاستانەی ئێوەڕا سەرچاوە دەگرێ.

ئێمە لە ١٣ی مانگی مای ئەمساڵ بەتایبەتی ئاماژەمان بۆ ئەم کارە کردووە، کە کونسولەکانمان ناوێ « لە بەرانبەر نیزامییەکان و بەرپرسانی ئێرانی بۆ ڕاگرتنی هێمنایەتی، مەرجێکی تایبەتی دابنێن لە بەر ئەوەیکە یەکەم: بەهۆی ئەمکارە، ئەوان فەرمانەکانی ئێمە لەوبارەوە دەگۆڕن، دووهەم: سنووردانان و مەرجگەلی ئەوتۆ لە لایەن ئێمەوە، سەبارەت بە ڕاگرتنی ئەمن وئاسایشت بۆ ئێرانییەکان، لەلایەن ئەوانەوە بە پێشگیری لەقەڵەم دەدرێ و هەموو بەرپەرسایەتییەکان لەمەڕ وەدوواخستن و لەناوبردنی ئاژارامییەکان دەخەنە سەرئەستۆی ئێمە کە بۆ بەرژەوەندی یەکیەتی جەماهیری شورەوی زیانهێنەرە».

سەرەڕای ئەو وریاکردنەوەیە، کارگێڕانی کونسولگەری ونیزامی کە ڕووالەتی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەوڵەتن و بەپێی ئەو بڕیارانە ناوێ لەمپەرێک بۆ هاتنی هێزەکانی ئێرانی بۆ ناو ورمێ پێکبێنن. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی کرگاری نادروستی ئێوەوە، لە بەرانبەر پادگانی ئێران لە ورمێ، مەرجێکی ئەوتۆتان دانا کە بە گوێرەی ئەوانەوە، پادگان بۆ ڕاگرتنی ئەمن وئاسایشت لە ناوچەدا بەکردەوە نەیتوانی کارێک بکا. ئەو کارە لەوانەیە ئاوا لەقەڵەم بدرێ کە کاربەدەستانی ئێمە کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ناوەندن لە باری سیاسییەوە هەڵەکانیان ڕاست نەکردووەتەوە و لەوان ئاکامی پێویستیان وەرنەگرتووە.

ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە هەڵە کراوەکانی کاربەدەستەکانمان شی بکەنەوە و هەروەها کارەکانیان تێهەڵێننەوە. سەرباری ئەوەش لە نامەی باڵوێزخانە، ڕێکەوتی ٢٥ی مانگی مای بۆ کونسولەکان لەمەڕ ڕووداوەکانی ورمێ، ئەو هەڵانەی لەلایەن کاربەدەستانی ئێمە کراون، بەئاشکرا داپۆشراون. لەو نامەیەدا کە هێندێک ڕێنوێنی بۆ کونسولەکان لەبەرچاوگیراوە، گوتراوە: « بە پێی تێخوێندنەوەی ڕووداوەکانی ورمێ، دەبێ وەبیربخرێتەوە کە کارگێڕانی کونسولگەری ونیزامی چۆنیەتی ئەوانیان دەرک پێنەکردووە و ئێرانییەکان وای لێ حاڵی بوون کە ئێمە پشتیوانیمان لە کوردان کردووە و لەگەڵ ئەواندا خەریکی کەین وبەینین». ئاکارێکی ئاوا لە کاربەدەستانی ئێمە ناوەشێتەوە.

کار لەوەدا نییە کە کردەوەی کونسولەکانی شورەوی و کارگێڕەکانی نیزامی لەلایەن ئێرانییەکان بەهەڵە لەقەڵەم دراوە کە گوایە دەست بە سمێڵی کوردان دادێنین ، بەڵکوو لەوەدایە کە کاربەدەستەکانمان لە پێکهەڵپژانەکانی ورمێ دا، بەکردەوە لایەنی کوردە« زیزبووەکان»یان گرتووە ولە بەرانبەر کارگێڕانی ئێرانی بۆ ڕاگرتنی ئەمن وئاسایشت لە نێو کوردانداکە گوێڕایەڵیان نەکردووە، لەمپەریان پێکهێناوە. ئەو هەڵانە بەهەڵکەوت نین و لەوجێیەڕا سەرچاوەدەگرێ کە کاربەدەستەکانمان، ڕێبەرانی کوردیان بە لایەنگیری سۆڤیەتی بە حیساب هێناوە و ئەوانیان وەک وەفادارترین و بەمتمانەترین پاڵپشتی ئێمە لە ئازەربایجان قەبوڵ کردووە. بۆ دروستی قسەکەمان، ئیدعای ساویلکانەی کونسولی ئێمە لە ورمێ، هاوڕێ ماکسیمێف کە دەڵێ: «نزیکەی بەشی هەرە زۆریان(مەبەستی کوردەکانن) لایەنگری سۆڤیەتن»؛ وە هەڵوێستی بەرگری لە«لایەنگرانی سۆڤیەت»ی کوردە«چەوساوەکان»ی نواندووە. کاربەدەستەکانمان ئاڵوزی ناکۆکیی نەتەوایەتییان لە ئێران و بەتایبەت دوژمنایەتی لەمێژینەی کوردەکانی ئێران لەلایەک و ئێرانییەکان و ئازەرییەکانی ئێران لەلایەکی دیکەوە کە بەهۆی سیاسەتی چەوتی شای پێشوو بەدیهاتبوو، لەبەر چاو نەگرتووە. کوردەکان کە لە دژی ئاکاری گێرەشێوێنانەی کاربەدەستە خۆجێییەکانی ئێرانی ڕاپەڕیون، هەر ئەوانیش دەستیان کردووە بە تاڵانی خەڵکی بێ تاوانی ئێران. خەڵکی زراوچوو ڕژاونە نێو شار تا کارگێڕانی خۆماڵی ئێران پشتیوانیان لێ بکەن. بەڵام کاربەدەستانی خۆجێیی نەیانتوانیوە هیچ دیفاعێکیان لێ بکەن، چونکە لە ناست کوردە چەکدارەکان لاوازن. لەوکاتەدا مەسەلەی پێویست هاتنی هێزە چەکدارەکانی ئێرانی بۆ ورمێ بوو کە نوێنەرانی کونسولگەری ونیزامییەکانمان بنەبڕانە بەرهەڵستیان کرد. لە ئاکامی ڕەوتی ڕووداوەکان، فەرمانبەرەکانمان لەپاڵ کوردەکان و لە دژی زۆربەی خەڵک ڕاوەستاون، ئازەربایجانی ئێران ـ ئازەری وئێرانی لەلایەن کوردانەوە تێڕۆر دەکرێن و کەوتوونە بەر تاڵانی ئەوان. دیارە ئەوکارە بوو بە هۆی دوور بوونەوەی هێندێک عونسور هەم ئازەری وهەم ئێرانی کە لە ئێمە نزیک بووبوونەوە؛ ئەویش بەهۆی ناڕەزایەتی لە ئاکاری نوێنەرەکانماندا بوو.

هەڵەی نوێنەرەکانمان لە ئازەربایجانی ئێران دەستاوەلجێ بوونە هۆی کەڵک لێوەرگرتنی جاسوسەکانی تورکیا کە خۆیان وەک پشتیوانی ئازەرییەکان لەقەڵەم داوە و بەڵێنییان پێداون کە بە گوێرەی پێویست، چەک وتەقەمەنییان بدەنێ و سنووری تورکیاشیان بۆ ئاوەڵە بکەنەوە. بەمجۆرە ئاکاری کارگێڕەکانمان تەنیا دەتوانرا بە دەستی سەرسپاردەکانی تورکیا شکڵ بگرێ کە لە ڕووداوەکانی ورمێ بۆ پەرەسەندنی نفوزی خۆیان لە ئازەربایجان کەڵکیان لێوەرگرتووە.

لەمپەرپێکهێنان لە بەرانبەر بەرپرسانی ئێرانی بۆ ڕاگرتنی هێمنایەتی لە ناوچە کوردنشینەکان، نوێنەرەکانمان بەوکارە کۆتخایەتی

ودەستێوەردانێکی بێجێیان لەکاروباری ئێراندا لە خۆ نیشان داوە کە نە قەبوڵ دەکرێ ونە وەڵامدەرەوەی بەرژەوەندیمانە.

هەڵەی نوێنەرەکانمان دەرخەری ئەوەیە کە ئەوان هێشتا لە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی ونەتەوەیی

لە ئێـــران تێناگـــەن، ئەوان لەخـــۆیان ڕوون نەکردووەتەوە کە خەباتی کوردەکانی ئێران بۆ خودموختاری و سەربەخۆیی بەپێی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییەکەی، دیفاعێکی کۆنەپرستانەیە لە فیۆدالـ ـ عەشیرەی جیاوازیخوازی کورد دژ بە سیاسەتی سانترالیزم لە ئێران. کوردەکان بە چەند گـــروپێک دابەش بوون کـــە زۆرجـــار عەشیرەتەکان لە نێو خۆیاندا دوژمنایەتیان هەیە و یەکـــیـــەتی نەتەوەییـــان نیـــیـــە. جیاوازیخوازی(سیپاراتیزم)ی کوردان لە ئێران هەمـــیـــشـــە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتـــدا بووەتە بیانوویێک بۆ سیاسەتی ئینگلیسییەکان و تورکەکان. هەرچەند خەباتی نەپساوەی کوردەکان بۆ جـــیـــابوونەوە لە ئێـــران لە ڕابردووشـــدا هەر هەبووە، [بەڵام] لەلایەن بەکرێگیراوە ئینگلیسی وتورکـــیـــیـــەکـــانەوە بووە بۆ وەرگـــرتنی هێندێک پشکی ئابووری وسیاسیی جۆراوجۆر لە ئێران. خۆی سەرۆکەکانی کورد کە خەڵکی ئاسایی کورد گوێ بۆ فەرمانەکانیان شل دەکـــەن، زۆربەیان ســـەرســـپـــاردەی دەوڵەتە جـــۆراوجـــۆرەکـــانی ئیمپریالیستین و بگرە لە نێویشیاندا ڕاسپاردەی دەوڵەتە فاشیستییەکان کەم نین.

فـــیـــۆدالـ ـ ســـێـــرواژەکـــانی کـــورد دەســـەڵاتی زەویداری و دەســـەڵاتی عـــەشـــیـــرەتـــیـــان لێک گـــرێداوە. ســـەرکـــردەکـــانی کـــورد بە گـــوێـــرەی بەرژەوەندیی خـــۆیان، بەهاســـانی ئەربابەکـــانی خـــۆیان گـــوڕیوە. لەبەر ئەوە نابێ ئاکـــاری ســـەرۆکـــەکـــانی کـــورد کـــەوا ئێـــســـتـــا لەگـــەڵ نوێنەرانی ئێمەخەریکی خۆش وبێشن، جێی بڕوا بێ. چونکە ئەوان کـــاتێک لە خـــەباتی خـــۆیان کـــەڵک وەرگـــرتوو دەبن کـــە پاڵ وە هێـــزەکـــانی ئەرتەشی ســـوور بدەن. ئەوکـــارە لەوانەیە کاربەدەستەکانمان تووشی هەڵە بکا کە لە ڕووی بێ ئەزموونی و خۆشباوەڕی پێیانوایە کە هەموو یان بەشێکی زۆر لە سەرۆکەکانی کورد بەڕاستی لایەنگری سۆڤیەتن. ئەو بڕوایە ئەگەر نەگوڕدرێ یان تێنەخـــوێندرێتـــەوە ڕەنگە لە کـــردەوەدا ئاکـــامـــێکی زۆر زیانهـــێنەری بۆ ئێـــمـــە هەبێ. کوشتار و بریندارکردنی سەربازەکانی ئەرتەشی ســـوور لەلایەن کـــوردانەوە، درێژەدان بە تاڵان، بەپێچەوانەی ئاکاری بڕیاردراوی فەرماندەرێتی

• ئەوکارە لەوانەیە کاربەدەستەکانمان تووشی هەڵە بکا کـــە لە ڕووی بێ ئەزمـــوونی و خۆشباوەڕی پێیانوایە کە هەموو یان بەشێکی زۆر لە سەرۆکەکانی کورد بەڕاستی لایەنگری سۆڤیەتن.

ئێمەوە سەبارەت بە ئاوەدیوکردنی مەڕ ومالات بۆ تورکـــیـــا و هـــتـــد... لەلایەن کـــوردانەوە، دەبێ کارگێڕەکانمان لە باوەڕی چاوبەستووانە لە ئاست کورد و ڕێبەراکانیان دوورەپەرێزن.

بۆ بەرگری لە تێوەچوونی هەڵەی نوێنەرەکانمان، دەبێ بەلێبـــراوی لە هێـــڵـــی نادروســـتی خـــۆش و بێش لەگـــەڵ کـــوردان، دووری بکرێ و لە پێناو پتەوکردن وپەرەپێدانی پێوەندییەکانمان لەگەڵ دانیـــشـــتـــوانی خـــۆجـــێـــیی لەڕادەی یەکـــەمـــدا ئازەرییـــەکـــان هەنگاو بنرێت. هەروەک ئاشکرایە ئازەربایجانییەکان زۆربەی خەڵکی ئازەربایجان پێکدێنن وپێـــوەندییەکی زۆر نزیکـــیـــان لەباری ئەتنۆگرافی ومێژوویی لەگەڵ یەکیەتی جەماهیری شـــورەوی(ئازەربایجـــانی شـــورەوی)یەوە هەیە و هەمـــیـــشـــە بەشی زۆری هێـــزی بزووتنەوەی دێمۆکراتیک لە ئێران پێکدێنن.

کاربەدەســـتەکانمان لە ئازەربایجانی ئێراندا، نابێ بڕوایان بە ســـەرۆکـــە کـــۆنەپەرست و خۆفرۆشەکانی کورد هەبێ، بەڵکوو دەبێ حیساب بۆ مـــاکـــەی پێـــشـــکەوتوو لە نێـــو دانیـــشـــتـــوانی ئازەربایجاندا بکەنەوە، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە لە تەواوی پێوەندییەکانمان لەگەڵ کوردان و کەڵک وەرگرتن لەو پێوەندییانە بۆ بەرژەوەندی خـــۆمـــان چاوبپـــۆشین. بەڵکوو لە کـــارە سیاسییەکانمان لە باکووری ئێراندا دەبێ لە سەر ئازەربایجانییەکان حیساب بکەین، بەتایبەت لە نێـــو ئەواندا دەتوانرێ کـــەســـانی باوەڕپێکراو و لایەنگری ئێـــمـــە لە جیـــاتی کـــوردان بدۆزینەوە. لەپێناو ئەو مـــەبەســـتـــە دەبێ بەلێـــبـــراوی لە پشـــتـــیوانی کردنی کوردان دوورەپەرێزی بکرێ و هیچ چەشنە کۆسپێک لە ئاست دەسەڵاتدارانی ئێـــرانی ســـەبارەت بە ڕاگـــرتنی هێـــمنایەتی پێکنەهێنرێ. بەپێـــچـــەوانەوە دەبێ لە ئازەربایجـــاندا بۆ لەناوبردنی غـــارەت وتاڵان لەلایەن کوردانەوە هاوکارییان لەتەکدا بکرێ تا ناوچەیێکی هێمن بۆ دانیشتووانی جۆجێیی لە دەستدرێژی و پەلاماری کوردان پێک بهێنرێ. دەبێ دان بەوە دا بنێین کە پشـــتـــیوانی کردن و یارمـــەتـــیـــدان بەکـــوردان لە پێناو هەوڵ وتێکۆشانیان بۆ وەدیهێنانی خودموختاری و دامەزرانی کوردستانێکی ئازاد دروست نییە. چونکە لەهەڵەمەرجی ئێســـتـــای ئێـــراندا ئەوە داوخـــوازیێکی بێـــبناغـــە و دواکـــەوتووانەیە. بەکـــورتی پێـــویســـتـــە لە ئازەربایجـــاندا گۆڕانکارییێکی بنەڕەتی لەکاروباری نوێنەرەکانمان ئەویش لە ڕێگەی پەرپێدانی پێگەکانمان لە نێو خودی دانیشتووانی ئازەربایجاندا پێکبێت.

پێویستە زۆربەی کاربەدەستەکانی باڵوێزخانە و کونسولگەرییەکان و فەرمانبەرانی نیزامی و هەروەها فـــەرمـــاندەرانی یەکـــانەکـــان[ی ئەرتەشی]مان لە ئێران لەناوەڕۆکی ئەو نامەیە ئاگادار بکرێن. دوای تێگەیشتن دەبێ نامەکە، بۆ کۆمیســـاریای گـــەلی لەکـــاروباری دەرەوەدا بنێرنەوە».[1]

کۆمیسەری گەلی کاروباری دەرەوەی یەکیەتی شورەوی

و. م. مۆلۆتۆف : ئیمزا

****

١) ئارشـــیـــوی وەزارەتی دەرەوەی جـــەمـــهـــوری فیدراتیوی ڕووسیا (سۆڤیەتی پێشوو)

ف 094 ـ ئـــو ٤ ـ د ١٨٨ـ پ ١٨، ل ١٠، ١١، ١٢، ١٣و١٤.

تێبینی وەرگێڕ: وادەردەکەوێ کە فەرمانەکانی مـــۆلۆتۆف بۆ باڵوێزی ســـۆڤـــیـــەت لە ئێـــران کـــە هەڵوێستی شورەوییەکانی سەبارەت بە مەسەلەی کوردان ئاشکرا کردووە، ماوەیێکی درێژخایەن بێ هیچ گـــۆڕانکارییێک وەک خـــۆی مـــاوەتەوە. بۆ نموونە جێگری باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە ئێراندا:

ا. یاکـــۆبۆف لە ٤ی مـــارسی ١٩٤٥ بە هۆی نامەیێک بۆ ســـەرکـــونســـولگەری ســـۆڤـــیـــەت لە ورمێ، داوای لێدەکا کە « فەرمانەکانی هاوڕێ مۆلۆتۆف سەبارەت بە مەسەلەی کوردان بەئەنجام بگەیێنن...»[2]

٢) ئارشـــیـــوی وەزارەتی دەرەوەی جـــەمـــهـــوری فدراتیوی ڕووسیا (سۆڤیەتی پێشوو).

نیگەرانیی تورکیا لە سەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران

لە «ئیدەن» * وەرگیراوە
١٩٤١/١٢/٢٠

دووهەمی دیسامبر، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا بەهۆی نامەیێکی سکالا بۆ باڵوێزخانەی خاوەن شکۆ[ناردراوە] کە تێیدا سەبارەت بە مەبەستی کوردان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ شکایەت کراوە کە هێزە داگیرکەرەکان لە ئێران یارمەتییان دەدەن و بە خاکی تورکیاش دەستتدرێژی دەکەن.

پێنجەمی دیسامبر سکرتێری گشتی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، سەبارەت بەو مەسەلەیە بە شێوەیێکی زۆر توند ڕایگەیاند کە دەوڵەتی تورکیا لەوانەیە ناچاربێت ئەرتەشی خۆی بۆ سەر سنووری تورکیا ڕاگوێزێت.

سێر. ر. بولارد گوتی کە لە گەڵ هاوتای شورەویی خۆی قسەی کردووە و پێشنیاری پێکردووە کە هاوتای تورکیای خۆی لەوبارەدا خاترجەم بکات. بە ڕای سێر. ر. بولارد یەکێک لە هۆیەکانی درەنگی دەتوانێ دیداری تەبلیغاتی ڕێبەرانی کورد و سەرۆک عەشرەکانی دیکەی کورد بۆ باکۆ بێ کە لەلایەن ئۆرگانەکانی شورەوی وەرێخراوە. باڵوێزی شورەوی ڕایگەیاند کە ئەو چاوپێکەوتنانە تەنیا لایەنی فەرهەنگییان هەبووە بەڵام پێی لێنا کە لەوبارەدا لە پێشدا هیچ ئاگادارییێکی پێنەگەیشتووە.

یازدەی دیسامبر، دەوڵەتی تورکیا بە ناردنی دووهەمین نامەی سکالای خۆی ڕایگەیاند کە سەبارەت بە چالاکی کوردەکان کە هێزە داگیرکەرەکانی شورەوی لە شورشگێڕانی کورد پشتیوانی دەکەن، پێوەندی تورکیا وتاران تێکچووە و بارو دۆخێکی نائارامی پڕ لەمەترسی پێکهێناوە.

هەرچەند ڕاپۆرتەکانی دەوڵەتی تورکیا لەوبارەدا زۆری تێچاندنە، بەڵام مەترسییێکی واقیعیش لەگۆڕێدایە و ئەویش ئەو ڕووداوە ڕەنگە ببێتە هۆی تێکچوونی پێوەندیی تورکەکان و ڕووسەکان وهەروەها ئێمەش. بۆیە بە قازانج دەبێ ئەگەر دەوڵەتی شورەوی کارێ بکات کە دەوڵەتی تورکیا خەیاڵی ناسوودە بێ. بە بۆچوونی سێر. ر. بولارد چەتی گەورە لەوبارەدا ئەوەیە کە سیاسەتی شورەوی لە ناوچەی داگیرکراو بەهۆی چەند ئۆرگانێک پیادە دەکرێ کە باڵوێزی شورەوی لە تاران تەئسیرێکی کەمی لە سەر ئەوان هەیە.

****

لە هاوڕێ ،مۆلۆتۆف، بە ،کرییس،**

لە ١٩٤١/١٢/٢٨ناردراوە

سەبارەت بە نامەی «نیگەرانیی تورکیا لە سەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران» کە لەلایەن «ئیدەن»ەوە لە ٢٠ی دیسامبری ١٩٤١دراوە، دەکرێ بەم جۆرەی خوارەوە ڕاگەیێندرێ:

تەنیا لە نامەی یادکراودا کە نووسراوەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیای کردووەتە بەڵگە، لێمان ڕوون بووەوە کە کوردەکان دەیانەوێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دامەزرێنن و هەروەها سەبارەت بەوە کە کوردەکان دەستدرێژی دەکەنە خاکی تورکیا. لەوبارەدا حەوجێ بە بیرخستنەوەیە کە لەو بەشەی خاکی ئێران کە هێزەکانی شورەوی تێیدا جێگیرن، پێشهاتی ئەوتۆ ڕاست نین و بە تێکڕایی لە مەبەست و ئاکاری یادکراوی کوردەکان، ئۆرگانەکانی شورەوی هیچ پێوەندییێکیان لەگەڵ ئەواندا نییە.

سەبارەت بە بگروهەڵلای نێوان هۆزە کوردەکان کە گوایە لەلایەن ئەرتەشی سووری جێگیر لە ئێران وەرێخراوە و لە نامەی یادکراودا هاتووە، هیچ چەشنە ئاگادارییێکمان نییە. بەپێچەوانەی نامەکەی تری تورکیا کە پشتی پێ دەبەسترێ، ئەرتەشی شورەویی جێگیر لە ئێران نە تەنیا بەوان و هیچ کوردێکی دیکە لە پێکهێنانی ناهێمنی یارمەتی نادا بەڵکوو بەپێچەوانەوە، ئاکارێک ڕەچاو دەکا کە چەک لە کوردەکان وەربگیرێتەوە و چەکە دەستنیشانکراوەکان لە ناوچەگەلێک ڕا دێن کە هێزەکانی شورەوی لێ نین.

یەکانەکانی ئەرتەشی شورەوی کە هاتوونەتە باکووری ئێران، هەر زۆر زوو بۆ پێشگیری لە پێکهەڵپژانی نێوان کورد و ئێرانییەکان گەلێک هەنگاویان هەڵنایەوە و تا ئێستا هیچ چەشنە پێکدادان و کێشەیێک لە نێو کوردەکاندا لەو شوێنانەی کە هێزەکانی شورەوی تێیدا جێگیرن، نەبینراوە.

پێویستە بیرخرێتەوە کە دەوڵەتی ئێران لە ئاکار وکرگاری ئەرتەشی شورەوی لە ناست کوردەکانەوە، هیچ چەشنە ناڕەزایەتییێکی دەرنەبڕیوە و لەوبارەدا هیچ بیر و بۆچوونێکی بە باڵوێزی شورەوی لە ئێراندا ڕانەگەیاندووە. لەم پێوەندییەدا، تەنیا دەتوانرێ بگوترێ کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی باڵوێزی ئێمە لە ئێران، یازدەی دیسامبری ئەمسال سەرۆک وەزیری ئێران ئاغای«فروغی»لە کن باڵوێزی شورەوی، باڵوێزی بریتانیای ئاگادار کردبۆوە کە ئینگلیسییەکان پشتیوانییان لە کوردەکان کردووە و لە هێندێک ناوچەدا دژی ئێرانییەکان هانیان داون.

کەوابوو دەوڵەتی تورکیا ناتوانێ هیچ دەلیلێکی بۆ نیگەرانی خۆی لەوبارەدا هەبێ کە گوایە کوردەکانی ئازەربایجانی ئێران لەلایەن هێزەکانی شورەوی بۆ پێکهێنانی ناهێمنی هان دەدرێن و وەخۆدەخرێن، بێ لەوەش هیچ بەڵگەیێکی نییە بۆ ناردنی هێزەکانی خۆی بۆ سەر سنووری ئێران ـ تورکیا.

لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێ کە هیچ بەڵگەیێک کە ببێتە هۆی تێکچوونی پێوەندیمان لەگەڵ تورکان لە گۆڕێدا نییە.

بەڵام ئەوەی چاوپێکەوتنی هێندێک شەخسیەتی کورد لە باکۆ بگرێتەوە، ئەو سەفەرە تەنیا لایەنی فەرهەنگی هەبووە و بۆ هیچ جۆرە مەبەستێکی سیاسی نەکراوە. قسەکانی ئاغای بولارد کە پێی وایە سیاسەتی شورەوی لەو ناوچانەی کە هێزەکانی شورەوی تێیاندا جێگیرن گوایە لەلایەن ئۆرگانگەلێک پیادەدەکرێ کە باڵوێزی ئێمە تەئسیرێکی کەمی لەسەریان هەیە، بەتەوای بێ جێیە.

هەموو وتەکانی سەرەوەش دەتوانن ببنە سەرینی خاترجەمی دەوڵەتی تورکیا ئەگەر پێویست بێ.

بەڵام جێی خۆیەتی لەوبارەدا دەستنیشان بکرێ کە تا ئێستا نە دەوڵەتی تورکیا ونە دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەو مەسەلەیە کە لە نامەی ئاغای «ئیدەن»دا هاتووە، دەوڵەتی شورەوییان بەرخواز نەکردووە.

مۆسکۆ، ٢٨ی دیسامبری ١٩٤١

* ئیدەن وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٨ ـ ١٩٣٥ و ١٩٤٥ ـ ١٩٤٠

** باڵوێزی بریتانیا لە سۆڤیەت(١٩٤٢ ـ ١٩٤٠) ■

«جیهانی فەرامۆشکراوی میلان کوندرا»

نووسینی: سەلاحی عەبباسی

سەرەتا

«میراتە خەیانەت پێکراوەکان» دوایین کتێبی میلان کوندرا، نووسەری هاوچەرخی چێکوسلۆواکیایی یە. کوندرا بیروڕاکانی خۆی لە سەر ئەدەب و مۆسیقای کۆن و هاوچەرخ دەردەبڕێ و لەم ناوەدا تیۆرییەکانی مۆسیقا و ڕۆمان وەها ئاوێتەی یەکتر دەکات کە نەک وەک دوو هونەری جیاواز بەڵکوو زیاتر وەکوو هونەرێک کە پەیڕەوی یاسایەکی هاوبەش بکات، دێتە پێش چاومان.

کوندرا بە شێوەیەکی کوندرا ئاسایی(سادە و سەرڕاست) بۆچوونەکانی خۆی دێنێتەگۆڕێ، یان باشتر بڵێین پەرەیان پێدەدات(چونکە بۆچوونە سەرەکییەکانی کوندار لەگەڵ تێپەڕبوونی زەماندا تووشی ئالوگۆڕ نابێ).

کوندرا پێشتر لە ساڵی ١٩٨٦ دا لە پێشەکی کتێبی هونەری ڕۆماندا نووسیبووی: ئەز هیچ چەشنە ئیدعایەکی ڕەخنەگرانەم نییە.

بەڵام ئەوەیکە بە ڕوونی وەبەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە کوندرا لە ووتارە ڕەخنەییەکانیدا هەمان هێز و دەسەڵات دەنوێنێ کە لە ڕۆمانەکانیدا، واتە کوندرای ووتارنووس لە ئاست کوندرای ڕۆماننووسدا ڕادەوەستێ.

ئەمە یەکەمجار نییە کە لە نووسراوەی کوندرا دا سنوورەکان تێکدەچن: دەبینین لە ڕۆمانەکانیدا جێ جێ ووتار ولێکۆڵینەوە بەدیدەکرێ و لە ووتارەکانیشیدا خوێنەر هەست بەو ناکات کە لە بەرانبەر دەقێکی قورسی فکری دایە.

کوندرا یەکێک لەو ڕۆماننووسە هاوچەرخانەیە کە بە پێی داب و شێوەی دامەزراو، ڕۆمان نانووسێ بەڵکوو پێی وایە تا ئێستا تەنها بەشێکی بچووک لە ئیمکاناتی شاراوەی ڕۆمان هاتۆتە نووسین. گەرەکە نووسەر حەول بدات ڕێگاوشێوەی نوێ تاقی بکاتەوە و خۆ لە قالب و و کلیشەی سواو بپارێزێ.

بەڵام کام ڕێگا وشێوەی نوێ؟ ئەدی قالب وکلیشەی سواو چییە؟ زۆربەی ووتارەکانی کوندرا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە تەرخان کراون.

ڕۆمان لە ڕەوتی زەماندا

هەڵبەت کوندرا پێی وا نییە کە تەنها یەک ڕێگا و یەک شێوەی نوێ لە ئارادایە و ئەویش کوتومت ئەو ڕێگایەیە کە خۆی گرتوویەتە بەر، قەتیش پێی وا نییە کە ڕۆمانە کۆنەکان لە نوێبوون کەوتوون، چونکە زەمانێکی درێژیان بە سەردا تێپەڕیوە، بەڵکوو پێی وایە کە مەزنترین ڕۆمانەکانی مێژووی ڕۆمان هەر ئەوانەن کە لە کاتی سەرهەڵدانی ڕۆماندا(قۆناخی لە دایکبوونی ڕۆمان) نووسراون.

بەپێچەوانەوە ئەوانەی کە قالب وکلیشەی سواو بەکاردێنن، ڕۆماننووسەکانی سەردەمی نوێن.

پێوەری کوندرا بۆ هەڵسەنگاندنی نوێ وکۆن نەک زەمان، بەڵکوو ئەو چۆنایەتییەیە کە نرخ دەبەخشێ بە ڕۆمانێک یان بە شاکارێکی مۆسیقا.

لە ڕوانگەی کوندراوە کۆن ونوێ بە پێی زەمانی تەقویمی و بە شێوەیەکی ڕۆژژمێرانە دیاری ناکرێن. بەڵام ئەمە چییە کە نرخ وبایەخ دەبەخشێتە هەر کامێک؟ کوندرا دەڵێ: ڕۆمانی مەزن بۆیە خولقێندراوە کە چەندین جار ببیسترێ، جا چ تاکە کەسێک لە تەمەنی خۆیدا چەندین جار گوێی لێ هەڵخا یان چەندین وەچە لە چەندین سەدەدا گوێداریی بکەن. تاکە کەسێک هەمان کار دەکات کە هەموو مرۆڤایەتی لە مەودایەکی درێژتر و ئاسۆیەکی مەزنتردا ئەنجامی دەدات.

جیاوازییەکە لەوە دایە کە تاکەکەس لەوانەیە هەڵە بکات و بۆغوونە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا چەندین جار گوێ بۆ مۆسیقایەکی بێبایەخ هەڵنەخات.

بەڵام مرۆڤایەتی هەڵە ناکات و ورد و درشت لە بێژینگی زەماندا لێک هەڵداوێرێ کە سەدان و هەزاران ڕەخنەگر و زانا و نووسەر بەشداری تێدا دەکەن. ئایا دەتوانین بڵێین کە یاسایەکی ئەبەدی جوانی ئاسانە دبێتە هۆی ئەوەیکە پاش مەودایەکی درێژ دیسانیش تراژێدیای یۆنانی لە لۆتکەی هونەری تراژێدی دا بمێنێتەوە؟ ڕەخنەگران دەڵێن: ئێمە نەک لەگەڵ یەک «هۆمێر» یان «سوفوکول»، بەڵکوو لەگەڵ چەندین سوفوکول و هۆمێر ڕوو بە ڕووین کە هەر سەردەمێک سەر لەنوێ بە پێی پێویستییەکانی خۆی دەیان خولقێنێتەوە و لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بەراوردیان دەکات. ئێمە نازانین کە سەر دەمەکانی داهاتوو لە کام ڕوانگەوە سەیریان دەکەن، بەڵام دەزانین کە سەردەمەکانی داهاتوو لە گۆشە نیگایەکی ترەوە چاویان لێدەکەن.

کەوابوو خوێنەری ئەمڕۆ، بەرهەمە کۆنەکان بە چاوی ئەمڕۆ دەخوێنێتەوە و نازانێ کە خوێنەری سەردەمەکانی ڕابوردوو، چۆن لەو بەرهەمانە تێدەگەیشت و بە چ چاوێک سەیری دەکردن. تێگەیشتنی ئێمە لە خۆمان و لە سەردەمی خۆمان کار دەکاتە سەر تێگەیشتنمان لە سەردەمی ڕابوردوو. بەڵام مەبەستی کوندرا ئەوە نییە کە چۆنییەتی جیاوازیی ئەمڕۆ و ڕابوردوو و داهاتوومان بۆ شیبکاتەوە، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە کە هونەری مەزن لە چوارچێوەی شوێن و زەماندا، قەتیس نامێنێ و دەبێتە سامانی مرۆڤایەتی،

سامانی هەموو زەمانێک و هەموو سەردەمێک و ڕێگای خۆی ئەگەر ڕۆمان بێت بۆ ناو هەموو زمانەکان و ئەگەر مۆسیقا بێت بەرەو گوێی هەموو بیسەرە جۆراوجۆرەکان دەکاتەوە و هەمیشە ئامادەیە کە پێشوازی لە خوێنەر و بیسەری سەردەمەکانی پاش خۆی بکات، چونکە خۆی بەو قەوارە کۆمەڵایەتی وسیاسییانەوە نابەستێتەوەکە لە سەردەمی لەدایکبوونیدا دەوری سەرەکییان بە دەستەوەیە و هەمیشە خوازیاری چاوی نوێ و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە ی نوێ و خوێنەری نوێیە.

کوندرا پێی وایە ئەو ڕۆمانانەی کە لە مێژووی پێش خۆیان دابڕاون و ئەو ڕۆماننووسانەی کە لە بەرهەمەکانی پێش خۆیان تێنەگەیشتوون، دەسکەوتەکانی مێژووی هونەریی ڕۆمانیان لە کیس داوە و ناتوانن درێژەدەری ئەم میژوویە بن. کوندرا ئەمانە بە کەسانێک لە قەڵەم دەدات کە ڕۆمانی بەر لە مێژووی ڕۆمان دەنووسن.

ڕۆمان لە سەردەمی ئێمەدا

لە کتێبی میراتە خەیانەت پێکراوەکاندا کوندرا دەڵێ: کەسانێکی وەکوو بروخ وکافکا و موزیل لە ڕۆماندا و کەسانێکی وەکوو یاناچاک و ستراوینسکی و بارتوک لە مۆسیقادا و کەسانی وەکوو فەلینی لە سینەمادا شۆڕشێکی هونەرییان بەرپاکردووە وگەلێک دەسکەوتی گەورەیان هەبووە، بەڵام بە بڕوای کوندرا ئەم دەسکەوتانە خەیانەتیان پێ کراوە.

کوندرا دەڵێ: سینەما وەکوو مێژوویەکی تێکنیکی، داهێنانێکە کە بۆ سەدساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە، بەڵام وەکوو هونەر تەنیا چەند ساڵێکی تەمەنە. لە ڕوانگەی کوندرا ئەمە نەک هەر سینەما بەڵکوو ڕۆمان و مۆسیقاش دەگرێتەوە: بەشی هەرە گەورەی ئەو شتەی کە بە نێوی ڕۆمان و فیلم و مۆسیقای هاوچەرخ پێشکەش دەکرێت درێژەدەر و و گەشەپێدەری ئەو دەسکەوتانە نین کە ئەم هونەرانە تا ئێستا خوڵقاندوویانە، ئەمە لەوە دەچێ کە زۆربەی فیزیکناسە هاوچەرخەکان بێخەبەر لە دەسکەوتەکانی ئەنشتاین و پلانگ و هۆبل کارەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن.

سەرچاوە سەرەکییەکانی کوندرا بریتین لە: ڕۆماننووسەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئورووپا، بەتایبەت ڕۆماننووسەکانی ناوەندی وەکوو موزیل، بروخ، کافکا و هەروەها هێندێک لە نووسەرانی سەدەی نوزدەهەم بەتایبەت تۆلستۆی و فلوبێر.

بەڵام گرینگترین سەرچاوەکانی کوندرا، (سێروانتس و ڕابلە و دیدرۆ و ئەستێرن)ن کە لە سەدەکانی شانزدە وحەڤدە وهەژدەدا بەرهەمەکانی خۆیان نووسیوە. هەردووک کتێبە ڕەخنەییەکانی کوندرا بە یادی ڕۆماننووسەکانی سەردەمی لەدایکبوونی ڕۆمانەوە دەست پێدەکەن. یەکەم ووتاری کتێبی هونەری ڕۆمان بە ناوی «میراتی بێ قەدرکراوی سێروانتس»دەربڕینی ناڕەزایی یە لە ڕۆمانی هاوچەرخ و ڕۆڵی ڕۆمان لە سەردەمی ئێمەدا.

هەڵبەت کوندرا لە نێو ڕۆماننووسە هاوچەرخەکاندا، نموونەی جێگای ئومێد دە دۆزێتەوە و لەسەر ئەم بۆچوونە پێدادەگرێ کە ڕۆمان نەمردووە و هێشتا هەر زیندوویە!

بەڵام ئەوەیکە کوندرا لە بەرانبەریدا دردۆنگ دەنوێنێ شتێکی دیکەیە! ئایا جیهانی ئیمڕۆ خوازیاری ڕۆمانە؟

کوندرا وەڵامی ئەم پرسیارە بە ڕوونی ناداتەوە بەڵام دەڵێ: ئەگەر ڕۆمان بمرێ لەبەر ئەوە نییە کە هیچی بۆ گوتن پێنەماوە چونکە تەنیا بەشێکی بچووک لە ئیمکاناتی ڕۆمان هاتووەتە نووسین.

ڕۆمان لە بەرانبەر فەرامۆشیدا

لە ڕوانگەی کوندراوە ڕۆمان لە جیهانێکدا دەمرێ کە فەرامۆشی باڵی بەسەردا کێشابێ وکەس بۆ ناسینی خۆی و کەسانی تر و دیاردەکانی ژیان حەول نەدات. هەموو ڕۆمانێک دەیەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: کەسایەتی مرۆڤ لە چی دایە؟ ئەز، یانی چی؟

جیهانی فەرامۆشی هەم جیهانی توتالیتێر دەگرێتەوە کە دەیەوێ یەک دەنگ و یەک بۆچوون بە سەر هەموو شتێکدا بسەپێنێ وهەم جیهانێک کە گرینگایەتی بە هیچ دەنگ وهیچ بۆچوونێک نەدات.

ڕۆمان خاوەنی حەقیقەت نییە، بەڵکوو لە پێناوی دۆزینەوەی حەقیقەت(یان حەقیقەتەکان)دا تێدەکۆشێ، کاتێک ئەم تێکۆشانە لە نارادا نەمێنێ ڕۆمانیش دەمرێ. لە قسەکانی کوندراوە واوێدەچێ کە ڕۆمان بە تەنیا نامرێ، بەڵکوو گەلێک شتی دیکەشی لەگەڵ دەمرێ.

ڕۆمان خوازیاری وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکان و لێکۆڵینەوەی ئەزموونەکانە، ڕۆمان دەچێتە شەڕی جیهانێک کە مرۆڤی لە بیر خۆی بردووەتەوە یان مرۆڤێک کە جیهان و شتەکانی فەرامۆش کردووە وجگە لە کورتبینی هیچی پێنەماوەتەوە. کوندرا دەڵێ: ڕۆمان هەمیشە بە تەنگ مرۆڤەوە هاتووە و لە حاڵ و ڕۆژی خۆی ئاگاداری کردووەتەوە. ڕۆمانەکانی کافکا بۆغوونە پێش سەرهەڵدانی توتالیتاریسم مەترسی ئەو سیستمە سامناکەیان پێشبینی کرد، یان دۆنکیشوتی سێروانتس لە ژێرناوی گاڵتەکردن بە داب وچیرۆکی پاڵەوانی، کەلەپووری فەرامۆشکراوی ئەم چیرۆکانەی سەر لەنوێ زیندوو کردەوە و لە ڕاستیدا گەورەترین خزمەتی بە داب و چیرۆکی پاڵەوانی گەیاند.

گومان لەوەدا نییە کە کوندرا نووسەرێکی ڕەشبینیە و جێگا بۆ هیچ ئاواتێکی درۆزنانە ناهێڵێتەوە. لە کتێبی« پێکەنین و فەرامۆشی»دا دەنووسێ: مرۆڤ نەک هەر دەیەوێ ڕابوردوو لە بیر خۆی بەرێتەوە بەڵکوو دەخوازێ ئاسەوارەکانیشی بکوژێ، هەرچی بە دڵی نەبوو لە جێگای خۆی لای بات و شتێکی تری لە جیات دابنێ و بەمجۆرە بە قازانجی خۆی مانایەکی تری پێ ببەخشێ.

مرۆڤ هەمیشە دەیەوێ ژیاننامەی خۆی سەر لە نوێ بنووسێتەوە، ڕابوردوو بگۆڕێ و هەم جێ پێی خۆی و هەم جێ پێی کەسانی تر پاک بکاتەوە.

لە مێشکی مرۆڤدا هەمیشە هەموو بەڵگەکانی حازر و ئامادەن بۆ ئەوەی کە مرۆڤ حەق بدات بەخۆی، بۆ مرۆڤ کارێکی ئاسایی یە کە قەزاوەتی نادروست لە سەر مرۆڤێکی دیکە بکات، بەڵام هەرکات مرۆڤێکی دیکە قەزاوەتی نادروستی لە سەر بکات نەک هەر ئاسایی نییە بەڵکوو لای شتێکی تەواو ئاناسایی و نامرۆڤانەیە.

وا دیارە کە ئیمکاناتی مرۆڤ بۆ چەواشەکردنی ڕووداوەکان وتێگەیشتنی لە واقیع یەکجار زۆرترن لەوەیکە ئێمە بیرمان لێ کردووەتەوە، هەربۆیە کوندرا دەڵێ: من دەمەوێ کەسایەتی چیرۆکەکانم وەها بە خوێنەر بناسێنم باشتر لەوەیکە بۆ خۆیان خۆ دەناسن، خوێنەر لێیان تێبگات. مەبەستی کوندرا ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی ناناسێ و نازانێ کێیە و بۆچی ئەوەیە کە هەیە. مرۆڤ لە کەسایەتی خۆی تێناگات و هۆی ڕاستەقینەی کردەوەکانی خۆی نازانێ.

بەگوێرەی بۆچوونەکانی کوندرا مرۆڤ وەکوو بوونەوەرێکی دەست و پێ بەستراو دێتە پێش چاو، هەم لە بەرانبەر جیهاندا، هەم لە بەرانبەر مێژوودا وله بەرانبەر کەسایەتی خۆیدا. کوندرا دەڵێ: بیرم لە ئەنجامی ووتە بە ناوبانگەکەی دەکارت کردووەتەوە کە دەڵێ: «مرۆڤ خاوەن و سەروەری سروشتە»، بەڵام ئەم خاوەن و سەروەرە، پاش ئەوەیکە لە بواری زانست و تێکنیکدا چەندین سەرکەوتنی بە دەست هێنا ئێستا گەیشتووەتە جێگایەک کە لە ناکاو دەبینێ خاوەنی هیچ شتێک نییە: نە خاوەنی سروشتە کە وردە وردە لە کورەی زەوی پاک دەبێتەوە، نە سەروەری مێژوویە کە لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نەماوە، نە خاوەنی کەسایەتی خۆیەتی کە هێزە ناناقڵەکانی دەروونی(ناناگایی) هیدایەتی دەکەن. کەواهوو کێ سەروەرە؟

کوندرا دەڵێ: لە مێژە هاژەی ڕووبار و نەغمەی بولبول و وەسفی ئەو ڕێگایانەی لەناو گوڵزارەوە ڕەت دەبن مانٚاواییان لە مێشکی مرۆڤ کردووە، چونکە هیچکەس پێویستی پێیان نییە، سبەی کە سروشت بە ڕووی زەوییەوە نەمێنێ کێ خەمی بۆ دەخوا؟

کوندرا دەڵێ: ڕۆمان بە نرخترین دیاردەی کولتووری ئورووپاییە و لەگەڵ مردنی ڕۆماندا شتێک دەمرێت کە هیچ شتێکی دیکە ناتوانێ جێگاکەی پڕکاتەوە.

کوندرا ڕۆمان بە بەرهەمی شارستانیەتی ڕێنسانس لە قەڵەم دەدا، هەروەکوو چۆن تراژێدیای یۆنانی بەرهەمی شارستانیەتی یۆنانی کۆن بوو.

ڕۆمان دوای ڕاپەڕین لە خەوی سەدە ناوەندییەکان سەریهەڵدا. لە پێشدا کەسانێک وەکوو بۆکاچیۆڤ ڕێگایان بۆ خۆشکردبوو، بەڵام ئەوە لەگەڵ دۆنکیشوت دابوو کە یەکەم ڕۆمانی نوێ پێی نایە سەر زەوی و هونەرێکی مەزن لەدایک بوو.

کوندرا پێویست بوونی ڕۆمان لەوەدا دەبینێ کە ڕۆمان دەنگێکە لە بەرانبەر بێدەنگیی جیهان و لێکۆڵینەوە کە لە سەر مانای ژیان و هەروەها وەبیرهێنەرێکە لە بەرانبەر حافیزە[مێشک]ی فەرامۆشکاری مرۆڤدا. واتە ڕۆمان هونەرێکە بەبڕوای کوندرا، مرۆڤ لە فەرامۆشکردنی ژیان دەپارێزێ، هەم مرۆڤ وهەم جیهان لە فەرامۆشی ڕزگار دەکات. فەرامۆشی تەنیا لەبیر چوونی شتێک نییە، بەڵکوو ئەو شتەشە کە نامانەوێ بیناسین.

لە ڕێگای ڕۆمانەوەوەیە کە گفتوگۆیەکی واقیعی لە نێوان مرۆڤ وجیهاندا دەست پێدەکات. مرۆڤ بە بێ گفتوگۆ نابێتە خاوەنی مرۆڤایەتی، واتە قسەکردن بۆ یەکتر، گوێ ڕاگرتن لە یەکتر. مانای مرۆڤ تەنیا لە گفتوگۆدا وەدەردەکەوێ یان باشترە بڵێین تەنیا لە گفتوگۆ دایە کە مرۆڤ دەبێتە خاوەنی مانا (لە گفتوگۆی مرۆڤ لەگەڵ خۆی و مرۆڤ لەگەڵ کەسانی تردا). بەمجۆرە ڕۆمان زمانێکی بێوێنەیە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ مرۆڤ، لەگەڵ تاکەکەس ولەگەڵ کۆمەڵ.

بە گوێرەی ووتەکانی کوندرا ئەو گفتوگۆیەی کە ڕۆمانووسە گەورەکان لەگەڵ مرۆڤیان دامەزراندووە ناوەرۆکێکی ئازایانە وئازادانە و ژیرانەی هەیە. ئازایانەیە، چونکە ڕۆمان لەوە ناترسێ کە نهێنییەکانی ژیانی مرۆڤ بخاتە بەرباس، ئازادانەیە چونکە ڕۆمان بەپێچەوانەی فەلسەفە یان ئایین، خۆی لە چوارچێوەی هیچ سیستمێکدا قەتیس ناکات، ژیرانەیە چونکە ڕۆمانووس لە دۆزینەوەی ڕاستییەکان دەگەڕێ و لەجیاتی ئەوەیکە وەڵام بداتەوە پرسیار دێنێتەگۆڕێ.

• کوندرا پێویست بوونی ڕۆمان لەوەدا دەبینێ کە ڕۆمان دەنگێکە لە بەرانبەر بێدەنگیی جیهان و لێکۆڵینەوە کە لە سەر مانای ژیان و هەروەها وەبیرهێنەرێکە لە بەرانبەر حافیزە[مێشک]ی فەرامۆشکاری مرۆڤدا. واتە ڕۆمان هونەرێکە بەبڕوای کوندرا، مرۆڤ لە فەرامۆشکردنی ژیان دەپارێزێ، هەم مرۆڤ وهەم جیهان لە فەرامۆشی ڕزگار دەکات. فەرامۆشی تەنیا لەبیر چوونی شتێک نییە، بەڵکوو ئەو شتەشە کە نامانەوێ بیناسین.

ڕۆمان گفتوگۆیەکە دوور لە دوگماتیزم[دەمارگیری] و ویشکبیری. گفتوگۆی: نێوان نووسەر و نووسراوە (چونکە نووسەر و نووسراوە یەک شت نین)، خوێنەر و نووسراوە، گفتوگۆی نێوان کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمان، گفتوگۆی نێوان شێوازە ئەدەبییەکان، گفتوگۆی زمانەکان، سەردەمە مێژووییەکان گفتوگۆیەکە نەک بە زمانێکی قورس و داهێزەرانە(وەکوو زمانی فەلسەفە)، بەڵکوو بە زمانی وەسف و جموجۆڵ و گەپجارەوە دەردەبڕدرێ.

قۆناخەکانی هونەری ڕۆمان

کوندرا دەپرسێ: پێش پەیدابوونی فەلسەفەی دیاردەناسی(فنومنۆلۆژی)ڕۆمانووسەکان چیان دەکرد؟ لە وەڵامدا دەڵێ: خەریکی ناساندنی دیاردەکانی جیهان بوون. لەگەڵ گۆڕانی جیهان ڕۆمانیش دەگۆڕێ. کوندرا باسی ئەو قۆناخانە دەکات کە ڕۆمان لە سەردەمی سێروانتس بەولاوە بڕیوەیەتی.

لەگەڵ بالزاک ڕۆمان خەریکی ناساندنی دەوری مێژوو لە ژیانی مرۆڤ دایە (بەڵام نابێ وا تێبگەین کە ڕۆمانووسەکانی بەر لە بالزاک لە ناسینی دەوری دیاردەی مێژوویی خافڵ بوون، بەڵکوو لە سەردەمی ئەواندا هێشتا مێژوو ئەو گرینگایەتییەی پەیدا نەکردبوو). لەگەڵ تۆلستۆی ڕۆمان خەریکی ناسینی دەوری هەڵکەوتی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو لە ڕەفتاری مرۆڤ دایە. لەگەڵ پرۆست ڕۆمان خەریکی دۆزینەوەی زەمانی تێپەڕبوویە. لەگەڵ جۆیس ڕۆمان خەریکی دۆزینەوەی زەمانی نێستایە.

بالزاک کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر بە هەموو پێوەندییە جۆربەجۆرەکانیانەوە نیشان دەدات کە هەموویان لە دروستکردنی مێژوو کەم یان زۆر بەشدارن، بەڵام هیچ کامیان ناتوانن خۆیان لە پێوەندییەکانیان جیاکەنەوە، ئەو پێوەندییانەی کە بە مێژوو گرێدراون. پێش بالزاک مرۆڤ دەیتوانی لە دەست مێژوو ڕابکات چونکە ئەوکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕێشتن بە مانای گۆڕینەوەی جیهانێک لە بەرانبەر جیهانێکی تردا بوو.

تۆلستۆی ڕەفتار و هەڵوێستی کوتوپڕ و بێبناخەی مرۆڤ واتە خاڵی کوێری ڕەفتاری مرۆڤ نیشان دەدات. پرۆست دیمەنی بەرینی ڕابوردوو لە سایەی بیر و یادی مرۆڤدا سەر لە نوێ زیندوو دەکاتەوە: ئەو کاتەی

ڕابوردوو ئایا هەمان کاتە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە؟ مکانیزمی حافیزەی فەرامۆشکاری مرۆڤ چۆنە؟ چیمان وەبیر دێتەوە و چۆنمان وەبیردێتەوە؟ لەگەڵ جۆیس مکانیزمی وشیاری مرۆڤ لە بەرانبەر نێستادا چۆنە؟ بیرەکان چەندە یەک چەشن و چەندە جیاواز و ناتەبان؟ هەر مرۆڤێک جیهانێک بیر و یاد وگفتوگۆیە لە ناو خۆیدا، جۆیس میکرۆفۆنێک لە ناو مێشکی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەیدا دەشارێتەوە و قسەکانیان بە دیققەت زەبت دەکات. ڕۆمانی ئۆلیس تەنیا چەند سەعاتێک دەخایەنێ چونکە زەمان لە ساتە وەختی نێستادا درێژ دەبێتەوە و لە بەر یەک هەڵدەکشێ. ئەوساتەی کە لە بەرانبەردایە پڕە لە فکر و هەستی جۆراوجۆر و تێکەڵاو کە زەبت کردنیان پێویستی بە تۆمارێکی درێژ هەیە.

بەڵام ئەوە لەگەڵ کافکایە کە قۆناخێکی دیکەی هونەری ڕۆمان دەست پێدەکات کە بە تەواوی لە قۆناخەکانی پێشوو جیاوازە. لە جیهانێکدا کە بووەتە زیندانێکی گەورە، واتە لە جیهانێکدا کە ویست و داخوازی مرۆڤ ناتوانێ هیچ ئالوگۆڕێکی تێدا پێکبێنێ و بەدەستی هێزگەلێک بەڕێوەدەچێ کە مرۆڤ لێیان تێناگات و لە مەبەستەکانیان سەر دەرنایەنێ، ڕۆمان چی پێیە بۆ گێڕانەوە؟ بە سەرهاتی گریگۆری ڕامسا کە دەبێتە قالۆنچە و ناتوانێ لە هۆدەکەی پێ بنێتەسەر یان بە سەر هاتی جوزفکا کە هەموو تەمەنی چاوەڕوانی حوکمی محاکەمەیە؟

کاتێک ژیانی دەرەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ دەبێتە زیندان مرۆڤ ڕوو لە ناوخۆی دەکات و ژیانی دەرەوونی گرینگایەتی پەیدا دەکات. کافکا لە ڕۆمانەکانیدا خەونەکانی خۆی تێکەڵ لەگەڵ واقیع دەکات و لە جیهانێکی دژ بە شێعر، شێعر دروست دەکات. وەتاخە تەنگ و تاریکەکانی ئیدارە و فەرمانبەرێک کە خەریکی کارێکی دوور لە داهێنانە لە ڕۆمانی کافکادا دەبێتە شێعرێک لە دژی جیهانی بۆرۆکراسی، لە دژی دەستدرێژی کردنی دەسەڵات بۆ سەر ژیانی تایبەتی تاکەکەس. کوندرا دەڵێ: کافکا یەکەم کەسێکە کە خەون و واقیعی بە شێوەیەکی ئۆرگانیک تێکەڵاو کردووە و بەمجۆرە یەکێک لە ئیمکانە شاراوەکانی ڕۆمانی هێناوەتە دی.

خەون وخەیاڵەکانی جیهانی کافکا بۆشایی جیهانی دەرەوە قەرەبوو ناکەنەوە، بەڵکوو ئەم بۆشاییە زەقتر دەردەخەن. کوندرا دەڵێ: جیهانی کافکا پێشبینی دوو دیاردەی گەورەی ئەم سەدەیەیە؛ توتالیتاریسم و بۆرۆکراسی، کافکا حەقیقەتێکی بە ئێمە گوت کە هیچ چەشنە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسی نەیدەتوانی بە ئێمەی بڵێ.

هیوا بەستن بە داهاتوو

کوندرا، نەک هەر لە بەرانبەر زەمانی نێستادا بەڵکوو سەبارەت بە داهاتووش ڕەشبینە، ئەو داهاتوویەی کە کەس نازانێ چۆنە و بە چ چاوێک چاو لە بەرهەمەکانی میلان کوندرا دەکات. دەڵێ: زەمانێک بوو کە پێمواوبو داهاتوو ورد ودرشت لێکهەڵداوێرێ و بە هەر شتێک نرخی شیاوی خۆی دەبەخشێ(واتە داهاتوو بێ عەدالەتییەکانی نێستا قەرەبوو دەکاتەوە) بەڵێ ڕاستە ئەمە داهاتوویە کە لە سەر ئێمە قەزاوەت دەکات. بەڵام بە بێ هیچ چەشنە سەلاحییەتێک ـ کوندرا بڕوای بە سەلاحییەتی داهاتوو نییە، بەڵام بۆچی؟ بۆچی سەردەمی نێستا بۆی هەیە لە سەر سێروانتس و رابلە لێکۆڵینەوەی شیاو و پڕ نرخ ناراستە بکات بەڵام سەردەمی داهاتوو بۆی نەبێ؟ هۆی ئەم ڕەشبینییە لەوەدایە کە ڕۆمان بەشێکی گەورە لە نرخ و بایەخی جارانی خۆی لە دەست داوە و واوێدەچێ هەرچی زەمان تێدەپەڕێ لە پلە و پایەی بەرزی خۆی زیاتر دادەبەزێتەخوارێ. نووسەری سەردەمی ئێمە زیاتر وەکوو مرۆڤێکی ئاسایی چاولێدەکرێ تاوەکوو پێشەوایەکی فکری. بێگومان لە ڕابوردوودا نووسەر وەکوو پێشەوایەکی فکری چاولێدەکرا و خەڵک چاوەڕوان بوون لە هەموو بوارێکدا ڕێنوێنییان بکات. نووسەری نموونەی تۆلستۆی چەوتییەکانی دەردەبڕی و هەڕەشەی لە دەسەڵاتدارەکان و لە کۆمەڵ بەگشتی دەکرد و بە ئاشکرا پێی دەگوتن چییان بۆ باشە و چییان بۆ خراپە وچۆن پێویستە دەرس لە ڕابوردوو وەرگرن و هتد...

کوندرا یەکێک لەو ئاخرین نووسەرانەیە کە ڕۆڵی پێشەوایەکی فکری بە خۆیەوە دەگرێ، بەڵام جگە لەوە هۆیەکی تری ڕەشبینیی کوندرا ئەوەیە کە نەک هەر پێیوانییە لە داهاتوودا هەموو شتێک حەقی خۆی دەدرێتێ بەڵکوو بەپێچەوانەوە پێیوایە کە شتی بەنرخ فەرامۆش دەکرێن و شتگەلی سووک و باوی ڕۆژ سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. وا دیارە کە کوندرا پێیوایە ڕەخنەگران و نووسەرانی داهاتوو بەرەو ئاستێکی نزم دادەکشێنەخوارێ و توانای هەڵسەنگاندن و چێژوەرگرتن لە هونەریان نامێنێ.

دەسکەوتەکانی ڕۆمان

کوندرا پێیوایە ڕۆمان دەورێکی یەکجار گرینگی هەبووە لە ناساندنی ژیان و هەروەها لە مانابەخشین بە ژیانی مرۆڤ. ڕۆمان گەلێک بەر لە مارکس شەڕی چینایەتی و گەلێک بەر لە فرۆید نائاگایی دۆزیوەتەوە. وا دیارە دەسکەوتەکانی ڕۆمان یەک و دوو نین و گەلێک لەوە زۆرترن کە ئێمە پێمان زانیون.

بێگومان کوندرا یەکێک لە دڵسۆزترین لایەنگرانی هونەری ڕۆمان لە سەدەمی ئێمەدایە، جگە لەمە کوندرا زۆربەی ئیدعا ڕەخنەییەکانی خۆی لە کردەوەدا وەدیدێنێ. کوندرا دەڵێ: دەسکەوتی ڕۆمان لەو شتە دایە کە زانستەکانی دیکە بۆیان دەستەبەر ناکرێ، واتە ڕۆمان پێویستە شتێک کەشف بکات کە تەنیا ڕۆمان دەتوانێ کەشفی بکات. بۆنموونە بایەخی کتێبەکانی بالزاک بە هۆی لێکۆڵینەوە ئابوورییەکاینیەوە نییە بەڵکوو لەبەر ئەوەیە شێوەیەک بۆ دیتنی جیهان پێشنیار دەکات.

کەواوبو گرینگایەتی ڕۆمان لەوەدایە کە لەگەڵ ژیان بە هەموو دیاردەکانییەوە ڕوو بە ڕوویە. لە جیهانێکدا کە هەزاران بەشی زانستی لێکپچڕاو هەرکام پسپۆڕی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەرچی زیاتر دیمەنی جیهان لەبەر چاوی مرۆڤ ون دەبێ.

کاتێک مرۆڤ لاپەڕەی یەکەمی ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) هەڵدەداتەوە، جیهانێکی کامڵ لە بەردەمیدا وەدیاردەکەوێ. هەر دەڵێی ئەوەی مرۆڤ دەیخوێنێتەوە هیچکەس نەینووسیوە و ئەوە خودی ژیانە(هەرچەند شەڕ وئاشتی وەکوو هەموو ڕۆمانێکی دیکە داهێنراو و داڕێژراوی مێشکی تاکەکەسییە)، ئەمە دەربڕی ئەوەیە کە کەسایەتی تۆلستۆی لە کتێبەکەدا وەبەرچاو دەکەوێ چونکە تۆلستۆی لە کاتی نووسینی ڕۆمانەکەدا لە قالبی کەسایەتی خۆی هاتووەتەدەر و توانیویەتی لە کەسانی تر ولە ژیانیان تێبگات. یەکێک لە دەسکەوتە گەورەکانی ڕۆمان ئەو تەنز و ڕوحسووکییەیە کە ئاوێتەیە لەگەڵ بەرهەمەکانی سێروانتس و رابلە و

ستیرن و دیدرۆ و فیلدینگ. کوندرا بۆ لەدەستچوونی ئەو شادییە سادەیە بە پەرۆشە کە لە ڕۆمانەکانی قۆناخی لەدایکبوونی ڕۆماندا بەدیدەکرێ.

ناوی یەکەم ووتاری کتێبی (میراتە خەیانەت پێکراوەکان) ئەوەیە: ئەو ڕۆژەی کە پانۆراژا هیچ شتێک بۆ پێکەنین شک ناهات(پانۆراژا پاڵەوانی ڕۆمانی رابلەیە). پانۆراژا لە ڕۆمانەکەی رابلەدا بە هەموو شتێک ڕادەبوێرێ و هەر ڕۆژ شتێکی تازە بۆ پێکەنین دەدۆزێتەوە. بە بڕوای کوندرا لە سەردەمی ئێمەدا نووسینی ڕۆمانی رابلە ئاسا ئەگەر ناموکین نەبووبێت تەنیا بەو مەرجە مەیسەر دەبێ کە نووسەر بە وردی لە تەنزی نووسەرانی سەردەمی لەدایکبوونی ڕۆمان تێبگات، ئەو قۆناخەی کە بە بڕوای کوندرا بە کەیفترین و ڕوحسووکترین قۆناخە لە مێژووی ڕۆماندا.

کوندرا دەڵێ: ئەوانەی کە لە تەنزی ڕۆمانی رابلە تێناگەن قەت لە هونەری ڕۆمان تێناگەن، هیچ شتێک لەوە دژوارتر نییە کە تەنز شیبکەینەوە و لە زمان «نۆکتاڤیۆ پاز»ەوە دەڵێ: تەنز داهێنانێکە هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمان لە دایک بووە.

کڕینی زەمانی داهاتوو بە نرخی لە کیسدانی زەمانی ئێستا

کوندرا لە پێگەی پێشەوایەکی فکرییەوە هیچ چەشنە نوتۆپییەک بۆ مرۆڤ پێشنیار ناکات، بەڵکوو ئەو جینایەتمان پێ نیشان دەدات کە لە ژێر ناوی ئارمان وعەدالەتدا ئەنجام دراون، ئەو شاعیرانەمان پێ نیشان دەدات کە دڵە ساف و ساویلکەکانیان خستبووە خزمەت ڕژێمی تیرۆر وکوشتارەوە.

لە ماڵی شاعیردا، ژن حوکم دەکات، شاعیر تەنیا گوێ بۆ هەست ڕادەگرێ. ئەگەر ژن داواکارییەکانی شاعیر جێبەجێ نەکات، شاعیر ناچارە ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەک قەرەبووکاتەوە و وەفا و ئەوین لە شوێنێکی تردا بدۆزێتەوە: لە نوتۆپیدا، لە یەکگرتنی مرۆڤ لەگەڵ مێژوو و داهاتوودا. لە کتێبی (میراتە خەیانەت پێکراوەکان)دا، کوندرا لە گەلێک لە شاعیران و نووسەرانی ئەم سەدەیە نموونە دەهێنێتەوە کە کەوتنە هاوکاری کردنی ئیستالینیزم و نازیسم و فاشیسم و دەڵێ: مرۆڤ لە تەمومژدا دەژی و تا مەودایەکی کورت پێش خۆی دەبینێ، دروشم و بایەخە پێشنیارکراوەکان دەبینێ، نەک ئەو واقیعەی کە خەریکە پێکدێ ونەک ئەو داهاتوویەی کە هێشتا نەهاتووە. شاعیر ونبووەکەی خۆی لە شوڕشدا دەدۆزێتەوە و دڵی پێ دەسپێرێ. شۆڕش ناخوازێ ڕەخنەی لێبگیرێ یان بکەوێتە ژێر پرسیار، شۆڕش ناخوازێ بە چاوی نەیارەوە ببیندرێ، تەنانەت هەر ناخوازێ بەهیچ چاوێک ببیندرێ، مرۆڤ دەبێ لەگەڵی بکەوێ و دڵ بە ئامانجەکانی بسپێرێ. شاعیر لە ڕیزی یەکەم دایە. هێزە سیاسییەکان چ سەرکەوتوو، چ سەرنەکەوتوو هەموویان لە یەک خەسڵەتدا شەریکن: ناخوازن وەکوو خۆیان چۆن هەن ببیندرێن، بەڵکوو دەخوازن بە پێی ئارەزووی خۆیان حیسابیان لە سەر بکردرێ. بۆیە هەمیشە لە دوا قۆناخدا ئەوە وەسیلەیە کە لە ئامانج بە گرینگتر دەردەچێ. بەپێچەوانەی ووتە بە ناوبانگەکەی کە دەڵێ وەسیلە لە پێناو ئامانج دایە، لە دوا قۆناخدا ئەوە وەسیلەیە کە دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ و ئەو ئامانجە کە قەت وەدی نایە و پێنانێتە ناو زەمانی ئێستا بەڵکوو لە شوێنی جارانی(داهاتوو)دا دەمێنێتەوە.

بەڵام سەرچاوەکانی نوتۆپی کامەن؟ مرۆڤ خوازیاری بایەخی هاوبەشە و هەر جارێک ئەم بایەخە لە شتێکدا دەدرەوشێتەوە. یەکەم بناخەی

• شۆڕش ناخوازێ ڕەخنەی لێبگیرێ یان بکەوێتە ژێر پرسیار، شۆڕش ناخوازێ بە چاوی نەیارەوە ببیندرێ، تەنانەت هەر ناخوازێ بەهیچ چاوێک ببیندرێ، مرۆڤ دەبێ لەگەڵی بکەوێ و دڵ بە ئامانجەکانی بسپێرێ. شاعیر لە ڕیزی یەکەم دایە. هێزە سیاسییەکان چ سەرکەوتوو، چ سەرنەکەوتوو هەموویان لە یەک خەسڵەتدا شەریکن: ناخوازن وەکوو خۆیان چۆن هەن ببیندرێن، بەڵکوو دەخوازن بە پێی ئارەزووی خۆیان حیسابیان لە سەر بکردرێ.

توتالیتاریسم ئەوەیە کە دەسەڵات خۆی وەکوو شتێکی موقەدەس(پیرۆز)نیشان بدات و بۆ ئەم کارە لە بایەخە هاوبەشەکان کەڵک وەردەگرێ، لە ئاکامدا ئەگەر بێتوو کەسێک یا تاقمێک بیروڕا و بایەخی تایبەت بە خۆی هەبێ بەکافر لە قەڵەم دەدرێ و بە هیچ جۆرێک لە لایەن دەسەڵاتەوە تەحەمول ناکرێت. کەوابوو سەرکوتکردنی کەسایەتی تاکەکەس دووهەم بەردی بناخەی توتالیتاریسمە. هەڵبەت جینایەتەکان لە ژێر ناوی بەرپاکردنی بەهەشت و وەدیهێنانی ئامانجە مەزنەکاندا ئەنجام دەدرێن.

کوندرا دەڵێ: کۆمەڵگای توتالیتەر دەخوازێ سنووری نێوان ژیانی گشتی و ژیانی تایبەتی تێکبدات: هاوولاتییەکان بۆیان نییە هیچ شتێک لە حیزب یان لە دەوڵەت بشارنەوە. ئەوەی کە کافکا ئازار دەدا، نەک تەنیایی بەڵکوو دەستدرێژیکردن بۆ سەر تەنیایی بوو. لە جیهانی توتالیتاریدا کەس ناهێ حەز و ئاواتی جیاوازی هەبێ، هەموو لایەک دەبێ لە یاسایەکی پیرۆز پەیڕەوی بکەن کە بەڵێنی بەهەشتی داهاتووی پێداون. بەڵام ڕۆمان کە پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ ڕێژەیی بوونی جیهانەوە هەیە بەهیچ کلوجێک لەگەڵ فکری توتالیتاریدا نایەتەگونجان، مەگەر ئەوەیکە تا ئاستێکی نزم دابەزێتەخوار و ڕەسەنایەتی خۆی بدۆڕێنێ. ئەوکات ئیتر ڕۆمان درێژە بە کەشفکردنی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و دیاردە جۆراوجۆرەکانی نادات بەڵکوو دەبێتە خزمەتکاری دەسەڵاتێک کە خۆی بە خاوەنی حەقیقەتێکی هاوبەش دەزانێ، بۆیە بە بڕوای کوندرا ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ ڕۆمان لە یەکێتی سۆڤیەتدا دەوری خزمەتکاری بینی. کارلۆس فۆنتس دەڵێ: ئەوە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا بوو کە بەهەشت لە ئاسمانەوە هاتە زەوی و لە داهاتوودا سەقامگیربوو، تا بەر لەو سەردەمە بەهەشت لە ڕابوردوودا بوو. دۆنکیشوت دەیەویست بەهەشتی ڕابوردوو سەر لەنوێ زیندووکاتەوە بەڵام نوتۆپی یان بەهەشت لە سەردەمی ئێمەدا تەنیا یەک زەمانی هەیە ونەویش داهاتوویە. کاپیتالیسم سیستمێکی چەوسێنەرە ، بەڵام ئەوەش هەیە کە هێندێک جار ڕەخنە لە خۆی دەگرێ ودەست دەکات بە ڕیفۆرم.

خاڵی لاوازی کاپیتالیسم لە بەرابەر کمونیزم دا ئەوەیە کە هیچ نوتۆپییەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ مرۆڤ پێشنیار ناکات، کەچی کمونیزم نەک هەر وادەی بەهەشتی داهاتووی پێیە بەڵکوو ئەم بەهەشتە هەموو خەسڵەتەکانی بەهەشتی لە کیسچووی ڕابوردووشی سەر لەنوێ تێدا

زیندووکراوەتەوە (هەرکەس گومان لەو وادەیە بکات بە کافر لە قەڵەم دەدرێ). کوندرا دەڵێ: لە داهاتووی وادە پێدراوی کومونیزمدا ئیتر جیهان وەکوو بێگانەیەک لە بەرانبەر مرۆڤدا ناوەستێ. بەڵکوو جیهان و مرۆڤ و مرۆڤەکان هەموویان یەک شت و خاوەنی یەک مانا و یەک ڕێبازن، هەر بۆیە هەر کەس لە دروستکردنی جیهانی کمونیستی دا بەشداری نەکردبا وەکوو خاڵێکی ڕەش سەیر دەکرا؛ بوونەوەرێکی بێبەری لە هەست و سۆز کە تەنیا بەکاری ئەوە دێت کە لە ژێر پێدا سەری پان کەنەوە! هەر وەکوو کارلۆس فۆنتس دەڵێ: پاڵەوانگەلی ڕۆمانەکانی کوندرا پێویست نییە لە خەوا ڕاپەڕن و ببینن کە بوون بە قالۆنچە، چونکە مێژووی کمونیزم خۆی وەکوو قالۆنچە لەگەڵیان ڕەفتار دەکات.

لە کۆتاییدا

بێگومان گوێ ڕاگرتن لە ووتەکانی کوندرا بۆ ئەوانەی کە ڕێگای قسەکردن بە کەسانی تر نادەن یان بۆ ئەوانەی کە پێیانوایە کەسانی تریش دەبێ وەکوو ئەوان بیر بکەنەوە و بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە پێیان وایە حەقیقەتیان دۆزیوەتەوە زۆر پێویستە.

ڕێکخراوە سکتاریستییەکانی سەردەمی ئێمە چ لە قالبی عەشیرەییدا و چ لە قالبی ئایدیۆلۆژی ویشکهەلاتوودا لە یەک نەخۆشیدا هاوبەشن و ئەویش دوژمنایەتی لەگەڵ شتی جیاوازە؛ جیاواز لەگەڵ بیر وئیمانیان یان لەگەڵ ڕەگەز و تەنانەت لەگەڵ بەرەبابی خۆیان.

ووتە و بۆچوونەکانی کوندرا نیشاندەری ئەوەیە کە بڕواکانی سەردەمی ڕۆشنگەری لە سەر مرۆڤ، وەکوو گیانلەبەرێکی خاوەن عەقڵ و سەروەری ژینەوەران کەوتووەتە ژێر پرسیاری گومانەوە (نەک هەر مرۆڤ، بەڵکو مێژووی مرۆڤایەتیش و ئایدیۆلۆژییەکانیش).

کوندرا دەڵێ: لەوانەیە مرۆڤ لە بەرانبەر چارەنووسدا هەست بە بەرپرسایەتی بکات، بەڵام چارەنووس لە بەرانبەر مرۆڤدا هەست بە بەرپرسایەتی ناکات.

هۆیەکانی نائومێدی مرۆڤی هاوچەرخ لەبەرانبەر چارەنووسدا لە زۆر ڕوانگەوە شیکراوەتەوە، بەبڕوای کوندرا هۆی سەرەکی ئەم نائومێدییە ئەوەیە کە ئارمانەکانی مرۆڤ دەبنە چەکێکی کوشندە لە دژی مرۆڤ. ■

مەحمود باکسی و دەردی کوردی ئاوارە

نووسینی: **قاسم ریانی**

لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٥دا، کاتێک ڕۆمانی "بووکی ڤیدیۆیی"(Videobruden)، نووسراوەی «مەحمود باکسی»، بە زمانی سوێدی بڵاوبۆوە، سەرنجی ڕەخنەگرانی بەخۆوە ڕاکێشا و لە ڕۆژنامەکان و تەلەڤیزیۆنی (بەتایبەت بەشی هەواڵەکان) سوێد لەسەری دوان. لەو نێوەدا بابەتەکانی ئەو ڕۆمانە و بەتایبەت ئەو چەند نامەی کە وەک بەڵگە (دێکۆمێنت) لە کۆتایی کتێبەکەدا چاپکراوە کاربەدەستانی بە تایبەت "دایرەی پەنابەرانی سوێد"یشی خستە ناوەندی باسێکی گەرمەوە، هەڵبەت دیارە ئەوە بەخۆڕایی نەبوو، چونکە هەموو ناوەڕۆکی کتێبەکە بێ وشەیەک کەم، باسی ژیانی کوردی پەنابەر لە دەرەوەی وڵات بەگشتی و لە سوێد بە تایبەت دەکا.

فەرهاد" کوڕە کوردێکی پەڕەوازەی نوروویا کە لە پێشدا پەنابەری سوێد بووە و بە دوای ماوەیەک مانەوە لە "بەرلین" سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە "ستۆکهۆڵم". فەرهاد بە هۆی "کازۆ" کە خاوەن شەریکەیەکی کچ بە شودانی "ڤیدیۆ"ییە، ئەویندارى کچە کوردێک (شیرن) دەبێ کە بە هیوای مێردکردن بە فەرهاد لە کوردستانەوە دێتە سوێد. هەموو تراژێدییەکە هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە دەستپێدەکا. فەرهاد لەگەڵ گەلی هەڤاڵانی لە فرۆکەخانەی "ئارلاندا" بە«... دەهۆڵ و زورناوە...» دەچێتە پێشوازی بووکێ. بەڵام فەرهاد هەر لە فرۆکەخانە دەستبەجێ پێیدەزانێ کە ئەو کچەی کازۆ لە ڤیدیۆدا نیشانی داوە ئەو (شیرن) نییە:

«... ئەوە ڕاست نییە، شتومەکی قەڵبیان ناردووە، کازۆ فریوی داوم، من لە دادگا شکایەتی لێدەکەم...»و شیرن وەستۆی خۆ ناگرێ و ڕێگەی خۆی دادەگرێ و دەڕوا.

بەو چەشنە قەیران سەر هەڵدەدا و لە ڕێگەی وەدواکەوتنی چارەنووسی ئەو دوو پاڵەوانانەوە خوێنەر لەگەڵ زۆر ڕووداو و قارەمان و گرێوگۆڵی تر ئاشنا دەبێ. لەو ڕێگەیەدا خوێنەر سەفەرێکی کورت بە نێو ژیانی تفت وتاڵی پەنابەری کورد لە سوێد دەکا و لەگەڵ لەمپەر و گیروگرفتی ژیانی ڕۆژانەی ئەو خەڵکە ئاشنا دەبێ.

مەحمود باکسی بە نیشاندانی زیندوویی و گیانسەختی ڕابردووی پاڵەوانەکان لە بچووکترین ئاکار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا شارەزایی خۆی وەک نووسەرێکی ڕەواننناسی نەتەوەکەی دەردەخا. هەرچەند ئەو ڕەواننناسییە لەڕادەی نەتەویی کۆمەڵایەتی دایە و کاتێک دەگاتە تاکەکەس "Indevid"دووپاتبوونەوەی ساکارانەی دەیان جارەی مۆنۆلۆگە "Monolog"کان شارەزایی ڕەوانی نووسەر لەو ئاستەدا بە قوڵایی ناخاتە بەر چاوی خوێنەرەوە، بەکورتی نووسەر لە چوونی نێو ڕەوانی تاکەکەسدا سەرکەوتوو نەبووە. نووسەر بە نەترسییەکی یەکجار زۆرەوە پەنجە بۆ گۆشە دواکەوتووەکانی گیانسەختی فەرهەنگ وکولتووری نەتەوەی کورد کە وەک کۆڵکە دارێکی کۆن لە هەموو بوارێکی ژیانی تاکەکەسی پاڵەوانەکانیدا ریشەی داکوتاوە، ڕادەکێشێ و بوێرانە لە بەرانبەر خۆینەری سوێدی خۆیدا سەرکۆنەی هەڵگرانی ئەو داب ونەریتە دەکا. بەو چەشنە «باکسی» بە تەواوی خۆی لە چنگ مۆتەی مۆرالیسم (Moralism) ڕزگار کردوە. هەڵبەت خامەی نووسەر هاوکات کۆمەڵگەی سوێد وسوێدیانیشی پێکاوە و لەو ڕێگەیەدا لە لایەک پێونەندییە کۆمەڵایەتییەکانی قارەمانەکانی خۆی لەتەک کۆمەڵگەی سەنعەتیی سوێد و یاساکانی و لە لایەکی دیکەوە دژکردەوە و تێڕوانینی ئەو کۆمەڵگەیە سەبارەت بە ئەوان بە خۆینەری سوێدی دەناسێنێ و ڕەوتی بێ

دەسەلاتی ئەو خەڵکە لە بەرانبەر ئالۆزی یاسا و فـــەرهەنگ وداب و نەریتی رۆژئاوادا و تێکئەڵقانیان لەگەڵ ئەو داب ونەریت وقانونانە دەستنیشان دەکا.

لە کتێبەکەی پێشووی باکسی دا «حەسەن ئاغـا»، ئەو تێکۆشانە پتر کـەوتۆتە ناوەندی چیـرۆکـەکـانەوە. حـەسـەن ئاغـا کـۆمـەڵە کورتەچیرۆکێکە کە وێنە و ناوەڕۆک و رووداو وکـەسایەتییـەکانی بە چەشنێک لە کـاتێکی جیـاوازدا، بەڵام لە فـۆرمی رۆماندا لە «بووکی ڤیدیۆیی»دا دووپاتکراوەتەوە. کتێبی«حەسەن ئاغـا» شـارەزایی نووسـەر لە ئاست دەربڕینی مەبەستەکانی خۆی لە چوارچێوەی کورتەچیرۆکدا نیشـاندەدا. سـەرتۆپی ئەو کۆمـەڵە چیـرۆکـە، چیـرۆکی "پەرو"یە کـە بەسـەرهاتی تەنیـایی و بێـدەسـەلاتی ژنە کـوردێکی نەخـوێندەواری ئاوارەی کوردە کە بە هۆی راکردنی مێردەکەی لە کوردستانی تورکیاوە، ناچاردەبێ گوندی خۆی بەجێهێڵێ و وەدوای چارەنووسی مێـردەکەی کەوێ. چیرۆک دەربڕی رەوان ودەرونی "تیپ" و بەرەیەکی تایبەتییە کە بۆتە قۆچی قوربانی داب و نەریتی دوو کۆمەڵگە. مەحمود باکسی لەو کتێبەدا پەنجەی هەر بۆ ژیانی کوردی کۆڵەوار رانەکێشـاوە، بەڵکوو ژیانی تورک وعـەرەبی ئاوارە لە سـوێدیش هەر وەک ژیانی کـوردەکـە کراوەتە هەوێنی چیرۆکەکانی.

نووسـەر لە« بووکی ڤـیـدیۆیی»دا هەتا ئەو رادەیە خۆی دەربەستی "تێکنیک" و سەنعەتی رازاندنەوەی رۆمـاننووسی نەکردوە کـە "تەنز" و "تراژێدی" بە بێ هیچ هۆیەکی هونەرمـەندانە ئاوێتە دەکـا. نووسەر لە سەرەتای چیرۆکدا بە شـــێـــوەیەکی تەنز باسی چوونی "زینۆ" و هاورێیانی بۆ فرۆکەخانەی "ئارلاندا" دەکا کە "«.. بە دەهۆڵ و زورناوە ... بە خـــۆیان وکێردێک بەدەستەوە و مەرێک لە پێشدا ... بەرەوپیری بووکێ(شیرن) دەچن»، بەڵام لە پڕ لە درێژەی رۆمـانەکـەدا ئەو تێکنیکە ئاسـەواری نامێنێ. تەنیا لە شوێنێک نەبێ کە «حەسەن» یەکێک لە قارەمانەکانی چیرۆکەکە داوای ئیزنی هێنانی گوێدرێژێک لە ئیدارەی پەنابەران دەکا کە لە کوردستانەوە بیهێنێتە سوێدێ. ئەوەش بە شێوەیەکی زۆر ناشیانە وەک رووداوێکی لاوەکی بە توبزی نێـوئاخنی چیـرۆکـەکـە کـراوە و چیکڵدانەی خۆتەرەوەی سوێدی هەڵناگرێ.

ئەو رووداوە لاوەکـیـانەی کـە یەک بە دوای یەکـدا لە رۆمـانەکـەدا دەهێنرێنەوە، بە گـوێرەی زانســتی رۆمـاننووسی دەبێ وەک چیـرۆکی بچووک بچووک لە دەوری «ناوەند»ەوەها نێوئاخن بکردرێن کە پێوەندی مەنتیقی و راستەوخۆی لەگەڵ بابەت و رووداوی سەرەکی لە سەرانسەری رۆماندا رابگرێ و وەک ئورکێسترێکی مۆسیقا خاوەن هارمۆنی وەک شێعرێک خاوەن وەزنی خۆی بێ. رۆمـانی «بووکی ڤـیـدیۆیی» بە هۆی لەبەرچاو نەگـرتنی ئەو قـانوونە گـرینگە نرخی ناوەڕۆکی رۆمانی هێناوەتە رادەیەکی یەکجار نزم و بە واتەیەکی کورت ناوەندی رۆمانەکە قوربانی بێفۆرمی و بێ تێکنیکی بووە. بوونی پەیوەندی مەنتیقی لە نێـوان فـۆرم و ناوەڕۆکـدا دەتوانێ نرخی بێ بایەخـترین چیـرۆک و رۆمـان سـەت چەندان بباتە سەر.

ئەو کـورتە چیـرۆکـانەی کـە نووسـەر چەپ و راست نێـوئاخنیـان دەکـا، دەکـرا وەک کـورتە چیـرۆکی سـەربەخـۆ لە بڵاوکـراوەیەکی تردا بڵاو بکرێنەوە.

هەروەها قـەراخ لێکێـشـانی زۆر لە دەوری مـەسـەلەکـان، دووپاتکردنەوەی لەرادەبەدەری هێندێک واتەی تایبـەتی، خـوێنەر لە بابەتی سەرەکی دووردەکـاتەوە و هەست وحەوسـەلەی خوێندنەوەی خوێنەر دانامرکێنی. جودا لەو هەموو شتانە شێوە نووسینی نووسەر کە بە چەشنێکی رۆژنامەوانانە رۆمانەکە لە زمان سێهەم کەسەوە دەگێڕێتەوە، کـتێبـەکـەی لە حـاڵەتی رۆمـان بردۆتەدەر. چیرۆک بە زمانێکی یەکجار ساکار و هاسان نووسراوە کە خاوەن زمانی ئەدەبی نییە، راوێژی زاری پاڵەوانەکـان دەگـەڵ زمـانی ئەو کەسەی بەسەرهاتەکە دەگێڕێتەوە (کە هەر خودی نووسەرە)، جیـاوازی نییـە. رووداوەکان وەک چۆن وێنەیەک کە بەکامێرا کۆپی کرا بێ، بێ هیچ دەسـتـێـوەردانێک لە خـودی واقـیـعـەوە هەڵدەگـرێتـەوە، هەر ئاواش بۆ خـوێنەر دەگێڕدرێنەوە. هەرچەندیش لەوانەیە لە راستیدا ئەو رووداوانە هەرگیز نەقەومابن، ئەوە نیشان دەدا کە رووداوەکان بە وردی بە بێژینگی خەیاڵی هونەرمەند دانەبێژراون.

نووسـینی ئەو رۆمـانە، بوو بە هۆی ئەوەیکە ئاکـاری چەوتی چەند لایەن لە دنیـای واقـیـعـدا لەقاو بدرێ. ئاشکرا بوو کە ئیدارەی پەنابەرانی سوێد(Invandraverket) ئەو کـچـانەی بۆ مێردکردن لە کوردستانەوە دەخوازرێن و پاشان تەڵاق دەدرێن یان تەڵاق وەردەگـــرن، بە زۆر دەنێردرێنەوە کوردستـان و ئەوان تووشی ژیان و هەلومـەرجـێکی نوێ و نەخـوازراو دەکـەن کـە هەرگـیـز لەگـەڵ ژیانی پێش هاتنیـان بۆ سـوێد بەراورد ناکرێ، ئەو ژیانە چارەڕەشی و هەتاسەر بێ مێرد مانەوەیان باشتیرین ئاکام بۆ ئەو ژنانە دەبێ.

لەگەڵ هەمووی ئەوانە مەحمود باکسی دەربڕی دەرد و ژانی بەرە وتیپێکە کە یەخسیری دوو جیهانی بە تەواوی لێک جیاوازە:

جیهانی تۆتالیتەر و سەرکوتکەر لە لایەک کە خۆڵقێنەری هەموو گرێوگۆڵێکی روحی قارەمانە و دنیای سەنعەت، زانست، تێکنۆلۆژی و بورسی رۆژئاوا لە لایەکی دیکەوە، کە سیستیماتیک وەک جاڵجاڵۆکە ئەو تاکەکەسەی دەخاتە نێو تۆری ناسکی خـۆیەوە. ونکردنی ناسنامـە و کەسایەتی، سەرهەڵدانی گرێوگۆڵەکانی کۆن ونوێ و بێزاری وبێگانەیی لە خـۆ، ئەتیـجـەی سروشتی ئەو یەخسیرییەیە. پەیامی نووسەر ئەو پەندی پێشینیانە وەبیر دەخاتەوە کە «هێمن»ی زمانێک ئاوارە گوتبووی:

«ئەولام تات و ئەولام تات، ئەی بابە جـیـقم دەرهات».

■

سێ هۆنراوە:

حەمە سەعید حەسەن

١) توانەوە

چاو لێکدەنێم دەتبینم،
چاو هەڵدێنم دەتبینم،
دەخەوم دێیتە خەوم،
ڕادەبم بەرانبەرمی،
ئەی ئەو تەنیا درەختەی
لە سێبەری باڵاتا نەبێ ناحەوێمەوە.

ئێستا مانگ چواردە شەوە،
تۆیش چاوت تێبڕیوە،
ئۆخەی مانگ هەر یەکێکە،
منیش لە لای خۆمەوە
چاوێکم هەزار چاوە
ڕووتی تێدا دەبینم،
بۆی دەبم بە خەرمانە، لە دەوری دەخولێمەوە.

دۆینێ بە درێژایی شەو
من نوستبووم تۆیش بە دیار سەرمەوە ئێشکگربووی،
بەیانی کاتێ ڕابووم
تا خەو پێڵووی پێ لێکنام
وێنەکەتم ڕامووسی.

تۆ زەردەخەنەی لێوی فرمێسکی گەشی منی،
تۆ چرای شادی شەوی خەم و خەفەتی منی،
کە گوێم لە دەنگت دەبێ،
خەمم خۆشی لێ دەتکێ،
ئەوینت فێری کردم
ترسم لە گڕی دۆزەخ،
لە قوولیی زەریا بشکێ.

ئەوە خواستی خودا بوو کە یەکتریان ناسی
نەک ڕێکەوتی ئاسایی،
بۆیە خوشەویستیمان داستانێکە خودایی.

لە کڵێسەی ئەوینتا بەندەیەکم گوێڕایەڵ،
بە دەم نوێژەوە دەگریم،
دەگریم دەکڕووزێمەوە،
کۆڵنادەم تا وەک تیشکی مۆمی لەناو هەتاوی
جوانیتا دەتوێمەوە.

من نازانم بێ تۆ چیم!
ماسییەکم تەنیا لە زەریای ئەوینتا نەبێ ناژیم.
گیانم تەنیا دڵۆپە ئاوێکی ناو کانیاوی
ڕۆشنی دڵداریتە،
بێ تۆ دڵێکی وەستاو، لەشێکی بێ ڕەوانم،
داستانێکی بێ ڕووداو، بێ شوێن و بێ زەمانم.

١٩٩٥

٢) تاڵێک لە تیشکی جوانیی خوا

ئینجانەی دڵ:
گوڵی ڤیانی تۆی تیایە،
ئاوێنەی چاو:
سیمای نورانیی تۆی تیایە،
دایکی گوێچکەم:
ئامێزی بۆ چرپەی لێوت کراوەیە،
گوڵی لەشم:
هەر ماسیی گیانی تۆی تیایە.
ئەوینی من: گوڵێکە هەرگیز ناژاکێ،
ڕووخساری تۆ: تاڵە تیشکێکە خودایی،
ئاوا نابێ.
ئەگەر ڕووناکیی ئەوینت،
لە ئاسۆی بوونم بزر بێ
تاریکستانە ژیانم.
باران زادەی پەڵە هەورە؟

یا تەمومژ زادەی ئاوە؟
تۆ زادەی دایکی ئەوینی؟
یا دایکی ئەوین زادەی تۆ؟
من متمانەم بە یەک یاسای پیرۆز هەیە:
یاسای ئەوین.
من متمانەم بە یەک هێزی باڵا هەیە:
هێزی ئەوین.

١٩٩٥

٣) باڵات بڵند وەک چناری خەمم

شەوانە لەسەر لقی درەختی دڵم کوختیی خەم
کز هەڵکورماوە،
ڕۆژان تیرۆژی هیوا دەڕژێتە ژووری گیانمەوە،
ئەوە تروسکەی چاوەکانت بوو:
گڕی بەردایە زەریاچەی خەمم،
ئەوە ئەوینی بێ سنوورت بوو:
سەرچاوەی خۆری بڕوای نیشاندام،
شەونمی گەرمی سەر پەڕەی گوڵی سیمای نوورانیت
سەر لە نوێ گیانی پێ بەخشیمەوە،
دڵم گوندێکی ئەنفالکراو بوو
هێزی ئەوینت دیسان تەمەنی بۆ نووسییەوە،
بێجگە لە شاری نامێزی گەرمت،
لە سەرانسەری دنیادا نامۆم.
بە ئاوی ڕوونی کانیاوی دەمت نەبێ، تینوێتیم
بە هیچ ناشکێ،
ئەگەر تۆ نەبای
مەحاڵ بوو ئیدی ڕێگەی ژیانم نەدەبینییەوە.

١٩٩٥

بێگانە

شێعر: **ئەحمەد دەشتی**

وەڵاتەکەم
کەس وکار و
باوانەکەم
هۆ شارەکەم
هەوڵێرەکەی
برینەکەم
وا نامۆیی و
ئاوارەیی
هەوری ڕەشی
لە ئاسمانی
دەربەدەری
لێ توند کردووم
بێ بەزەیی
ڕۆژگارانی
شووم ودوونی
لە سەر کێلگەی
زامەکانم
بۆ تۆ کردووم
لەهەرەتی بێگانەییم
برینانی پڕی ژانم
مەرگی ژیانی
دابین کردووم
کاتێ دڵی پڕ کوان و
غەوارەییم
لە ناو خەم و
کارەساتان
بۆ وەستانی
خوێنی ڕەگم
زەنگی بڤەی
خەم لێدەدا
دەڵێم گیانە
وەڵاتەکەی
شیرینی من
ئەی هەوارگەی
شادی ژیان و
ئاواتی من
بۆ تۆ جەستەم
پڕی سۆیە
لێرەش هەموو
جوانی دڵم
تەنیا تۆیە
هەڤاڵانم
دایک و خوشک و
برایانم
لوتکەی چیا و
شار و دەشت و
کۆسارانم
گوندی جوان و
گشت ڕەوەز و
پەسارانم
یادتان دەکەم
وەکوو کوێران
کە چۆن یادی
سۆمای چاو و
بینین دەکەن
تێنووی ڕۆژی
دیدارتانم
هەر وەک زەوی
کە بێ ئاو بێ
تەشنەی هەوا و
بارانتانم
هەر دێمەوە
بە ئازادی
لاتان دەژیم
لەگەڵ یاران
مەرگی غوربەت
لەناو خاکی
شیرینی خۆم
وەدی دێنم.

****

بە یادی ئاوارەیی ودەربەدەری

شیعر: مەهاباد قەرەداغی

زەردەشت
خواوەندی تیشک و پەیام

لە بەندەرە تراویلکەییەکانی هەرێمی گومانەوە هەڵمانکرد،
هاتووین دەستێ بێنین بەسەر پێستی نەرمی کارەساتەکان و،
فرمێسکەکانی چاوی ڕووداو
بەناو لەپی زبری دڵنیاییمان بسڕین و،
دڵی گەردیلە ڕەشەکانی ڕووناکی بدەینەوە...

لەسەر شۆستە نیگەرانەکانی تەنیاییە چرچەکان ڕاوەستاوین و،
بەدەم ڕێبوارە قژ سەوزەکانی خەونەوە
بزەمان دەمەیێ و،
ژەهرەخەنەی سەر لێوی باخچەکان دەگەچرێن...

لە گۆڕەپانە فێنکەکانی کەناری شەو دانیشتوین و،
بۆنی تیشکەکانی ڕۆژ.. لەچاوئەندازە لۆچەکانی دەریاوە هەڵدەمژین و...
ئەم سروشتە دەستکردە دەسڕینەوە،
ئەم سروشتە بێ چوارچێوەیە لوول دەدەین و،
لە پشت دەرگایەکی هەورینی ئاسماندا هەڵیدەگرین
گرێیەک لە تیشک دەدەین و..
لە بۆشاییە سێگۆشەکانی
خەون و
هیوا و..
چاوەڕوانیدا
هەڵی دەواسین

گرێیەک لە جوانییە پەنهانەکانی تاراوگە دەدەین و..
لەسەر هەردەمە بێ شوێنەوارەکانی کۆچدا جێیێیان دێڵێن.
گڵۆپێک لەبەرپێی حەزرەتی تاریکیدا سەردەبڕین و..
دەبینە دەروێشی شەوە هیپیەکانی کەنار جادەی مەرگ.
قژی درێژی ڕۆحمان
بەسەر شانە شکۆدارەکانی خەڵوەتدا پەخش دەکەینەوە و،

زەرکە کوول و ژەنگاویەکانی بێدەنگی
بە سەر و زگ و گۆنای خۆماندا دەکەین.
ساتە بێئەندازە کورتەکانی ماچ
دەبنە پەیامی بێهودەیی و
لە کونە بخوڕی دیوارە درزاویەکانی شەهوەتدا جێدەمێنن.

ساتە بێئەندازە درێژەکانی گومڕایی
شەربەکانی هۆش پڕ دەکەن لە زەنگیانەی گومان و،
کوتە ئاوێنەی درۆنگی

دنیایەکی سەیرە..
هەر دەڵێی نوکتەیەکی ئەزەلییە و،
ختوکەیەکی شێتانەی سروشت دەدا.
دەڵێی یاداشتی بیرچوونەوەیە
چوون دەریایەکی فراوانی ئەلکهولە و..
هۆشە ئیسفەنجییەکانی ئێمەش ماسین.

***

چاوە گەردونیەکانمان.. هەموو کۆچە ئەبەدیەکانیان دیوە، و
هەموو شێوەیەکی مەرگی نەمریان تاقیکردۆتەوە.

ڕۆحە بەئەزموونەکانمان.. نوقمی حەوزەکانی تەنیایی و
خەڵتانی سەوزاییەکانی گومان و..
ملکەچی فرمانەکانی چەخماخە و شەپۆل بوون.

جەستە گەردوونیەکانمان..
سەدەکانیان پڕ کرد لە بەرامەی مێخەکی لەدایکبوون
ڕۆژەکانیان ڕازاندەوە بە تیشکی سزا، و
شەوەکانیان نەخشاند بە هەسارەی بێ جریوەی مەرگ.

لێوه گەردوونیەکانمان.. بە ماچ مێژوویان نووسی .. و
بە تف سڕییانەوە.

پەنجە گەردوونیەکانمان.. سەری جەنگەڵە چڕەکانی خەونیان ڕووانیی
شارەخۆرەکانی هۆشیان وروژاند

عەقڵە گەردوونیەکانمان...
خاڵیان لەسەر هەموو واژە لێکترازاوەکانی وەکو
ئەستێرە و
خۆر و
خۆشەویستی و
بیر و
مەرگ و
لەدایک بوون و
خوا.. دانا.. و..
خاڵی هەموو ڕستە بێ ناوەڕۆکەکانی
فەلسەفەی سەوزی سروشتی شێتیان سڕییەوە.

هێشتا لەسەر مەرزی بوون و نەبووندا بووین
ڕێک لە قەراغی منداڵدانە مەزنەکانی دایکە گەردوونییەکانمان
هەر لە لێواری ژیاندا
تەونەکانی تاوان
بە پەلوپۆ نەرمەکانی ساواییمانەوە ئاڵان.. و
گڕوگاڵە خواییەکانمانیان لوول کرد.
جووڵەکانمان ڕچان
کاتەکانمان کەرت کەرت و
شوێنەکانمان ونجڕ ونجڕ بوون
ئیدی ڕووناکی درز بردی و
با ڕشایەوە
قەڵا قایمەکانی متمانە هەرەسیان هێنا
پەرژینە ڕوختەکانی حەز لەق بوون.

سروشتێکی سەیرە!
دارستانە لێوبەبارەکانی ئەوین
بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە
ئەو ماچە ئاونگییانەی کە بە لێوەکانی گوڵەوە بەجێمان
ئێستا بوونەتە هەڵمێکی شەوەزەنگیی
ئەو هۆرە کۆچەرییانە ی
کە گۆپکەی دوندیان کردبووە هێلانە
ئاوازەکانیان پەڕ پەڕ هەڵوەرین !

سروشتێکە..
شێتبوون فێری یەکە یەکەی کۆترەکان دەکات
گاڵی هەموو سەرووەکانی داوە بمرن!
هەموو ئەستێرکەکانی هەیوانی برسێتی پڕ کردووە لە لم.
ئەستێرەکانی کردۆتە دۆستی توانەوە
تیشکەکانی ناوەتە باوەشی کۆچ
بێشکەکانی کردۆتە دراوسێی تەرم
بە هاژەی دەریایەکی شێت
لایلایە بۆ دارستانی ڕۆحی سەرکێشی خوا دەکات.
سروشتێکە..
قوولاییەکانی سەرنجی کردۆتە دۆڵی ڕامان
ڕامان لەو هەورانەی نیشتەجێی کەناری دورگەکانی جەستەن
لەو بارانانەی
هێشتا نەباریون ، بەڵام نوقمی بیرکردنەوەن بۆ بارین.

چ سامناکە ، لەرینەوەی دارێکی بەر زریان
بۆ چۆلەکەیەکی ماڵوێران کە پەناهەندەی باخچەیەکی شەکەتە
چ بێدەنگە گڤەی ئەو بارەشەی کە خەونەکانی دورگەی ئەوین ڕادەماڵێ
چ قەشەنگە مردنی دوای ساتە باوەشێکی ئاسودەیی
کە بە ئەندازەی دنیای بەرینی عەشق
جەستەی ڕاژەندبێ.

چەند شێتە ، شەپۆل ؟!
چەند هەزار دڵۆپ خەونی وروژاندووە ؟!
چەند زۆڵە تاریکی ؟!
چەند هەزار جەنگی لە نێوان هەسارەی نومێد و ، دورگەی چاوەڕوانی
هەڵگیرساندووە ؟!
چەند بلیمەتە عەشق ، هەموومانی تامەزرۆی جوانی و هەوەسی پیرۆز
کردووە !

زەردەشت !

هاوده‌مه ئاگراویه‌کەم،
هاوڕێ ئایدیاله‌کەم
به پەنجەی شایەقانی ئاگرین
ڕێگەی دورگە دۆزەخیەکانی حەزم پیشان دە
پریشکێکیش موفەڕکە گرم وێدە
با وەکو بازنگێکی خوایی،
وەکو بازنگێکی لاهووتی لە مەچەکمی ئالێنم
زەردەشت!
لە چاڵە ئەهریمەنیەکانی بێدەنگیدا نوقمی دەریای خەڵوەتم کە
لە شەکڵە بێسنوورەکانی تیشکدا جەستەم بتوێنەوە
با " ئاهورامەزدا" لە کڵێشەی پشکۆییمدا بەرجەستە بێ.

لەرزێکی ئاگرین تیشکی ڕچاندووە!
دەردێکی سامناک لە ئاوی داوە.. و
ڕەنگی دەریای هەڵبزرکاندووە!

دەموچاوی دەریاش، وەک سیمای دایکی گەردوونیم چرچ و لۆچ بووە!
منالدانی دەریاش پڕە لە کچی تاریکیی،
کە لە دالانە شێدارەکانی بورکاندا لەدایک دەبن و
لە تارماییە گەرمەکانی گوماندا دەمرن.

زەردەشت..
ئێرە مەملەکەتی گومانە شەیتانیەکانە !
هەسارەیەکی کوژاوەی یادە
شەکڵێکی هەرەمی و ساوێلکانەی ژیانە.

تیشک.. تەنها تیشک،
تەنها ڕووناکی.. خەونە بازنەییەکانی مەرگ دێنێتە دی
تەنها چاوە هەڵگیرساوەکانی پشکۆی ئومێد
ئۆجاخە تراویلکەییەکانی ئارەزوو ڕۆشن دەکاتەوە!

زەردەشت ، دڵدارە ئێجگار پیرەکەم
لێوە ئاگرینەکانت بنێ سەر لێوی سەوزی هیوام.
ماچم بکە،
ماچێ هاوشێوەی ئەستێرە و
هاوڕەنگی خۆر بێ
زەردەشت ، هاوسەرە شەپۆلاوییەکەم
لە شەتاوی پەیامە نوورانیەکەتم هەڵکێشی.

لەم هێلانە ئاسمانیەدا
کە لە دەڤەری بادا.. پەیام ڕۆحە ئەفسوناویەکەم دەلاوێنێ
لەم ماڵە بێکەوشەنەی خەیاڵدا
لەسەر نەرمە تیشکی بێدەنگی دەڕازێم و..
ئێوارە شەرابیەکان دەبنە لێفەم

خۆشەویستە خواییەکەم
کە دێی ، مشتێ ئەبەدیەت.. و
پێکێ گەردوونم بۆ بێنە.

خۆشەویستە غەیبیەکەم
کە دێی ، دڵۆپێ ژیان و
زەڕەیەک کامەرانیم بۆ بێنە.
من سەما دەکەم ، و .. بزەی ڕۆح
لە جادە چۆڵ و بێ کسپەکانی جەستەدا
لە تووێلە مەرگاویەکانی ئاگردا
دەمەیێ
من سەما دەکەم و، دەهۆڵی لاساریی
نۆتەکانی شەو لە دووتوێی دەنگە دێوانەکەیدا نوقم ئەکا

دەمەوێ بە سەما تابلۆ ی دەریا بکێشم
بە ماچ ڕەنگەکانی تاریکی پیشانی تیشک بدەم
بە بزوتنێکی شێتانە لاسایی لەنجەی با بکەمەوە
بە هەنگاوی هێمنی قەڵەم پیاسەیەکی گەردوونی بکەم

دەمەوێ، پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ ، نهێنیەکانی سروشتم پێچابێتەوە و
کلیلەکانی دەریام لە بەرکم نابێ و..
ڕێگە ئاویەکەی ئاسمانم گرتبێتە بەر

ئاهورامەزدا.. !
خواوەندە ئاگراویەکەم ، من دەمەوێ پێغەمبەرێکی ژن بم
لە زەرفی منداڵداندا،
پەیامە درەوشاوەکەی ڕاستی،
پەیامەکەی تۆ بگەیەنم بەر دەرکی دوارۆژ.

فالشۆپینگ ـ یولی ۱۹۹۵



• به یادی ،سیاوەشی کەسرایی،(١٣٠٥ ـ ١٣٧٤) شاعیری ناوداری فارس، کە ڕۆژی ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٧٤، لە نەخۆشخانەیێکی فیەن(سویس)کۆچی دوایی کرد. یادی بەخێر و ڕەوانی شاد. (گزینگ)

شێعر: سیاوەشی کەسرایی

«فڕین»

ساڵ گەلێ چوو.. تا چەلێ قومری ئەوین
چاوی بڕیە سەرچڵی ئەنگوستی من
نەغمەبێژ جێی هێشت هەواری ئاسمان
بوو بە ژوانگە و تازە لانی، مستی من

دەستی من پڕ بوون لە مرواری ئەوین
مستی من تێیدا نەما هیچ کینەیێ
پەنجەکەم کردی چرۆ و دای خونچە گوڵ
وەک بەهاری دڵگری دێرینەیێ

زەندەقی چووبوو لە داوی چارەنووس
لێیدەدا دڵ دڵ لە دەستمدا دڵی
زێدە دوودڵ بوو لە دوا ڕۆژی ژیان
وا لە ئاکاری دزێو و نادڵی:

ـ ئاخ ئەگەر ڕۆژێکی بمرێ عیشقی مە
داخ ئەگەر نەیمێنێ ئاگر، تین و تاو
زەردەخەندێکمان لە شەوگاری یەنس
بزبز، ئەستێرەی ئەشک دەڕژێننە چاو

بوومە پێداهەڵدەری باڵ و پەڕی
مەست وسەرخۆش بووم لە سای ئاوازی ئەو
ڕامدەمووسی، بۆم دەکرد، خۆشم دەویست
نەیدی کەس وەک من بکێشێ نازی ئەو

عاشقان! هەرکەس لە ئێوە ڕاگرێ قومری عیشقێ، تاکوو بخوێنێ بەهار شەو نخوونی پێدەوێ، ڕۆژ و شەوێ چاوی وریایی لە ئاستی ڕۆژگار.

هەر سەرێک بنواڕی لەم کۆڵانەدا ڕاست و چەپ بەدخوایە، هەر لام بۆسەیە «عیشقی من باڵی هەبوو ئەی عاشقان بۆ فڕینە گەر پەڕ و باڵێک هەیە...

وەرزی زستانێکی تووش لای زەردەپەڕ قومری خنجیلانەکەم تۆرا و هەڵات ڕۆیی تا ون بوو لە نێو فرمێسکی چاو کۆشکەکەم بێ وی ڕما تەنیا و مات.

لەو بەهارە پڕ گوڵەی ئەم باخەدا یەک چڵی پاییز لە دەسما مایەوە دواگەلای ویشکی ئەوینێکی بە سۆز وا بەر سەر پۆپەی چلا، دەشنایەوە.

گەرچی نیدی ئاسمان گرژ و ڕەشە دادەپۆشێ باڵی شەو، ئاسۆی خەیاڵ هەر کە دەفڕن پۆلی باڵندەی بەهار وەختە پەڕ بگرێ دڵم وەک بای شەماڵ.

دەمفریوێنێ و دەدا هانم، دڵم ئەو سروودانەم بەسەردا هەڵدەڵێ: باڵەکانت لێکدەوە قومری ئەوین بەرزەفڕ بە، بەرزەفڕ، وەک هەوەڵێ...

هێرش: باکۆ ـ گوڵانی ١٣٦٨

ناساندنی کتێب



- **نێوی کتێب: ،خەیاڵ یا واقیعیەت؟ کوردەکان لە نێو سیاسەتی زلهێزەکاندا، ١٩٤١ ـ ١٩٤٧،**
- **نووسەر: بورهان یاسین**
- **چاپ: دانیشگای لوند**
- **قەوارە: مامناوەنجی، ٢٤٦ لاپەڕە**
- **نرخ: ٢٧٠ کرۆنی سوێدی**
- **ئادرێسی داواکردن:**

Department of History
P. O. Box 2074
S- 220 02 Lund
Sweden

کتێبی **«خەیاڵ یا واقیعیەت؟ کوردەکان لە نێو سیاسەتی زلهێزەکاندا، ١٩٤١ ـ ١٩٤٧»**، ڕیسالەی دوکتورای کاک **«بورهان یاسین»**ە کە لە سەر ناسیۆنالیسمی کورد و چۆنیەتی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە زمانی ئینگلیسی نووسراوە و دوای ئەوەیکە وەک تێزی دوکتورا پەسندکراوە، لە ئاوریلی ساڵی ١٩٩٥ لە لایەن دانیشگای (لوند)ەوە بە چاپ گەیشتووە.

بەر لەوەی کتێبی «خەیاڵ یا واقیعیەت؟...» لە چەند پاراگرافێکدا بە خوێنەرەوانی گزینگ بناسێنین، جێی خۆیەتی لە کاک بورهان بە بۆنەی وەرگرتنی دوکتورا لە بەشی «مێژوو»ی دانیشگای لوند، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لێبکەین و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئاواتی سەرکەوتنی بۆ بخوازین.

کتێبی «خەیاڵ یا واقیعیەت؟...» یان ئەو ڕیسالەیە لە ئەساسدا لە سەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد و دامەزرانی کوماری کوردستان نووسراوە کە تێیدا هێڵی گەشی جوولانەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە نێو کۆڕ وکۆمەڵانی خەڵک، وێڕای هەڵوێستی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران و هەروەها سیاسەتی ئەو سەردەمەی دەوڵەتە زلهێزەکان سەبارەت بە داهاتووی کورد، بە شێوەیێکی زانستییانە شیکراوەتەوە.

یەکێک لە گرینگترین بزووتنەوەکانی ناسیۆنالیزمی کورد کە بوو بە هۆی دامەزرانی کۆماری میللی کوردستان (ژانوییەی ١٩٤٦ تا دیسامبری ١٩٤٧)، لەو ڕیسالەیەدا بە وردی باسی لەسەر کراوە. هەرچەند ئەو کۆمارە ساوایە دوای نزیکەی ساڵێک لەناوچوو، بەڵام لە مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردیدا یەکێکە لە خاڵە هەرە درەوشاوەکان.

نووسەر لەو ڕیسالەیەدا هەوڵی داوە مێژووی ڕاستەقینەی کوردان وێڕای تایبەتمەندییەکانیان لە ئێرانی سەردەمی ساڵانی ١٩٤١ ـ ١٩٤٧ وەک نموونەیێکی شاز لە گۆڕانکارییێکانی نێونەتەوەییدا، دەست نیشان بکات کە شەڕی دووهەمی جیهانی و شەری سارد سەرچاوە و پێکهێنەری ئەو بارودۆخە بوون. دیارە لەو ڕەوتەدا، ئاوات و هیوای گەورەی کوردان، بە ڕەوشت و سیاسەتی داهاتووی دوڵەتە زلهێزەکانەوە بەسترابۆوە.

بە بڕوای نووسەر: هەرچی بریتانیا و ئەمریکا بوون دەیانویست پێوەندیی دۆستانەی خۆیان لە گەڵ ئێران، تورکیا و عێراق ڕابگرن، هەر بۆیەش ئەو دوڵەتە گەورانە لە دۆستایەتی کردن و نزیکبوونە لە کوردان خۆیان دەپاراست. ئەمریکا بە تەواوی ئیمکانەوە یارمەتی حکومەتی ئێرانی دەدا کە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەم کوردەکان لە ئێران کۆنترۆڵ بکا و هەم هێزە بەرهەڵستکارەکانی دیکە. یەکیەتی سۆڤیەت، لەو سەردەمەدا نە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دۆستایەتێکی وای هەبوو، نە لەگەڵ عێراق پێوەندیێکی دیپلۆماتیک. ئەوەی ڕاستی بێ، یەکیەتی سۆڤیەت دۆستایەتیێکی وای لەگەڵ ئێران نەمابوو، بگرە تادەهات خراپتر دەبوو. کەوابوو یەکیەتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی سەری بێ کلاو نەمێنێتەوە، بەرژەوەندیی خۆی لەوەدا دیت کە بە هۆی خەباتی ناسیۆنالیزمی کوردەوە، هەم پۆزی سیاسی لێبدا و هەم سیاستێکی دوولایەنە بگێڕێ. کاتێک کوردان هەم لە لایەن بریتانیاوە و هەم لەلایەن ئەمریکاوە هیوابڕ بوون و زانیان هیچ پشتیوانییان لێناکرێ، لە یەکیەتی سۆڤیەت نزیک بوونەوە...

بەهەر حاڵ، سیاسەتی جیهان دابەشکەرانە و قازانج پەرستانەی دوڵەتە زلهێزەکان، هەر ئەوەی تێدەخوێندرایەوە کە تەنیا و تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان بپارێزن... هەر ئەوەش بوو کە « قبالەی کۆماری کوردستان، لە نێو بەرمیلی نەوتدا سوتێندرا». (هێرش)

منداڵ و پەروەردەکردنی

نووسینی: ئەنداز حەوێزی

بەشی ٥

ساڵی ڕابوردوو لە ژمارە سەرەتاییەکانی گزینگدا (١ تا ٤) دەستم بە بڵاوکرنەوەی زنجیرە باسێکی کولتووری کرد، و هیوام وابوو کە بەم باسە و لە ڕێگەی بەراوردکردنی چەند جۆرە کولتوورێکی جیاوازەوە بتوانم ڕەنگ و ڕوویەکی کولتووری وەبەرچاوان خەم، و لە ڕێگەیانەوە بتوانین هەنگاوێک بنێینە ناو باس و شیکردنەوەی کولتووری کوردی، بەڵام بەداخەوە پاش ٤ ژمارەی یەکەم لە بەردەوامی کەوتم. ئەوەی ئێمە لەم بەشەدا پێشکەشی دەکەین بەردەوامی هەمان زنجیرە و ٤ ژمارەی ڕابوردووە، بۆیە گومان لە وەدانییە کە بۆ خوێنەرێکی ئارەزوومەندی ئەم جۆرە باسە گەڕانەوە بۆ ژمارە ناوبراوەکانی گزینگ، گرینگە بۆ گوارکردنی باسەکە. بەر لەوەی وەخۆکەوین دەخوازم هەر لەسەر پەڕەکانی گۆڤاری گزینگەوە:

١) سوپاسێکی بێ پایانی ئەو خوشک و برایانە بکەم کە لە بارەی گرینگی و بەردەوامی ئەم باسە پێوەندیان پێوەکردووم، بەتایبەتی ئەو بەڕێزانەی کە ئەرکیان کێشاوە و لە دەرەوەی سوێدەوە پێوەندیان پێوەکردووم.

٢) سوپاسی ئەو ئیزگە ڕادیۆییە دەکەم کە لە ستۆکهۆڵمەوە زنجیرەکانی ئەم باسەیان پەخشکردووە، وە هیوادارم کە ئیزگەکانی دیکەش هەمان ڕێڕەو بگرنە بەر، ئەڵبەتە مەبەستم لەوە نییە کە نووسینەکانی من بڵاوکەنەوە، بەڵکوو هەوڵدەن کە بە پێی توانا نووسراوەی گۆڤارە کوردیەکان پەخشکەن، چونکە دەنگی نووسەری کورد بە چینێکی فراوانتر دەگەیێنێ، و خوێندەوار و نەخوێندەوار دەتوانێ سوودی لێوەرگرێت.

باسەکە

لە یەکێ لە سەرچاوەکاندا کە لە ژمارەکانی پێشودا نووسراوە، هاتووە: **منداڵیش مافی ئەوەی هەیە کە داوای ڕێزگرتن لە بۆچوون و کردەوە و حەزەکانی بکات.**

ئەم پارچە نووسینە لە بۆچوونی منەوە گرینگترین جیاوازییەکانی دوو کولتووری گشتی و تاکەکەسی (بگەڕێوە بۆ ژمارە ١، ٢، ٣ و٤ ی گزینگ)، نیشاندەدات کە باس دێتە سەر باسی پەروەردەکردنی منداڵ. جا با پێکەوە هێندێ خاڵ هەڵبژێرین تا ئەو جیاوازییە ڕوونکەینەوە.

پێش هەموو شتێک دەمەوێ ئەوە ڕوونکەمەوە و گومانیش لەوەدا نییە کە ئێوەی هێژاش ئاگادارن، کە لە کولتوورە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، باوک و دایک سەرپەرشتکەر و بەرپرسیاری منداڵەکانیانن تا دەگەنە تەمەنێکی دیاریکراو جا ئەو تەمەنە ١٨ ساڵ یا ٢٠ ساڵ یاخود ٢٥ ساڵ بێت، هەر وەها مەبەستی نووسەرێکی ئورووپی لە ووشەی (ڕێزگرتن)، تەنها ئەوە نییە کە باوک و دایک گوێ بۆ منداڵەکانیان شل دەکەن، بەڵکوو مەبەست ئەوەش دەگرێتەوە کە باوک و دایک بۆچوون و ئارەزووی منداڵەکەیان هەڵدەسەنگێنن و ئەگەر ڕێکوپێک بوو ئەوە پشتگیری دەکەن و گەر خراپیش بوو ئەوە بۆ منداڵەکەی ڕوونەدەکەنەوە کە خراپییەکەی چییە تا ئەو منداڵە تێبگات. واتە کارەکە لە ڕێگەی دادوستان و دیالۆگێک لە گەڵ خودی منداڵەکەدا ئەنجام دەدرێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاهێنان و بەهێزکردنی توانای بیرکردنەوە و شیکردنەوە و بڕیاردان لە داهاتوودا. واتەکاری هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و پەسەندکردنی چاکترین ڕاو بۆچوون، کە مەرج نییە ڕای منداڵەکە بێت و مەرجیش نییە ڕای باوکەکە بێت؛ پرۆسێسێکی خێزانییە کە خودی منداڵەکە بەشداریەتی و لە ئەنجامدا پەیوەست و مولتەزیم دەبێت بە بڕیاری وەرگیراوەکە، چونکە خۆی یەکێکە لە بڕیاردەرەکان و باوەر و قەناعەتی بە بڕیارەکە هەیە، هەروەها و لەبەر ئەوەی پرۆسێسەکە خێزانییە، منداڵەکە ڕادێت کە ڕاو بۆچوونی زۆربە زاڵە. نەک، باوک و دایک، خۆیان بیر بکەنەوە و پاشان بڕیارێکی ڕەق و تەق بخەنە دەستی منداڵەکە. ئەم جۆرە ڕاهێنانە، وا لەو منداڵە دەکات کە گەورەبوو بتوانێت بە ئازادانە و بێ‌ترس بیر و ڕای خۆی دەربڕێ و گوێش بۆ بۆچونی خەڵکی تر ڕاگرێت، بۆچوون هەڵسەنگێنێ و چاکەکەیان هەڵبژێرێت و لە کاتێکدا کە ڕەئیی ئەو نەیخوار و یاخود لە هەڵبژاردنێکدا بە سەرۆک هەڵیان نەبژارد دڵتەنگ نەبێت و لە خەڵکە زیز نەبێت. هەر بۆیەشە کە ئەندامی ئەم جۆرە کولتوورە کە گەیشتە تەمەنێکی دیاریکراو، بە پێی یاسا و لە پراکتیکدا و بە کاروکردەوە، تاکە کەسە کە مافی بڕیاردانی لە ژیانی خۆیدا هەبێ و لەو تەمەنە

یاساییەوە باوک و دایک پێی دەڵێن کاکە خواحافیزت بێت لەمەودوا تۆ بەرپرسیاریت لە کردەوەکانی خۆت. ئەوەش لەوەوە هاتووە کە خێزان و دەزگا جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەکە ئەو مرۆڤەیان لە تەمەنی منداڵییەوە و بە پرۆسێسێکی دێمۆکراسیی وا ڕاهێناوە، کە بتوانن لە تەمەنی ١٨ یا ٢٠ ساڵیدا وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ و بەرپرسیار بینۆڕنێ. ئەمن خۆم کە کوردستانم بەجێ هێشت تەمەنم ٢٥ ساڵ بوو، بەمنداڵ دەبیندرام، پاش جەنگی کەنداو بەتەمەنێکی ٣٣ ساڵییەوە چوومەوە کوردستان هێشتا منداڵبووم.

لە شێوە کولتووری تردا، بۆ نموونە کولتووری ناوچەی ڕۆژهەڵات، دەبینین ساختومانی خێزان شێوەیەکی دی هەیە کە هەرەمی یە، واتە خودانی خێزان تاکە ڕەواداره و منداڵ بەهیچ شێوەیەک ئەو مافەی پێ نەدراوە کە را و بۆ چوون و ئارەزووی خۆی بە شێوەیەکی ئازادانە دەربڕێ، وە لەوەش ئاستەم تر ڕێزگرتنە لە منداڵ و شێوەی بیرکردنەوەی، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم دیومە باوک و دایک ئەویش پاش تەمەنێکی تایبەت دەست بە ئامۆژگاری منداڵەکانیان دەکەن بەڵام نەمدیوە باوک و دایک لەتەمەنێکی زووەوە لەگەڵ منداڵیان دانیشن و لەڕێگەی دادوستانەوە چاکە وخراپەی کردەوەیەکی بۆ ڕوونکەنەوە و تێیگەیێنن کە بۆچی ئەو شتە نابێ بکرێت، وە ئەوەیان لەبەر چاو بێت کە منداڵ بێ عەقڵ نییە وەک باوە، بەڵکوو مێشکی هەیە و توانای لێکدانەوە و تێگەیشتنی هەیە. ئەوەی باوترە لە کەلتووری کوردی و کولتوورەکانی دیکەی وەک ئەو، کە بەرابەر بە کردەوەی منداڵ هەمیشە هەڵچوونێکی لەپڕ دەبینرێت (لە لایەن گەورەکانەوە) کە زۆر جار تێهەڵدان و جنێوی بە پاشدا دێت . یاخود ڕێڕەوی ترساندن و زەندەق بردن و لە ئەنجامدا منداڵی کڵۆڵ لە ترسی شەولەبان هەفتەیەک نانوێت، بۆ نموونە کە منداڵێک لە باوک و دایکی دەپرسێت: بۆ ئەو شتە خراپە گەڵێ جار وەڵامی وەک کوێر دەبیت! دەچییە دۆزەخ! دەسووتێت .. هتد، دێتە پێشەوە، بێ ئەوەی بیر لە سەردەم و کاتی منداڵەکە بکرێتەوە! چونکە نادروستە گەر بڵێن باوکم و من و منداڵەکەم ئەوەی یەک زەمانین. لە منداڵی باوکی منداڵ سەریعترین شێوەی ڕاگەیاندنی زانیاری و پێوەندی (Kommunikation) بە ئەسپ بووە، لەسەردەمی منداڵ تەلەڤیزیۆن بووە، و لە سەردەمی منداڵەکەمدا کۆمپیوتەر، بۆیە نادروستە کە ئێمە سێ زەمانی جیاواز بە یەک لۆجیک بدوێنین.

ئێمەمانانی ئەوەی ئەمڕۆ کەسمان نییە کە پێی نەگوترابێت: گەر وا بکەیت چاوت کوێردەبێت. بێ گومان باوکیشمان گوێی لە هەمان ڕستە بووە، وە گومانیش لەوەدا نییە کە تا ئەمڕۆ ئەم ڕستەیە و گەلێ ڕستەی دیکەش کە خاوەن هەمان سەرچاوە و ڕواڵەتن لە پەروەردەکردنی منداڵی کورددا بەکاردێت! ئەمەش بە ئاسانی ئەوەمان پێ ڕادەگەیێنێت کە لۆجیکی پەروەردەکردنی منداڵ لە سەردەمی بەکارهێنانی ئەسپەوە وەک نێوانێکی ڕاگەیاندن تا سەردەمی کۆمپیوتەر گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، وە ئەوەشمان پێ ڕادەگەیێنێ کە هێشتا پەروەردەکردنی منداڵ لە کۆمەڵگەکەماندا بە شێوەیەکی گشتی لە قۆناغی ترساندن و هەڕەشەکردندایە و نەوەک شیکردنەوە و دواندنێکی لۆجیکی بۆ مێشکی منداڵ.

گەر باسی نموونەیەک بکەم کە خۆم دیومە، دەبێ بچمەوە کوردستان: ڕۆژێک منداڵێک لەلایەن باوک و دایکیەوە لەسەر دزی نارنجی ماڵە هاوسێکەیان لێیدرابوو، وە تێگەیێندرابوو کە گەر بێتو جارێکی دیکە وابکات چاوی کوێر دەبێت. منداڵە دوو ڕۆژان خۆی دەگرێ، سەری سێیەم ڕۆژ کە دەبینێ هاوڕێکانی بەردەوام نارنجی خۆیان لێدەکەنەوە، ئەویش دان بە خۆیدا دەنێ و بەدەستێکی لەرزۆکەوە نارنج لێدەکاتەوە. کارەسات لەم کارەدا دزینەکە نەبوو! بەڵکوو لەوەدا بوو کە منداڵەکە کوێر نەبوو، ئەوەش پەیامی درۆزنی باوک و دایکەکە بە منداڵەکە ڕادەگەیێنێ، و ئەم دیدە بەرابەر بە گوتەی باوک و دایک و باوەڕ پێنەکردنیان تەرازووی لێکدانەوەی منداڵ بۆ چاکە و خراپە و دروست و نادروست دەشێوێنێ و دەیگەیێنێتە دۆخێک کە لە کوردیدا پێی دەڵێن (چەشە بووە)، وە پاش چەشە بوون ڕادەی لێدان و تێهەڵدان و داخکردن پتر دەبێت و ئەویش منداڵ دەگەیێنێتە قۆناغ و دۆخێک کە لە کولتووری کوردیدا پێی دەڵێن: (خۆشە بووە).

لە کولتووری (منایەتیدا) بۆ نموونە لە ئورووپای ڕۆژئاوادا، چونکە کێشەی خاوەنداریەتی تاکەکەسی تێدا زەق و دیارە، ڕوونکردنەوەی کردارێکی وەک دزی بۆ منداڵ ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری بەخۆیەوە دەبینێ، بۆنموونە دەڵێی: ئەم سێوە هی دراوسێکەمانە و ئەم بووکەشووشەیە هی تۆیە! ئایا حەزدەکەیت کە منداڵەکەیان بووکەکەی تۆ ببات بۆ خۆی بێ ئەوەی ئاگاداربیت و ڕازیبیت؟ ئەی بۆچی تۆ سێوەکەی ئەوان بێ ئەوەی ئاگاداربن و ڕازیبن دەیبەی بۆخۆت؟ ئەمە منداڵ دەخاتە لێکدانەوەیەکی خۆ بەخۆیی و تێگەیشتنی دروست و نادروست بە پشتگیری باوک و دایک و بەشداری منداڵەکە خۆی لە هەڵسەنگاندنی چاکە و خراپەی بڕیارە جۆربەجۆرەکاندا، واتە منداڵ نابێ دزی بکات لەبەر ئەوەی دەزانێ بۆچی و تێگەیشتووە کە دزین کارێکی ناڕەوایە نەک لەبەر ئەوەی باوکی هەڕەشەی لێکردووە، چونکە منداڵ کە ڕونکردنەوەیەکی لۆجیکی پێنەبوو بۆ کردارێک بۆ نموونە وەک دزی، دەتوانێ لە ڕێگەی درۆوە خۆی لە لێدان بدزێتەوە، واتە بۆ ئەوەی لە دزی دووریکەینەوە فێری درۆشی دەکەین و درۆ دەکەین بە نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی باو.

ئەم باسی دزی و دزیکارییە نموونەیەکی خۆشم بەیاد دێنێتەوە! لە سەردانێکی کوردستانمدا، لە ماڵێک بانگ کرابووم. نەفەرێک زەنگی بۆ

لێدان، مقۆمقۆیەک دەستی پێکرد و هەر ئەوەندەم زانی باوکە بەلێدان کەوتە سەر کوڕەکەی! ئەمنیش تازە لە ئورووپا هاتوومەوتەوە و ڕەنگی ناسکیم لێنیشتووە، بەڕاستی خۆم پێڕانەگیرا و دەستی پیاوەم گرت و پرسیم: بۆ لێیدەدەیت؟ لە وەڵامدا گوتی: هەزار جار بەو سەگبابەم گوتووە کە بە ڕۆژی جومعان نەچێ شت لە داری دراوسێکەمان بکاتەوە. ئەم قسانەش وەک ئەوەیە بە منداڵەکە بڵێی، کاکە ئەو ڕۆژانەی کە لە ماڵ نین ئەو کارە بکە، بەڵام کە ماڵەکە خەڵکی لێبوو مەیکە.

گومان لەوەدا نییە کە ژیانی ڕۆژانە پڕ لە نموونەی وایە کە شایەنی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنە، بەڵام ئەوەی کە بۆ من مەبەستە لێرەدا ئەوەیە کە شت ڕوونکردنەوە بۆ منداڵ و شێوەی ڕوونکردنەوەی کردار و ڕەوشت کارێکی فرە گرینگە بۆ داهاتووی منداڵەکە، و ئەو کولتوورەی کە توانای هۆش و بیرکردنەوە لای منداڵ بەکەم دەبینێ و تێیدا ڕەوشت و میتودی تێهەڵدان و جنێو و ترساندن بەکاردێت بۆ سەپاندنی ڕا و بۆ چوونی ئەوانەی کە لە منداڵان گەورەترو بە هێزترن، ئەوە و کۆمەڵگەیەکی خاوەن ڕەوشتێکی دیکتاتۆری بەدی دێنن کە مرۆڤ تێیدا خاوەن دوو ڕواڵەتی زەقن!

١) سەر شۆرکردن بۆ ئەوەی کە لە من بەهێزتر و دەسەڵاتدارترە.

٢) تێهەڵدان و چەوساندنەوەی ئەوەی کە لە من بێدەسەڵاتتر و لاوازترە.

گومان لە وەشدا نییە کە لەم جۆرە کولتوورانەدا ڕەوشت و شێوەی ڕێزگرتن لە بیرو بۆچوون و خودی مرۆڤ تیایاندا، تا ڕادەیەکی زۆر بە پلە و پایە و دەسەڵات و هێزی ئەو مرۆڤەوە بەندە. واتە «جەناب قوربانە و یارۆ گاوانە».

کولتووری دێمۆکراسی و کولتووری دیکتاتۆری:

دێمۆکراسییەت و دیکتاتۆرییەت پێش ئەوەی دوو ڕێڕەوی ڕامیاری بن، دوو شێوە ڕەوشتی مرۆڤایەتین کە ڕەنگدانەوەیان لە تاکە مرۆڤەوە دەست پێدەکات و کۆمەڵێک مرۆڤ پێکەوە ڕەنگی کۆمەڵگەیەک پێک دێنن. مرۆڤ لە ٥٠ ساڵیدا نابێتە خاوەن ڕەوشتی دێمۆکراسی یا دیکتاتۆری، بەڵکوو ڕەوشت ئەنجامی پرۆسێسێکە کە لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە دەست پێدەکات و لەژێر کارتێکردنێکی بەردەوامی کولتووری کۆمەڵ دایە.

لە ئەمڕۆی ئێمەدا دێمۆکراسییەت و دیکتاتۆرییەت دوو کتابی سیاسی نین، بەڵکوو دوو شێوەی جیاوازی ژیانی ڕۆژانەن کە لە گشت پێوەندییەکانی مرۆڤدا ڕەنگ دەداتەوە، لە شێوەی ژیان و پێوەندی ئەندامانی خێزانێک، لە دەبستان، لە کارگە، لە خەستەخانە، لە پارتە سیاسییەکاندا و لەسیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتێکدا. بۆ نموونە ئەمڕۆ دروست نییە بڵێین فلان وڵاتی ئورووپی دێمۆکراسییە، چونکە ئەو پارتەی کە بەڕێوەی دەبات دێمۆکراتە، چونکە ئورووپا قۆناغی (دێمۆکراسییەتی وەک ئایدیۆلۆجییەتێکی سیاسی) بڕیوە، ئەمڕۆ دەبێ بگووترێت: فلان دەوڵەت دێمۆکراتە، چونکە مرۆڤ تێیدا لە قۆناغی دێمۆکراسییەت دایە، و لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە دێمۆکراسییەت بۆتە ئایدیۆلۆجییەتی پەروەردەکردنی منداڵ. بۆیە سەیر نییە لە کولتووری وادا کە هەموو دەنگ و بیروبۆچونێک تێیدا شوێن و ڕێزی خۆی هەیە، دەنگ و بیرو بۆچونی منداڵ ڕێزدار بێت.

پەروەردەکردنی منداڵی دێمۆکراسی ئەوە دەگەیێنێ کە، ئەو منداڵە چۆن فێردەبێت ڕێزی لێبگیرێت، وەهاش فێردەبێت کە ڕێز لە دەورووبشتی بگرێت و دیاردەکانی لێکداتەوە و هەڵی سەنگێنێت. منداڵ لە کولتووری دێمۆکراسیدا لە تەمەنێکی زووەوە فێری دادوستان (مناقشە)، شیکردنەوە و هەڵبژاردن و بڕیاردان و دەربڕینی ئارەزوو و حەزی خۆی دەبێت. ئەمەش ئەرکێک نییە کە تەنها خێزان پێی هەستێت، بەڵکوو بەدیهێنانی مرۆڤی سەربەست و دێمۆکرات، لە ئەرکە سەرەکییەکانی قوتابخانەیە لەم جۆرە کولتوورانەدا. هەروەها خودی سیستمی یاسایی وڵاتەکە بەگشتی پارێزەری خودی منداڵ و مافی منداڵە لە گشت جۆرە ئەشکەنجە و پێشێل کردنێک. زارۆکەدەکان و دەبستانەکان بەپێی یاسا بەرپرسیارن لە ڕاپۆرتدانی هەموو شێوە ئەشکەنجەیەکی کە بە منداڵەوە دیاربێت. واتە پاراستنی منداڵ لە لێدان و ئەشکەنجە یاسایە، ئەوەک ئارەزوو.

ڕۆژێک پۆلیس داوایکردم بۆ وەرگێڕان، کە گەیشتم خێزانێکی کوردی لێبوو کە منداڵەکەیان لەسەر بێحەیایی داخ کردبوو. باوکەکە بۆ ڕوونکردنەوەی کارەکەی دەیگوت: ئەوە داخکراوە بۆ ئەوەی تەمبێ بێت، بێحەیایە، پۆلیسەکەش هەرچەند دەیکرد تێنەدەگەیشت کە سزادانی منداڵی عەجول و دەست سوتاندن بە تەباخ(ی چێشت لێنان) پێوەندییان چییە، ئەمەش چونکە دوو وێنە و دوو ڕوانگەی جیاوازی کولتوورین کە بە شێوەیەکی زەق پێکدەگەن، هیچیان توانای گوار و هەزمی بەرکاری ئەوی تریانی پێنییە، هەر ئەمەش بوو کە وای لەو برادەرە کوردە کرد کە پاشان پێم بڵێ: کاک ئەنداز فەرقی ئەمانە و موخابەراتی سەدام چییە، ئەمانە مەکتەبەکانیشیان پیاوی پۆلیسن.

کولتووری زەبردەستی یاخود دیکتاتۆری:

ئەڵبەتە باسی کولتوور باسێکی فراوان و هەمەجۆرە، یەکێ لە خاڵە گرینگەکان کە لە کولتوری زەبردەستی(استبدادی)دا، سەرنجی گەلێ ڕاکێشاوم، پێوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوەیە و گومان لەوەدا نییە کە دید و ڕەوتی پێوەندی بەرهەمێکی کولتووری پەروەردەکردنی منداڵە. لەم بارەوە ئەمن دوو جۆرە پێوەندی مرۆڤایەتی دەبینم!

١) پێوەندیم بە کەسێکی لەخۆم لاوازتر یا بەهێزتر و بەدەسەڵاتتر:

ئەم جۆرە پێوەندییە لە ژیانی منداڵیی

کولتووری زەبردەستیدا، سەرەتای لە خێزانەوەیە. دەســـەلات و زەبروزەنگی باوک و دایک و براگـــەورە.. هتـــد. پاش ئەوان بازنەیەکی دیکەدێت کە خاوەن دەسەلات و زەبرە بە سەر منداڵدا، کە ئەویش بازنەی خزمی نزیکە، وەک مام و خاڵ و منداڵەکانیان و دوور نییە پوور و مێردی پوور و.. هتد. بازنەی سێیەم مامۆستایە لە دەبستاندا، کە کەسمان نییە یادگارمان لەگەڵ شولکە داردا نەبێ، ئەمن خۆم هەرگیز لە بیرم ناچێت کە لەسەر کەلابەردێک، بەزستانێکی سارد لە حەوشی دەبستاندا، ٥٠ شولکم لێدراوە و مامۆستا برادەرەکانمی ڕاگرتبوو کە بۆی بژمێرن ئەوەک هەڵە بکات. بۆ ئەگبەتی منیش ناوناوە ژماردنیان لێ تێکدەچوو. غوونەیەکی دی ئەوەیە کە لە ١٩٩٤ کچەکەم بۆ چەند مانگێک ناردەوە کوردستان بە ئاواتی ئەوەی کە فێری کوردی بێت، ڕۆژێک ناردبوویانە دەبســـتـــان لە کوردستاندا. مامۆستاکە لەبەردەمی ئەو لە منداڵێکی دابوو، ئەو کچە کە هاتەوە سوێد دەبوایە دەست بە پۆلی یەک بکات، دەگـــریا دەیگوت لێمدەدەن، ناچم.

ئەوەی ئەمن مەبەستمە لەم خاڵەدا و بەلامەوە گرینگە، ئەوەیە کە ئەو منداڵە لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا هەست بە لاوازیی خۆی دەکات، لە هەمان کاتدا دەبینێ کە چۆن باوکی، کە سەمبولی بەرزی دەسەلاتی خێزانەکەیە، لە بارو دۆخێکی تردا و بەرابەر بە خەڵکی لەخۆی بەدەسەلاتتر لاوازە، دەبینێ کە چۆن برا گەورەکەی، کە لە ماڵەوە لێی دەدات، چۆن لە دەرەوە لە فلان کەس دەترسێ، دەبینێ کە چۆن لە مامۆستای شولک بەدەست، لە مودیر یا لە چەقۆکێشێکی گەڕەکەکە دەترسێ... هتد، بەم شێوەیە ئەم زنجیرەیە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە سەری هەرەمەکە کە سەرۆک کۆمارە، و پاش پەیبردن بەم ڕاستییە، منداڵ دەست بە بەکارهێنانی ڕستەیەک دەکات کە دەڵێ: (ئێوە هەر بەمن دەوێرن)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە خۆی بە لاوازترین ئەندامی کۆمەڵ دەبینێت. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، ئەم شێوە دەسەلاتە هەرەمییە لە کولتووری وادا وێنەی دایک و باوک لەبەر چاوی منداڵ دەشڵەژێن و دایک و باوک وێنەی (غوونەی بەرز بۆ منداڵ) لە دەست دەدەن و ئەو پرۆسێسە وا لەو منداڵە دەکات کە خەباتی بۆ بەدەستهێنانی دەسەلات بێت لەژیاندا، ئەوەک بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکەی.

غوونەیەکی زەقی ئەم ڕەوتە و جیاوازییان لە نێوان دوو شێوە کولتوورەکەدا ئەوەیە گەرێت و لە منداڵێکی کولتووری دێمۆکراسی بپرسیت کە گەورە بوویت دەبی بەچی؟ وەڵامێکی گەلێ ئاسایی و باوە گەر منداڵەکە بێ ئەوەی تەماشای دەمی باوک و دایکی بکات بڵێ: دەبم مەیتەری ئەسپ، یاخود دایان یا وێنەگر یا عەرز بسرمەوە! ئەمـــە وەڵامی منداڵێکە کـــە لە (دەوڵەتی یاسادا) دەژی. وە ئەمەش لەوەوە هاتووە کە منداڵ دەزانێ، کە ئەو یاسایەی بەسەر ئەودا زاڵە، بەسەر شا و سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی وڵاتەکەشدا زاڵە، هەمان دەسەلاتی یاسایە وادەکات کە وێنەی دایک و باوک لەبەر چاوی منداڵ نەشلەژێت چونکە باوکی پێویستی بەوە نییە کە لەو بدات و سەر بۆ یەکی دی دانەوێنێت بەڵکوو باوکی لە ڕێی یاســـاوە دەتوانێ بەسەر سەرۆک وەزیرانیشدا زاڵبێت، بۆیە منداڵ پێویستی بەوە نییە کە ملیۆنێربێت، یا وەزیربێت یا ئەندامی سەرکردایەتی پارتێک بێت، تا لە وڵاتی خۆیدا خاوەن ماف و دەسەلات بێت، و وەک چۆن دکتۆریی کارێکە بۆ خزمەتی کۆمەڵ، مەیتەریش کارێکە.

بەڵام دەبینین کە وەڵامی منداڵ لە کولتووری زەبردەستیدا بە شێوەیەکی گشتی دەڵێ: دەبم دکتـــۆر یا ئەندازیار، وەک ئەوەی بڵـــێی هیچ کـــارێکی دی نیـــیە لەو کـــۆمـــەڵەدا. ئەمـــەش بێگومـــان لەو ڕاســـتـــیـــیـــە کـــولتـــووری و سایکۆلۆجیـــیـــەوە ڕا هاتووە کـــە ئەم پیـــشـــەیە پلەیەکی کـــۆمـــەڵایەتی، واتە دەســـەلات، بە خاوەنەکەی دەبەخشێت. بە هەمان شێوە دەبینی هەموو حەزدەکەین دکتۆرامان هەبێت بە پارەبێت یا بە خـــوێندن بێت ، گـــرینگ ئەوەیە لەباتی ئەوەی کە پێم بڵـــێن (عەلەی مچە سوور) پێم بڵـــێن (دکتۆر عەلی)، ئەڵبەتە مەبەست لەوە نییە کە لایەنی زانستی، ڕۆلی لەم کارانەدا نییە و گـــرینگ نییە، بەڵکوو مەبەست لەوەیە، کە لەم جۆرە کولتوورانەدا و لە دەوڵەتی نا یاسادا، پلەی کۆمەڵایەتی و دەسەلات بۆ خۆپاراستن بەکاردێت و هەتا پلەت بەرزتر بێت، دەسەلاتت فراوانتر دەبێت، و ئەوەش ئەوە دەگەیێنێ کە لە زنجیرە هەرەمییەکەدا ژمارەی ئەوانەی کە دەتوانن لێتدەن کەمتر دەبنەوە. وەک غوونە بۆ هەستی خۆپاراستن و زانست لەکن منداڵ، لە یادمـــە لە پۆلی دووی سەرەتاییدا بووم لە شاری بەغدا. مامۆستایەکی ژنمان هەبوو کە وانەی عەرەبی پێدەگوتین، مێردی ئەو ژنە کە ئەفسەری لەشکری عیراقی بوو، بۆ ئەگبەتی منداڵەکوردێکی وەک من لە جەنگی کوردستاندا کوژرا. مامۆستای عەرەبیمان کردی بە پیـــشـــە، هەمـــوو وانەیەک کـــە دەهاتە ژوورێ پرسیارێکی لێدەکردم کە هیچ پێوەندییەکی بە تەمەن و زانیاری منەوە نەبوو، وەک ناوی هەموو پردەکانی بەغدام بۆ بژمێرە، ئەمنیش وڵامم پێ نەدەدرایەوە، دەیگرتم هەتا خۆی هیـــلاک دەبوو لێی دەدام، قورباسەریەکەش لەوەدابوو کە وانەی عـــەرەبی هەمـــوو ڕۆژێک هەبوو. ئەم بارە وای لێکردم کە ناوی پرد و شەقامی سەرەکی نەما لە بەغدادا لەبەرم نەبێت، ئەم کارەش بۆ زانیاری نەبوو بەڵکوو بۆ خۆپاراستن بوو لە ئەشکەنجەی ڕۆژانە.

٢) پێوەندی بە هاوسانی خۆمەوە:

لە تەمەنی منداڵیدا گەلێ جار ڕوودەدا کە پەیامی خێزان بۆ منداڵ لە بارەی کێشەیەکەوە جیاوازبێت، بۆنموونە گەرێت و منداڵ شەر بکات یا تووشی کـــێـــشـــەیەک بێت لە گـــەڵ منداڵی خێزانێکی بەدەسەلاتتر دەبینین پەیامی وەک: کوڕم خۆتی لێ بپارێزە. گوێی مەدەرێ. حەقت پێوەی نەبێت... هتد. گەر بێت و هەمان کێشە لەگەڵ منداڵی خێزانێکی نزمتر بێت ئەوە وای بە حاڵیان. بەڵام گەر بێت و کێشەکە لەگەڵ منداڵی خێزانێکی هاوساندا بێت، پەیامەکە دەچێتە بارێکی دیکەوە، وەک: داوەشێیت بۆ دەستت نەکردەوە. ئەمجـــارە ئەگـــەر لێـــیـــدایت تۆش

لێدەرەوە. چاوی دەرێنە. چی لەتۆ زیاترە؟ چی لە تۆ باشترە؟ خۆ لە تۆ زیرەکتر نییە!.. هتد.

ئەم ڕوانگەی پێوەندییە لەگەڵ هاوسانی خۆماندا بەتایبەتی لە کولتوورە زەبردەستەکاندا، ئەمن بە ترسناکترین جۆرە پێوەندی دەیبینم! چونکە لە گەلێ کۆمەڵگەدا خەریکە ڕستەی (پێوەندی هاوسان) لەگەڵ ڕستەی (چینی ناوەندی کۆمەڵ) یەک دەگرێتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەند دەکەینە نموونە، لەم وڵاتانەدا چینی ناوەند ئەمڕۆ بەشی زۆری کۆمەڵگەکانیان پێک دێنێت. پێوەندی ئەم چینە بە دەسەلاتی سەرووی خۆی و ژێر خۆی دیارە، بەڵام لە ناو خۆیدا دەبینین بەربەرەکانی بۆ نواندنی بەرتری و دەسەلات، بەربەرەکانییەکی نەگەتیڤانەیە، کە لە بنەماداا ئەنجامێکی پەروەردەکردنی منداڵییە.

بۆ؟ وە چۆن؟

ئێمە لە نموونەی ڕابوردوودا باسی ئارەزووی دەسەلات و جیاوازی پەیامی خێزانمان بۆ منداڵ ڕوونکردەوە، لە کاتی پەیدا بوونی کێشە لە گەڵ منداڵێکی هاوسانی خۆی شێوە و ڕەنگی تایبەتی خۆی هەیە، وەک: تۆ دەبێ لەو چاکتربیت، مەهێڵە لێتدا، تۆ لێیدە، بۆ وا دەزانێ کوری کێیە؟ خۆ لە تۆ پیاوتر نییە.. هتد. هەزارەها ڕستەی وا بەر گوێی منداڵ دەکەوێت. لە لایەکی دیکەوەش منداڵ هەمان واتا لە پێوەندی خێزانەکەیدا بە سروشتی دەورو پشتیەوە هەڵدەهێنجێت، لە کوردەواریدا گەر دوو برا یا خزم یا دۆست، ناخۆشییان هەبێت، منداڵەکانیشیان کە گەورە دەبن شتیان لە دڵدایە بەرابەر بەیەک. هەستێکی وەک: من زیرەکترم لە فلان و پیاوترم لە فلان و سەخیترم لە فلان و .. هتد، هەستێکە لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منداڵیدا لە ناو منداڵدا دەچێندرێت و گەشەی پێدەدرێت.

جا ئێمە گەر ئارەزووی دەسەلات و دیدی پێوەندی هاوسان پێکەوە بەبەستینەوە و ئاگاداری ئەوەبین کە ئەمە دیاردەیەکی باوی چینی هاوسانە، کە دەتوانین بە چینی ناوەندی کۆمەڵ یەکسانی کەین. ئەوەش ئاشکرایە کە چینی ناوەند، ئەو چینەیە کە ئەورۆ دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا و هونەرمەند و سیاسی.. هتد، بە کۆمەڵگە دەدا. بە گرێدانی ئەم فاکتەرانە بەیەکەوە تێدەگەین بۆچی کورد ناتوانێ کۆمەڵەیەکی کوردی یا یەکیەتییەکی نووسەران یا قوتابیان یا هونەرمەندان یا پارتێکی سیاسی دروست کات بێ ئەوەی جیابوونەوە و ئینشقاقی تێنەکەوێت، **هەروەها تێدەگەین کە بۆ دوو پارتی سیاسی ناتوانن پەیمانێکی سیاسی ببەستن کە وەک هاوسان نیشانیان دات و تێشدەگەین کە بۆچی ئەنجامی هەڵبژاردنی باشوری کوردستان ٥٠٪ بە ٥٠٪ بوو، ئەمە وەکوو ئەوەیە بڵێی کەس لە کەس پیاوتر نییە، مەبەستم لەوەیە کە ئەنجامێکی وەها، ئەنجامێکی سیاسی نییە بەڵکو ئەنجامێکی کولتوورییە.**

ئەڵبەتە نموونەی ئەم جۆرە پێوەندییە زۆرە، چونکە ئەمڕۆ لە ناو گەورەترین چینی کۆمەڵ دایە، ئەمن وەک نموونە دەمەوێ بتانگەڕێنمەوە بۆ قوتابخانەکانی کوردستان و سەرنجتان ڕاکێشم! گەر بە وردی شیکەینەوە دەبینین کە لە هەموو پۆلێکدا کەلەگایەک (یەکێک کە لەوانی تر بەهێزتر بوو) هەبوو، هەر کەلەگایەی دار و دەستەی خۆی هەبوو کە پشتیان بە هێزی ئەو دەبەست، لە نێوان کەلەگاکاندا، چاو مۆرکردنەوە و شان لە شاندان و شەڕ هەبوو، چونکە هەر یەکێک لەوان دەیویست سنووری دەسەلاتی خۆی لە ناو قوتابخانەکەدا خۆشتر و فراوانتر کات، تا یەکێک دەبووە کەلەگای دەبستانەکە، ئەودەما کەس خۆی لێ نەدەدا، و ڕۆلی لە کەلەگاوە دەبووە ڕدێن سپی کەلەگاکان و هەموو هەوڵی دەدا خۆی پێوە هەڵواسێت. گەر ئەمە ڕووی نەدابایە و یەکێک سەرنەکەوتایە ئەوە جەنگی دەسەلات لە نێوان کەلەگاکاندا بەردەوام دەبوو، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، کە لە ناو خۆیاندا گروپ گروپ بوون، جا کورێکی ئازای پۆلی (٥) لە کوڕە ئازاکەی پۆلی (٦) دەدا، یا (٤ ب) شەڕی لەگەڵ (٤ج) .. هتد، ئەم وێنەیە لە گەڕەکەکانیشدا هەبوو، و زۆرمان شەڕە گەڕەکمان کردووە، و وای بە حاڵی ئەوەی دەشکا نەیدەویرا جارێکی تر بەو گەڕەکەدا بڕوات. ئەم قوتابخانە و گەڕەکە وێنەیەکی بچووک کراوەی کولتووری زەبردەستییە، **بۆیە دەبینین لەم کولتوورانەدا کە هەڵبژاردنیش دەکەن یەک نەفەر مافی هەیە خۆی بۆ سەرۆک کۆماری هەڵبژێرێت، ئەویش خودی سەرۆک کۆمارە واتە کەلەگاکەیە،** وە هەر بۆیەش نەماندیوە کە سەرۆک حزبێکی کوردی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لاچێت و یەکی تر بێتە جێی.

ئەم وێنەیەی ژیانی منداڵیمان دەتوانین بەسەر گشت ئەنجومەنێکی کە دەستەیەک مرۆڤی ئەم جۆرە کولتوورەی تێدا کۆبێتەوە بسەپێنین. جا کۆمەڵەیەکی کوردی بچووک بێت یا خود پارتێکی سیاسی بێت. هەروەها دیتومانە کە پارتە سیاسییەکان هێشتا بچووک و لاوازن زۆر باسی دێمۆکراسییەت دەکەن، بەڵام کە گەورە بوون و بەهێز بوون وێنەیەکی تریان دەبێت کە پێوەندی بە دەسەلات و زەبرو زەنگەوە هەیە، ئەمە نموونەی تاکە مرۆڤێکیشە، تا پلە و پایەی نزم بێت دەڵێ (بەڵێ قوربان) و کە دەسەلاتی پەیداکرد دەبینی ڕەوشتی زەبردەستانەی بەکاردەکەوێت. بۆ خۆشیی باس و نموونە، **ئەمن خۆم ئاگاداری جەندین کۆمەڵەم لە ئورووپا، کە ئورووپی دروستیان کردووە بۆ پشتگیری میللەتی کورد، کە کورد بووە بە ئەندامی ئینشقاقی کردووە.** ڕۆژێک یەکێ لەو ئورووپیانەی کاری بۆ کورد دەکرد بۆی باسکردم و گوتی: نیازی پرۆژەیەکی کشتوکاڵیمان هەبوو لە کوردستانی باشوردا، داوامان لە ٦ دکتۆری کشتوکاڵی کورد کرد کە پێکەوە پرۆژەیەکمان بۆ ئامادە بکەن، ئەنجامی کارەکە شەش پرۆژە و کۆمەڵێک گلەیی بوو، و پرۆژەکە سەری نەگرت.

وەک سەرجەمی ئەم بەشە، ئەوەی ئەمن دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە، کە لێدانی منداڵ پایەی کولتووری زەبردەستییە، و تا ئێمە لە منداڵ بدەین و بەکەمی بزانین و ڕێزی لێنەگرین، گەرەنتی ئەوەمان هەیە کە **وردە دیکتاتۆر و زەبردەست بە داهاتووی کوردستان دەبەخشین.** ■

درنژەی هەیە

چاوخشاندنێکی به پەلە بە شێعری«هێدی»دا

ئەنوەری سوڵتانی

دەرفەتم بۆ هەڵکەوت، جارێکی دیکە ئەو شێعرانەی شاعیری لاو، جەعفەری حوسێنپوور«هێدی»بخوێنمەوە، وا جاروبارە لە ماوەی یەکدووساڵی ڕابوردوودا، بۆی ناردووم یا لە گۆڤارە کوردەییەکانی دەرەوەی وڵاتدا چاپکراون.

ئاشنایەتی دووراودوور لەگەڵ شاعیر و ژمارەی کەمی شێعرەکان(سەرجەم، ١٧ پارچە)*، وا هەیە دەرەتانم پێنەدەن ڕوانگەیەکی هەمەلایەنی لەمەڕ کەسایەتی شاعیر و چۆنیەتی شێعرەکانی بە خۆم و خوێنەری ئەم یادداشتانە ببەخشم، هەربۆیەش، چاوەڕوانیی ڕەخنە یا تۆژینەوەیەکی بەرفراوان لەم ووتارە، زۆر بەڕێ وجێ نابێت. یادداشتەکانی من زیاتر، دەربڕینی هەستی شەخسیمن تا لێکۆڵینەوەیەکی جیددیی ئەدەبی و پێم خۆشە هەر بەوشێوەیەش لە لایەن خوێنەرەوە، وەربگیرێن.

بە خوێندنەوەی شێعری«هێدی»، من خۆم بەرانبەر بە هەستیارێک دەبینمەوە، کە ئەگەر ئەزموونی ڕاستەوخۆی شاعیریی، کەم مەودا بێت(هیچ نازانم چ ماوەیەک؟)، تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ شێعری هاوچەرخی کوردیدا هەیە(گۆران، شێرکۆ بێکەس، هەژار و بە تایبەت هێمن). ئەو ئامێتەییە، لە لایەکەوە هاوبەش وهاوشانی ڕێچکە وشێوازی ئەو شاعیرانەی کردووە ـ کە خۆی لە خۆیدا، بۆ شاعیرێکی لاوی کەمتر ناسراو، هەڵدان وهەڵکشانە، لە لایەکی دیکەوە، کەسایەتی سەربەخۆ وشەقڵی تایبەت بە خۆی لێسەندووە کە ئەمیان لایەنێکی سەلبییە و زیانی زۆری لەو دیاردە سەربەخۆیە داوە کە پێی دەڵێین «شێعری هێدی» یا «هێدییانە شێعر گوتن».

هەموو شێعرێک، تاریخی خۆی بە سەرەوەیە و تۆژینەری کاری هێدی دەتوانێ شوێنیان هەڵگرێ و جێ پێی کارتێکرانی شاعیر بدۆزێتەوە:

«تینوویەتیم بە ماچ دەشکێ»(١٩٨٩)و «بازی من» (١٩٩٠)، زیاتر لە شێعری هێمن نزیکن تا «تەوار»(١٩٩٤)و«تۆزی بانان»(١٩٩٥) ـ ئەوەش وەک نیشانەیەک لەو ڕاستییە وەردەگیرێ، کە شاعیر لە بواری قۆناغ بڕینی هونەریی خۆیدا، زیاتر بەرەو ڕچەشکێنی دەروات و ئاقاری قاقڕی لاسایی کردنەوە، بەرەو سەوزەڵانی سەربەخۆیی بەجێدێڵێ.

ئەم دوورکەوتنەوەیەی «هێدی»لە جیهانی «هێمن»، ناتوانێ جیاواز بێت لە جیابوونەوەی لە «جیهانبینی» هێمنانە** و من بەداخەوە ناتوانم شوێنی ئەو شێواز و ڕێگابڕینانە بە یارمەتی ١٧پارچە شێعری بەردەستم هەڵبگرم؛ لەو پێوەندییەدا، دەبێ ئاماژە بەخاڵێکی گرینگ بکەم:

دوورکەوتنەوە لە شێوازی شێعری هێمن کاتێک باش بوو، کە هێدی لە خۆی نزیک بوایەتەوە، نەک هێمن بە جێبێڵێ وشوێنی شێرکۆبێکەس هەڵبگرێ. هێندێک لەو پۆستەرە شێعرانەی وا لە ساڵانی دواتردا گوتراون: «پێڵاو»(١٩٩١)، «بیرەوەری»(١٩٩٣) و بەتایبەت«دەنگ هەڵبڕە»(١٩٩٤)، شوێنی شێعری شێرکۆ بێکەسیان بە سەرەوە دەبیندرێ.

«زمان»ی شێعرەکان پاراوە و تەنانەت بە شێکی سەرکەوتووی کاری هونەریی«هێدی»، زمانی قسەکردن وپێوەندیی گرتنیەتی لەگەڵ خوێنەر. دەربڕینی قورس و قایم و پتەو(هیوام شەکەتە و خەونووچکە دەیاتەوە ـ شێعری «پرس»)، ووشەی ڕەسەن (کەند و لەند و قۆرت وگەوە ـ شێعری«پێڵاو» و کەڵک وەرگرتن لە مەتەڵ وقسەی نەستەقی پێشینیان(شێعری«کەرستان»، «تۆزی بانان» و «بێ هیوایی»)، کارێکی وایان کردووە، خوێنەر، ڕووبەڕووی شێعرێکی بێ گرێ وگۆڵ ببێتەوە کە ئەوەندەی لە بیچم و شێوەدا ساکارن،لە باری واتا و ناوەرۆکەوە ئاڵۆز وقوولن. بەڵام دیاردەیەک کە بەژنی شێعرەکانی پتەوترکردووە، تەنزێکی نەرم ونیان و بەڕێ وجێیە، کە تان وپۆی زۆربەی شێعرەکانی داگرتووە. تەنزی نوستووی ناو شێعرەکان، هێندێ جار لەو تەنزە پڕ هەرەکە و بە تینە لاوازترن، کە لە پەخشانی«هێدی»دا، خۆ دەنوێنن:«هیوادارم بە گاوانیی خۆم، گەڕی داوەتی نووسەری وتارەکەم تێکنەدابێ. نەشمویستووە دۆی لە دەستی دەرێنم و خۆم تووشی کێشەکەم، مەبەستم هەر ئەوەیە نەهێڵم داوێنی کراسی دۆی شۆخ وشەنگ وەبەرپێیان کەوێ»(گزینگ، ژمارە ٤، ل ٥١). لەگەڵ ئەوەشدا، شێعرەکانیش لەو تەنزە بەپێزە خاڵی نین (کەرستان، پیاو سالاری و پێڵاو). تەنانەت لە شێعرێکدا (وەڵامی هێدی بۆ شێعری «هەمەوەند»)، وەپێش پەخشانەکەش دەکەون. «پارسەنگ»ی نێوان شێعر و پەخشانی هێدی، لە مەسەلەیەکی دیکەدا تووشی ئاڵوگۆڕی دێت:

لە کاتێکدا، پەخشانەکەی داڕماڵی ووشە و زاراوەی ناوچەیی(موکریانی و بەتایبەت مەهابادی)یە، شێعرەکان، ڕوانگەیەکی بەرفراوانتر و سینگێکی ئاواڵەتر، دەخەنەڕوو. زمانی شێعرەکان، گشتی تر وئاشناترن. لە هەموو شێعرەکانی بەردەستی مندا، تەنیا سێ جار کەڵک لەو زمانە ناوچەییە وەرگیراوە: «دەگەڵ»(سووتان لە غەریبی دا)، «ئەوشۆ»(هەمان)،«حاڵی جاوی»(وەڵامی هێدی بۆ هەمەوەند)، ئەوەش لەبارودۆخی ئەمڕۆی ئەدەبی کوردیدا، کە پاشاگەردانی و ناوچەچییەتی بەسەریدا زاڵە، جێگەی خۆشحاڵییە.

شێعرەکان بەگشتی، ئاوێنەی هەستی تێپەڕ و ئانیی شاعیرن تا بیرکردنەوەیەکی بیندرێژ و بەردەوام، هەربۆیەشە، کورت وکرمانجی دەربڕینەوە و بەچەند ڕستەیەک کۆتاییان دێت. جگە لە دوو شێعری«بواری دڵ» و «تینوویەتیم بە ماچ دەشکێ»، زۆربەی شێعرەکان، پۆستەرە شێعرێکن کە کامێرای زەینی شاعیر گرتوونی و خستوونیەتە سەر کاغەز. ئەم شێعرانە، «ڕەسم»ن تا «نیگارکێشان»، «هەست»ن تا «بیر»، هەرئەوەش لە شێعربوونیان نزیک دەکاتەوە و لە

هەڵسەنگاندنی ئاخیردا، بەبۆنەی حزووری جەوهەری«خەیاڵ»ەوە، هیچ گومانێک بۆ شێعربوونیان ناهێڵێتەوە.

هێدی لە قۆناغی دوای مەرگی هێمن دا، هەڵێکی باشی بۆ هەڵکەوت خۆی لە ژێر شوێنی ئەو شاعیرە بەرزەی موکریان ڕزگار کات و لە چوارچێوەی شێعری کۆن و شێوە کلاسیکی کوردیدا ببێتە دیاردەیەکی نوێ. کەسێکی وا دەیتوانی و دەرەتانی ئەوەی هەبو خوێنی تازە بڕژێنێتە دەماری ویشک هەڵگەڕاوی شێعری کۆنەوە، بەڵام شاعیر ئەو دەرفەتە لەبارەی، بە لاسایی کردنەوەی شێرکۆ بێکەس وشاعیرانی «ڕوانگە»لە دەستی خۆی وشێعری کوردی سەند ـ دەرفەتێک کە بۆ نموونە، لە شێعری ئەمڕۆی فارسیدا، بۆ «سیمین بهبهانی» هەڵکەوت وبەباشی قۆستیەوە.

سیمین دوای چاپی یەکەم دیوانی شێعری(واتە«دیوار»)، لە پەنجاکاندا، هەستی کرد ناتوانێ شان بەشانی شاعیرانی لاوی دوای نیما(شاملو، فروغ، اخوان و...) بڕواتە پێشێ و لەوە دەچوو وەک بڵقێک لە سەر زەریای شێعری فارسی بتۆقێتەوە ولەناوبچێ، بەڵام کەڵک وەرگرتن لە دیاردەی نوێ ونامێتەکردنی لەگەڵ شێوازی کۆنی کلاسیک (بە گشتی،غەزەل) کارێکی وای کرد، ئەمڕۆ دوای مردنی «شەهریار»، هەموو شێعر دۆستێکی فارس چاوی لە سیمین بێت.

نزیک بوونەوەی سیمین لەو لووتکەیە، بەهۆی داڕشتنەوە و خولقاندنی هێندێک بەحری شازەوە، هاتە گونجان کە لەگەڵ عەرووزی ستانداردی شێعری فارسیدا یەکی نەدەگرتەوە و بۆ زەین و هەستی خوێنەر، دارمالی تازەیی وجوانیی بوو.

هێدی بە درێژەدان بە شێعری وەک: «بازی من» و بە تایبەت «تینوویەتیم بە ماچ دەشکێ»، دەیتوانی ببێتە قارەمانی مەیدانی نوێخوازی لە شێعری کلاسیکی کوردیدا وشێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام بەداخەوە لە ساڵانی دواتردا، ئەو مەیدانە بەرینەی بۆ گۆڕەپانێکی بەرتەنگی وەک لاسایی کردنەوەی«عەبدوڵڵا پەشێو»و«شێرکۆ بێکەس»بەجێهێشت ـ ئەو مەیدان چۆڵکردنەش، بۆ شاعیرێک کە دەیتوانی شێوازی سەربەستی تایبەت بە خۆی هەبێت، گەلێک دڵتەزێنە.

شاعیر لە شێعرەکانیدا، خۆی وەک نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزی گەل دەنوێنێ کە لە تاراوگەی دوورەوولاتیدا، دڵی بۆ کوردستان دەتەپێ و نەبزی لەگەڵ نەبزی گەلەکەی لێدەدات. بەڵام دەربڕینی ئەو هۆگری و ئەویندارییە ، هێندێک جار مەیدانی شێعری پێ بەجێدێڵێ و لە«شعار»ی سیاسی نزیک دەکاتەوە، ئەو زمانە سیاسییە ڕاشکاوەش شێعرەکان تووشی بەرزی ونزمیی زۆر دەکات و شاعیر دێنێتە سەر باوەڕێک کە دەبێ بۆ هەموو شت، لە بنی کوولەکە بدات و خۆی لە بەرانبەر خەڵکی «شێعر نەزان»دا بە بەرپرس بزانێ ـ ئەو هەڵوێستەش، فریشتەی دڵناسکی شێعر دەتۆرێنێ. ئەگەر ووشەی «کوردستان»لە شێعری «پرس»هەڵاوێردرێ و بۆ نموونە، زێد، دایک یا سیمبولێکی لە جێگە دابندرێ، تاقە ئاکامی ئەوە دەبێت شێعرەکە، لە بەرزی و نزمی ڕزگار بێ و شێوازی هونەرمەندانەی پێدەبەخشرێ کە ئەوە خۆی، گەلێک جیاوازە لە هونەر بە تێگەیشتنی«ریالیسمی سوسیالیستی»یەوە!

شاعیر دەبێ ئەزموونی ئەم ڕێگایە بکات و شێعری خۆی لە ڕێپۆرتاژی ڕێپۆرتەرێکی ڕۆژنامە، جیا کاتەوە! شێعری«ڕەگەز پەرستی » کەمتر نیشانەی شێعربوونی بەسەردەویە. هاواری سەرڕەشێکی ژێرپۆستاڵی چاوشینی مووزەرد، کەمتر بۆنی شێعری لێدێت. دەتوانێ گلەیی بێت، شکات وگازەندە بێت، هاوار بێت، بەڵام ناتوانێ شێعر بێت؛ لە کاتێکدا شێعری «خاچی شکاو» ـ بە هەمان ناوەڕۆکەوە، توانیویەتی لە جەوهەری شێعر نزیک بێتەوە و ڕکەی«شعار»و «دروشم»ی سیاسی بشکێنێ.

با ئاواتی ئەوە بخوازین هێدی شاعیر لە کەند وکڵێ سیاسی کە کۆسپی ڕێگەی سەرکەوتنی هونەرمەندە، سەرکەوێ. با هێدی و شاعیرانی دیکەی کورد، ئەرکی کۆمەڵایەتی، لە دروشمی سیاسی و ڕێکخراوەیی جیاکەنەوە و بە ناوی یەکەمەوە نەکەونە داوی دووهەمیانەوە! با ئەزموونی تاڵی شێرکۆ بێکەس و ڕەنگ گۆڕینی لە شاعیری گەلەوە بۆ «شاعیری حیزب»ببێتە چرای ڕێنموونی شاعیرانی لاومان! با پەریی شێعری شاعیرانمان بە کلاشینکۆفی پێشمەرگایەتی نەکوژرێ! با شێعر، شێعر بمێنێتەوە!

خاڵێکی دیکە سەبارەت بە ناوەڕۆکی شێعرەکانی هێدی، لایەنی فێمینیستیی شێعرەکانە. شاعیر، هەست بە ژێر چەپۆکی وەزڵوومیی نافرەتی کورد دەکات، دیاردەی«پیاو سالاری»دەباتە ژێر هێرشی پیاوانە! و وەک بەرپرسێکی ڕاستەقینە دەچێتە شەڕە جەنگی لایەنگرانی دواکەوتووی نابەرابەریی ژن و پیاو و شێرانە لەو مەیدانەدا دەوەستێ.

هیوادارم بۆ ساڵانێکی دووروودرێژ، زەوقی شێعردۆستان بە شێعری تازەی هێدی چەش بێ و بیرێکیش بۆ نازناوە پر بە پێستەکەی خۆی بکات کە خوێنەرانی کورد، لە گەڵ شاعیری کەمتر گەنج!«کاک خالیدی حیسامی» (هێدی)دا لێیان نەشێوێ!

لەندەن ـ جانیوەری ۱۱۹۶

* بە داخەوە چاوم بە «دیلان» کۆمەڵە شێعری چاپکراوی کاک هێدی نەکەوتووە.

** ئەم تەعبیرە یەکەمجار لەلایەن کاک «هێرش»ەوە بە کارهێنراوە:

ئەگەرچی لام گرانە وەسفی جوانیت
ڕەچاویش کەم ڕەوشتی «هێمن»انە
(بزەی خوێن، هێرش، ل ۳۰و۳۱، چاپی ۱۹۹۰).

• هێدی لە قۆناغی دوای مەرگی هێمن دا، هەڵێکی باشی بۆ هەڵکەوت خۆی لە ژێر شوێنی ئەو شاعیرە بەرزەی موکریان ڕزگار کات و لە چوارچێوەی شێعری کۆن و شێوە کلاسیکی کوردیدا ببێتە دیاردەیەکی نوێ.

• شاعیر دەبێ ئەزموونی ئەم ڕێگایە بکات و شێعری خۆی لە ڕێپۆرتاژی ڕێپۆرتەرێکی ڕۆژنامە، جیا کاتەوە!

چەند شێعری بڵاونەکراوەی هەورامی

ئەنەوەر سوڵتانی

پێشتر، باسی کەشکۆڵە شێعرێکی «گۆرانی»م بۆ خوێنەرانی گزینگ کردووە(ژمارە ٦) و هەروەها، بۆچوونی خۆشم لەمەڕ یەکبوونی«مەحزوونی» و بێسارانی نووسیوە(ژمارە ٨).

خۆشحاڵم ڕایگەیێنم کە کەشکۆڵی ناوبراو(B. L. M.S. or. 6444)ئێستا لەژێر چاپدایە و واهەیە تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ چاوی هەموو لایەکی پێ ڕۆشن بێتەوە.

کەشکۆڵی شێخ عەبدولمومینی مەردۆخی، ٣٨١ پارچە شێعری ٣٩ شاعیری هەورامی گرتۆتەبەر. لەوانە ٢٢٦ پارچەیان هی مەحزوونی (بێسارانی)ن و پاشماوەیان هی ژمارەیەک شاعیرن کە جگە لە چەند کەس، ئەوانی تر بۆ ئێمە ناسراو نین.

لێرەدا، چوار پارچە شێعری کەشکۆڵەکە، بڵاودەکەمەوە، ئەوەندەی بزانم ، هیچکام لەو شێعرانە لە سەرچاوەیەکەی دیکەدا نەبیندراون و بڵاویش نەکراونەتەوە. هیوادارم ئەگەر خوێنەرانی «گزینگ» بە هەواڵی هەر کام لە شێعرەکانیان زانی یاخود لە شوێنێکی دیکەدا چاویان پێکەوتبێ، بە هۆی گۆڤارەکە، ئاگادارم کەنەوە تا پێش چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبەکە، دەرفەتی بەراوردکاریم هەبێت و زانیارییەکە، بە ناوی نووسەرەکەیەوە بخەمە بەر سەرنجی خوێنەران.

* ئەم پارچە شێعرە، «میرزا ئیبراهیم»ناوێک لە وەڵامی شێعرێکی مەحزوونی(بێسارانی)دا هۆندوویەتەوە و ڕەخنەی لێگرتووە کە جیاوازیی نێوان لەعل و بەردی نەزانیوە. من لێرەدا، سەرەتا شێعرەکەی مەحزوونی دێنمەوە کە لە دیوانی بێسارانی(ژمارە ١٠٢ی دەستنووسی مەلا سەید تاهیر، لاپەڕەی ١٥٤، چاپی نیکرەفتار)داتۆمار کراوە، ئینجاشێعرەکەی «میرزا ئیبراهیم» کە بەداخەوە نەمتوانی لە هیچ سەرچاوەیەکدا شوێنی هەڵبگرم.

ئ) شێعرەکەی مەحزوونی

ولە حرف الحاء

حاڵداران! حاڵەن،
حاڵێ پێم یاوان، ئەز چ حاڵەن
سەرم داخ کەردەن، یە کام خەیاڵەن
سپی سەنگێ دیم واتم یە لاڵەن
لاڵ خوسرەوان، نە کەمەر مەبۆ
سەنگ، هەر گەدایێ پاش وەسەر مەبۆ
فرێ کەس چون من، خام خەیاڵ مەبۆ
کەی سەنگ بە دانەی دوڕ لاڵ مەبۆ؟
خەیاڵش بەد بی، ئەسڵش نەبی ساف
نشانەی لاڵیش بەرشی بە خیلاف
سپی سەنگێ دیم، بە لاڵم وانا
لاڵ بان ئەر هەرنیچ بەلاڵش وانا

(F. 30b)

ب) وەڵامی میرزا ئیبراهیم

سپی سەنگ شناس!
هەی پیر خەرف، لاڵ ب هسەنگ شناس!
لاڵی جە دەریا ئاوردەن خەواس،
جە زوان لاڵ بای، چون ماچی ناخاس؟
کارەی وێت نییەن، پیری زۆرداردەن
وەرنە، لاڵ بە سەنگ فەرقش هەزاردەن
لاڵێ کە خەڕاج سەد شاران دارۆ
پێش مواچی سەنگ؟سەنگ وە ڕووت بارۆ!

(F. 30b)

شێخ ئەحمەدی تەختەیی

شیخ احمد تختی در فوت فرزند خود مسمی باسم آبیه، طاب ثراهما*

دیدەم لواوە، دیدەی من دیا
دیدەم، دیدەش کەرد جە دیدەم** جیا
دڵ، شی وە دمای دیدە و گیانم
مەر پەرسۆ هەواڵ دیدەی دیدانم
بەڵێ هەواڵ دا، دڵ وە لای گیان
وا کە بێ دیدە، چۆنشەن ژیان؟
بیۆ بە زەروور، قائیدە ئیدەن
چون دیدەم دیان دید وا دیدەن
گیان، کە ئەژنش[؟] واتەی دیدە ودڵ،

بەرشی جەلای من، شی وە دمای دڵ
بە هیممەت یاریان، خوێش و بێگانان
پاکیان لوا وەلای گیانان
من مام چەنی جەور، سەخت تەنیایی
ڕووبەڕوو بەربای ڕۆی ئەلوەدایی
(F. 45b)

* شێخ ئەحمەدی تەختەیی کوڕی شێخ مستەفای تەختی مەردۆخییە و لە دەوروبەری ساڵانی ١٦٤٠ و ١٧٢٠دا ژیاوە(سەجادی، مێژووی ئەدەب، ل٢٣١). بەم پێیە دەبێ ناوی کوڕەکەشی مستەفا بووبێت.

** دیدم[؟]

******

ئەم دوو پارچە شێعرە، وتوویژی «یاسکە»یە لەگەڵ «یوسف یاسکە»ی باوکی. بە گوێرەی ناوەڕۆکی شێعرەکە، دەبێ «یوسف یاسکە» لەزیندانی خان ئەحمەدخانی ئەردەڵاندا بووبێت، ئینجا یاسکەی کوڕی بە شێعر، ئاواتی ڕەهایی بۆ خواستبێت ویوسف لە زیندانەوە، بە شێعر وەڵامی دابێتەوە. خان ئەحمەدخانی کوڕی هەڵۆخان لە نێوان ساڵانی ١٠٢٦ و ١٠٤٨کۆچی =١٦٢٤و١٦٤٦زایینی دا، حکوومەتی کردووە. (عینوانی هەموو شێعرەکان بە فارسی نوسراون)

یاسکە در سؤال یاسکە پسر یوسف

یاشا! ڕەهابۆ
میرزام جەی بەندە بە زۆر ڕەهابۆ
سپەردەی دەوای قەدیم نمابۆ
دەستش بە دامان ئیمام ڕەزا بۆ
ئەخی حاجەت واز بکەرۆ حاجەت
بە سەرسایەش بۆ، سای دەست قودرەت
باجەتی بێچوون! مروەتەن، ئامان!
میرزام وەس کێشۆ، بەند بێسامان
خەلاس بۆ جە بەند، بە قودرەت وێت
کەرەمت فرەن، باکم نەبۆ جێت
ئەو دی بشۆوە، وە چاخ ساڵان
ببۆ بە هامراز شای سۆسەن خالان
بنیشمی بە هەم، گشت بماوەروو
بواچوو جەلاش ماجەرای پێشوو.
(F. 41a)

یوسف یاسکە در جواب

یاسکە! یاوا
بای شەماڵ نامەت یاو ناو یاوا
عەرضەی هاڵانت تووەن پێ تاوا[؟]
پەردەی دەروون پێی شەق بی شکاوا
وەنەت ماڵووم بۆ نوور دیدەی من!
مایەی زندەگی! بەرگوزیدەی من!
یە، گشت کەردەی دەور چەرخ گەردوونەن
فرێ خاطرات پەی مەوج هوونەن
ئەرمۆوەت دەوران بەکام تۆ بۆ
سەبر سابیریت با «خەدیو خوو» بۆ
سابر، سەبرش بەرد، یاوا بە وایە
سەیوان دەوڵەت بیش بە سەرسایە
ئەر خودا مازۆ، «خان نامور»
چون یوسف جە چا، ماوەرۆم وە بەر
ئەوسە، بە کۆری ڕەقیبان ڕەد
من ئەو یوسفم، خان، ئەو«خان ئەحمەد».
(F. 41a)

شێخ عەبدولمومین، هەروەها دوو پارچە شێعری خۆی و شێعرێکی باوکی (واتە شێخ جەمالەدینی یەکەمی مەردۆخی) کردۆتە ناو ئاخنی کەشکۆڵەکە. ئەم شێعرەی خوارەوە، هۆنراوەی خۆیەتی و بە بۆنەی لێخرانی خوسرەوخانی گەورە لەلایەن کەریمخانی زەندەوە گوتراوە. خوسرەوخان لە ساڵی ١١٧٦دا عەزڵ کراوە و لە ١١٧٨دا گەڕاوەتەوە سەر حوکمی ناوچەی ئەردەڵان. خوسرەوخان لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا، لە «شیراز»ی پێتەختی کەریمخان و لە ژێرچاوەدێریدا ماوەتەوە.

لراقمه

در عزل عالیجاه معلی جا[ایگاه] معدلت پ [ناه]خسرو[خان] ابن[احمد خان] واقع [شد]

میرزام! ئەمەندەن
سەیران چار باخ، چاخش ئەمەندەن
ئەمامان زویر، خاطر پەرکەندەن
ریشەی شادیشان جە بێخدا کەندەن
گەرد ماوی تەم، زەرگون ئەی دیار
بەرگ گوڵ زایف، تەرز تووڵ زگار
عەرعەرقامەتان عوریان وە ماتەم
گوڵان، گوڵچینان، گشت ماتەن ئە خەم
چەمەنان بێ نوور، گوڵاڵان بە داخ
ئەرگس جەمینان ئەداران دەماخ
تەطاران بێ خەوف، ئە سای چناران
مەکەران سمکۆ، هەر سوب ئێواران
مەگێڵان بێ باک، سوب ئە سەر شاخان
شەو، جای مەکۆشان، ئەپای یاتاخان
پەی چی؟ پەی ئەدین خان خوسرەوخۆ
کەیانی کەی تەبع. کەیخوسرەو شکۆ
بێ ناز و نیاز ئە مولک عەجەم
جەم غولامش شێویان وەهەم
***

هەر ڕۆ، پەرێ عەیش، شادی وبەشارەت،
ئەمیۆ ئە پای عالی عیمارەت
های های کەڕەنا و سەدای تەبڵ وکۆس
ئاموشۆی دیوان، میران وە پاپۆس
ئوتاخ بێ دەماخ، خانلەران دڵتەنگ
ئەمەی، ئە مەینۆش، ئە ساز چل چەنگ
ئە تەخت ونە تاج، ئە سپا وسانش
ئەمەندەن ئە ئەمر حوکم فەرمانش
ئیسە وێنەی فکر هەیئەتی پەروەر
موجەڕەد مەندەن خان لاڵ کەمەر
دوشمنان پەردەی شادی دەردەوە
خانان خەوفشان ئەدڵ بەردەوە
مەهتاب نشینان ماوەڕووی زامەن
بە سەیل ئەسرین تەرکەردەن دامەن
بێ سورمە، سپین دیدەی تەطاران
نوور دیدەشان بەچەم مەداران
جەیرانان بێ خەوف، شین بە باخاندا
بە سەهەند وحەوز، جای خوسرەوخاندا
واتن بە یەکدی، هەر کەس جە ندوێ
دەستگای خوسرەوی، شەوق ئەمەندەن پێ
سارایی کۆ گەرد پۆکە ئە سای سەنگ
چون خان مازوور، مات مەندەن، بێدەنگ.
(F. 42b)

***

کورته چیرۆک:

چارەنووس

● کوردان ●

* شێعر و هەڵوێستە بەرزەکەی مامۆستا «عەبدوڵا پەشێو» زمانی حاڵی گەلەکەمانە و هەموو مێژووی ڕابوردمانی تێدا دەخوێندرێتەوە.

کوردان ـ زستانی ٩٤

«... ئێوە بۆچ سەیرێکی ئەم چارەنووسە ناکەن کە چۆنی دێنێ و چلۆنی دەبا... چۆنی دەبا و چلۆنی دێنێ؟! ئێوە و خواکەتان وچانێک بگرن وچاوێکی سەرپێییم لێ بکەن و بم بینن ؛ بم بینن کە چوار ڕۆژ لەمەوبەر کێ بووم و ئێستا کێم؟ چوار ڕۆژ نا، هەر چاوتروکانێک بەر لە گوژانەوەی گڵۆپی کارەبای ناو هۆڵەکە... گڵۆپەکە گوژایەوە ومن گۆڕام... پشتی لاشانی من و دوگمەی هەڵکەر گوژێنەری گڵۆپی کارەبا... هەر تۆزکاڵێک ئەولاتر ڕاوەستابایەم و پشتی لاشانی من و ئەو دوگمە قیتە یەکتریان نەگرتبایایەوە ، هیچ شتێک نەدەقەوما و هەموو شتێک لەسەر خەت و پەتی خۆی دەڕۆیی. کێ دەڵێ چارەنووس بەناهێکەوە بەند نییە؟! وەلاهی بەندە! ئەی ئەگەر بەند نییە و وازە ، بۆچ لە چاو تروکانێکدا کارەسات وەک ڕەشەبا هوروژمان دێنێ؟!... سەران دەگۆڕێ و ژێران دەگۆڕێ؟! سەران دەخاتە ژێر و ژێران دەباتە سەر؟!... پیاوی بێ خەبەر، خەبەردەکاتەوە و ڕایدەتڵەکێنێ ... چۆن بەند نییە ؟... بەندە و باشیش بەندە!... ڕەنگە ئەوانەی کە چۆکیان کوتاوەتە سەر گنیخەی قورگمان و لە نێوانی مان و نەماندا ڕایان گرتووین ، ئەم وتەیان پێ هەوا بێ و پێیان وابێ کێ ڕەبی چەقاند هەر ئەو ئاغایە؛ کێیش ئاغاش بێ، هەر ئەو خوای چارەنووسانە و چارەنووس ساز هەرئەوە. بەڵێ وایە! نوکە وایە، چەڵێ وایە و ئێستا وایە، بەڵام ئەرێ ئەوە هەتاسەر دەی کێشێ و هەتا هەتایە بۆ ڕەب چەقاوەکان دەڵێ کە بیبڕن و بیدوورن و دەبەر خەڵکی بکەن؟ ئەگەر وابوایە، دەبووایە سەرتاسەری مێژووی مرۆ لەیەک هەوا هاتبایە و بەیەک هەوا چووبایە و یەک زۆردار لەسەر تەپڵی سەرمان چەقیبایە. نەخێر چارەنووس لە پەنا گوێچکەیە و گۆڕانەکەشی بە ناهێکەوە بەندە. چی ملهوڕە، دەبێ لە ئاهی ئەم چارەنووسە بترسێ و دەست و پێی خۆی کۆ بکاتەوە. خۆ ئەم گشتە خەڵکە بووکە سەماکەرە و کایە کلێی بەردەستی ئەوان نین کە بۆ ئارەزووی دڵ هەڵیان بەزێنن و هەڵیان خلێنن. خۆ ئێمە مۆم نین کە بە ئارەزووی دڵ وگون، گەرمان بکەن و نەرمان کەن، شکڵ و تەرز و بیچم و شێوەمان بگۆڕن؛ لە مرۆ بمان کەنە سەگ و بمان حەپێنن، بمان کەنە کەر و بارمان پێ بەرن، بمان کەنە مەیموون و هەڵمان پەڕێنن! ئەڵبەتە لەجیهانی گەمژەڵە و گێژە پیاگاندا ئەم ئاڵ و گۆڕانە بەسانیە و ئاوخواردنەوەیە. چییان بەسەر بێنن لێیان دەچێ و چییان لێ بکەن لێیان دەڕوا ؛ دەی ئەوەی کە فوویەک لەهیچ دۆیەک ناکا و هەر مل پێوە دەنێ، با هەرچی لێ دەچێ ، لێی بچێ و و هەرچی لێ دەڕوا، گۆڕی گیانی بێ با لێی بڕوا! بەڵام ئەرێ ئەوە هات و ڕۆژێک لەڕۆژان گەمژە و گێلکراوەکانیش جووڵەیەکیان تێکەوت و هۆشێکیان هاتەوەبەر؟!... ئەو دەم چ دەبێ و چی دەقەومێ؟ هەر ئەو جۆرەی کە ئێستا سوور دەزانم چارەنووسەکەم بەو سێ گڵۆپانەی بەرامبەرمەوە بەندن، هەر ئەوتۆش دەزانم کە ئەوانیش ڕۆژێک هۆشیان دێتەوە بەر و تەڵاشێک لە دارێک دادەتاشن. جا وەی لەو ڕۆژەی کە پیاوی لەخەو کراو لەخەو هەڵسێ و بزانێ کێ مافی خواردووە و کێ هەقی پێشێل کردووە! بەسەرتان سوێند، ئەودەم هەزار هاوار پووشێک ناهێنێ. کلک لێک بەستن و بەند و بەستەکانی لای ڕۆژاوا و فسکە فسک و حیزەحیزی شەریک و برابەشەکەی ئەولاشی بەرگەی لافاوی لەخەو ڕابووان ناگرن . ئەودەم ئیدی هەر دەردە دار بە دەردی دەردەداران دەزانێ و هەر دەردەداران لەخەو خەبەر دەکاتەوە. ئیترئەودەم کلکی کەڵەشێرە دزراوەکەی مالی وڕ و کاسکراوەکانیش بەناشکرا لە ژێر ئاتەگی دز دا دیارە و دەردەکەوێ دز کێیە و کێیە دز؛ لەمێژیشە نووسیویانە دز بگرن چی لێ دەکەن! هەر ئەوجۆرەی کە لێم یەقینە و سوور دەزانم کارم کراوە، هەر ئەو جۆرەش لەبەر چاومە کە گەرای پسانی تەنافی بێداد لەناو خودی تەنافەکە دایە. من ئیتر تازە لەدەست چووم. پەکم بەخۆم و بەچارەنووسی خۆم ناکەوێ. لە دایکەوە ڕاهاتووم کە بۆ شیری ڕژاو و ڕۆژی ڕابوردوو نەگریم . من چەشنی ماری گوژراو، شەوم بەسەر داهاتووە و ئەستێرەی خۆمم لەحاڵی ڕاکشان دا بینیوە و لە قاپێلکی خۆم دا پەپکەم خواردۆتەوە . هیچ داخی خۆمم لەدڵدا نییە. ئەگەر کڵۆڵم، کڵۆڵی بووکە (ڕووناک)ی خێزانم. ئەگەر پەرۆشیشم، پەرۆشێکی ماڵ کاولی(پاڵە)ی کوڕمم. چیهام جەفا دیت هەتا بوومە خاوەنیان. چەندەم کوێرەوەری دیت هەتا چوار دیوارێکم بە دەور دا کێشان. بەخوێنی جگەر ڕاخەر و پێخەف

وکـەل وپەلی مـالم بۆ پێکەوە نان. لە ڕێی حـەسـانەوەیاندا تووکی سـەریشم ناوەتە ژێر قـەرزەوە. قـەرزاری بەجـەهەنەم! ئەو ئەرەجی دەهات و دەکرا بەبارێک دەگەڵی چارابام ئەگەر ئەوتۆم لێ بەسەر نەهاتبایە.

چارەنـووس بـەئـاهێـکـەوە بـەنـدە. هـەر تۆزکـالێک ئەولاتر ڕاوەسـتـابایەم ڕۆژم لێ نەدەگـیـرا و نەدەکـەوتە ڕۆژی ڕەش. بە ڕۆژ، لە خوێندنگەکەی بابە قازی دا ئیش و کارەکەم باش بوو. بەر پێی منداڵ خاوێن کردنەوە، ناودەست، سەربان، ژێرخان، حەوشە و بەردەرگاماشتن ئیش وکـاری ڕۆژم بوو. بە ئێـوارانیش چرای لایت بەدەسـتـەوە، لە ژوورە تاریکەکـەی سـینەمـای شـارەکـەمـاندا ڕێگا و جـێگای بینەرانی تازەهاتگم ڕووناک دەکـرد. لە بەری بەیانەوە هەتا خەوتنان لەئیش و کـار دابووم و قـەرزاری پێم نەدەوەسـتا. کارەکەم باش بوو. تەپ و تۆزم زۆر دەخـوارد، بۆگـەن و بۆ ترشـاوێکی زۆریشم بەمـێـشـکدا هەڵدەکـشـا، ئەمـر و فـەرمـانی بەڕێوەبەری لەخۆبایی مـەدرەسـەشم وەک تۆز و خۆڵ بەسـەر دا دەباری. سینەمـا و فـیلم بینینی گـشت شـەوانەشم خـۆڕایی وبەلاش بوو. شـەو نەبوو بەچەند جـار و چەند کـەرەتان دەنگی پێکەنین، دەنگی گریان، نرکە و هاواری بگرە و بگووژەی فیلمەکانم بە گوێ نەگەن. لە نێو هۆڵی نیوە تاریکی سینەماکەشدا شەو نەبوو نەبینم کێ دەگـەڵ دایکە ڕەشـتـاڵە هەژارە پێخـاوسـەکـەی هیندسـتـان بەکـوڵ دەگـری، کێ لە ناخی دڵەوە دەگـەڵ (زاپاتا)، دەگـەڵ (ڕۆبەرتۆ)*و دەگـەڵ (تیتۆ)** هاوەدەنگە.

شـان و شـەپیلکم شکێ. هەر تۆزکـالێک ئەولاتری دوگـمـەکـە ڕابوەسـتـامـایە، ئاو نەدەشـڵـەقی و هەمـوو شـتێک لەسـەر خەت و پەتی خـۆی دەڕۆیی. بەڵام چارەنووس هات و ئەمـەی لێکردم و ڕۆیی. پێـرار نا، پار نا، نۆ مـانگ و سێ مـانگ و دوومـانگ لەمـەوبەر نا؛ هەر چوار ڕۆژ لەمـەوبەر... بەڵێ هەر چوار ڕۆژ لەمـەو بەر من چی بووم و ئێـسـتـا چیم؟ چۆن بووم و چۆنم، کێ بووم و کێم؟ ڕوو لەکێ کـەم و هاواری دڵ بۆ کێ بەرم!... هاواری چی و کەسی چی؟ کـوا کەی چارەنووس گوێی لەهاوارە و کێ دەتوانێ بەهاواری گـیـرۆدەیانی بەر چەنگی ئەم ئۆختەپووسە بگا؟ کەس ناوێرێ خۆیەکم لێ بدا. چوار ڕۆژە، لەوسـەری ژێرخانە دوور و درێژەکەی زیندان، هەتا ئەو سـەری، یازدە جـاران و دوازدە جـاران دەم هێنن و دەم بەن و دەم ڕەتێنن. لەهەر هاوردن و بردنێکیشـدا دووهەزار جـووتە شـەقی تۆپەفوتبۆڵ درێنم تێ هەڵدەدەن و دانەیەکیشم بۆ نانووسن. من خـۆم لەناو خـۆمـدا هەر پێم وایە هەمـووی شەقی چارەنووسن و دەبێ بیان چێژم. چەند گرێ ئەولاتری دوگـمـە حـیـزەکـەی شـانی دەرگـای هۆڵی مـەزن ڕاوەسـتـابایەم و بەپشـتی شکاوم شـاگـلـتـرپی ناو هۆڵی مـەزنم نەگوژاندبایەوە، یەکدانە شەپیشم وێ نەدەکەوت. نا، نا... نەخێر، نەخێر!... لەسەر ئەم خەتایە و بەتاوانی چرا گوژاندنەوە، هەر یەکەم ڕۆژ لێیان دام. تەنانەت بەرە بەری ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژەش هومێدی وەرگرتنەوەی گەسک و خاکەنازەکەی مـەدرەسـەی بابەقـازیشم پێـدرایەوە، بەڵام چارەنووس شـتـێکی تری نایە بەر دەمم و سووڕاندمی. لەم بەندە ڕایان گوازتم و خستیانمە زیندانێکی سـامناکی ئەوسـەر نادیار. یەکـەم ڕۆژی دەسـبـەسـەریم، چوارکـەس بوون بەسـەر جـەسـتـەمـەوە. ڕۆژی دوو و ڕۆژی سێ و ڕۆژی چوار، بە قـانوونی تێـهـەڵچـوونی ژمـارەی مـەتەمـاتیکی، بوون بە شـانزدە، بوون بە سی و دوو و بـوون بە شـەست و چوار. شـەق شـەقـێنەکـەش هەوا و نۆتە و ناهەنگی گـۆڕا. دەگـەڵ هەر هێنان و بردن ولێـدانێکدا، پۆسـتـەرێکی گـەورەکراوەوەی خۆمـیان خسـتە بەرچاوم وگوتیان: (ئەمـە کێیە؟)گوتم «منم». گوتیان: (لێیدەن!) پۆستەر بە دوای پۆستەر دا هات و لێیان دام و لێیان دام. لە یەکەمینیاندا، من لەبەرەوەی جەماوەرێکی زۆر، ئالای سووری چەکـوش و داس نیشـان بەدەسـتـەوە، تفەنگی کەڵەشینکۆفم لەمل کرابوو. ئەوی تریان ڕەشاش بڕنەوی لەشکرشکێنم لەشـان بار کـرابوو. سێهـەمینیـان (ئاڕ. پی. جی)م لەسەر شان داندرابوو،چوارەمـینیـان لەپشت سـام حـەوتی تەیارەشکێن دانرابووم و...

بەحـەیاتم، قـەت قـەت هیچ تفـەنگێکم بەخەویش لەخەون نەهاتووە. قەتیش ئالابەدەست و ئالاهەڵگر نەبوومـە. پێم گـوتن :« ئەمـە ئالا نییـە بەدەسـمـەوە. ئەمـە دارێکی درێژە و، من لەحـەوشـەی مـەدرەسـەدا خـەریکم تۆپی گـیـر خـــواردووی مـنداڵان لەنـاو لـک و پۆی تاکەدارەکەی حەوشەی مەدرەسە بستێنمەوە. ئەم ڕەسمە دوو بەهاری بەسەردا تێپەڕیوە و ئەمانەی پشت سـەریشم هەر ئەو منداڵانەن کـە زۆربەیان ئێستاش لە مەدرەسەن... بەڵام ڕەسمەکە دەستی تێدراوە. جلک و بەری من و منداڵەکان گۆڕاوە، ئالای دەسـتـم و چەکی لاشـانی من و منداڵان گشتی لابارن و هەر هەمووی لە لاوە پێوەندراون و تێکڕا مونتاژن. ئەوتا، ئەمەیان هەمزە کەچەڵی برازای بەڕێوەبەری مـەدرەسـەیە، ئەمـەی شـانی ڕاسـتـیشـم حسـێنی بارام بەگە؛ ئەو بارام بەگەی کە برادەری خۆشەویستی خۆتانە... »

ئەمـەم نەگـوتبـایە باشـتـر بوو. بە چواران ڕۆبوونە پیلووی چاوەکانم وئەوندەی بۆیان کـرا، چەرمی چاویان داپچڕیم. چی نەما چەرمی چاوانم داتلـێـشـێنن. چاومـیـان وەک کـەشکە فـەریکە دەرپەڕاند و بەسەرمیان دا شریخاند وگوتیان :(ئەی ئەگەر لەهەر دووچاوان کوێر و نابینای، دەبا چاوەکانت ساخ کەینەوە تا بیبینی ئەمانە چین!) پۆسـتـەری تریان هێنا و لە بەر دەمـیـان پان کردمەوە. لەنێوانی ئەڕنەستۆ چەگەوارا و فیدل کاسـتـەڕۆ دا؟!... من چی و ئەو برادەرانە چی؟ من لەنێوانیـاندا و ئەوان لە دوولاشـانمدا، ئەوان ڕوو بەمن و من ڕوو بە حـەوا، تاکـەدارەکـەی مـەدرەسـەی باوەقـازیش لە پشت سەرماندا! من چی و ئەم بەیت و باوە چی؟ من گـسک لێدەر و بەرێی خـاوێن کـەرەوەی منداڵی مـەدرەسـەی بابەقـازیم!... نەخێـر من و گـسکەکـەم، من و خـاکـەنازە بێ نازەکـەم، من و چرا لایتـەکـەی سینەما، من و قەرزاری... ئەوان هی منن. ئەوان بەشێکن لە پارە گۆشتی لەشی هی وەک منی بێ دەرەتانن. دەگـەڵیـان لەدایک بەربووینەتەوە و دەگەڵیان دەژین؛ کە مردیشین، بۆ ڕۆڵەکانمانیان جێ دەهێـڵین. دەگـەڵ هەمـووی ئەوانە لە دایک بەربووینەتەوە و برابەشمانن. بەڕۆژ دەگەڵیانین و بەشەویش خەونیان پێوە دەبینین. خاوەنانی قەرز لەخەویشدا دەست لە بەرۆکیم بەرنادەن و چەشنی سێبەر بەدوامدا دێن. ڕاوم دەنێن، دەم ڕەتێنن. منیش ڕادەکەم، خۆم حەشار دەدەم، دەمدۆزنەوە، دەوردم دەگرن، لەدەستیان دەردەچم، هەڵدەفڕم و لە هەوران دەردەچم. سـبـەی خـەونەکـەم بۆ ڕووناکەکەم دەگێڕمەوە. ڕووناک دەڵێ: (...فڕین ئازادی و ڕزگـــاریـیـــە، دەوڵـەتە، داهاتە، بەختەوەرییە... سەرمان بە پاشایەتی دەگا. پاڵە دەبێتـە کوڕە شا. من دەبمە شاژن و...) نەخێر ڕووناکـەکـەم! نە من دەبم بە شا، نە تۆ دەبی بە شـاژن و نە پاڵەش دەبێـتـە شـا کـوڕ. گـسک

بەدەستی و شایەتی؟! هەژاری و ئاغایەتی؟! کێ ئەمەی دیوە ڕووناک؟ ئەمە قەت نەبووە و قەتیش نابێ... دەڵێ:(وامەڵێ شاوەیس! چاوترووکانێکی، بە لێ هەر چاوترووکانێکی پێویستە. چارەنووس لەپەنا شلکەی گوێچکەماندا خەوتووە. ئیمرۆ تۆزی بانانی، سبەی خانی خانانی...) ئەوەی ڕووناک دەیگوت ڕاست ئەوە بوو. چارەنووس بە پەنای شلکەی گوێمدا بۆم هات و گەوزاندمی. دەور و بەرم گیرا و ڕەپێچەکیان دام. گەمە و گەپ و قەشمەرەمەیەکی سەیرمان پێ دەکا ئەم چارەنووسە! هەرچی کردی، پشتی لاشانی خۆم بوو کردی. نەخێر هەرچی کردی ئەو دوگمە حیزە بێ دینەی شانی دەرگا گەورەکە بوو کردی،گلۆپ و تەل و کارەبا بوو کردیان. لە گۆڕیش دا نەحەسێیتەوە تۆماس ئەدیسۆن بۆ دۆزینەوە و داهێنانی کە بۆت دۆزینەوە و بۆت هێناین... تۆماس! سەدبریا تۆیش هاوولاتی خۆمان بوویایەی و دەردی هینەکەی ئێمەت لەپاش و پێشەوە چەشتبایە! سا ئەودەم هی ڕەش و سپی دیاری دەکرد و دەردەکەوت کە شتەکەت چەند جەواڵ کادەبا!... نەخێر کاکە تۆماس! پێت وانەبێ ئەو خێر و بەرەکەتەی کە تۆ هێنات و بە دنیادا بڵاوت کردەوە، هەر زانایەتی و بلیمەتی خۆتی تێدا بەستە بووبێ و بەس!... نەخێر!... تۆیش ئەگەر لەکۆمەڵگاکەی ئێمەدا ژیابای، پووچەڵ دەبووی و پەڕپووت دەبووی ولەناو دەچووی. تۆ لەکۆمەڵێکدا لە دایک بووی، کە ویست و نیازەکان بایەخی ماددیان هەیە و هیچ خواست و ویستێک حەواڵەی ئاسمانی بۆش و بەتاڵ ناکرێ. بەڵێ ئەو کۆمەڵگایە دەستی مێشکی گرتی و ئەم حەیاتەی پێ لەگەرا دەرهێنای و ئەم دنیایەی پێ ڕۆشن کردی؛ ئەگینا تۆیش لێرە بوایەی و خەڵکی خۆمان بوایەی، خلەی مستەفا شێتەی برادەرم دەبووی و دەبوو بۆ تێر کردنی سگی خۆت و فاتە پێ پانی ژنت، ڕۆژتا شەو گێژەر و تووڕت فرۆشتبایە. خوا ئەوکەسە بگرێ کە ڕێگای ئەم وڵاتەی بە دەسکردەکەی تۆ نیشان دا کاکە! دەسکردەکەت ڕێی بەم کاولە مەڵبەندەدا نەبردبایە، ئەم هاوار وهەرایەش بەسە من نەدەهات. ئاخر خۆت و خوداکەت تۆماس؛ دەسا کلاوەکەتم بۆ بکە قازی و دەنگێکم بۆ بدە و پێم بڵێ... پێمی بڵێ، ئەرێ ئەم شەبەقە تاریکی بڕەی کە تۆ هاوردووتە، بۆ مالی تاریکی شەمشەمەکوێرەدەبێ ؟! تاریکی پەرست و تیشک وشۆق و ڕووناهی؟! ئەم وەیشوومانەی باڵای سەرمان ئاشقی تاریکین و هەمووشتێکیان ڕەش و تاریکە. دڵیان ڕەشە، باڵایان ڕەشە، ئاڵایان ڕەشە، دینی خوداکەیان ڕەشە، شەیتانی بەدکاریان ڕەشە، بیر و باوەڕ و بڕوایان ڕەشە، کتێبیان ڕەشە، زانست و زانایی و شیعر و چیرۆک و سەرچاوەکانیان ڕەشن و هەموو شتێکیان تاریک و ڕەشە. خوا ئەمانەی داناوە و چرا گەرچەک و چرا قوتیلە و چرا فتیلەی بۆ داناون. گەر وەک جاران چرای گرسۆز و چرای نەوت سۆزمان هەبوایە، قەت ئەمە ڕووی نەدەدا و قەت ئەو پەت پەتینەیان بەمن نەدەکرد. شووشە و پڵیتەکەیان پێ خاوێن دەکردمەوە، کووپی نەوت دانەکەیان پێ پڕی نەوت دەکردم و لەچەند جێی سالۆندا پێیان هەڵداوەسیم و تەواو. ئەودەم ئیتر نە وزەی کارەبا کەسی دەکوشت و نە پشت و لاشانی شکاوی منیش چرای دەگوژاندەوە. هەرچی کردی، پشتی خۆم و دوگمەی لاشانی دەرگاکە بوو کردیان. هەر سەعاتێکی دی تێپەڕیبایە و بە پشتی شکاوم ئەو دوگمە قیتەی سەر دیواری پەنا دەرگام دانەگرتبایە، چرای هۆڵەکە نەدەگوژایەوە، وتاربێژە مل ئەستوورە کەرتۆقێنەکەش لە گوتن نەدەکەوت و ناو نەدەشڵەقی...

پێست و پیلووی چاوەکانیان بەردام و بە سەرمیاندا گرماند: (بۆچ زمانت گۆڵە لێی داوە و بێدەنگ ماویتەوە؟!... دەنگت بێ!... شاراوە و ئاشکرا، ئەم پۆستەرە نامەبارەکانت دەس بە دەس دەگەڕێن . گەر مالی شوان و گاوانانیش بگەڕێیت، چوار و پێنجانی تێدا دەس دەکەوێ...) گوتم : « من و گسکەکەم، من و خاکەنازەکەم، من و کۆشێک قەرزداری، من و ڕووناکەکەم، من و پاڵەکەم... دەست لەمن بەردەن و چیدیم لێ مەدەن. ڕاستە ئەم ڕەسم و پۆستەرانە بەشکڵ و شێوە و ڕەسم و نیگار منم ومنی تێدام، بەڵام من نیم. ڕەسم و پۆستەرەکان سێبەر و سایەن، خودی شتەکە نین... ئەو شتەنییە کە بکرێ دەسبەسەر بکرێ... خودی شتەکە بەردەست ناکرێ، ناگیرێ، ناگوژرێ، نافەوتێ و نایەنە بەردەست. خواست و ویستی لەگیانان چەسپاوی بەرەی هەژاران قەت بەچاوی سەر نابیندرێ، ناگیرێ. ئیمرۆ لەشکڵ و ڕەسمی من دا نواندراوە، سبەی لە یەکێکی تردا نیشان دەدرێ. من شکڵ و سایە و سێبەرم. شکڵ و سایە و سێبەرەکان دەگیرێن، بەڵام خودی شتەکەتان قەت بۆ نەگیراوە و هەرگیز ناگیرێ، لە کەمەندی هیچ بەندەوانێکدا کەلەپچە ناکرێ، نافەوتێ، لێ نادرێ، ناگوژرێ، بزر و گوم و گۆڕیش نابێ. بەڵێ نابیندرێ... لینگە دوانەیەکی نەدیارە و بەبێ ئەو حەسانەوە خەیاڵێکی بەتاڵە. لە ڕێچکە و ڕێبازە دوور و درێژەکەی مێژووی ژینی ئادەمزاد دا کێ پێخاوس و بێ ئەنوا و هەژار ونەدارە، لفەدوانەی ئەون. پێکەوە لە بەرەژانی دایکێک دا بەر بوونەتەوە و بەدایم تینووی یەکن. ئەم پۆستەرانە بۆنی خوناوکەی حەسانەوەیان لێ دێت. ئەوانەی کە ئەم پۆستەرانە دەکەن، لە ژێرخانە ڕووت و تاریک و شێدارەکاندا، لە پەنا برسی ونەخۆشە بێ دەوا و دەرمانەکاندا دەیکەن. هەتا ئەوان بمێنن، ئەم بەزمەش هەر دەمێنێ. منیش دەور و سەردەمێک کردوومە، کوڕی منیش دەی کا و... » زمانیان گرتم و کێشایان. کێشایان و کێشایان . قەتم نەدەزانی زمانم ئەونده درێژە. دەمەویست هاوار بکەم و بەسەریاندا بشریخێنم و بڵێم: « وامەکەن دەپسێ!» بەڵام بێ زمان کوا دەنگی هاواری !!

پشتم بەسەر دوگمە قیتەکەی لاشانی دەرگادا خشا. دوگمەکە چرتەیەکی وشک و کەمدەنگی لێ هات و شاگلۆپی هۆڵی مەزن گوژایەوە. گورج وەرچەرخامەوە و پەنجەم بەسەر دوگمەکەدا کێشا و کلۆپەکەم هەڵکردەوە. بەڵام چارەنووس لەم چاوترووکانەدا هات و نەخشی خۆی گێڕا و ڕۆیی. وتار بێژە خرنووکەکە لە پشتی تریبوونەوە سەرتا بەپێ بوو بەچاو. چەکدارە پارێزەرەکانیشی

چاوەکانیان تێکەڵی چاوی ئەو کرد و لەگیانی منیان چەقاند. دانیشتووانی شەکەتی ناوهۆڵەکەش، لەبەر چاوم، هەمووی لێک هاڵان و بوون بەیەک و بوون بەجووتێک چاو. لەولا، چاوی سووری پڕاوپڕی خۆین. لەم لا، چاوی گەشی پڕلە ویست و خواست. ئەولا گوڕە، ئەملا نزا. گڵۆپەکە نەگوژابایەیەوە و ئەم یەک سەعاتەش وەکی سەعاتی ڕابوردوو چووبایە، هیچ نەدەقەوما و ئەم دوو چەشنە نیگا و دووچەشنە چاوانەشم نەدەدیت.

دوو سەعات بەر لەگوژانەوەی شاگڵۆپەکە، من لەساڵۆنی مەزنی مەدرەسەی بابەقازیدا خەریکی هەڵوەژاردن و خاوێن کردنەوە و هەڵگرتن و دانان بووم. هەمووشتێک لەسەر کێش و میزانی خۆی دەگەڕا و هەمووشتێک بە بەستێنێکی دڵگوشادا تێپەڕ دەبوو. پێشەکی ڕەوەدەیەک چەکدار و چەندێکی بێ چەک لە پاراستنەوە هاتن، بەڕێوەبەری فێرگەی بابەقازیشیان لەگەڵدابوو. هاتن و تریبوون و مایکرۆفۆن و دەنگ بڵاوکەرەوەکانیان بەتاقی کردەوە. ژێر مێز و کورسی و ژێرخان و سەربانیان پشکنی. چاوی کڕیارانەشیان بە پەردە و دیکۆر و تریبوون و کەل و پەلی تر دا خشاند. هەموویان بەدڵ بوو. دەستی ئافەرینیان لەپشتم کوتا وگوتیان: (ئافەرین شاوەیس! زەحمەتەکانت بە فیڕۆ ناچن. لە بری خاوێن کردنەوە و ڕامالینی زبڵ و زاڵ، دووسەت و بیست ئەمن؛ بۆ دانان و دامەزراندنی تریبوون و مایکرۆفۆن و دیکۆڕ و مێز و کورسی، سێ سەت و پەنجات ماف و مزەیە. لەمەو بەدواش لەهەموو ئاهەنگێکدا ئەم نانە چەورەت بۆ چەورتردەکەین...)

هەر بەس سەعاتێکی تر چووبایە، پێنج سەت و حەفتام حەڵاڵ دەکرد. پێنج سەت و حەفتاش بۆخۆی پارەیەکە. هیچ نەبا سێ قوتیلە شیری (پاڵە)ی بۆ پڕدەکردمەوە. دەڵێن: «ئەوەی ددانان دەدا، نانەکەشی دەگەیەنێ!» بەڵێ نانی پاڵەی بێ ددانیش فەرامۆش ناکرێ. شیر و شەربەتێکیش بە پاڵەی بێ ددان دەگەیشت ئەگەر چارەنووس لێی گەڕابایە. شیر و شەربەتێکیشی پێ گەیبایە ، چەند ڕۆژێک دایکۆڵە بێ تین و تاقەتەکەی ئاهێکی دەهاتەوە بەر و هینەدی نەدەچەکاندەوە. ڕوناکەکەم تەواو لەڕ ولاواز بووە. چارەنووس ئەمەی نەکردبایە و لێی گەڕابایە قەرزم لەسەر وەلابچێ و شیرم هەوران ببڕێ، هەزار و یەک نەخشە و پلانم هەبوو بۆی. دامناهبوو، هەر کە قەرزەکانمان سووک بێن، هەڵیان گرم و سەفەرێکی تەسەلی شاری سنەیان پێ بکەم. سەفەر بۆ ڕوناک حەیاتە. بەمنالی و شلکی و نەمامی زۆر چروساوەتەوە . لەمالی دارا و دەوڵەمەندەکاندا کارداری کردووە و لە بەردەستی خانم و خاتوونەکاندا دەرد و زوخاوی زۆر چەشتووە. هەتا هاتە مالی من ، مالی دارا و بەتواناکان شیلەیان مژیبوو و نێسقانیان کڕستبۆوە. ئەو دەم کە هاتیشە مالی من، هان و هەناسەی دەبەردا نەماهبوو هیچ، بگرە چی گران وگرانباریشە بۆ ئافرەت، بەبای ئارەزوو، لێیان بەبا دابوو. نێستاش کە نێستایە و بۆ هەتا هەتایە، برینی تەشەنەداره و هەر ئانارامە. هەتا زیاتر دانیشێت و پتر خۆ بخواتەوە، پەس و خەمناکتر و کۆڵەوارتر دەبێ. ئەوتۆم بەسەر نەهاتبایە، هەڵم دەگرتن و دەم گێڕان. بەڵام چارەنووس ئەی هێشت .

لەپڕ زمانیان بەردام. زمانم، زمان نەبوو. مارێکی پانی نێوقەد هەڵمساوی شین هەڵگەڕاو بوو. پێشدا وەک بەلەچەک بەرەو لێوی ژێرووم داچەکی و کەوتە بەر چەنەم و داچۆڕا. پاشان، ئارام ئارام خزی و کەوتەوە ناو دەمم. دەگەڵ خزین و هاتنەوە جێیشی، ژان و ئازاری هەموو دنیای بە شەویلکە و دەم و ددانم دا گەڕاند. لە بورەوەچووم. بەشەق ڕاستیان کردمەوە و گوتیان: (بەڵێ... بەڵێ!... ئەها! کەواتە تۆ سێبەر و سایەی شتەکەی و خودی شتەکە نیت؟... باش بوو ئەمەشمان زانی!... گوتت کە خودی شتەکە لەناو دڵ و هەناوی پێخاوس و بێ ئەنوا و ڕووت و هەژارەکاندا دەژی... ها؟!... ئێ باشە!... باشە... با بژی... با هەر بژی... با ئەو دۆیە هەر لەناو ئەو دۆدانەیە دابێ... ئەو دۆیە شیاوی ئەو دۆدانەیەیە و بەس! ئێمەیش لە مێژە زارکی ئەو دۆدانەیەمان بەستووە و داومانەتە دەسی دارا و بەگ وبەگلەر و شێخ و ملهوڕان؛ ئەوانیش بە ئارەزووی دڵ و گوین، تەڕتان دەکەن و وشکتان دەکەنەوە. دەتان کەنە کەر و بارتان پێ دەبەن و دەشتان... سا بزانین کێ بەکاوی دڵ دەگا؟ ئێمە، یان ڕووت و نەخۆش و دەردەدار و پێخاوس و نەسازە هوڕ و گەمژەکان؟... تۆیش تازە لەدەس چووی... هەر ئێستا دەتبەینە جێی هەق و ناهەقان و کارت بە ئاخر دەگا ...)

بەڵێ ئەوا ئیتر کاری من بە ئاخر گەیشتووە و کارم کراوە. من چەشنی ماری گوژراو، شەوم بەسەر داهاتووە و ئەستێرەی خۆمم لەحاڵی ڕاکشان دا بینیوە و لە قاپێلکی خۆم دا پەپکەم خواردۆتەوە. چارەنووسە و چی دەگەڵ نایە. چوار ڕۆژە لەدووگرتگە و دوو زینداندا خەرمانی شەپانیان بۆ کردووم و تێیان هەڵداوم. هیچ سووکایەتی و پڵیشاندنەوەیەک نەماوە پێمی نەکەن و لێمی نەکەن. جاری پێشووش هەشت ساڵانیان لەبەنددا ڕاگرتم و هەرنەودەردەیان بەسەر هێنام کە ئەم چوار ڕۆژە پێیان چەشتم. بەڵام ئەودەم، دەم و سەردەمێکی تر بوو. ئەودەم مامۆستایەکی بیست و دوو ساڵانە بووم و تین و تاوێکم هەبوو.

ئیمڕۆ لەسنووری چل وپێنج سەرکەوتووم و دەرد و پەرێشانی بەحاڵ هێشتوومی . باوم نەماوە و تاوم لە ئاوا بوونە. جاری یەکەم کە لەبەند هاتمەدەر، دەرگای دەرس گوتنەوەیان لێ داخستم و گسک و خاکەنازیان دایەدەستم. بەڵام ئەمجار، پاشی چوار ڕۆژ لێدانی سێ گرمەکی، لەم دالانە دوور و درێژە دا ڕوو بەم سێ گڵۆپانە ڕایان گرتووم . سەیر گەپ و گەمە بەمڕۆ دەکا ئەم چارەنووسە! سەیرێکی سەرپێییم بکەن و بیرێکم لێ بکەنەوە و تێتۆڵێکم لێ دابدڕن. چارەنووس بە سەری پیریش دەستی لەبەرۆک نەکردمەوە. گڵۆپێکی پێ گوژاندمەوە و ڕێی بەندیخانەی بەڕوودا کردمەوە. بە گرتن و بەند و زیندانی بوونەکەمەوە دەنگی نێوبانگم وەک بۆمب لە دۆڵدا تەقی و لەهەموو ژێرخانە تاریک و شێدارەکاندا داستانی پاڵەوانانەیان بۆ هەڵبەستم و پۆستەریان لێ چێ کردم. بەندم بەم پۆستەرانە

گران و گرانتر کرا. پۆستەر نا، چارەنووس... هەر ئێستا لەبەرانبەر ئەم سێ گلۆپانەدا ڕایان گرتووم و چارەنووسم بە یەکێک لەو گلۆپانە لەقەلەم دەدرێت ؛ گلۆپی سووورم بۆ ڕۆشن بکرێت، ڕەوانەی بەر لوولەی تفەنگ دەکرێم و بانگی مالاوایی ئاخیرینم بە گوللە بەگوێدا دەدەن. گلۆپی زەرد، دەرگای زیندانی هەتا هەتایەم بۆ دەکاتەوە و گلۆپی سەوز ئازادم دەکا. مردنم پێ خۆش نییە. بەند و زیندانی هەتاسەریشم پێ مەرگێکە و دڵم بۆی ناچێ. نازاد ببم باشترە. ئازاد ببم، لەئازادیدا تەلاشێکم لە داڕێک پێ دادەتاشرێ. چارەنووس هێنامی و لەم تەمەنەدا لەزیندانی کردم و دەرس و ئەزموونێکی نوێی دامێ. هێنامی و دۆست و دوژمنیشی پێ ناساندم... هێنامی و پێی گەیاندم و تێی گەیاندم کە چارەنووس قەت لەمرۆی ژێردەستەی ژێرچەپۆکە ناپرسێ و، چی مەرامی دڵ بێ لێی دەکا و پێی دەکا... بەڵام نا...نەخێر نابێ بمرم... زیندانی هەتا هەتایەش مردنە. نازاد ببم باشترە. لە نازادیدا، ئەمجارەکە، ژێردەستەیی و ژێرچەپۆکەیی لەسەرخۆم وەلادەبەم و خۆم بەدەستی خۆم چارەنووسەکەم دەنووسم. زارکی دۆدانەکەش لەمستی دوژمنی دۆستەکانم دەستێنمەوە و تۆڵەی ڕوحی شکاوی بووکە ڕووناکەکەم و تۆڵەی پاڵەی بێ ددان و بێ شیر و بێ شەربەتیشیان لێ دەستێنمەوە. ئیتر چیدی نابمە بەرد و ئەستێ ی دەستی ئەوان ؛ دەبم بە گڕکانی گڕ، دەگیان و ماڵ و حاڵی دوژمن و دۆستی دوژمنەکانم بەردەبم. زیندانی ئەمجارەکەم فێرگە وکارگەی چارەنووس سازیی داهاتووم بوو؛ زیندان نەبوو، زانکۆ بوو !

****

* ڕۆبەرتۆ: کتێبی (FOR WHOM THE BELL TOLLS)نووسینی (ئەرنەست هەمینگوای)،کراوەتە فیلم ؛ کتێب و فیلمەکە باسی خەباتی پارتیزانانی ساڵی ۱۹۳۷دەکا کە مەکۆ و مەکانەکەیان کوێستانەکانی ئیسپانیا دەبێ . سەردەستەی پارتیزانانی شۆڕشگێر لەم کتێب و فیلمەدا ،کابرایەکە (ڕۆبەرتو)ی ناوە

** تیتۆ: قارەمانی خەباتی دژ بە فاشیست و نازیستەکان ، فەرماندەری پارتیزانان و جەنگاوەرانی ئەستێرەی سوور و دامەزرێنەری یوگوسلاڤیای ئازاد.

یادی یاران

«هێمن»

نووسینی: ئاشتی

● ڕۆژی ۱۳۷۵/۱/۲۸(۱۹۹٦)، دە ساڵ بە سەر کۆچی دوایی «هێمن»شاعیر و نیشتمانپەروەری کورد تێدەپەڕێ. بەم بۆنەوە، بە نووسراوەیەکی کاک «ئاشتی» شاعیر، یادی هێمنی مامۆستا و بلیمەتمان زیندوو دەکەینەوە. هەرچەند ئەو نووسراوەیە، بۆ یادی سێ ساڵەی هێمن نووسراوە و لە گۆڤاری «ئالەکۆک» ژمارە ۱، ساڵی ۸۹ دا چاپ کراوە. بەڵام ماوەی دوو ساڵ لەوەپێش بریار وا بوو لە سەر داوای من و ناردنی لە لایەن نووسەرەوە، لە گزینگدا چاپ کرێتەوە، هەڵکەوت واهبوو کەبۆ یادی دە ساڵە پێشکێش بکرێ* . (گزینگ)

لەسەر «هێمن» و شێعرەکانی، چ ئەوەدەمی کە بۆخۆی ماهبوو و چ پاش خۆی کەم تاکورت ڕەخنەی ئەدەبی نووسراوە؛ بەڵام ئەو نووسراوانە لە چاو ئەوەی کە پێویستە بنووسرێ زۆر کەم بوون. بۆخۆم لەمێژە بەو ئاواتەوەم و هیوادارم ڕۆژێک ئەو کارە سەربگرێ. ئەوەی کە ئێستا بەو دەمودەستە بەلامەوە ساناترە و بۆم دەگونجێ، باسێکی کورت لە سەر کەسایەتی ئەدەبی و هونەری و ژیانی تایبەتی«هێمن»ە.

هێمن شاعیر بوو!

هەرکەس بە تێبینی شێعرەکانی«هێمن»ی خوێندبێتەوە دەزانێ کە هێمن شێعری تەنیا بۆ دەربڕینی هەست و کوڵ وکۆی دەروونی خۆی گوتووە وچاوی لەوە نەبووە کێ پێی هەڵدەڵێ یان کێ پێی دەڵێ: نا شاعیر. تەنانەت لە سەردەمێکدا کە بە(پێشەوا قازی) و... هەڵدەڵێ هەستی خۆی دەردەبڕێ و چاوی لەوە نییە کە سەرۆک کۆماری کورد حەزی لێ بکا و نازناوی (شاعیری گەل)ی بداتێ. ئەگەر بۆ وێنە لەو شێعرانەشدا کزی بەدی دەکرێن، لەبەر ئەوەیە کە جارێ سەرەتای سەردەمی تاقیکاری شاعیرانەیەتی.

هێمن قەت وەدوای شێعر نەدەکەوت، بەڵکوو لێی دەگەڕا کە شێعر بۆی بێتە ژوان. زۆر جاران شاهید بووم کە دایکی شەهیدان بە تێڕادیوی داوای شێعریان لێدەکرد بۆ ڕۆڵەکەیان. مامۆستا بۆ ئەوەی دڵیان ڕابگرێ، دەیگوت: ماوەم بدەن بزانم چۆن دەبێ. پاشانیش زۆربەی ناچار دەبوو پەنا بەرێتەوە بەر شێعرە کۆنەکانی یان شێعری شاعیرانی دیکە. ئەو جووڵانەوەی هێمن سەبارەت بە نازکێشانی پەری شێعر لە کاتێکدا بوو کە بۆخۆی دەگەڵ هەموو شەهیدێک شەهید دەبوو. بابەتی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە سەرەڕای ئەوەی کە شاعیر بۆخۆی دەیگوت: « من شێعرم تەنیا بۆ دەربڕینی ئیحساسی خۆم گوتووە...» بەڵام چونکە بەتەواوی لە نێو دەردو مەرگی خەڵکدا تواوەوە، شێعرەکانی شێعری خەڵک بوون. تەنانەت شێعرە دڵداریەکانی، شێعر هەموو کوڕە حەیران و کچە گاوانێکی کوردەواری بوون. کەواهبوو هێمن شاعیری گەل بوو، شاعیری کۆمەڵانی هەراوی خەڵک و هەژاران بوو. پەرۆشیی گەلەکەی دەیشێواند و شادی گەل فرمێسکی خۆشی پێ دەباراند.

،هێمن، مامۆستا(معلم)بوو!

بەش بەحاڵی خۆم گەیشتوومە خزمەت زۆر مامۆستای شاعیر و ئەدیب، بەڵام کەمتر کەسێکم دیوە کە وەکوو هێمن بە پێگەیاندنی شاعیر و هونەرمەندی تازەوە ماندوو بێ. لە خۆڕا بەکەسی هەڵنەدەگوت. وەکوو فێرکارێکی بەپرشت

و توند بوو. ئەگەر شێعرێکی باشی گوێ لێبوایە، وەک بارانەی سەرەوژێر دەیباراند و سەد جاری دەگوت: بابی بابەکەم، چاوەکەم... هەمیشە مالی لە فێرگەیەک دەچوو و پڕ بوو لە لاوە هونەرمەندەکان. تەنانەت کاتێ کە دوورە دەستیش بووە، شاعیر و شێعر دۆستەکان بە نێو ئاو و ئاگردا خۆیان دەگەیاندە لای. لەو ئامۆژگاریانەی هێمن کە هێندێکم لە بیر ماون ئەمانەن:

ـ یەکێک کە زەوق و چێشتگەی شێعری لە دەروونداە هەبێ، ئێمە چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ ئەو شێعری خۆی هەر دەڵێ. بەڵام بۆ ئەوە کە ببێتە شاعیرێکی باش، تەنانەت من پێی دەڵێم: شێعر مەڵێ، نابی بە شاعیر! ئەگەر بە ڕاستی هەوبێ (جوهەری هونەری تێدا بێ) بۆخۆشی گوێی لە قسەی من بێ، شێعر گوێ ناداتە کەس و یەخەی بەرنادا. ئەو توند گرتنە دەبێتە هۆی ئەوە کە زیاتر خۆی ماندوو بکا وشێعری باشتر بنووسێ. ئەگەر هەویش نەبێ، با لە ئێستاوە لە خۆڕا خۆی ماندوو نەکا و خەریکی شتێکی تر بێ.

ـ هەرکات لە ماڵ وەدەرکەوتن. لە دەرەووە خەیاڵی شێعرێک هەڵی گرتن و ڕێگای هاتنەوەماڵتان لێ تێکچوو، بزانن کە بوونە شاعیر.

ـ هەر کوردێک کە بیهەوێ ببێتە شاعیر، دەبێ بەر لە هەموو شتێک دەست لە گیانی خۆی بشوا.

ـ قەت بۆ خۆتان وەدوای شێعر مەکەون، با ئەو وەدواتان بکەوێ. بەڵام بۆتان هات، لە هەر کات وشوێنێک بێ، بە باوەشی گەرمەوە وەریگرن. کێژی شێعر ئەوەندەی کە بەناز و سرک و سلە، ئەوەندەش دڵ ناسکە. یەک جار دێ و نایەتەوە.

«هێمن، هێمن بوو!

ڕەخنە وەرگرتن لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا، بێشک ماکەی بەرەوپێشچوونە، بەتایبەت بۆ هونەرمەند. هێمن ئەو تایبەتییەی بە تەواوی هەبوو و زۆری هەوڵدەدا کە بە لاوەکانیشی بسەلمێنێ. زۆرجاری وا هەبووە کە لاوێکی سەر ڕووتی تازە گڕوو و گاڵکردووی ئەدەبیات، خۆی لە قەرەی داوە، ڕەخنەی لێگرتووە، یان جوابە جەنگی و شەڕە شێعری لەگەڵ کردووە. هێمن ئەو لاوانەی هەمیشە بە تایبەت خۆش دەویست و لەوپەڕی هێمنی و لەسەرەخۆییدا باسی دەگەڵ دەکردن و ڕەخنەی لێوەردەگرتن.

لەو ساڵانەی دوایی تەمەنیدا زۆر بە ئاواتەوە بوو کە بتوانێ دیوانێک لە سەر جەمی شێعرەکانی چاپ بکا، چونکە هێندێک شێعرەکانی (بەتایبەت لە«تاریک و ڕوون»دا) پێ باش نەبوون و دەیەویست دەریانباوێژێ.

«هێمن، ئینسان بوو!

هەموو کەس وا نییە، بەڵام وەک زۆربەی خوێنەران زۆر حەز دەکەم شاعیر و نووسەر و پیاوە گەورەکان لە نزیکەوە ببینم و لە کۆڕ و دانیشتنیاندا بەشدار بم. تەنانەت هێندێک جار و بگرە زۆر جارانیش پەشیمان بوومەتەوە، چونکە ئەو کۆشکی خەیاڵەی کە لەو هونەرمەندەم ساز کردووە ڕووخاوە. سەبارەت بە مامۆستا هێمن وابزانم هەموو و لانیکەم زۆربەی ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دیتوویانە، لەگەڵ ڕای من کە بڵێم لەپەنا دانیشتن و وردبوونەوە لە ژیانی ئەو عارفە ناسۆفییە، زۆرتر لە شێعر ونووسراوەکانی پیاوی هۆگر بە خۆی دەکرد. لەگەڵ ئەوەدا کە وەکوو خەیاڵی شێعرەکانی قووڵ و مەند بوو، وەکوو زمانی شێعرەکانی ساکار بوو.

لەو ساڵانەی دوایی ژیانی لێورێژ لە چەرمەسەریدا، زۆر دەستەنگتر بوو. بەڵام تەنانەت بەگاڵتەش جارێک بە سەر زمانیدا نەهات کە بۆ وەزعەی خۆی گلەیی لە کەس بکا. تەنیا دڵخۆشییەکەی نووسینی شێعرێک بوو. ئەو کاتەش هەستی بە ژین دەکرد کە شێعرەکەی خۆی لە زمانی یەکێکەوە بیستباوە. لەو هونەرمەندە دەگمەنانە بوو کە ماڵی دنیا و کای لە لا وەک یەک بوون. بە تێڕادیوی دەتوانم بڵێم، لە ژیانی دا دە جاری دراو نەژماردووە. ئەگەر ژماردبیشێتی هەڵەی تێدا کردووە سەیر ئەوەیە کاتێ باسی ئابوور وئیقتیساد و ئەوشتانەش دەکرا زۆر مامۆستایانەش لێی دەدوا و بە ڕاستی تێیدا شارەزا بوو. خواردن بەلایەوە پێداویستی نەبوو وتەنیا وەکوو عادەت ئەگەر هەبوایە دوو سێ پاروی دەخوارد. هەڵبەت شک لەوەدا نەبوو کە ئەویش دەیزانی خواردنی خۆش و ناخۆش هەیە، جل وبەرگی جوان وناحەز هەیە... بەڵام ئەوەندەی نەداری دیبوو ئیتر لە بیری چووبۆوە کە ڕۆژێک کوڕە ئاغایەکی نازپەروەردە بووە.

کورتی بڕمەوە، هێمن توابۆوە لە شێعردا، لە وشەی کوردیدا، لە دەردەکورد»دا لە «ناڵەی جودایی»دا، بۆ نیشتمانە پارچە پارچەکراوەکەی، لە «شێوەنی ئینسانی»دا بۆ هەموو زەجر دیتووانی دنیا و بە مانای تەواوی وشە : ئینسان بوو.

مێرمندانێک بووم کە شانازی نزیکایەتی بە شەو و ڕۆژم لە هێمن بە نەسیب بوو، لە بن بەرد و لە نێو ئەشکەوتان دەگەڵی ژیاوم. شەقامی قیرەتاویشم دەگەڵ بڕی. لە ژیانی سیاسی و هونەری دا لە نزیکەوە دیتم. شەوانە دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکەکانیم ژمارد. (تاریک وڕوون)م دەگەڵ بڕی. ڕاز وڕەمزی ژیانی هێمنم زۆر لەلایە و هەڵیان دەگرم بۆ دەرفەتێکی لەبارتر. لێرەدا حەز دەکەم تەنیا مەبەستێکی تر باس بکەم:

لەو ساڵانەی دواییدا کە هێمن لە حیزبایەتی کشاوە، لە گوندی(شیلاناوێ)، تاک و تەنیا لە ماڵە کۆنەکەی باوکیدا، بەو پەڕی هەژاری «دەستەملانی نازار دەبوو تاکوو بەیان لە نوێنی شەڕدا» و لە زێدەکەی خۆیدا «ژەهراوی تاڵی جودایی » دەچێشت. لەو کاتەدا ئەو مەڵبەندە گوڕەپانی شەڕی پێشمەرگە و ڕژێمی خومەینی بوو. لە بەر ئەوە هەموو نیشتمانپەروەرێکی کورد بۆی نیگەران بوو. بە دەیان جار ئاگادار بووم کە پیاوە خێرخوازەکان و هێندێک ڕێکخراوە وپارتی سیاسی کورد هەوڵیان دا کە ڕازی بکەن تاکوو بینێرن بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام هێمن گوێی نەدەدانێ ودەیگوت: لێم گەڕێن با لێرە، لەو خاکە و لە نێو ئەو خەڵکە کە منیان کردە «هێمن»بمرم. بەسە تاقەتی دەربەدەریم نەماوە.

بەڕاستیش هێزی نەمابوو. قەڵشی دەست وپێی ئەنگوستی تێوە دەچوو. دەردی شان وپیلی زۆری ئازار دەدا. لە سەردەمی زیندووبوونی مامۆستاشدا «ناڵەی جودایی»م لەبەر بوو، بەڵا ئێستا دەزانم کە هێمن چەندە وڵاتە تووک لێکراوەکەی خۆش دەویست. ئێستا دەزانم کە تاقەت نەهێنان لەبەر دەردی گرانی دەربەدربیدا یانی چی. بەداخەوە ئەودەم هی وەکوو منی نیشتمانپەروەری لە کتێب و دروشم دا فێربوو، کەم نەبوون. ئەوانەی کەم بوون لە هێمن دەگەیشتن دەنگیان نەبوو. ئەوانەی کە دەنگیان هەبوو، تێی نەدەگەیشتن. هەر ئەو داخەش دیقی پێ کرد و زۆر لە نەکاو بووکی شێعر و ئەدەبی کوردی کۆستکەوتە کرد. ئاخۆ ڕۆژێک دەکرێ ئەوتۆ ئەسکۆ لە مەنجەڵ بگێڕدرێ کە ڕازی ئەو چەند ساڵەی ژیانی «هێمن» بە تەواوی ئاشکرا بێ؟ هیوادارم ئەو ڕۆژە زووتر بێ و نەگاتە ئەو جێیەی کە لە بن سەرپۆش مانەوەی ئەو سوڕە، دیق بە ئەویندارنی هێمنیش بکا. یادی بەخێر بێ وڕێگای تژی ڕێبوار. ■

* وێنەی مامۆستا هێمن لەلایەن کاک هێدی ناردراوە

لە لاپەڕەکانی سەر لێ شێواو

نووسینی: ع. دیاکۆ

ـ شوڕش، هەراهەرا..

ـ هاهوو.. پولێ نەتۆس!

ـ ڕۆڵە سەرمان دێشێ، سێ مانگی ڕەبەقە لەو ژێر زەوییە داین، دەمارمان لێ بڕاوە، خوا ڕوحمی نەماوە ئەتۆ ڕوحمێکت پێمان دابێ. کوا تاقەتی ئەو هەرا هەرایەی تۆمان هەیە!

ـ ئەرێ پولێ بۆسی ناسێوە مالی خۆتان؟

ـ توتکە سەگ ئەو هەراهەرایەت لە چییە. (دایکی هەڵیدایە بە بزەیەک لە سەر زاری)

ـ وەلا ڕۆڵە حەقتە، مانگێکی چی، ئەوە چەند لەمێژە لە سەر زگی ئێوەین. دەزانم ئەو قسەیە نی خۆت نییە. خوا مالی خومەینی خراکا وەکی مالی خراپ کردین. خۆ وەللا ڕۆڵە خەتای ئەو مێردە خوێرییەی خۆمە. دەنا ئەمن وسەر مالانیان نەگوتووە.

ـ ئەرێ ئەو هەراهەرایەت لە چییە خوشکێ.. بۆ بە قسەی ئەو منداڵە خۆت وا سوور هەڵگەڕاندووە؟ کێ لە گوڵ ناسکتری پێگوتوی، پیاو لە ماڵە برای خۆی کوا ئەو قسانە دەکا؟!

ـ کونە گورگێکمان وەگیرکەوتووە و خۆمان تێدا شاردووەتەوە، خوشکێ گیان کوا جێگای ئەو قسە ناخۆشانەیە، ژێرزەوییەکە و دە پازدە کەس. ئەو منداڵانەش دڵیان تۆقیوە بۆ دەرێ، ناکرێ هەر لە سەریان کوتی، خۆ شوڕشیش هەر خۆشە پیاو گوێی بداتە ئەو قسە خۆشانەی و پێی پێبکەنێ. خۆ ئیشاللا پێت وانییە فێرمان کردبێ. داوەرە ئێرە شۆڕش..

ـ شۆڕش

ـ شۆڕش؟ بابی هاواری کرد.

ـ شۆڕش؟ دایکی قیژاندی.

لەوکاتەدا کە گەورەکان خەریکی دەمەچەقە بوون، شۆڕش هەلی وەگیرکەوتبوو و لەو ژێرزەوییە تەنگ وتاریکەکە وەدەرکەوتبوو.

دایک و باب، خزم و قەوم چاویان لەیەکتر بڕی، وێدەچوو بۆ کاتێک هەموو هەناسە کێشانیان لە بیرچووبێتەوە، تەنیا چاو، بەچاو پرسیارکردن، خەتابار کردن، خەتای کێ بوو ئەم خەسارەتە؟ چیان دەکرد ئەو چاوانەی کە هیچیان پێ گرینگتر لە ئاگاداری شۆڕش نەبوو؟

هەناسەیان کە هاتەوەبەر هەموو ڕایان کردە سەرەوە. پوور وەبن لاقان کەوت، دایک سەری لە میچی کوتا، باب خۆی گەیاندە حەوشە، لەوێ ڕاوەستا و هاواری شوڕشی کرد. ئەوانی دیکەش گەیشتنە جێ، هەموویان هاواری شۆڕشیان دەکرد وچاویان بە حەوشەدا دەگێڕا.

وشە کە زمانی نەبوو بە سەریاندا بگوڕێنێ و بڵێ: تەنیا یەک چاوی بەسە لێی حالی بێ کە شۆڕش لە باوەشی مندا نییە.

جارێکی دیکە چاوەکان بۆ باوەشی یەکتر گەڕانەوە، ئەمجار وەک پەناهێنان دەچوو. وەک پاڕانەوە. وەک یارمەتی ویستن. وەک... چاو تاقەتی پرسیاری لێ بڕا و بە بیستنی گوللەی خۆمپارە کە لە دەوروبەری ماڵەکە دەکەوت، لە ناو ناودا وەملە کەوت. باوکی هەلات بۆ لای دەرگای دەرێ. جار لەگەڵ جار توندتر هاواری شۆڕشی کوڕی دەکرد. قیژاندی! لە ترسان بوو؟ نا.. لە بەر ئەوەی پێی وابوو ڕەنگە کوڕەکەی گوێی لێ نەبێ ئەگەر هاوارکا.

بەتەواوی هێزی خۆی قیژاندی. کە دەرگای حەوشەی کردەوە تەنیا مابۆوە. دایکی شۆڕش چۆکی شکابوو. ڕەنگی زەرد ولەرزینی دەستی، سەرنجی خزم وقەومی ڕاکێشابوو.

لە مەترسی وەدووکەوتنی شۆڕش بوو یان خۆشەویستی دایکی.. بۆ لای گەڕابوونەوە و دڵخۆشیان دەداوە و دەیانگوت:

ـ ئەرێ خوشکێ خۆ هیچ نەبووە. هیچ نەقەوماوە، بۆ وا لە خۆت دەکەی؟! بە چاوێکی دایکانە چاوی لێکردن و لێیان پاڕایەوە کە بۆی وەدوای کوڕەکەی بکەون. بەلام کەس خوێندەوارێکی وانەبوو کە لەم چاوانە تێبگا، یان پێیان خۆش نەبوو تێبگەن. دەستیان برد کە یارمەتی بدەن، هەلی هەستێن و بیبەنە ژوورێ.

بەلام دایکی شۆڕش عەقلی کاری دەکرد، شۆڕش و باوکی لەوبەری حەوشە لەبەر دەرگادا دەدیت. لەوبەری دەرگا لە نێو بارانی گوللەدا یەک بەخۆی هاواری خوا و پێغەمبەری کرد کە بێدەنگی حەوشەی شکاند. بەلام هیچ نەقەوما، نە خوا و نە پێغەمبەر بە هاواری ڕانەگەیشتن. ئەویش لەوەی زۆرتر نەیدەتوانی چاوەڕوان بێ. کات لە لای وی ئانێک و سەد ساڵ بوو، بۆیەش بە سەر عالەمەکەی دەوروبەریدا قیژاندی.

ـ قیژاندی؟

ـ نا، پاڕایەوە!

لێیان پاڕایەوە، بەلام زاری شکابوو. بە چاو پاڕایەوە وگوتی: هەر دووک خۆشەویستەکانم بەتەنیا ماونەوە، یارمەتیان بدەن. ئەمجار هەموویان حالی بوون. بەلام هەر هەموویان سەریان داخست وگوێیان نەدایە. پێیان وابوو دایکی شۆڕش ڕزگارکەن باشترە لە شۆڕش، بۆیە پیلیان گرت تا بیبەنە ژوورێ. تازە هێندێکیش هەستی قارەمانەتییان بزووت، هەستی شۆڕشگێڕی کە لەو گوللەبارانەدا هاتوونە حەوشە و یارمەتی ئەو لێقەوماوە دەکەن، ئەو هەستە

گەرمایی شەرمەزاریی لە بەجێهێشتنی شۆڕش و باوکی داپۆشاند. هێندەی پێنەچوو، خۆشیان باوەڕیان کرد دەبێ بگەڕێنەوە ژێرزەوی...

باوکی گەیشتبووە کوچە وگوێی لە هیچ نەبوو!

ـ گوێی لە هیچ نەبوو؟

ـ پێی خۆش بوو گوێی لێ بێ، نەکا لە ترسی گیانی وەگەڕێ.

وەکوو کەڕ دەچوو کە تەواوی قەوەتی خۆی دەداتە چاو. ئەویش داهوویە چاوی، بەشکەم شۆڕش یان شوێنی پێی بدۆزێتەوە و وەدووی کەوێ. دیتییەوە.. کە ڕوانییە سەر شەقامەکەی خۆیان شۆڕشی دیت کە هەراسان بۆ ئەملا و ئەولا هەڵدێ و لە جیاتی بۆ لای ماڵە خۆیان بگەڕێتەوە، بەرەو کوچەکەی دیکە هەڵدێ، هەر لەوکاتەشدا خۆمپارەیەک لە سووچی کوچەکەیان کەوتەخوار و لەبەر چاوی باوکی ون بوو.

ونبوون، ونبوونی کات، نە دین، نە دیتنی هەرد و ئاسمان. ئاسمان و هەر، کوان؟ چیان لێهات؟ ـ شۆڕش منداڵە، زۆر منداڵە، ڕایژینە، ڕایژینە، ڕایژینە دایکی شۆڕش، ڕایژینە کوردستان، ڕایژینە منداڵە...

هاوار، کوا؟!

چاوی گێڕا، چاوی لە خەنجەری ڕازاوە بە شاخی نێریی باوکیدا گێڕا. تیژە، زۆر تیژە، ئەو دەستانە کە تۆپیان بۆ ڕۆژی لە دایکبوونی شۆڕش هێناوە، دەبێ بەو خەنجەرە لەت لەت کرێ. ئەو خەنجەرە کۆنە، ئەو ڕەقە، ئەو ڕەقە کۆنە پاکە...

وەری مەگرە ڕۆڵە، وەری مەگرە، وەرە لاچۆ...

ڕایژینە هەرد، ڕایژینە منداڵی خۆتە. زوڵمە وا زوو لێی ماندوو مەبە. مەیدە بە ئاسمان، دوورە دەستم نایگاتێ. ئەدی لای لایە بۆ کێ بڵێم؟ شەوانە بە چ هیوایەک سەر لە سەر سەرین دانێم.. کوێر بم.. چاوم بۆ چییە ئەگەر چاوم بە چاوی نەکەوێ. کەڕ بم.. گوێم بۆ چییە ئەگەر هەموو بەیانیان گوێم لە قیژەی نەبێ. دەستەکانم ورد بن، بۆچمن ئەگەر هەموو ڕۆژێ بە لاواندنەوە ڕاینەژێنن.

ونبە، ونبە لەبەر چاوم هەرد، بە کەڵکی چی دێی ئەگەر شۆڕشت تێدا نەژی. وێرانبە ئاسمان، چ شانازییەک ئەگەر شەوانە ڕێگای شۆڕش ڕووناک نەکەی. مانگ کوا جوانی، دوای شۆڕش، بەخیلی؟ بەخیلیت هات، ونبە..

ڕایژینە، ڕایژینە کاکە، چۆغان لەبەر چاو ونکرد. ڕایژینە پووری، ڕایژینە چۆن چاوی ئاگاداریان کوێر بوو. ڕایژینە دایکی شۆڕش، چۆن چاوی شانازیت، چاوی وریابوونتی ونکرد. ڕایژینە خوشکێ، ڕایژینە ئەو لەتلەتکراوەی، دەستەکانت شکێ، بۆ وەسەرێکی ناخەیەوە.. کوا دڵ، دڵ...

بناڵە هەرد بناڵە، بێ ساحێبی هەرد، بێ ساحێبی.. بۆ وات لێ بەسەرهاتووە؟ ئەی هەرد منداڵی خۆتە، بۆت ناحاوێتەوە؟! بۆ ئاگات لە منداڵی خۆت نابێ؟! بۆ وات لێدەکەن، بۆ لەتلەتی دەکەن، بۆ لە نێو خوێندا حەمامی پێدەکەن؟!

بناڵە هەرد، بناڵە دەگەڵ ئەو لورێ[یانی چی]، بێ دەستەلاتی، بێ دەستەلات، سوورهەڵگەڕاوی لە شەرمان، داواناکەی، بۆ لە ئاسمان داوا ناکەی؟ شەرمە!! شەرمت پێدادێ؟! بارانێک، با بت شواتەوە، با بیشواتەوە ئەو شەرمە...

ئاگر، بۆ ئاگر لە خۆت بەر نادەی. ئاگر تێبەربووی، بۆ ئاگا ناکەی، کوا؟ کام دەریا دەتوانێ ئەو هەموو شەرمە بشواتەوە.

ڕایژینە ئەو سوورە گوڵە، جوانە مەرگت کرد، ڕایژینە، کەس بە ساغی نەیدیت. پەڕپەڕ کراوە، گەلاڕێزانە، بەهارە...

ـ گەلاڕێزانە؟

ـ کێ؟ کێ دیویەتی بەهار وگەلاڕێزان؟!

ئەو گوڵە بۆ وای بەسەر هاتووە.. ئاو نەدراوە؟! کاکە ئەو گوڵە ویشک بووە، ئاو.. توونێتی ئاو، ویشک بوون، گەلاڕێزان، باشە چی لە سەر پەنجەرە دادەنێی؟ ئەی دایکی شۆڕش سەر پەنجەرە بە چی دەڕازێنییەوە؟! خۆ گوڵەکە ویشک بوو، گەلاڕێزانە، بەهارە، گەلاڕێزانە...

قورس بوو، وا بەجارێک قورس بوو دەتگوت تەواوی هەردی لە سەر سەری خڕبووەتەوە. چۆکی بە سەر ئەسفاڵتی کۆچەکەدا دا.

ـ ئێشی ئەگەیشتێ؟

ـ ژانێک هەتا تەپڵی سەری چوو، بۆ کاتێک.. ، نازانم ئەمیش نازانم، هەزار ساڵ، یان سەد هەزار ساڵ، بەڵام دڵ ومێشکی ڕاوەستا.

چاوی ویشک بووبوو لەو جێگایەی کە شۆڕش لە پشت تۆزوخۆڵەکە ونبوو بوو. ئەو تۆز و خۆڵە بۆ نانیشێتەوە خوایە، خۆ ئەگەر ئاسمانیش ڕووخابا هەر ئەوەندەی تۆز وخۆڵ وەڕێدەخست. تۆز وخۆڵ نیشتەوە، دەوروبەری کوچەکە ڕووناک بۆوە و لە سەری کوچەوە، شۆڕش بە سەر وگوێلاکی خۆڵاوی وەدەرکەوت و بۆ لای باوکی هات.

باوکی وەک لە خەوێکی قورس هەستابێ، تەواوی هێزی خۆی وەبەر باسکی دا تا ئاوەڵەی کا بۆ لەباوەشگرتنی شۆڕش.

ئاوەڵەی کرد، شۆڕش خۆی لە باوەشی هاویشت. لەوکاتەشدا دایکی و هەموو دەر وجیران خۆیان گەیاندبووە کوچە. شۆڕش هەر لە نێو باوەشدا دەگەڕا و ماچ دەکرا. وەک مزگێنی، وەک دیتنەوەیەک دەچوو کە سەدساڵ خەون وخەیاڵیان پێوە دیبێ. وەک شتێک دەچوو کە کەس نەیدەزانی چییە. پیاو بۆی هەڵنەدەسەنگێندرا قەدر و قیمەتی. کەس لە بیری نەبوو، سەرکۆنەی بکا یان پێی بڵێ بۆ وای کرد و لەو ژێر زەوییە تەنگ و تاریکە بۆ هاتە دەرێ. شۆڕش بۆخۆشی پێی سەیر بوو کەوا هەر لەسەر سەران دەگەڕێ. چاوێکی بە سەردا گێڕان و لە پڕ بە زمانی منداڵانەی خۆی هاواری کرد:

هەتی بابە خۆ ئەجەلو نەهاتووە لەو گوڵەبالانەدا هاتوونە دەڵێ.

خەڵکی دەوروبەر بزەیەکیان هاتێ و لەهەمان کاتدا وەک شتێکیان لەبیر چووبێ خۆیان دەژووری کوتایەوە. بەڵام باوکی لەوە خۆشبەختتر بوو کە ڕاکاتەوە ژێرزەوی، شۆڕشی لە باوەش گرتەوە و بەخۆیەوە گوشی وپڕ بە دڵ گریا. ■

*****

دیوی ژمارە ١٢

نووسینی: سیامەند شێخ ئاغایی

لە بنیادێکی خیرەومەندان کارم دەکرد ــ زۆر کەس لە خێرخوازەکان پێش مردنیان کەل و پەلی نێومالەکانیان پێشکەش بەم بنیاتە دەکەن ــ سەعات ٩ی بەیانی بوو، تلفون زەنگی لێداو بەپەلە چووم گوشی تلفونەکەم هەڵگرت. ژنێک لە پشتی تلفونەکەوە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە بە بێ هێزی خۆی ناساند :" ماری ئادم سۆن" چەند وشەیەکی دە سەریەک کردەوە، بەڵام باش لێی تێنەگەیشتم، پرسیم:

- ببورە چت فەرموو!؟

گوتی:

- گوتم هێندێک جل و بەرگ و کەل و پەلی نێو ماڵم هەیە وەرن بیان بەن.

ناوو نیشانی: شەقامی مەلەکە، ماڵی پیران، دیوی ژمارە دوازدەو نمرەی تەلەفۆنەکەشی دامێ. بە دوای ئەوەی گوشی یەکەم دانا تەمی خەم تەواوی جەستەی داگرتم. لەبەر ئەوەی دەنگی ئەم ژنە زۆر لە دەنگی دایکم دەچوو کە ساڵی رابردوو پاش چەند ساڵ دووری لە رێگای دوورەوە بە دەنگی بێ هێزو پچر پچرییەوە بە تەلەفۆن قسەی لە گەڵ کرد بووم. چەند دەقیقەیەک پێش کاتی دیاری کراو ماشێنی باریم هەڵکردو بەرەو ماڵی پیران لێمخوری کە گەیشتمە جێ، ماشێنەکەم لە شوێنێک پارک کرد. ئەوسا بە ئاسانسۆردا بۆ قاتی سێ یەم سەرکەوتم، لەوێشەوە هەنگاوم نایە ساڵۆنێکی درێژو خاوێن و بە خوێندنەوەی دانە دانەی ژمارەی دیوەکاندا هاتم، تاکوو دیوی ژمارە دوازدەم دۆزی یەوە. بەڵام پاش ئەم دیوە، لە ئاخری ساڵۆنەکەدا هاڵێکی خشت وکەوانی جوان سەرنجمی راکێشاو بە حەزەوە هەنگاوم بەرەو نێوی هەڵێنا. هاڵەکە یەکجار دڵگرو خۆش بوو، چەند دەست قەنەفەی چەرمی بۆ دانیشتن لێداندرابوو. رووکاری دەروەی هاڵەکە شوشەبەندێکی گردەڵە بوو کە پانایی و بڵندی یەکەی دە لە سێ مێتردا دەبوو. بۆ ئەوەی لەم شوێنەوە تێر بە چاوان بروانمە دیمەنی سروشت، چووم لە پێش شوشە بەندەکە راوەستام.

ماڵی پیرەکان لەسەر گردێک هەڵکەوتبوو کە بە سەر شارو دیمەنگای سروشتی دەورو بەردا دەیڕوانی. ئەوێ رۆژێ ئاسمان سامال و خۆر بە تیشکی زێرینی سروشتی خستبووە ژێر روناکی خۆی. چیمەن، کاج و سنەوبەرەکان سەوز، بەڵام پاییزو کاتی گەڵارێزان بوو، بەشێک لە دارستان گەڵایان زەردی زەرد هەر وەک بێی زەرد وابوون، بەشێکی تر سوورێکی کاڵ و ترشی بوون. هەر لە یەکەم ساتی گەیشتنم بۆ نێو هاڵەکە، لە پێش شووشە بەندەکە چەقیم و بێ ئەوەی بە خۆم زانی بێ، حەیرانی دیمەنە دڵرفێنەکانی ئەم بەشە لە سروشت ببووم. بەڵام هێندەی نەکێشا دەنگی کرانەوەی دەرگایەک و خشپەی پێیەکی بێ هێز وەسەر خۆی هێنامەوەو کە ئاوڕم دایەوە، دیتم: پیرەژنێکی باریک ئەندام و نەختاڵێک کەڵەگەت بوو، کە مووی سەری لە وێنەی بەفری لانواڵان سپی بوو. لە حاڵێکدا دەستی چرچەڵۆکەی بە نێوچاوانی یەوە و بە زەحمەت هەناسەی بۆ دە هاتەدەر، چاوی لێڵ و کەم حوکمی لە من گرت و بە دوودڵی و گومانەوە پرسیاری لێکردم:

- رەنگە تۆ هەمان ئەو کەسە بی کە بۆ بردنی کەل و پەلەکان هاتبی؟

بە رێزەوە وەڵامم دایەوە:

- بەڵێ بۆ خۆمم. ببورە خاتوو ماری، لە بەر ئەوەی کەمێک لە بەر چەنجەرەی ئەم هاڵە راوەستام، بۆیە وەدرەنگی کەوتم.

- ئا بەڵێ، منیش وام هەست کرد نێرەت بۆ نەدوزراوەتەوە، بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم هاتمە دەرەوە.

لە ئەم ماوە کورتەدا چاوم لێ وەرنەگێڕاو بە تیشکی نگام روانیمە سیمای پیرو شکاوی و لە قولایی دڵەوە گوێم لە دەنگی راگرت. دیار بوو ئەو پیرژنە لەکاتی لاوێتی و هەرەمەی جوانی دا زۆر لەبەردڵان بووە. چونکە لەگەڵ ئەوەی زۆر بە سەر تەمەنی دا تێپەڕیبوو، دیسانیش پیرێکی جوان و خوێن شیرن دەهاتە بەر چاو و هەر لە خۆرا هەستی خۆشەویستیم سەبارەت بە ئەو پیرژنە وەک چرایەک لە دەروونمدا داگیرسا. ئەوە نەبێ ئەم هەستە بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵکو دیار بوو خاتوو ماریش لەدڵدا هەستی بە سۆزی دەروونی من کرد بوو، سا بۆیە بە لەفزێکی مێهربانانە و رێزدارانەوە دەستی بۆلای دیوەکەی خۆی راداشت و گوتی:

- من لەم هۆدەیەدا دەژیم، فەرموو با بچین شتومەکەکانت پێشان بدەم.

خاتوو بە لەقە لەق لە پێشەوەو منیش بەدوایەوە چووینە ژوور و راستەوخۆ چووە بالکۆنی پێش دیوەکەی و راوەستا، لەوێ سێ چوار دەست کۆت و شڵوارو پێڵاوی خاوێنی بریقەدار لە سەر یەک داندرابوون، لە حاڵێکدا خاتوو نەیدەویست چاو بۆ لایان هەڵبڕێ، بە قامک ئاماژەی بۆ لایان کردو گوتی:

- یەکیان ئەم بەرگ و پێڵاوانەن.
ئەوسا چووە دیوی خەوکەی و دوو تەختی خەو لە تەنیشتی یەک دانرابوون، هەر دووکیان عەنتیکە و بایەخدار بوون، گوتی:
- دوو هەمینشیان هۆو تەختە خەوە بە لێفەو سەرینەکەیەوە، تکایە هەر چۆنێک دەکرێ زوو لە پێش چاومیان راگوێزە، چونکە چی دیکە توانایی چاو لێکردنیانم نییە.
هەر ئەوەی گوت و لە سەر ئەم تەختە خەوەی کە بۆ خۆی هێشتبۆوە دانیشت، پشت لە من دەسڕۆکەیەکی دەرهێناو خەریکی سرینەوەی فرمێسکی چاوەکانی بوو. منیش بە کاوەخۆ خەریکی لە بەریەک دەرهێنانی تەختەخەوەکەو راگواستنی جل و بەرگەکان بووم. ڕاست لەم کاتەدا کە دوایین شتم رادەگواست، دەنگی گریانی بەرز بۆوە. بە راستی گریانێکی زۆر غەریبانە و خەفەت هێنەر بوو، کە سۆزەکەی تاساندمی و لە جێگای خۆم وشکی کردم. بۆ چەند چرکەیەک بە پەرۆشی چاوم تێوە بڕی. خاتوو ماری لەم دەمەدا ئاوڕی داوەو کە منی بەو حاڵەوە دیت، بە پەلە فرمێسکی چاوانی ئەسڕی یەوە. ئەوسا هەستایە سەر پێ و بە لۆژە لۆژ بۆ لام هات و گوتی:
- وا دیارە شتومەکەکانت بە تەنیا بۆ هەڵگێرو وەرگێر ناکرێ، با منیش بێم یارمەتیت بدەم.
بەدەم سوپاسەوە وەڵامم دایەوە:
- نا، پێویست بە زەحمەتی تۆ ناکا! فەرموو دانیشەوە، بۆ خۆم بە تەنیا دەتوانم رایان گوێزم.

بەڵام دیسانیش پێی چوونە دەرم نەبوو، ئەویش بە بێ ورتە چاوی خەمباری تێوە بڕیبووم. لەو کاتەدا ئەوەندە پەرۆشی دایگرتبووم نەمدەزانی چ قسەیەک بڵێم کە ببێتە هۆی دامرکانەوەی بڵێسەی ئاگری دەروونی و هەر ئەوەندە توانیم بڵێم:
- خاتوو ماری ژیان سەختە! مرۆڤ دەبێ لە بەرامبەر سەختی یەکاندا خۆراگر بێ و بە چۆک دانەیە.
ئەویش بەم مەبەستە کە قسەکەت راستە، چەند جار لە سەریەک سەری لەقاندو پاش تاوێک تێوەڕامان دەستی درێژ کرد، بە محەبەتێکی دایکانە پەنجەکانی بە سەر کاکۆڵم داهێناو پاشان گوتی:
- سوپاس کوڕە خاسەکە! وا هەست دەکەم ئەم دڵەی من لە لای تۆوە هەستێکی تایبەتی پێ دەگا. سا ئەگەر کاری بە پەلەت نیەو پێت خۆشە، پاش تاقەت کردنی شتەکان، بگەڕێوە قاوەیەکم لە لا بخۆوە. بە راستی بەگەڕانەوەکەت خۆشحاڵ دەبم.
منیش داواکەیم سەلماندو بەڵێنم پێ دا زوو بگەڕێمەوە لای. کەل و پەلەکانم بە ئاسانسۆردا بردە خوارو لەوێشەوە بە یارمەتی خێرخوازێک لە ماشێنم بار کردن. ئەوسا بەلەزەوە گەڕامەوەو دیتم دەرگاکەی خاتوو ماری هەروا ئاوالەیەو بۆ خۆشی دانیشتوە چاوەروانیم دەکا. چوومە ژوور لە سەر کورسی یەک روو بە رووی دانیشتم. خاتوو لە پێشدا بە سەلیقەو کارامەیی سەر میزی چێشتخانەی بە گوڵدانێکی پڕ لە گوڵی رەنگاو رەنگ و دەورێک شیرنی لەگەڵ دوو فنجان و چادانێک قاوە رازاند بۆوە. دەستی درێژ کرد بە لەرزە لەرز قاوەیەک بۆ من یەکیشی بۆ خۆی تێ کرد. منیش بێ ئەوەی بم هەوێ دڵە ماندوو شەکەتەکەی بهەژێنم، دەنگم نە کرد تاکوو خۆی سەری قسانی دانەگیرساند. یەکەم وشەی کە بە زمانی داهات، ناوی "ئوڵف" بوو. گوتی:
- من و ئوڵف پەنجا ساڵ بوو ژن و مێرد بووین. ئەو پیاوێکی ئاکادێمیک بوو، مەشرەف خۆش و مێهرەبان بوو. ئەو باوکێکی دڵسۆز بۆ منداڵەکان و شوویەکی بەوەفاش بۆ من بوو. من و ئوڵف لە زانستگا پێکەوە ئاشنا بووین و زەماوەندی شووکردنەکەشمان حەوتوویەک دوای جێژنی تەواو کردنی زانستگاکەمان بە رێوە چوو. داخ و کەسەرم بۆ ئەو رۆژە خۆشە لە دەست چوانەیەو بەداخم لەوە کە جارێکی دیکە ناتوانم ئەو رۆژە خۆش و لە بیر نەچووانە ببینمەوە.
بەڵێ، شەوی زەماوەندەکەمان لە هۆتێلێک بە بەشداری خزم و ئاشنای هەر دووک لامان بەرێوە چوو. من ئەو شەوە لە نیو کۆری هاورێیاندا ئەوەندە سەرمەست بووم، بە تەواوی ئاگام لەوە براوو کە من بووکێکم. دەگەیشتمە لای هەر برادەرێکم پیاڵەم لە پیاڵەی دەداو سەر خۆشی بادە بووم ... خاتوو ماری پێکەنی، لە حاڵێکدا دەستی بە پێش دەمی گرتبوو، گوتی، شەوی بووکێنیم بێ ئەوەی زاوا بە شوێنمی زانی بێ، یا کوو خۆشم ئاگام لە خۆم بووبێ، بە سەرخۆشی رەگەڵ دەستە خوشکێکم کەوتبووم رۆیشتبووم. سەیر ئەوە بوو دەستە خوشکەکەشم لەبەر قۆشمەییان تا رۆژی دوایی لای ئێوارێ درەنگانێک، لە خەوی هەڵنەستاند بووم هیچ، هەوالی منیشی بە ئوڵف نەدابۆوە! پاش ئەوەی هوشیار بوومەوە، بە دەست و پێ تێکهاڵاوی و پەلەپەل، بە جلی بووکێنی یەوە سواری تاکسی بووم و گەڕامەوە ماڵ. کە خۆم بە ژوورێ دا کرد، دیتم: ئوڵف بە سەری ئاڵۆزو ریشی نە تاشراوی یەوە، چەند رۆژنامەی رۆژانەی لە پێش خۆی داناوەو بە نیگەرانی یەوە دەیان پشکنێتەوە... خاتوو دیسان پێکەنی یەوە و گوتی: ئەم دۆست و ئاشنایانەی زیندوون، ئێستاش کە ئێستایە وون بوونی ئەو شەوەی منیان لە بیر نەچۆتەوەو بەگاڵتە دەیگێرنەوە.
خاتوو ماری بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگ بوو، لەو بێدەنگی یەی ڕا وام هەست کرد نای هەوێ نهێنی یەکانی بدرکێنێ، بەڵام من بە دڵ حەزم دەکرد لە رازی دەرونی پڕ لە خەمی تێبگەم و هەر بۆیە رووم لێناو بە تکاوە لێم پرسی:
- دەی، خاتوو ماری دوایە چی؟ تکایە!
سەری هەڵێناو چاوێکی لە چاوم کردو بە نابەدڵی یەوە گوتی:
- دوایەچی!؟ زۆری نەخایاند دوو گیان بووم و کورێکم بوو، دوو ساڵ دواتریش کوڕێکی دیکەم بوو. بە دوای بوونی منداڵەکانمان دا، ئوڵف دەهات بە تەواوی من لە بیر بکا، چونکە هەموو ژیانی منداڵەکانی بوون و لە رادەبەدەر خۆشی دەویستن، حەق بڵێم لە بارەی منداڵان دا لە هەموو بارێکەوە یاریدەی دەدام. تەرو ویشکی دەکردن و دەی حاواندنەوەو سەیران و خلسکێن، پارک و باغچەی منداڵان و... و هەر هەمووی وە ئەستۆی خۆی گرتبوو. سەرەنجام منداڵەکانمان گەورە کردن و پێمان گەیاندن. ئەوانیش وەک ئێمە بوونە خاوەنی ژیانی سەربەخۆو ژنیان هێناو منداڵی ژیکەڵانەیان بوو. من و ئوڵف لەو ماوەیەدا ماڵ و دارایی یەکی زۆرمان وەسەریەک نابوو، بێ نیاز لە هەموو شتێک بووین. دوو ساڵ پێش، ژن و مێرد هاتینە سەر ئەم باوەڕە تاکوو زیندووین هەرچی ماڵ و دارایی یەکی هەمانە بە کوڕەکانمان و بنەماڵەکانیان ببەخشین. بڕیارەکەمان بردە سەرو ساڵێک لە ماڵی خۆمان لە نیو کوڕ، بووک و نەوەکانماندا بە رێز حورمەتەوە دەرباز بوو، بەڵام پاش ئەم ساڵە لە

پرێک دەورەکە سووراو پەردەی ڕەشی ناسوپاسی بە ڕووی کوڕو بنەماڵەی کوڕەکانمان داکشا. ئەوان بەو نیازە کە هەرچی زووتر لەو ماڵەی کە بە ڕەنجی مێشک و شانمان بنیاد نرابوو، دەرمان پەڕێنن. جا بۆیە دەرحەق بە ئێمەی پیرو بێ توانا دەستیان بە بێ حورمەتیی کردو هەر ڕۆژە بە بیانوویەکی پڕو پووچەوە ئازاریان دەداین و خەفەتیان لە سەر خەفەت بۆ زیاد دەکردین. ئاخرەکەی ئێمەی ڕەنجەڕۆ تاو و تینمان لێ براو بە پێچەوانەی داخوازی خۆمان ملمان بۆ ویستی ئەوان ڕاکێشا و لە تەواوی ئەو ماڵ و دارایی یەی پێمان بەخشیبوون، تەنیا ئەم دوو تەختە خەوەو هێندێک حاجەتی بێ بایەخی نێوماڵ نەبێ، دەنا نەیان داینێ. ناچار بە دڵشکاویی و دەستی بەتاڵ ڕوومان کردە ئەم شوێنەو تەریک ماینەوە. لێرە... لێرە...ش... قسەکەی بڕی و کوڕەی گرووی لە ئەوکی دا ما. پاش چەند چرکەیەک بێدەنگی سەری ڕاوەشاندو گوتی:

- لەعنەت لە من بۆچی بەم قسانە دڵی تۆ ناڕەحەت دەکەم.

منیش زوو وەجواب هاتم و گوتم:

- نا خاتوون، بە پێچەوانە بێتوو دەردی دڵی خۆتم بە تەواوی بۆ نە گێڕێ یەوە، دڵم ناحەسێتەوە، زیاتر لە پەرۆشتان دا دەمێنمەوە.

پاش ئیستێک بێدەنگی، سەری هەڵێناو چاوێکی پڕ لە خەمی لێ کردم و گوتی:

- پاش ئوڵف، ئەوە تۆ یەکەم کەسی وەک فریشتەیەک لێم پەیدا بووی و گوێ دەدەیە ئەو نەختە دەردە دڵەی من. هەر چەندەش وەبیر هێنانەوە و گێڕانەوەی ڕابردووی خۆم زۆر لا تاڵە، بەڵام پێم وایە دەم بەستن لە حاست ئەو کەسانە کە بە سەر ڕاستی لە ژیاندا هەنگاو هەڵناهێننەوە کارێکی ناڕەوایە، تەنانەت ئەگەر ئەم مرۆڤە ناڕاستانە جگەر گۆشەی پیاویش بن. با ئەوەش بڵێم، من ئێستا ئەوانم لە بیر کردووەو تەنیا فیکر لە مەرگی خۆشەویستەکەم دەکەمەوە کە ماوەیەک لەمەوبەر بە یەکجاری ماڵئاوایی لێکردم و لەم دیوەدا بە تەنیای هێشتومەوە... دیسان خاتوو ماری خۆی بۆ ڕانەگیراو قسەکەی بڕی و بە دوایدا لە قوڵپی گریانی دا. پاش تاوێک بە بێ هێزی و دەنگی لەرزۆکەوە گوتی: منیش دەم هەوێ بە دوای ئەودا بڕۆم! بێ ئەو ناتوانم بژیم. ئوڵف هەموو کەسی من بوو، هەموو کەس؛ تازە ژیان پاش ئەو بۆ من گورچک بڕو بێ بایەخەو ئیدی نامەوێ چی دیکە لە سەر ئەم دنیایە بژیم! دیسان بێدەنگ بوو.

منیش لە حاڵێکدا هەروا بە مەبەستی هاودەردی چاوم تێوە بڕیبوو، بە هێوری گوتم:

- خاتوو ماری خوا سێبووریت بدا! مرۆڤ لە ژیاندا زۆری کەندو کۆسپ لە سەر ڕێگایە هەیە. تۆ مرۆڤێکی خوێندەوارو دنیا دیتووی، نابێ ئاوا خۆت لە پێ بخەی! تۆ دەبێ بە لێهاتوویی تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان لە سەر ڕێگا لادەی و ڕێگا بۆ ژیانی داهاتووت خۆش کەی. سا لە ئێستاوە داوات لێ دەکەم ڕێگام بدە با وەک دایکی خۆم جارو بار بێم سەرت لێ بدەم. دڵنیابە لە هەر کاتێکدا تەلەفۆنم بۆ بکەی بە دڵ دەگەمە لات و ئامادەی هەر چەشنە خزمەتێکتم.

خاتوو ماری بە ڕەزامەندی یەوە سەری هەڵێناو چاوێکی پڕ لە خۆشەویسی لێ کردم و گوتی:

- کوڕم، من لە ناخەوە حەز بە دیتنی دووبارەتان دەکەم و دەرگای ئەم ماڵە بچکۆلانەی من لە گشت کات و ساتێکدا بە ڕووی تۆدا ئاواڵەیەو بەخێر بێی! ئەوسا هەستام، ئەویش بە زەحمەت هە ستاو هاتەپێش نێوچاوانی ماچ کردم. من بە قەولی خۆم وەفا کرد، لەو ڕۆژە تاکوو دوێنێ بێ ڕۆژ بوێر لە دیوی ژمارە ١٢ دا سەرم لێ هەڵێناوەو پێداویستی یەکانیم بۆ جێ بە جێ کردووە، ئەویش لە بەرامبەردا بۆم پێکەنیوە، بە ڕوویەکی خۆش قاوەی بۆ لێناوم و بە لەفزێکی دایکانە بیرەوەری یە تاڵ و شیرنەکانی ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە. سەرەنجام ڕۆژی ڕابردوو، واتە دوێنێ نوێترین بەرگ و پێڵاوی خۆم دە بەر کرد، هەر وەک بۆ سەر داوەتێ بچم ئەوتۆ خۆم ڕازاندەوە، چەپکێک گوڵی مێخەکی سووریش بە دەستەوە چوومە زیارەتی، بەڵام ئەو جارەیان نە لە دیوی ژمارە ١٢، بەڵکو لە ماڵی یەکجاری، واتە خاتوو ماری بۆ لای ئوڵفی ئازیزی باری کرد بوو. گەیشتمە جێ و دیتم لە حاڵێکدا کوڵمەکانی بە بۆنەی ئەم کۆچەوە لە خۆشیان سوور سوور هەڵگەڕاوە، بە بێ جووڵە چاوی وێک ناوەو لە تەنیشت گۆڕی ئوڵفی خۆشەویستی ڕاکشاوە. چوومە پێش ڕاوەستام و بۆ ماوەیەک تێیەوەڕامام، ئەوسا داهاتمەوەو بە ڕێزو حورمەتێکی تایبەتی یەوە دەسکە گوڵەکەم لە سەر سنگی داناو پاشەو پاش کشامەوە...

سالا- ١٩٩٥/١١/٢٨

کورتە چیرۆک:

مام ڕەسوڵ

نووسینی: ڕەحمان سۆفی

تازە گزینگی هەتاو منارەی مزگەوتی گەورەی ئەنگاوتبوو. لە ماڵ وەدەرکەوتبوو، لەسەر سەکۆی قەڵابەرزەکەی نێوەڕاستی شار، قەفێکی تەواو بەسەر گۆچانەکەیدا چەمابۆوە. بە سیلەی چاو دەیڕوانییە تەبەقی ڕۆژ. بە پشتێنە کودەرییە ڕەنگ کاڵەوەبووەکەی لیکاوی لووت وبەڵغەمی گەرووی سڕییەوە. بەڕماڵەکەشی کە پاش مردنی ژنەکەی بۆی ببووە یادگاری تەمەنی تێپەڕبووی و زیاتر لە جاران هەستی بە هاوڕێیەتی لەمێژینەی دەکرد، لە سەر شان وملەچەماوەکەی چۆغەکەی داپۆشیبوو.

ئاخێکی کێشا وهەناسەی لە دەروونیدا تاسا، بە کۆمەکۆم و لاتراسکەبەستن، هێدی ولەسەرەخۆ لە لێژی قەڵاوە سەر بەردوخوار بۆ لای حەوز و مزگەوتەکە داگەڕا. کزەبایێکی پاییزی ڕوخساری خەواڵووی باوەشێن دەکرد. لەبەرە بەیاندا نەرمە بارانێک، کۆڵان و شەقامەکانی ئاوپڕژێن کردبوو، کۆڵانەکە لە بەر چاوی وەک خەونێک وابوو کە زۆر جار لە شەوی پاییزدا لەسەر خەرمان، لەنێو لۆدەکای پاش خۆیاندا دیبووی. بۆنی کاگڵی بەباران پژاویش بۆی ئاشنا بوو...

دەڕۆیشت ولە بەرخۆیەوە دەیگوت: « ئەمەش بەشی من، پیری عاقیبەت شڕ خۆم». بیرەوەرییکی تاڵ ودڵتەزێن لە ناخیدا چڕۆی کرد، هەواڵی کوژرانی کوڕەکانی هاتەوە بیر، بیرەوەری تێکەڵ بە ئاڵۆزیی دەروونی دەبوو. هەر دەروونناسێک لەیەکەم سەرنجدا بۆی دەردەکەوت کە خەم وپەژارەی ژیان دەمارەکانی لەش وگیانی لە بەرێک بردووە و ڕق وقینیش لە دڵیدا پەنگی خواردووەتەوە. سیمای ڕۆمانێکی نەناسراو بوو.

سەری هەڵبڕی، چاوی ڕەشکە وپێشکەی دەکرد، تارماییێک دەهاتە بەرچاوی، بە تەواوی نەیدەبینی، چاوەکانی سۆمایان نەمابوو.

کەمێکی پێچوو، دەنگێک لە گوێیدا زرینگایەوە. چەند هەنگاوی دی ڕۆیی، دەنگەکە نزیکتر بووەوە، یەکێک بانگی کرد: «ڕەسوڵ! ئەوە تۆی؟ خێرە بەم بەیانییە زووە لە ماڵ وەدەرکەوتووی! ئەوە بۆ کوێ دەچی؟»

مام ڕەسوڵ بە دەنگی ڕا ناسییەوە کە فاتە بێوەژنی هاوسێی خویان بوو. لە وەڵامدا گوتی: فاتە! ئەوە تۆی.. چۆنی؟ ئەی خۆت ئەوە بۆ کوێ دەچی؟»

پوورفاتم گوتی:

ــ وەڵڵا ڕەسوڵ گیان باش نیم، هەمیشە نەخۆشم، شەوانە لەبەر ئێش وئازاری لەشم خەوم لێناکەوێ. نۆقرەم لێ هەڵگیراوە، هەر هیچم بە بەرەوە نەماوە، بەجارێک پەکم کەوتووە، پیری وسەد عەیب، ئەدی تۆ چۆنی.. واز وگوزەرانت باشە؟

مام ڕەسوڵ بە دەنگێکی گرەوە کە لە کانگای ئازاری تەمەنی چەند ساڵەییەوە دەهاتەدەرێ دەستی پێکردەوە:

ــ وەڵڵا فاتە گیان چۆن بم، پێم لە لێواری قەبرە. ها ئەمڕۆ وها سبەینێ بمرم.. زەلیلم، ئەمە چەن ڕۆژە هەموو بەیانییەک ئەمە ڕێگەمە، بۆ بێ بەختی خۆم هەموو جارێک بە ناهومێدی دەگەڕێمەوە. تۆ نازانی چەندە نەخۆشم، نان و ئاوم لێ تاڵە، هەموو ئازای ئەندامم ژان دەکا، پیری وهەژاریش با لەولاوە بوێستێ. خۆ خۆت دەزانی کەسیش شک نابەم ئاوڕێکم لێ بداتەوە.

ــ باشە ڕەسوڵ گیان! ئەی دوکتور نالێ ناساخییەکەت چییە وچ نییە؟!

ــ هەی بێ بەڵابی، وتنی چی وشتی چی، کەچی خۆ نۆبەم وەبەر ناکەوێ! هەر ئەمڕۆ نا سبەینێم پێدەکەن، هەر ناهێڵن دوکتوریش ببینم. ئەوەندەی شەل وکوێری وەکوو من لێیە کەس بە سەر کەسەوە نییە، دەڵێن دەرمان دەست ناکەوێ بەڵام بۆ دەوڵەمەندەکان هەیە، نازانم لە کوێوەی دێنن! کەچی هەر گفەقیر وهەژار تێدا دەچێ و ماڵوێران دەبێ، ئەوەتا خەڵکی ئەو شارە هەموو دەزانن کە سێ کوڕم بە مەینەتی گەورە کرد و پێگەیاند و هەر سێکیشیان شەهید کران، منیش بێ کەس وکار ماومەوە بۆ نەگبەتی ئەم دونیایە.

مامە ڕەسوڵ وفاتە بێوەژن بە قسەی لێرەوڵەوێ کردن و ناخوداخ هەڵکێشان بۆ ژیانی خۆش وناخۆشی ڕابردوو، خۆیان گەیاندە نەخۆشخانەی شار.

لە ساڵۆنی نەخۆشخانەکەدا خەڵکێکی زۆر، سەروگوێ شکاو و دەست لەمل هەڵبەستراو، نەخۆش وداماو چاوەڕوانی هاتنی دوکتور بوون. پیاوێکی قیت و قنج، پۆشتە و پەرداخ وبەکەیف ڕووی دە مام ڕەسوڵ کرد و بە دەنگێکی بەرز و لەخۆڕازییەوە پرسی:«دوکتور نەهاتووە؟». مام ڕەسوڵ کە پاڵی بە دیوارەکەوەدا بوو و بە لەنگەری گۆچانەکەی، خۆی بە سەر پێوە ڕاگرتبوو، بە دەم نالەنالەوە جوابی داوە:« نازانم، ئەوەندە ئەزانم کە من لەمێژە لێرەم ودوکتورم نەدیوە، ئاخر بە ناخێری گیانم هاتووم بۆ لای دوکتور. مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چەندە نەخۆشم، لەبەر ئێش و نازاری لەشم خەو وخواردنم لێ حەرام بووە. هەموو بەیانییەکیش لە پێش هەموو کەسدا دێمە ئێرە، هەر جارێک کە هاتووم جوابیان کردووم، نازانم چی بکەم وخاکی کوێ بەسەر خۆمدا بکەم...»

کابرا بە چاوێکی سووکەوە تەماشایێکی کرد و ڕووی لێ وەرگێڕاوە و گوێی نەدا بە قسەکانی. لە سەروبەندی قسەکانی مام ڕەسوڵدا خەبەریان دا کە ئەوە شوکور دوکتور دێ! زۆری پێنەچوو کوڕێکی باڵابەرزی بەدەماخ، بەچاوە تریفەدارەکانی سەرنجێکی خەڵکەکەی دا و وەک فریشتەیێکی سپی پۆش لە چاوان ون بوو. کابرای قیتوقنج کە لەسەر کورسیەک دانیشتبوو و قاچێکی نابووە سەر قاچێکی، بەگوڕ لە جێی خۆی ڕاستەوەبوو و چووە پێش دەرگای چوورەکەی دوکتور و بە شێوەیێکی فەرماندەرانە بە کابرای دەرگاوانی گوت:« بە جەنابی دوکتور بڵێ حاجی کۆمیتە لێرەیە وکاری بە جەنابتە..». دەرگاوانەکە بە بیستنی ناوی حاجی و کۆمیتە تەواو شڵەژا و خۆی کرد بە ژوورەکەی دوکتوردا، ئیستێکی پێنەچوو هاتەوە و بەفەرموو فەرموو دەرگای بۆ حاجی خستە سەر گازی پشت.

نەخۆشەکان تێکڕا کردیان بە هەرا وهوڕیا، چەن کەسێک بە تووڕەییەوە چوون بە گژ دەرگاوانەکە و پیاوێک کە منداڵێکی بە باوەشەوە بوو، زۆر بە قەڵسی هاواری کرد: « بۆ نۆبەبری دەکەی؟! خۆ نۆبەی ئەو نەبوو چ خوا هەڵدەگرێ، خۆ ئێمە کافر نین وئەو موسوڵمان.. ئێمەش موسوڵمانین ونۆمەتی محەمەدین، بۆ فەرق و جودایی دەخەی؟!». بە شوێن قسەکانی ئەودا بوو بە هەڵا وبگرە و جێم کە وڕێم بەردە وپاڵ پێوەنان.

لاوێک کە بە ڕواڵەت وجلوبەرگیدا لە خوێندەوار دەچوو هاتە جواب وگوتی: «بۆچی تەبعیز قایل دەبی؟ خۆ بەوە هەقی تۆ زیاد ناکەن، حاجی تا دوێنێ دوعای بۆ عومر و ماڵی (شا) دەکرد، کەچی ئەمڕۆ هەمەکارەی کۆمیتەیە، نێوی خۆی ناوە حاجی..» دوای ئەو قسانە ئاوڕێکی داوە و ڕووی کردە مام ڕەسوڵ و لێی زیاد کرد:«ئا ئەم پیاوە پیرە هەژارە سێ کوڕیشی شەهید بووە، ئەوەتا خۆشی لەوانەیە بمرێ»، بۆ دڵدانەوەی مام ڕەسوڵ گوتی: «مامە گیان! نارەحەت مەبە ئەم دەردە تەنیا دەردی تۆ نییە، ئەمە دەردی زۆربەی میللەتی ئێمەیە. خەڵکی دیکەش هەر وەکوو تۆ وان، دڵت لە خۆدا نەمێنێ».

خەڵکەکە گوێیان دابووە قسەی کوڕەکە و زۆریان پێخۆش بوو، بەڵام زۆر کەس لێی حاڵی نەدەبوون، ئەوانەش وا لێی تێدەگەیشتن نەیان دەویرا دەنگی لەگەڵ هەڵبڕن. مام ڕەسوڵ بە بیستنی قسەکانی ئەو کوڕە و دڵخۆشیدانەوەکەی، خوێنی هاتە جۆش و کوڵا. خۆی دەکوتا کە بچێتە پێشەوە، بەڵام هێزی نەبوو، خەڵکەکەش هەر خۆیان تێ دەترنجاند و هەرکەس هەوڵی ئەوەی بوو کە بۆ خۆی نۆبەی وەبەربکەوێ. مام ڕەسوڵ بە هەر وازێک بوو خۆی گەیاندە ژوورەکەی دوکتور، دەستەکانی کەوتبوونە لەرزین، ئاواتەخوازی هێزەکەی جاری جارانی بوو، بەڵام داخی داخانم...

فاتە بێوەژنیش لە گۆشەیێکی ساڵۆنەکەدا لە زەوی دانیشتبوو و دەپاڕاوە ودوعای دەکرد:« خوا خۆی باشتر دەزانێ، خوا کەریمە، ئیشاڵڵا خۆی کاری موسوڵمانان ڕاست بێنێ.. ئۆمەتی

محەمەد هەر دەبێ ڕوو لە دەرگای خودا بکا، خودا لەو دونیا جەزای بەخێرمان بداتەوە، خەڵکی ئەم زەمانەیە ئەوەندە خراپ بوون، هەر باشە کە خودا غەزەبیشمان لێ ناگرێ»

کوڕە لاوەکە قسەکانی فاتە بێوەژنی پێناخۆش بوو، لەلایێک دڵی بۆ ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە دەسووتا و لە لایێکیش سەری دەلەقاند ولەبەر خۆیەوە تێدەفکری و دەیگوت: «تا ئەم میللەتە تێبگەن، و لە سەر هەقی خۆیان بێنە جواب زەمانێکی دوورودرێژە» زۆری پێنەچوو کە چەن تفەنگ بەدەست وەژوورکەوتن و دڕیان بە خەڵکەکە دا و چوونە پێش ـ ڕاست بەرەو ڕووی کوڕە، بە بێ پرس و جواب دەستی کوڕەیان بەست و وەپێش خۆیان دا وبردیان. لە نێو خەڵکەکەدا چەن کەسێک بە سرتە دەیان چپاند بە گوێی یەکدا: «ئەوە چ بوو؟ بۆ ئەو کوڕەیان گرت؟ مام ڕەسوڵ چاوی پڕ بوو لە فرمێسک، پێیوابوو کە ئەوەش چوارەم کوڕی بوو کە گیرا و ئیدی نایبینێتەوە...

لە پڕێکدا دەرگای ژوورەکەی دوکتور کراوە، مام ڕەسوڵ کە لە پێش دەرگاکە ڕاوەستابوو، تخێڵ بوو و بە ئاستەم نوزەیێکی لێوەهات. گریان وشێوەنی ژنان دەستی پێکرد، فاتە بێوەژن لە خۆی دەدا و هاواری دەکرد، لاڕوومەتی خۆی دەڕنی ودەیگوت: «ئەیەڕۆ فریای کەون، مەلا بانگ کەن، با یاسینی لەسەر بخوێنێ. ڕەسوڵ، ڕەسوڵە! ئەخێر، کوشتی، حاجی زگتیڕ کوشتی، دەرگاکەی دا بەسەریدا، کچێ بۆ خاتری خوا فریای کەون، ئەیەڕۆ خۆ ڕوحم ودڵ نەماوە...»

بەگریان و شیوەن وهەراکەدا دوکتور هاتە دەرێ. کە چاوی بە مام ڕەسوڵ کەوت گوتی: «ئادەی زوو لەسەر ئەو تەختە درێژی کەن». پەرستارێک و یەکدوو کەس یارمەتی فاتەیان دا و تەرمی مام ڕەسوڵیان لە سەر تەختەکە ڕاکێشا. دوکتور کە موعاینەی کرد، ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: «لای بەن، تازە هیچ ناکرێ، لێبۆتەوە.. بزانن کەس وکاری کێیە با بێن ببەنەوە».

نیگابانی نەخۆشخانەکە و دوو تفەنگ بەدەست بە مرچ ومۆڕێکی سەرسوڕهێنەرەوە بەرەو ڕووی خەڵکەکە هاتنەوە وگوتیان: وەخت تەواو بوو بەیانی وەرنەوە!

ئاپریلی ١٩٨٤

فۆلکلۆر: دیالێکتی گۆرانی

دۆتی کورد و قیسەی «کەڕێ لاڵێ»

نووسینی: سیامەک

وەناو کوردسان ژن لە سەرەتای تاریخ پەیوەس شان وە شان پیاو لە دەرودەشت کارکردگە. وە ماڵیش منالداری وخوەرد وخوەراک دورس کردن و تەموسی ماڵ وە ملی بیە. ئیسە ئەگەر ئیمە بتوایم وە شیوەی تاقی کەرانەوە چونیەتی ژن لە دەورەگەیل جورووەجور بیەمنەیەکا باس فرە گەورایگە. فرە کوڵ وکوڵبڕ چەوێ خەیمەلێیان.

ژن توەنستگە لە دەورەگەیل پێش خوا بوودن، شاه بودن، فەرمارەوا بوودن وە هە وەیجورە تا ئیسە ک دوینم لە زانکوو و لە مەدەرسە، لە زراعەت وەرزێری بەشدارە. چەن وێنەی تاریخی کلک نیشان کەیم:

کیریرشاه خوای ڕسق وڕووزی بیە وە مەسلەکێ دامەرزانگە وە ناو «نانایە» ک ئیسە هەمرای ئەڕای ئیمە نەخشی مەنگە. ئەنگ یا ئەنە ک وە دالگ و بازێچیش وە دالگە گەورا ویشن(لە کرماشان وە دالگ ویشن ئەنە). کیریرشاه لە لوڕسان دەورەی خوەی ڕا نیە.

هانیتا یا ئاناهیتا خوای ئاو بیە ک ئیسە نەخش تاریخی لە کەنگاوەر کرماشان هەسن. وەهە وەیجورە هەمرای ئاوهانیتا ئەڕای مەردم ئالحەق حورمەت خوەی دێرێ. ئاوقەسلان و هانیتا ئیسە لە باوەیاگار لە ڕیژاوکرماشان هەسن.

ژن لە هەر دەورەی لە تاریخ کوردایەتی ڕەسم وداب و چوارچوو خوەی داشتگە. یە وینە کلک نیشان کەیم: لە دەورەی سومەر ئەگەر ژنی نەزووک بیا، پیاو توانستگە وڵێ بکەی. یا ئەگەر وە منال هاوردن خوەی وەرگیری بکردیا، پیاو توانستگە وە ناو ئاو بخنکێنیدەی. مەیزوور ئیمە لە هاوردن ئی وینەگەیلە وەی باوەتەسە بێجگە یە ک ژن توەنستگە خوا بوودن یا فەرمانڕەوا، جور پیاو، وەختێگیش بیە ک پیاو لە سەری زاڵ بیە ک ئیسەیچ تا گەنترین شیوەگەیل ئایەمی و ئنسانی وە ناوچەگەیلێ لە کوردسان وەچەو کەڤێ؛ جور ژن وە ژن، داین ئافرەت وە جیای خون، نەناردنی دۆت وە مەدرەسەو...

وە شارەگانیش ئی مەرامە ک ژن بایە وەماڵ بوودن و وەمێوەق خەریک پوخت و پەز، حەقیش نەیرێ بچووەکار و...

وە یا چ لە شارەگان و چ لە دیاتەگان خوازمەنیەیلێ ک وە ئافرەت کرێ و ژن حەق نەیرێ تا وەخت سور وەگەرد زاوا قسەبکەی.

هەڵبەت جێ همێ هەسن گام بووچکێ لەی باوەتە هەڵگریاگە وەلی موشکل فەرهەنگی هە دێرمن، وە عوودەمانە ئەڕا وەبانکیشان فەرهەنگمان و بەرزکردنێ گشتمان وە یەکوە هەڵک بیەیم.

وەرجەیەک قیسەی کەڕ ولاڵێ دەس بکەیمنەپێ خاسە ڕووشن بوودن ک: دالگ دایم ئەڕا منالی هان خوەی دەی ک منال ساقی ئیوەت بکەی. وە لی کەین وبەین دالگ و دۆت پەیوەس گەرمتر و فرەتر لە دالگ وکوڕ بیە ک شایەت مەسەلەی فەرهەنگی بوودن، شایەت داشتن دڵڕەحمی فرەتر ئافرەت و کوڕ بوودن. ئیسە ئیمە لەیرا تیەیم وەی کوناوە نووڕمن ک گەرم و گوڕ بین، کەین وبەین دالگ ودۆت یە مەسەلەی فەرهەنگیە.

دەورەی زووتر لە ئیسە ک توانستنە دۆت بیەنە شوو، دالگ وە عوودەی بیە داب وڕەسم زنەیی ئەڕا دۆتی ڕووشن بکەی. یە وینەی فۆلکلۆری ئەڕا ئی باوەتە دێرمن، حەکایەت کەڕێ لاڵێ ک لە ناوچەی گووران گشتێ زاننەی و سینە وە سینە تا ئیمڕۆ هاتگە. ئیسە توایم بارامنەی بان قاگەز.

«کەڕێ لاڵێ»

خانمێ دۆتێ داشتگە فرە تەرک وزرنگ و

وەماریفەت بیە. پەیوەس ئامووژاری دۆتەگەی کردگە. وەتگە: دۆتم قسە کەم بکە، هەر وەخت هەتیاج ئەوی چشتێ مەویش، دەنگاتگ نەو،، وڕاوەچی نەو، وەگەرد شووید نەخوتن...

پوخت وپەز نیشانی داگە، مەسلەن خوەرد وخوەراک زمسانە وەجیا، تاوسانە وەجیا، وەهارە وەجیا ئەڕای باس کردگە. وەتگەسە ئەڕای لە زمسانان توەنی ئیانە دورس بکەی: ئەشکنە، تەڕاو، نوژیاو، قەیسی وڕوون، ئەڕا میوانیش دایم توەنی مامراو هەلبنەی یا پلاوگوشت بنەیەبان. جاروەختێگیش ماسەوا دورس کە. وە شوون شام توەنی، گەغەشیر، شلکینە، تەرخینەی کەچەلە فسین، کولێرە و... بیەیە پییان.

وە خوەرد وخوەراک تاوسانە ئەڕای ویشێ. دەسمەداوەند خاوڕوون دروست ئەکەی، تاوسانان خەتەرە، زەردەلوڕوون وە قوەتە دورس کە. تاماتەوا دایم هادەم دەس دورس کە.

وە خوەرد وخوەراک وەهارانە ویشێ ئەڕای: قازیاخەوا و کنگر، تووڵەکە، کەلانە، زوو، پەلەچونەر و..

دەس قەزا یە ڕووژێ تینە داوای دۆت وخوازمەنی کەن. وە ڕەسم و ڕسوم کوردایەتی. سووروساتێ خەنەڕێ. وەوی نەنە بان چاروا. سەرجلەودار سەر چاروا کیشێ و وەوی بەنە ئەڕا ماڵ بەخت(زاوا نەتوانستگە سەرجلەودار بوودن، خاسە بزانیم ئەو وەختە زاوا حەق نەیاشتگە بایە شوون وەوی، لاکەم لە ناوچەی گووران ئوجە بیە).

قەیرێ ک دوور وە کەفتن لە ماڵ، دالگ کەفیە فکری هەرچێ چشتە ئەڕای وەتگە بێجگە یە. وە دویاوە چرێ هەی دۆتم: « دەفر تازە وە تازە بشووری». دالگ خەیالی ئاسودە بوودن ک دۆت گەنی نەکردە هاودەم پیاگێ...

وە ئەولایش زاوا وە خوەشی دوکلک ئاسمانگ وەبان سەرێ نیە چەوەڕێی وەوییە. وە خوەش و خوەش مەنی ڕەسنە یەک.

یە ڕووژ، دوڕووژ وەپێ چوودن، نەخەی.. وەوی هوچ ناویشێ وەلی فرە زرنگ و وەکارەس. ئیقە هوچ ناویشێ مەردمیش فکرکەن وە ڕاسی ئیە کەڕ ولالە. وەلی وە سەر ئیەوە کوڕ ویشێ قەی ناکەی ئافرەت خاسێگە با بوودن. تا سێ ساڵ وە لێ چوودن، دو کوڕ تێرێ ناویان نەیە حەسەن وحوسەین. پیاگ یە شەو ویشێ ئەرێ ژنەگە تو هوچ ناویشی دەقکوش من کردی. قسە نەکەی وەی شەوار شەریفە ژنێ تێرمە سەرد. نەخەی ژن هوچ ناویشێ. ئاخری وە ڕاسی پیاگ چوودن ژنێ تر خوازێ. هەم دووارە سور ساتێ خەنەڕێ چن وەوی تازەگە تێرن. کەڕێ لالیچ خەریک کار خوەیە. وەی مەوقەک وەوی تێرن ئیەی وە پەس دوشین تێوە و یە بایە شیر ناسەبان سەر ویە بایە داسە بن دەس، وەجولەجول تێریدەی. وەوی تازە، هەمرای وە چاروا ناتگەسە خوار ویشنە پێ: ئەوە ژنە قەیەگەیە.. ئەویش وسێ تا تیە نزیکوە، وەو بانوە ویشێ:

کەڕێ لالێ پەڕ قیفەگد شیرە ماڵێ
کەڕێ لالێ پەڕ ماشتەگد خەرگەماڵێ

کەڕێ لالێ وە لای خوەیوە ویشێ، هاتیا ئیسە هەتیاج بوودن قسەبکەم و جوواوی بیەم. وەنەرمیێ ویشێ:

حەسەن هاوردم دەنگ نەکردم
حوسەین هاوردم دەنگ نەکردم
ئیە ها لە زگم، ڕووسەم زاڵە
وەویلە! بوس بایەنی ماڵە

مەردم گشتێ دەمیانە تاق چوو. شوویچ چما خەنەی ئاوسەرد دەنگی چووە بن، ویشێ: وەی پرشەی خوەر بنیامینە* هە وەی دووزە بەیدەی دویاوە، سەرجلەوداریش هەلێ گەردنێد ئەڕای ماڵ باوگ.

دووارە سێ شەو و سێ ڕووژ دەیدنە تەپڵ و هەلپەڕکە و سازدەوڵ خوەشی.

ئالمان، میوە ڕەسان ـ ۹۵

* بنیامین مەزهەر زەردوشت ناسریەی لە لای مەردم یارسان(ئالحەق). وە ویشن خوەر(کانی ئایر) هین پیرمان بنیامینە. لە دەفتەر«زەلال زەلال» کە (باوە یاگار) نووساگەسەی وەی مەسەلە نشارە کریاگە. هەلبەت قەسەم وەیجووریچە خوەن: وەی پرشەی خوەر نازارە، ک ڕەنگە ئەگەر ئی قسە وەرجلە ۹۰۰ ساڵ وەتریاو ناوێگ لە بنیامین نەودن.

فەرهەنگۆک:

قیسە: چیرۆک، حیکایەت
تەموسی: تەمیزی، پاک وخاوێنی
هەمرای: هێشتا
کلک نیشان کەیم: هەلدەبژێرین
ویشن: دەلێن
هەسن: هەیە
ولێ بکەی: وێلی بکا، بەڕەلای بکا
وەرگیری بکردیا: بەرگری کردبا
نەزووک: نەزۆک(ژنێکی منداڵی نەبێ)
وە چەو کەڤێ: بەرچاو دەکەوێ
مێوەق: مدبەق، بن کۆشک، ئاشپەزخانە
همێ: هومێد، هیوا
هەلک بیەیم: هەوڵ بدەین
سور: شایی، زەماوەند
وەرجەیەک: بەر لەوەی، پێش ئەوەی
مەیزوور: مەنزوور، مەبەست
نوورێن: دەی نوارین، تەماشای دەکەین
زاننەی: دەیزانن،
ئیسە توایم: ئێستا دەمانەوێ
بارایەنەی بان قاگەز: بیهێنینە سەرکاغەز
تەرک: جوان، قەشەنگ
هەتیاج نەوی: حەوجێ نەبێ، ئیحتیاج نەبێ،
دەنگاتگ نەو: شەڕانی و ڕووگرژ مەبە
وڕاوەچی نەو: بە پرت وبۆڵە مەبە.
وەگەرد شووید نەخوتن: دەگەڵ مێردەکەت جوابە جەنگی مەکە
تەڕاو: ترخێنە
نوژیاو: نیسکێنە
دەسمە داوەند: دەستم بە داوێنت
زوو: گیایەکە دەخورێ، بەهاران زۆرترلە چیای(دالاهۆ)دەڕوێ
پەلەچونەر: گەلاچەوەندەر
وەوی: بووک
ئوجە بیە: ئاوا بووە، بەم جۆرە بووە
بیلیمنەی: بیهێلینەوە، لێی گەڕێین
پەس دۆشین: مەڕ دۆشین
پەڕ قیفەگد: لکی دەسماڵەکەت، گۆشەی لچکەکەت
هوچ: هیچ
شیرە ماڵێ: دەشیری کەوتووە،
ماشتەگد: داوێنەکەت، کراسەکەت
خەرگە ماڵێ: لە قوڕاوێ دەخشێ(بەهارە باران باریوە)
وەویلە: بووکێ، بووکە چکۆلە(بەتەوس)
بوس: ڕاوەستە
بایەنی ماڵە: با بێیتە ماڵەوە(بزانە چیت لێدەکەم)
دەمیانە تاق چوو: واقیان وڕ ما، پێیان سەیر بوو

******

حیکایەت
و
پەندەشیرنەکانی مەلا نەسرەدین*

هێرش

کوڕی مەلا

ڕۆژێک مەلا نەسرەدین دەچێتە ژووری کوڕە گچکەکەی ودەبینێ هۆڕ هۆڕ دەگری. مەلا بە نارەحەتییەوە، دەستێکی بە سەریدا دێنێ ودەڵێ:

ـ ڕۆڵەگیان ئەوە بۆ دەگری؟

کوڕی مەلا هەروا بە گریانەوە دەڵێ:

ـ هیچ، بابەگیان... تەنیا بووم و بۆ خۆم هیقایەتم دەگوت، چونکە لە نێو داستانەکەمدا دێوی تێدابوو، ترسام بێ و بمخوا.

مەلا و پیاوی مەست

شەوێک کە مەلا بەرەو ماڵەوە دەگەڕاوە، پیاوێکی مەست بە توندی پاڵێکی پێوەنا. مەلا وەرگەڕاوە وگوتی: ئەحمەق چما کوێری زەلامێکی ئاوا گەورە نابینی؟

کابرای مەست لە حاڵێکدا تلاوتل دەڕۆیی، گوتی:

ـ ئەزقەزا لە باتی یەکێک دووان دەبینم.

ـ باشە ئەدی بۆ خۆم پیدادەدەی؟

ئاخر دەمویست لە نێوان ئێوەدا ڕەت ببم.

مەلا و کابرای شێت

ڕۆژێک مەلا نەسرەدین لە قەراخ حەوزی مەزگەوتێ کە پڕ لە ئاو بوو تێدەپەڕی. پیاوێکی بینی کە لە قەراخ حەوزەکەوە دانیشتووە و قودو شەمچەیێکی لە دەست دایە و دەیخاتە ژێر ئاوەکە ودایدەگیرسێنێ. مەلا لێی نزیک بۆوە و پرسی:

براله ئەوە چ دەکەی؟

کابرای شێت سەرێکی لەقاند وگوتی:

ـ قرانێکم لێ تێکەوتووە و دەمەوێ دەری بێنمەوە، بەڵام چونکە ژێرەکەی تاریکە نایبینم، بۆیە شەمچەی هەڵدەکەم. مەلا فکرێکی کردەوە و بزەیێکی بەگاڵتەی هاتێ وگوتی:

ـ پەحا.. چ کابرایێکی شێتی. ئاخر بابەگیان تۆ هەر ئەندازە لە ژێر ئاوەکە شەمچەی لێبدەی داناگیرسێ. کابرای شێت بە توندی پرسی:

ـ باشە تۆی عاقڵ پێم بڵێ چ بکەم تا ژێر ئاوەکە ڕووناک بێ و من پولەکەم دەربێنمەوە.

مەلا گوتی: ها... ئەتۆ دەبێ دەپێشدا شەمچەکەت داگیرسێنی و پاشان بیخەیە ژێر ئاوەکە تا پارەکەت بدۆزییەوە.

قازی یەک لاق

ڕۆژێک مەلا نەسرەدین قازێکی سوورکراوەی بۆ حاکمی تازەی شار بە دیاری دەبرد. لە ڕێگایە برسی بوو، ڕانێکی خوارد و باقییەکەی بۆ حاکم برد.

کە حاکم قازەکەی بینی ڕانێکی نەماوە، پرسی:

ـ باشە ئەدی ڕانەکەی دیکەی کوا؟

مەلا گوتی: قوربان قازەکانی شاری ئێمە هەر لاقێکیان هەیە، ئەگەر باوەڕم پێ ناکەی قازەکانی گۆڵاوەکەی ماڵە خۆتان چاو لێکە.

حاکم کە هاتە سەر پەنجەرە و لە گۆڵاوەکە وردبۆوە، ئەزقەزا دیتی کە پۆلێک قاز لە سەر قاچێک وەستاون وچاویان لەسەریەک داناوە.

مەلا بە خۆشحاڵییەوە گوتی: نەمگوت قوربان قازەکانی ئەو شارە هەر لاقێکیان هەیە..

بۆ نەگبەتی مەلا، لەودەمەدا نۆکەرەکان هاتن و چەند پەیاغییان دا لە قازەکان تا بچنەوە هێلانەکەی خۆیان، بۆ چما هەر هەموویان لە سەر دوو لاق دەستیان نەکرد بە ڕاکردن.

حاکم ڕووی لە مەلا کرد وگوتی:

ـ دیتت کە درۆت کرد و قازەکان دوو لاقیان هەیە.

مەلا فکرێکی کردەوە وگوتی:

ـ قوربان! ئەو پەیاغەی قازەکان نۆشی گیانیان کرد ئەگەر تۆش کردبات، لە جیاتی دوو لاق دووی دیکەشت قەرز دەکرد و هەڵدەهاتی.

مەلا و پزیشک

ڕۆژێک مەلا نەخۆش بووبوو. ژنەکەی ڕۆیشت و دوکتورێکی هێنایە سەری کە تازە لە فەرەنگ گەڕابۆوە و زمانی ئەوانی نەدەزانی. کابرا تەنیا دوو کەلیمەی ماشەڵڵا و نیشەڵڵا فێر بووبوو.

مەلا لێی پرسی:

ـ دوکتور! ئەرێ نەخۆشییەکەی من سەختە؟

دوکتور گوتی:

ماشەڵڵا... ماشەڵڵا

مەلا دیسان پرسیاری کرد:

دوکتور گیان... بڵێی ئەم نەخۆشییە بمکوژێ؟

دوکتور جوابی داوە:

ـ نیشەڵڵا.. نیشەڵڵا.

شەڕی مەلا

شەوێک مەلا دەیەویست بخەوێ، شمشێرێکی درێژ کە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو لە قەدی خۆی بەست. ژنەکەی لێی پرسی کە لە کاتی خەوتندا بۆ شمشێر لە خۆت دەبەستی؟

مەلا گوتی:

ـ شەوی ڕابوردوو لە خەونمدا لە گەڵ کابرایێک بەشەڕ هاتم، ئەو کە شمشێری هەڵیکێشا و من ئەسلەحەم پێنەبوو شکستم خوارد. بۆیە منیش ئەو شمشێرەم لە خۆ بەستووە کە ئەگەر دیسان لە خەودا بینیمەوە، تۆڵەی خۆم بستێنمەوە و بەم شمشێرە بیرازی کەم.

ژنی مەلای بە نارەحەتی گوتی:

ـ پیاوەکە توخوا زۆر وشیار بە، نەکا شمشێرەکە لە دەست بدەی، چونکە لە باوکی خـــوا لێـخـۆشـبـووم هەر ئەو شـمـشـێـرە بە یادگـار ماوەتەوە.

مەلا و فایتوونچی

ڕۆژێک مـەلا لە سـەفـەرێک دەگەڕاوە و بارێکی زۆری لە گـەڵ خۆی هێنابۆوە. کاتێک لە کەراج لە مـاشـێن دابەزی و بارەکانی بە عـەرزی دادا، فـایـتـوونچـیـێکی بانگ کرد و ئادرێسی مـالی خۆی دایە و گوتی:

ـ باشە خاڵەگیان بێژە چەندت دەوێ کە خۆم و بارەکانم بگەیێنی ماڵەوە؟

ـ کرێی خۆت دەکاتە دە قران، بەڵام بۆ بارەکان هیچم ناوێ.

مەلا فکرێکی کردەوە وگوتی:

ـ زۆر باشـە کـەوابێ بارەکـانم بەرەوە وخـۆم بە پێیان دێمەوە.

مەلا و قاقەزنووسین

ڕۆژێک مـەلا چووە لای عـاریزەنووسێک و پێی گـوت نامـەیێک بۆ یەکـێک لە دۆسـتـانی بنووسێ کە لە شـارێکی دیکە دەژی. کابرا کە دەستی کرد بە نامەنوسین ، مەلا لەپڕ، یەک بە خۆی هاواری کرد:

ـ بنووسە! بنووسە پارەم نییە نەختێکم پارە بۆ ڕەوانە بکە.

نامەنووس بە قەڵسییەوە گوتی:

ـ خاڵۆ بۆچی دەگوڕێنی؟

مەلا گوتی:

ـ ئاخر کـاکی خـۆم، ئەو کـەسـەی نامـەی بۆ دەنووسی کـەڕە و گـوێی لێنابێ. بۆیە لێـرەدا هاوارم کـرد کـە تۆ بە دەنگی بەرز بینووسی و ئەویش بتوانێ بیخوێنێتەوە.

سەد وڵاخ

ڕۆژێکی مـەلا مـەرێکی بۆ حـاکم بەدیاری برد. حاکم بەو کـارە زۆر خۆشحاڵ بوو و یەکێک لە نۆکەرەکانی بانگ کرد و گوتی لە جـیـاتی ئەو مەڕە وڵاخێکی بدەن بەم پیاوە.

مەلا بە توندی گوتی:

ـ ئیختیارت هەیە قوربان خۆتان بۆ من لە سەد وڵاخ بە نرخترن.

مەلا و کابرای مل ئەستوور

ڕۆژێک مـەلا بە ڕێگەیێکدا دەڕۆیشت. چاوی لێنەبوو پاڵێکی توندی بە کـابرایێکی مل ئەستووره نا کە بە تەنیشتیدا ڕەت دەبوو. کابرا ڕووی وەرگێڕاوە و چەند جنێوێکی پێدا. مەلا تاوێک ڕاوەسـتـا و چاوێکی لە کـابرای کـرد. پاشان چەند هەنگاو بەرەو کابرا ڕۆیشت وگوتی:

ـ ئەرێ ئەوە جنێو بە من دەدەی؟

کابرای مل ئەستوور هەنگاوێک هاتە پێشـەوە وگوتی:

ـ نەخێر، جنێو بە دایک وبابت دەدەم.

مەلا دوو هەنگاو گەڕاوە دواوە وگوتی:

ـ ببوورە پێموابوو جنێو بە من دەدەی.

کەرێتی مەلا

ڕۆژێک مەلاچادانێکی چینیی زۆر جوانی کڕی و بەرەو ماڵ گەڕاوە. بەڵام لە ڕێگادا فکری کردەوە باشـە هاتوو ئەم چادانە لە مـاڵی کـەوت و شکا، ئەودەم ئەمن لە کـوێ وەسـتـای چینیـسـاز پەیدا بکەم تا لەتەکانی دەسەریەک کاتەوە.

لەوبارەدا نەختێکی بیر کردەوە و ئاخرسەر گوتی:

ـ دەی زۆر چاکە، باشتر وایە من کە خۆم ئێستا لە بازاڕم و وەستاش لێرەیە چادانەکەم بشکێنم و بیدەم چاکی بکەنەوە.

دوای ئەوە مەلا تەق چادانەکەی بە عەرزی دادا و شکاندی، پاشان چووە لای وەستا تا چادانەکەی بە تێلبەند چاک بکاتەوە.

ڕێنوێنی مەلا

ڕۆژێک کابرایێک حەوتیرێکی دیتەوە و هێنایە لای مەلا و لێی پرسی:

ـ مەلا گیان.. بێژە ئەمە چییە؟

مەلا چاوێکی لە حەوتیرکە کرد وگوتی: ئەمە سەبیلەی فەرەنگی یە.

کابرا بەمە زۆر خۆشحاڵ بوو و حەوتیرکەی نایە سـەر زاری و ویسـتی مـژێکی لێـدا. بەڵام لەپڕ گوللەیێک دەرچوو و دوکەڵێک بڵاوبۆوە وکابرای بێچارەش کەوت و حەیاتی لێ بڕا.

مەلا چاوێکی لە جەستەی بێ گیانی کابرا کرد وگوتی:

ـ بە خـوا بابە توتنی چا بوو تا مـژێکی لێـدا، نەشەی کرد و خستی.

گوشت کڕینی مەلا

ڕۆژێک مەلا نیو کیلۆی گوشتی نەرمە کڕی و لە پرێسکەیێکی نا و ڕۆیشـتـەوە مـاڵی. کـە گـەیشـتـەوە مـاڵی خـێـزانی لە قـەراخ حـەوزی خـەریکی شـوشـتنی قـاپ و قـاچاخ بوو. مـەلا ویستی گۆشتەکەی بداتێ بەڵام لەودەمەدا چاوی بە پشیلەیێک دەکەوێ کە لە گۆشەی حەوشەدا وەرکەوتووە و چاوی بڕیوەتە مەلا.

مەلا بە ژنەکەی دەڵێ:

ـ کچێ! من نیو کیلۆم سەهۆڵ کڕیوە تا بۆ شێوی شەوێ لێی بنێی.

مـەلا ئەوەی گوت و پرێسکەکەی لە سەرلێـواری دیواری حـەوشـە دانا و وەدوەای کـاری خـۆی کەوت. ژنە چاوێکی لە پرێسکەکە کرد و گوتی:

سەڵام لە عەقڵی ئەو پیاوە کەرە! چووە لە جیاتی گۆشت سەهۆڵی کڕیوە! ئەوەی گوت و خەریکی کاری خۆی بۆوە. پشیلەکەش ئەو هەلەی قۆستەوە وهەموو گۆشتەکەی خوارد. مەلا کاتێک شەوێ هاتەوە و دیتی هیچ دەگۆڕێدا نییە، لە ژنەکەی پرسی:

ـ ئەدی ئەوە بۆ ئەو گـۆشـتـەی بەیانی هێنابوومەوە، لێتنەناوە؟

ژنە، بە سەر سوورمانەوە گوتی:

ـ کوڕە ئەتۆ نەتگوت سەهۆڵە؟

مەلا لە قەڵسییان چەپۆکێکی بەسەری خێزانی دادا و گوتی:

ـ کچەتیوە ئەحمەقە.. ئەمن بۆیە گوتم سەهۆڵە، تا پشیلەکە نەزانێ ئەو پرێسکەیە چی تێدا.. ئەتۆ بۆ باوەڕت کرد؟

******

* لە کتێبی «حیکایەت و پەندەشیرنەکانی مەلا نەسرەدین» وەرگیراوە. کۆکەرەوە: جەعفەری مێهرەگانی، وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ سەر کوردی: هێرش ■

ژمارە ١٣ی گزینگ

بۆ

یادی پەنجا ساڵەی کۆماری کوردستان تەرخان دەکرێ

خوێنەرەوانی بەڕێز

بۆ ڕێزگـــرتن لە یادی پەنجـا ساڵەی دامـەزرانی کـۆماری کردستان(٤٥ -١٩٤٦)، «گـزینگ»ی ژمـارە ١٣(پاییـزی - ١٣٧٥= ١٩٩٦)، وەک ژمـارەی تایبـەت بۆ ئەو مـەبەسـتە تەرخـان دەکـرێ. بەم بۆنەوە لە خـوێنەرەوان داوا دەکـەین بە ناردنی وتار و نووسـراوە (بیـرەوەری و لێکۆڵینەوە) و وێنە و بەڵگە(کـە پێـوەندی بە کـۆمـارەوە هەبێ و تا ئێـسـتـە بڵاونەبووبێتەوە) لەو تێکۆشانەدا بەشداری بکەن و یارمەتیمان بدەن، هاکـا بتـوانرێ هەم لایەنە نادیارەکـانی مـێـژووی نەتەوەکـەمان ڕوون بێتـەوە و هەمیش ئەزموونی پێـویست لەم ڕووداوە گرینگە وەربگیرێ...

هەروەک ئاشکرایە زۆر لایەنی ژیانی سەردەمی کۆمار هێشتا ڕوون نەبۆتەوە و جێی خۆیەتی لەو بوارەدا گرینگیی دامەزران و چۆنیەتی لەناو چوونی ئەو کۆمارە ساوایە، وردتر سەرنج بدرێ و زیاتری لەسـەر بنووسـرێ بەتایبـەت: ژیانی خـەڵک لە گوندەکان، پێوەندیی نێوان کورد وئازەری و کەمایەتییەکان وەک جوولەکە و هەرمەنی وئاسۆری، باری ئایینی و ژیانی فـەقێ و مـەلایان و دەوری مـزگـەوتەکـان، زمـان، مـۆسـیـقـا، ڕادیۆ و چاپەمـەنی و چاپخـانە، ژیانی ژنی کـورد، مـەدرەسـەکـان و مامۆستا و خوێندکار و...

شایانی ڕاگەیاندنەکە ئەم ژمارە یە(گزینگ - ١٣)، لە لایەن بەڕێز: «د. ئەمیر حەسەنپوور» وەک «سـەرنووسـەری مـیـوان» بەڕێوە دەچێ و سەروتاری ئەم ژمارەیە ئامادە دەکرێ.

پێویستە ئەوەش بە عەرزی ئێوەی بەڕێز ڕاگەیێندرێ کە وتار و وێنە و بەڵگە و نووسراوەکان، ئەگەر بکرێ تا ئاخری مانگی ژوئێن(یونی)ی ٩٦، بە ئادرێسی «گزینگ» بنێردرێن تا زنجیرە باسەکان، بە شێنەیی ڕێکوپێک بکرێن. لە کۆتاییدا پڕ بەدڵ سپاسی هاوکاری و دڵسۆزیتان دەکەین.

«گزینگ»

- نێوی کتێب: تارمایی سیقەر(کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی فکرییە)
- نووسەر: هاشم کۆچانی
- قەوارە: مامناوەنجی، ١٦٢ لاپەڕە
- بڵاکەرەوە: ڕابوون، چاپی سوێد، ١٩٩٥
- ئادرێسی داواکردن: گۆڤاری ڕابوون

- نێوی کتێب: گرد و کۆ(دیوانی شێعر)
- نووسەر: نافع مەزهەر(شپرزە)
- قەوارە: مامناوەنجی، ٣٣٤ لاپەڕە
- چاپ: سوێد، ١٩٩٥
- ئادرێسی داواکردن: گۆڤاری گزینگ

کتێبی ئەرزان، ئامادەیە کتێبی ئێوە بە نرخێکی باش و گونجاو بە چاپ بگەیێنێ

لە بڵاوکراوەکانی «کتێبی ئەرزان»

- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ئامادەکردنی: ناسر ئیبراهیمی
- ژیان بە دەم زریانەوە (ڕۆمان)، تەیفور
- مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، گ. م. دنسکوی، ئـ . ئو. ئاکیبالوو، وەرگێڕ: د. حوسێنی خەلیقی
- چەند نامەیەک بۆ تارانتا بابو، نازم حیکمەت، وەرگێڕ: نەژاد عەزیز سوری
- دیوانی عەبدوڵڵا میرزا پێنجوینی
- تۆماری شێخ شەرزین: بەهرام بەیزایی، وەرگێڕ: تەیفور
- ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستاندا: حوسێن محەمەد عەزیز
- کوردەکان، حەسەن ئەرفەع، وەرگێڕ: حامید گەوهەری
- کوردایەتی وحیزبایەتی: حامید گەوهەری
- فۆنێمەکانی زمانی کوردی: کەمال فوئاد
- هێمن و من: هێرش
- کۆمەڵە شاخی بەرز... (ڕۆمان)، کوردان
- ئامانجی ئەدەبیات، ماکسیم گورکی، وەرگێڕ: ڕەحمان سۆفی
- قەفەزی زێڕین(چیرۆک بۆ منداڵان): یاسین قادر بەرزنجی
- خوشکۆڵە نان فرۆشەکەم: یۆسف ئەحمەد
- بیرۆکەی ژین(شێعر): کاوە خوسرەوی
- نووسینی کوردی بە ئەلف وبێی لاتینی(کۆمەڵە وتار)، ئەنوەر سوڵتانی
- کورد و شۆڕش و هەلی مێژوویی، حوسێن محەمەد عەزیز
- نیاکان باستانی کرد در تاریخ و اسطورەها(فارسی، ٢ جلد): ج. مفرد
- زندگی در باد(ڕۆمان ـ فارسی)، طیفور، ژیلا فرجی
- دەستنووسی کوردی وفارسی سەبارەت بە کورد لە کتێبخانەی بریتانیا: ئەنوەری سوڵتانی
- حیکایەت و پەندە شیرینەکانی مەلا نەسرەدین، کۆکەرەوە : جەعفەر مێهرەگانی، وەرگێڕ: هێرش
- سیکستن(چیرۆک بۆ منداڵان)، ئولف ستارک، وەرگێڕ: حەمیدی تەیموری

لە لایەن «کتێبی ئەرزان»ەوە چاپ دەکرێ

- دیوانی گۆران،(بۆ جاری دووهەم)، ئامادەکردن وپێشەکی: تەژی گۆران
- سی ساڵ خەبات وولاتێکی وێران، کرمانج گوندی
- بنیاتی چێکەری(بندهشن)، کۆنترین کتێبی زەردەشت: مێهرداد بەهار، وەرگێڕ: تەیفور

• **نەواری گۆرانی:**

- «کامکار»ەکان، ئاگری زیندوو.
- «کامکار»ەکان، کۆمەڵە CD ی کوردی.
- محەمەد ڕەزا دارابی، شور شیرین
- ناسر ڕەزازی(نالەی جودایی، گۆمەشین، دەبارێ...، خەمی نان، پاییز)
- شوان پەروەر، یاستار(ya star)
- عەزیز شاهروخ، ئاوات(نەواری تازە)

ئادرێس:
Kitab Arzan
B. Jarls g 9B, 55 463 Jönköping / Sweden
Tel: +46-36-148031(تەلەفۆنی پەیغام وەرگر)
TeleFax: +46-36-710999 (دەفتەری کار: هەموو ڕۆژێکی حەوتوو: سەعات ٤ تا ٦ی ئێوارە)

کاری تایپ وچاپەمەنی، بە نرخێکی باش وزووترین کات، لە کێبی ئەرزان

GZING

Cultural - Literary Kurdish Magazine
No: 11. April, 1996.

نەورۆزتان پیرۆز

کامێرا: فەرەیدون ریشڤان